


# کۆمەڵێک لێدوان و دیمانەی:

# هاوڕێ د. قادر وریا

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:


* کورتەیەک لە ژیننامەی هاوڕێ د. قادر وریا................................................................. ٤

١- وتووێژ سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان................................................... ڕۆژنامەی کوردستان ..... ٧

٢- لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە.................................................. حەوتوونامەی میدیا ..... ٩

٣- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە؛ خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک.... ڕۆژنامەی کوردستان .... ١٧

٤- لە پێوەندی لە گەڵ ڕێککەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا................... لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری "شەقام" ..... ٢٦

٥- لێدوان بۆ "خۆرنیوز" لە بارەی ڕێککەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ............................................................ ٢٨

٦- بەبۆنەی ٨ی مارچ ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان............................................... ڕەحمان نەقشی ..... ٣٠

٧- لە بارەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران................................................. گۆڤاری ئەزموون ..... ٣٤

٨- تێکۆشان بۆ دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیە، جێگای پشتیوانیی حیزبی ئێمەیە............ "کوردستان" ..... ٤١

٩- وەرێخستنی ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی......................... گۆڤاری "شەقام" ..... ٤٦

١٠- دەنگدەری کورد دەبێ بە جۆرێک دەنگ بدا کە ڕێژیمی ئێران بزانی کورد چی دەوێ............ فەرەیدون بێوار ..... ٥٤

١١- "ناکرێت خەباتو تێکۆشان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر پەیوەندیی ئێرانو حکومەتی هەرێم پەکبخرێت ........................................................................................ ئاوێنە نیوز ..... ٥٨

١٢- ڕەوشی ئێستای تێکۆشانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوازراو نییە و داسەپاوە.......... ماڵپەڕی چرکە ..... ٦٢

١٣- یەکریزی و یەکگرتوویی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی یەکگرتوویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان................................................................................ ماڵپەڕی ڕۆژی کورد ..... ٦٧

١٤- داهاتووی ناوەندی هاوکاری و بەرەیەکی کوردستانی؟ ....................................... مەنسوور مرووەتی ..... ٧٠

١٥- وڵامی چەند پرسیار و بۆچوون لە پەراوێزی باسێکی خەسارناسانەدا.............................. فەیسبووک ..... ٧٥

١٦- هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستاندا.............. ٨١

١٧- پرسی زمان و ناسنامەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێش کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا........................ ........................................................................................ ڕێباز مەردانی ... ٨٦

١٨- لەسەرپرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان............................................... ڕۆژنامەی کوردستان ..... ٩٤

١٩- میراتی کۆماری کوردستان.............................................................. قەندیل پرێس ..... ٩٧

٢٠- پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش..............




سەرچاوە
Serchawe

.......................................................................................... حەسەن شێخانی ..... ١٠٤
٢١- زمان، شوناس و سەردەم.......................................................................... شنۆ میهرپەروەر ..... ١١٣
٢٢- ئیسرائیل پێی خۆش نییە گۆڕانی ڕێژیمی ئێران لەسەر دەستی نەتەوە بندەستەکان ڕوو بدات.........................
.......................................................................................... قەندیل پرێس ..... ١٢٥
٢٣- ناکرێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە رۆژهەڵدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر رۆژهەڵات دابخرێت.......................
.......................................................................................... هیدایەت جان ..... ١٣١
٢٤- خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن.............
.......................................................................................... ئارەش لۆرستانی ..... ١٣٥
٢٥- زۆربەی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندەی دەسەڵاتی تازەی سوریادان.................. قەندیل پرێس ..... ١٤٠
٢٦- لێکەوتەکانی فایلی دەنگیی ئەمیر کەریمی، پێوەندیی نێوان پەژاک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان................
.......................................................................................... قەندیل پرێس ..... ١٤٣
٢٧- دەرفەتێک کە ئەم شەڕە بۆ کورد خوڵقاندوویە، ئەمریکا و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان..................
.......................................................................................... قەندیل پرێس ..... ١٤٧
٢٨- چارەنووسی سیستەمی سیاسی لە ئێران، ستراتێژی ئەمریکا و پرسی جێگرەوە................ قەندیل پرێس ..... ١٤٩
٢٩- هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، ناسیۆنالیزمی ناوەندی و دەستێوردانی دەرەکی و ئەرکەکانمان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا.................................................................. قەندیل پرێس ..... ١٥١
٣٠- هەڤپەیڤین لە گەڵ بەڕێز رەسووڵ ئاریا ................................................................ ١٥٣
٣١- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ بەڕێز ناسر حیسامی دا ................................................................ ١٥٨
٣٢- وتووێژ لە گەڵ مامۆستایانی شۆڕش خالید گەردی و شوعلە قادری ................................................ ١٦٨
٣٣- وڵامەکانی مامۆستا لاوچاک لە بارەی خوێندنی کوردی ................................................ ١٧٣
٣٤- وەڵامەکانی مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە ................................................................ ١٧٧
٣٥- وەڵامەکانی مامۆستایان گۆران ئەمیری و مستەفا ئەمیری ................................................ ١٨٠



سەرچاوە
Serchawe




### تێکۆشانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی:

- لەدایکبووی ١٩٦٣ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.

- لە ١٩٧٩ تێکۆشانی سیاسی و کولتووریی لە ڕیزەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێکردوە.

- لە سەرەتای هاوینی ١٣٥٩(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی١٩٨٧لە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، ڕەبەت، هەر وەها لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کادرێک، ئەرکی حیزبی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە سەرشان بووە.

- لە ١ - ١ - ١٩٨٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کوێستان فتووحی پێک هێناوە، بەرهەمی ژیانی هاوباشیان کچێک بە ناوی "هانا" و کوڕێک بە ناوی "هیوا"یە.

- لە ١٩٨٨ەوە لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ سپێردراوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، تێکۆشان و بەرپرسیایەتیی هەبووە. بە سەدان ڕاگەیەندراو و بەیاننامە حیزبی دیموکرات و بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، گۆڤارەکان و بە گشتی

میدیای ئەو حیزبە نووسیوە.

- لە (١٩٩٥ - ٢٠٠٤) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

- لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٨ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

- لە( ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٩) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٢٠١٩)، بە ویستی خۆی وازی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هێناوە و چی تر خۆی بۆ ڕێبەریی حیزب بەربژێر نەکردووە.

## کارنامەی زانستی و ڕۆشنبیری:

- بەکالۆریۆسی لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦ لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردووە.

- لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠ ماستەری زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد و لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤ بڕوانامەی دکتۆرای پێدراوە.

- لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٧ لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە٢٠١٧وە هەتا کۆتایی ٢٠٢٤ لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە.

- نامەی ماستەرەکەی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

- تێزی دکتۆراکەی لە بارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

## – زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیەکە بریتین لە:

١- پەرتووکی "کوردستان" تایبەتنامەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ١٩٩٨، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کردووە.

٢- بنچینەکانی وەرگێڕان (پەرتووکی گیرفان)، ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٣- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢، ناوەندی هیوا، سلێمانی،

٤- مێژووی پەروەردە و فێرکردن (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی چاپی کردووە.

٥- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. (نووسین و وەرگێران)، پەرتووکخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٥ چاپی کردووە.

٦- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٧- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، هەولێر دەزگای موکریانی، چاپی کردووە.

٨- حەڤدە کوورتیلە چیرۆک (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

٩- چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،(وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١٠- ڕینوێنی هونەری مودێڕن،(وەرگێڕان)، لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١١- ئاساییشی نێودەوڵەتی (وەرگێڕان)، ٢٠٠٧، دەزگای وەرگێران، هەولێر، چاپی کردووە.

١٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نامەی ماستەر) ٢٠١٠.

١٣- وەرگێڕان، پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو. ٢٠١١،کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٤- تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە وتار) ٢٠١٩، ئەڵمان.

١٥- دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات. ٢٠١٩، هەولێر.

١٦- مچەی کەچەی (بەسەرهات)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٧- شیلانی شەرگە (کۆمەڵە شیعر)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٨- شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، هەولێر.

١٩- سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٥ ناوەندی تیشک.

٢٠- کتێبی "پەڕاوی پەیڤ و پێنووس و پەرتووک"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

٢١- "ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵوەرین"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

# وتووێژ سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان

**پرسیار**: بەڕێز کاک قادر وریا! ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەتا چەند توانیان دیاردە مۆدێڕنەکانی سەردەم لە کۆمەڵی سوننەتیی کوردستاندا پیادە بکەن؟

**وەڵام**: حەز دەکەم لە پێشدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لەو دیاردانە بکەم کە مۆدێڕن بوونو، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هێنایاننە نێو ژیانی گەلی کوردو کۆمەڵی کوردەواری، پاشان لە پیادەکردنیان بدوێم.

بە بڕوای من هەر نەفسی ڕاگەیاندنی کۆمار وەک سیستمێکی دەسەڵاتدارەتی، ئەویش لە نێو وڵاتێکدا کە ڕژێمەکەی پاشایەتی بوو، واتە هەڵگرتنی ئاڵای کۆماریخوازیو بنیاتنانی سیستمێک بۆ دەسەڵاتدارەتی لەسەر بناغەی کۆماری، نەک هەر لە ئاستی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەشدا شتێکی تازە بوو. لە حاڵێکدا لە ئێرانو زۆربەی وڵاتانی دراوسێی ئێرانو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، نیزامی پاشایەتیو دیکتاتۆریی فەردیو بنەماڵەیی لەسەرکار بوون، حیزبی دێموکراتی کوردستانو دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، سیستمی کۆمارییان بۆ کوردستان هەڵبژارد، سیستمێک کە بەڕێوەبەرانی، بەهۆی دەنگی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەمە شتێکی یەکجار نوێ بوو کە بەداخەوە مێژوونووسانو لێکۆڵەرانی سیاسیی ئێرانیو تەنانەت کوردیش زۆر بە کەمی ئاوڕیان لێداوەتەوە.

لە بارەی دیاردە مۆدێڕنەکانی دیکەوە، دەتوانم بڵێم زۆربەی کارو هەنگاوەکانی دیکەی کۆمار بەسەرنجدان بە هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو کەلتووریی ئەو سەردەمی کوردستانو ئێران، نوێ بوون. ڕێزگرتن لە بیروباوەڕو، دینو ئایینو، زمانو میللییەتی جیاواز لەلایەن کۆماری کوردستانەوەو، دابینکردنی مافو ئازادیی کەمینەکان دیاردەیەکی مۆدێڕن بوو. ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت لە باسی کۆماری کوردستاندا دەڵێ لە تەوریز خەڵک تەنیا دەیانتوانی گوێ لە ڕادیۆی باکۆ (سۆڤیەت) بگرن، بەڵام لە مەهاباد گوێگرتن لە هەموو ڕادیۆکان شتێکی ئاسایی بوو. ئازادی بەو ڕادەیە بوو کە شاعێرێکی وەک خاڵە مین بە شێعر ـ کە شێعرەکەشی لەنێوە خەڵکدا بڵاو ببۆوە ـ ڕەخنەی توندی لە پێشەوا کە سەرکۆمار بوو گرتبوو، بێ ئەوەی لەسەر ئەم کارە بێڕێزی پێبکرێ. ئەو مافانەی لە مەجالی خوێندن بە زمانی زگماکیو بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنە دینییەکانی تایبەت بەخۆیاندا بۆ جوولەکەکان دابین کرابوون، یا ئەو مافە نەتەوەییو کەلتوورییانەی بە ئازەرییەکانی کوردستان درابوون، نیشاندەری بڕوای بەڕێوەبەرانی کۆمار بە دێموکراسیو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوون. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم مافو ئازادییانە لە کاتێکدا لەلایەن کۆماری کوردستانەوە دابینو دەستەبەر کرابوون کە هێشتا بەیاننامەی

جیهانیی مافی مرۆڤ پەسند نەکرابووو بڵاونەکرابۆوە!

دیارە پێکهاتنی کۆماری کوردستان بۆ خۆی بەرهەمی دیاردەیەکی مۆدێرنی دیکە بوو کە پێکهاتنی حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو لە کوردستان بوو. بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسیو نەتەوەیی لەلایەن حیزبی دێموکراتو بەدیهاتنی خەونی لەمێژساڵەی نەتەوەی کورد لە بارەی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، هەم بۆ خۆیان شتێکی نوێ بوون، هەم چەندین دیاردەی مۆدێرنی دیکەیان لێکەوتەوە. هاتنی چاپخانە بۆ کوردستانو پەرەگرتنی رۆژنامەنووسیو چاپەمەنی بە زمانی کوردی، بایەخدان بە خوێندنو نووسین بە زمانی کوردیو ئیجباری کردنی خوێندن بۆ کچو کوڕ، پێکهاتنی رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوانو ژنان، بووژاندنەوەی شێعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاوخشاندنەوە بە پێوەندییەکانی نێوان خاوەن مڵکو گوندنشینان بە قازانجی وەرزێرانو، سیاسەت کردن بە شێوەیەکی نوێو بە پێودانی سەردەمییانە هەر لە پێوەندی لەگەڵ خەباتگێرانو نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو یەکیەتی لەگەڵ نەتەوەی هاوخەبات (ئازەری)را بگرە تا دۆستایەتیو هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە سیاسییە ئێرانیو دەرەکییەکانو، دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیو بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک، لە دیاردە نوێو مۆدێرنەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بوون کە بەڕێوەبەرانی کۆمار، داهێنەرو هاندەریان بوون.

بەڵام سەبارت بەم بەشەی پرسیارەکەت کە ئەم دیاردانە هەتا چەند پیادە کران؟ ئاشکرایە کە کورتیی ماوەی تەمەنی کۆمار، پاشکەوتوویی کۆمەڵو ئەو هەموو گیروگرفتە نێوخۆییو دەرەکییانە کە کۆمار لەگەڵیان بەرەوروو بوو، رێگایان نەدا ئەم دیاردە نوێیانە جێگیر بنو بە تەواوی جێگای خۆیان بکەنەوە. بەوحاڵەش شوێنەوارێکی قووڵیان لەسەر کۆمەڵو بیروڕای خەڵک داناو، ئەم باوەڕو بۆچوونو بایەخە نوێیانە لە بیروباوەڕو تێکۆشانو هەڵوێستی نەسڵەکانی دواى رووخانی کۆماری کوردستاندا، بە جوانی رەنگیان دایەوەو قووڵتر بوونەوە

رێکەوتی : ٣١ی ژانویەی ٢٠٠٦

## وتوویژی حەوتوونامەی میدیا لەگەڵ قادر وریا لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە

**میدیا**: سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیو دەوری بەدرخانییەکان چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟

**قادر وریا**: سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەخاڵی وەرچەخان لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد دا دەبینم. بە لەدایک بوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بیری نەتەوەیی لەنێو کورد دا، خێراترو باشتر لە پێشوو بڵاو بۆوە، چاوساغیو ڕێنوێنیی خەباتی نەتەوەییو ئازادیخوازی، کەوتە ژێر کاریگەریی مرۆڤی سیاسیو ڕووناکبیرو شارەزا لە ڕووداو و پرسەکانی سەردەم. بیری نوێو زانیاریی نوێو ڕاڤەو لێکدانەوەی سەردەمیانە هاتە نێو توێژی خوێندەوارو کۆڕو کۆمەڵی سیاسیی کوردەوە.

لەباری زمانو ئەدەبی کوردییشەوە، سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. خوێنەری کورد دڵگەرمیو متمانەی بە زمانی خۆی تێدا دروست بوو. چونکە بە چاوی خۆی دیتی، کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکە دەتوانێ بە زمانی خۆی ڕۆژنامە دەر بکاو، زمانەکەی لە زمانی نەتەوەکانی دەوروبەر کە ڕۆژنامەیان بە زمانی خۆیان هەیە، کەمتر نیە. ئەدەبی کوردییِش بەهۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، بووژایەوەو شێعرو پەخشانی کوردی بەهۆی "کوردستان"و ڕۆژنامە کوردییەکانی دواترەوە، سەریان بە زۆر شوێنو ماڵدا کرد. لەڕاستی دا سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، پێگەیشتنی فکریو سیاسیی نوخبەی کوردو هەست کردنی بە پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە چەکی کاریگەری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی دەگەیەنێ.

لە پێوەندی لەگەڵ دەوری بەدرخانەکان دا، هەر ئەوەندە دەڵێم نەتەوەی کورد لە زۆر بواردا قەرزداری بەدرخانەکانە. ئەوان هەر لە بواری ڕۆژنامەنووسی دا ڕچەشکێن نەبوون، لە زۆر بواری دیکەدا لە پێشەوەی خەڵکی سەردەمەکەی خۆیان بوون. لە کردنەوەی قوتابخانەو خوێندن بە زمانی کوردیدا، لە مشوور خواردن لە دیاریکردنی پیتەکانی ئەلفوبێو ڕێنووسی زمانی کوردی، لە شێوەی بەڕێوەبردنی میرنشینو دەسەڵاتدارەتیو، لە کۆمەڵێک مەجالی جۆراوجۆری سیاسیو فەرهەنگی دا، پێشەنگو ڕێبەر بوون. بۆیە هەمیشە بەڕێزەوە ناویان دێنمو بەڕێزەوە یادیان دەکەمەوە.

**میدیا**: ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتیکوردستان چۆن سەری هەڵ دا؟

**قادر وریا**: ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لەنێو ئێران دا، بە درەنگەوە سەری هەڵ دا، ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیو بە درەنگەوە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لەنێو کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان. ئەو تێکەڵاوییەی نوخبەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ پێتەختێکی ڕووناکبیریی وەک ئەستەمبول یا وڵاتانی ئورووپایی هەیانبوو، لەنێو کوردی ڕۆژهەڵات دا کەمتر بوو. دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێرانیش بەتایبەتی ڕەزاشاو کوڕەکەی بەتوندی کاریان بۆ تواندنەوەی زمانو ئەدەبو کولتوری نەتەوە نافارسەکانی ئێران بە تایبەتی کورد دەکرد. ئەمانەو کۆمەڵێک هۆکاری دیکە وایان کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەنددەیە دوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەربچێ.

**میدیا**: جێگای ڕۆژنامەی "کوردستان" ی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا چۆن دەبینێ؟

**قادر وریا**: گومانی تێدا نیە کە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جمهووریی کوردستان جێگایەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە گشتی دا. چونکە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە کە دەبێتە زمانحاڵی دەسەڵاتێکی کوردی. لاپەڕەکانو ژمارەکانی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە، ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە گرنگەو، ئاوێنەی فەرمانو بڕیارو ڕاسپاردەکانی جمهووریی کوردستانن. ئەوکات تەلەڤزیۆن نەبووە، ڕادیۆ کەم کەس هەیانبووەو، ئەگەر ڕادیۆی کوردییش هەبووبێ، خەڵکێکی کەم کەڵکیان لێ وەرگرتوە. بەڵام ڕۆژنامەی "کوردستان" سەرەڕای ئەوەیئەو سەردەم خەڵکی خوێندەوار کەم بوون، زۆر بە باشی بڵاوبۆتەوەو چۆتە نێو خەڵک. ئەگەر یەک نوسخە لە ڕۆژنامە چووبێتە گوندێک، دێیەکە ئەگەر تاقە خوێندەوارێکیشی لێ بوو بێ (بۆ وێنە مەلای ئاوایی) بۆ خەڵکی خوێندۆتەوە. ڕۆژنامەی "کوردستان" بەلای خەڵکەوە پیرۆز بووەو، ڕۆڵێکی گەورەی لە وریا کردنەوەی خەڵک، لە گەیاندنی وتارو پەیامو داوای ڕێبەرانو کاربەدەستانی کۆمار بە خەڵک دا هەبووە. ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو ڕۆژگارەدا لە خزمەت بووژاندنەوەی زمانو ئەدەبی کوردی دا بووە، شاعیرانو نووسەرانی لەخۆ کۆکردونەوەو پێی گەیاندون. دیارە سەردەمی کۆماری کوردستان، بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە سەردەمێکی زێڕین دادەنرێ‌و، ڕۆژنامەی "کوردستان" کە یادگاری ئەو سەردەمەیە، ئەزموونێکی گەشی ئەو سەردەمەو دیکیۆمێنتێکی بەنرخی نەتەوەیی، سیاسیو فەرهەنگیە.

**میدیا**: لەبارەی ئەو چەند "کوردستان" ەی لە دەرەوەی وڵات دەرچوون، ڕات چییە؟

**قادر وریا**: ئەو چەند دەورەیەی "کوردستان" کە لە دەرەوەی وڵات دەرچوون، دەتوانم بڵێم هەر درێژەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان بوون. چونکە زۆربەیان لەلایەن ڕێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرچوونو ئامانجەکانیشیان، هەر ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستان خزمەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

دیارە دەورەی وا هەبووە "کوردستان" بەناوی ڕۆژنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرچووە، بەڵام حیزبی دێموکرات دەری نەکردووە، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی، زۆریش لە دەرچوونو ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە ئاگادار نەبووە. وەک ئەو "کوردستان"ەی پاشکۆی ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" ی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانلە باکۆ دوای ڕووخانی کۆمار، بڵاو بۆتەوە. دەورەی واش هەبووە "کوردستان" بەناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرنەچووە، بەڵام ئەوانەی دەریان کردووە لەباری فکری سیاسی‌یەوە سەر بە حیزبی دێموکرات بوون، وەک ئەو کوردستانەی لە دەیەی ٦٠ی سەدەی بیستەم دا لە ئورووپا دەردەچووو، دوکتور قاسملووو کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکە کاریان تێدا دەکرد. دووایین دەورەی "کوردستان" کە لە دەرەوەی وڵات بڵاوبۆتەوە، هەر ئەم دەورەیەی ئێستایە کە ڕێبەندانی ١٣٤٩ (١٩٧١) لە بەغدا، یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە. ئەم دەورەیەش کە تا ئێستا ٥٠٨ ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە، بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوەو، بە درێژترین دەورە (خول) ی ئەم ڕۆژنامەیە دادەنرێ.

**میدیا**: **جیاوازییەکانی ڕۆژنامەی کوردی لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامی دا چین؟**

**قادر وریا**: لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتی دا، دەرەتانێک بۆ نووسینو بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی نەبوو، زۆر بە توندییش دژایەتی نووسینو بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی دەکراو، بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرا. بەو حاڵەش بۆ مەبەستی سیاسی، هەر بە ویست و پشتیوانیی ئەو ڕێژیمە، لە تاران ڕۆژنامەیەک بە ناوی "کوردستان"، ماوەی چەند ساڵ بڵاوکرایەوە کە بە دەگمەن دەگەیشتە دەست خوێنەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران، بەڵکوو زیاتر بۆ ئەوە بوو لە دەرەوەی ئێران بڵاو ببێتەوەو وا نیشان بدرێ کە لە ئێران دا دان بە بوونی کورد دانراوەو ڕۆژنامەی کوردییش هەیە.

ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی دا، بە وێستگەو قۆناغی جیاواز دا تێپەڕیوە. کۆماری ئیسلامی لەجیاتی بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە زمانی کوردی، هەوڵی داوە دوو جۆر چاپەمەنی بە زمانی کوردی لە ئێران دا بڵاو بینەوە:

١- چاپەمەنیی دەوڵەتیو سەر بە ڕێژیم کە لە خزمەت سیاسەتو بەرنامەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان دان.
٢- چاپەمەنیی فەرهەنگی کە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک دا دەتوانن هەبن. ئیدی چاپەمەنیی سەربەخۆو ئازاد، ئەویش بە زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمەوە جێگایەکیان نیە. بەڵام لەم ساڵانەی دوایی، بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانە ڕێژەیی‌یەی لەسەردەمی لەسەرکار بوونی ڕێفورمخوازان لە کەشوهەوای سیاسیو فەرهەنگیی وڵات دا پێک هات، ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسانو خوێندکارانی کورد، هێندێک گۆڤارو حەوتوونامەو بڵاوکراوەی وەرزیو ناوبەناویان وەڕێ خست. ئەوان بۆ ئەم کارانەیان نە پشتیوانیی ماددیی بەهێزیان هەبوو، نە لانیکەمی ئەمنییەتو دڵنیایی. بەو حاڵەش توانیان لە باری فکریو سیاسیو فەرهەنگی‌یەوە شوێندانەر بن. بەداخەوە زۆربەی ئەو گۆڤارو حەوتوونامانە، زۆریان دەوام نەکرد.

لەسەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاد دا، گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییە سەربەخۆکانو نووسەرە بوێرە ڕەخنەگرەکان، لەگەڵ پەروەندەسازیو داخرانو گیران بەرەو ڕوو بوون.

لەم ساڵانەی دواییی دا کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسو وێبلاگ نووس بە تاوانی کاری ڕۆژنامەمووسی لە دەرەوەی ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی کۆماری ئیسلامی، کەوتنە بەندیخانە. هێندێک لەوان پاش دیتنی ئازارو ئەشکەنجەو بێحورمەتییەکی زۆر، لە یەکەم دەرفەت دا ئێرانیان بەجێهێشت. ژمارەیەکی بەرچاویش هەتا ئێستاش هەر لە بەندیخانەدان کە نموونەی هەرە دیار محەممەد سەدیق کەبوودوەندوئیجلال قەوامی و، دوا نموونە لەو گیراوانە مەسعوود کوردپوورە.

بە کورتی کاری ڕۆژنامەنووسیی ئازاد ئەویش بە زمانی کوردی لە ئێران، کارێکی پڕ مەترسییەو، ئەگەر لەم سێ دەیەدا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێندێک هەوڵو هەنگاو هەبووە، دەگەڕێتەوە بۆ هیممەتو دڵسۆزیو ئازایەتیی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانی کوردو، کۆماری ئیسلامی دوو سێ نموونەی لی دەرچێ، هاندەرو یارمەتیدەری گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان نەبووە.

**میدیا**: ڕۆژنامەگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان چ ڕۆڵێکی لەبەرەو پێشچوونی ڕۆژنامەی کوردی دا هەبووە؟

**قادر وریا**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو بڵاوکراوەی کوردی دەرچوون:

١- ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد" ی سەردەمی سمکۆی شکاک کە مەلا محەممەدی تورجانی زادە دەری کردوە،
٢- گۆڤاری "نیشتمان" ی زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف. لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جمهوری کوردستان ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەلێکی زێڕینی بۆ پێک هات. ڕۆژنامەی "کوردستان" لەدایک بوو کە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک دا ١١٣ ژمارەی لێبڵابۆوە. (هەر سێ ڕۆژ جارێک دەردەچوو). گۆڤاری "کوردستان"، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵی کوردو هاواری نیشتمان لەو ماوەیەدا دەرچوون. بۆیە دەتوانین بڵێین، پشکی یەکەمو هەرە زۆر، لە بەرێخستنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەوێ. دواتریش هەتا ساڵی ١٩٧٩ کە ڕێژیمی شایەتی ڕووخا، بێجگە لەو "کوردستان"ە ی ڕێژیم بۆ خۆی دەریدەکردو بۆ دەرەوەی وڵاتانی دەنارد، یا هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک بە کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو نەبۆتەوە، یا ئەگەر بڵاوبۆتەوە سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. دیارە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتییەوە تا ئێستا، حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵێک بڵاوکراوەو گۆڤاری مانگانەو وەرزیو ناوبەناوی بڵاوکردوونەوە. وەک "پێشەوا"، "کێلەشین"، "نەغەدە"، "نەکەرۆز"، "شەهید"، "ڕوانگەی لاوان"، "دەنگی لاوان"، "لاوان"، "ژنان"، "تیشک"، "دنیای منداڵان" و هتد.

ئەگەر بمەوێ باسی تایبەتمەندی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەم دەبێ بڵێم: یەکەم، بە زۆری سیاسیو خەباتگێڕانە بوون. دووهەم، بەشێکی زۆریان بە ئیمکاناتی چاپیی سەردەمی شاخو لە تیراژێکی کەم دا بڵاو بوونەوە. سێهەم، لەدەرەوەی یاساکانی ڕێژیمەکانی ئێران واتە بە نایاسایی دەرچوون، هەر بۆیە بە نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بڵاو بوونەوە.چوارەم، لە چوارچێوەی بیرو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بڵاوبوونەوە. هەر بۆیە، ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم ڕۆژنامەنووسی‌یە، سنووردار بووەو، ڕووبەرێکی گەورە لە کوردستانو زۆر بواری ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نەگرتۆتەوە. لە ڕاستی دا ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم ڕۆژنامەنووسی‌یە، بەپێی سەردەم جیاواز بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا ئەو کاریگەرییە یەکجار زۆر بووە، لە سەردەمی تێکۆشانی نهێنی دا، کاریگەرییەکەی پتر لەنێو کۆڕوکۆمەڵی سیاسیو تێکۆشەرانو لەنێو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب دا بووە. دواتر بەپێی سەرهەڵدانی ڕاگەیەنی دیکە لە ژیانی سیاسیی حیزب دا(وەک ڕادیۆو لەم دواییانەدا تەلەفزیۆن)ڕاگەیەنە نوێیەکان بەشێک لەو ئەرکانەی ڕۆژنامەنووسیی حیزبیان لە پێوەندی لەگەڵ خەڵک دا، (بۆ وێنە گەیاندنی زانیاری) گرتۆتە ئەستۆ.

**میدیا**: دەوری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا چۆن دەبینی؟

**قادر وریا**: کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکار هەن کە لەسەر ڕۆڵ و دەوری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا، کاریگەرییان هەیە. بەستراوەتەوە بەوە کە کۆمەڵگەکە چ جۆر کۆمەڵگەیەکەو، ڕاگەیاندنەکە چۆنە؟ ئەگەر ڕاگەیەنەکان ئازادو سەربەخۆو مودێڕن بن، ئەگەر کۆمەڵگەکەش ئاستێکی بەرز لە تێگەیشتن و خوێندەواریو ئۆگری بە خوێندنەوەو گوێگرتنی تێدا بێ‌و، دەسەڵات یان کولتووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، کۆسپو لەمپەر نەخاتە سەر ڕێی کاری ڕاگەیەنەکان، بێگومان ڕاگەیاندن دەورێکی زۆر بەرچاوی لە ژیانی کۆمەڵ دا دەبێ. هەروا کە ڕاگەیەنەکان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، کۆمەڵگەش کاریگەریی هەیە لەسەر ڕاگەیەنەکان. هەرچی کۆمەڵێک پێشکەوتووتربێ، تاکەکانی بە مافو ئازادییەکانیان ئاشناتر بن، چاوەڕوانییان لە ڕاگەیەنەکان زیاتر دەبێ‌و ئەرکو لێپرسراویی زیاتر دەخەنە سەر شانی ڕاگەیەنەکان.

**میدیا**: چ پێوەندییەک هەیە لەنێوان ڕاگەیاندنی حیزبی‌و وشیاریی جەماوەردا؟

**قادر وریا**: هەر حیزبێک نوێنەرایەتیی ویستو داواو بەرژەوەندەکانی بەشێک لە کۆمەڵ دەکاو، دەیهەوێ لە ڕێگای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتو چوونە نێو پارلمانو شوێندانان لەسەر یاساکان، ئەم داوایانەی خەباتیان بۆ دەکا، بەدی بێنێو، ئەو بەرژەوەندییانەی بەلایەوە گرنگن بپارێزێ. حیزب بۆ ئەم مەبەستە، پێویستیی بە پشتیوانیی خەڵکو دەنگی ئەوان هەیە. لێرەدایە کە گرنگیی ڕۆڵی ڕاگەیەنی حیزبی دەردەکەوێ. ڕاگەیەنی حیزبی دەبێ بتوانێ ئەو وشیارییە لەنێو خەڵک دا پێک بهێنێ کە بێنە مەیدانو پشتی حیزب بگرن. هەر ئەندازە ڕاگەیەنە حیزبی‌یەکان لە بردنی سیاسەتو بەرنامەو ئامانجەکانی حیزب بۆ نێو خەڵک دا، سەرکەوتوو بن، پتر ڕۆڵیان دەبێ لە وشیار کردنەوەی جەماوەردا، جەماوەریش زیاتر

پشتی حیزب دەگری. دیارە ڕاگەیەنی حیزبی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبێ بتوانێ شان لە شانی ڕاگەیەنی ئازادو سەربەخۆ بداو، لە جاران کراوەتر بێو مەیدان بە بیروڕای جیاواز بدا، ئەگینا سەرکەوتوو نابێ.

**میدیا**: ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنی ڕۆژنامەی کوردی لە ڕووی دیزاینو نەخشەوە چۆن دەبینی؟

**قادر وریا**: دیارە من، تەنیا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییانە دەبینم کە لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان دەردەچن، یا بە جۆرێکی دیکە ئەوانە دەبینم کە بەم پیتانە (پیتی عەرەبی) نەک لاتین، بڵاو دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەی دیزاینی ئەم گۆڤار تا ئەو گۆڤار یا ئەم ڕۆژنامەیە تا ڕۆژنامەیەکی دیکە فەرقی هەیە، بەڵام لەسەر یەک لەم ١٥ - ١٠ ساڵەی دوایی دا، ڕۆژنامەی کوردی لە ڕووی دیزاینو نەخشەوە، جیاوازیی زۆری تێدا پێک هاتووەو، زۆر پێش کەوتوە.

**ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە.**

١- کرانەوەی کۆلێژی ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستانو پێگەیشتنی خوێندکارانی ئەو بوارە.
٢- داهاتنی کەلوپەلو ئامێری پێشکەوتوو بۆ کاری نەخشەو دیزاین.
٣- دەستڕاگەیشتنی خێرا بە ڕۆژنامەکانی ناوچەو جیهانو کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان.
٤- زۆریی گۆڤارو ڕۆژنامە لە کوردستانو پێشبڕکێو منافسە لە ڕووی جوانیی نەخشەو دیزاینەوە.

ڕۆژنامە هەیە لە بواری نێوەرۆکو بابەتەکانیەوە سەرنجڕاکێشو بەکەلکە، بەڵام لە ڕووی دیزاینەوە جوان نیە، پێچەوانەکەشی هەیە. لە ڕووی بەرگو دیزاینەوە زۆر ڕێکوپێکە، بەڵام ناوەرۆکێکی لاوازی هەیە. ئەگەر ڕاستت دەوێ دەبێ فۆڕمو نێوەرۆک یەکتری تەواو بکەنو پێ بە پێی یەک بچنە پێش. باشی یان جوانیی لایەک بە تەنیا بەس نیە.

**میدیا**: ڕۆژنامەنووسی کوردی لەڕووی زمانەوە، ئایا توانیویەتی خزمەتی پەرەگرتنی زمانو ڕێنووسی کوردی بکا؟

**قادر وریا**: وەڵامی ئەو پرسیارە بە پێی سەرەم دەگۆڕێ. دەتوانم بڵێم نزیک بە ١٠٠ ساڵ لە تەمەنی ١١١ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، خزمەت بووە بە زمانی کوردی. تا ئەو کاتەی زۆریو بۆری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا پەیدا نەببوو، جۆرێک کۆنترۆڵو پێداچوونەوەی ئەدەبیو زمانەوانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان دا هەبووو،ڕۆژنامەکانو نووسەرانیان پابەندی هێندێک ڕێوشوێن بوون، لەسەریەک ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە خزمەتی بوژاندنەوەی زمانی کوردیو پەرەپێدانی وشەی کوردیو فێرکردنی نووسینی کوردیو بیرکردنەوە بە زمانی کوردی دا بوو. بەڵام لەو ساڵانەی دوایی دا، کە هەم گۆڤارو ڕۆژنامەکان یەکجار زیادیان کردوە، هەم ئەوانەی کاری نووسین، وەرگێڕانو پەیامنێری بۆ ئەو گۆڤارو

ڕۆژنامانە دەکەن، زۆریان شتێکی ئەوتۆ لە زمانەکەی خۆیان نازانن و پایەندی ڕێنووس و ڕێزمانی دروستی کوردی نین، دەتوانم بڵێم کاری ڕۆژنامونووسیو کاری ڕاگەیەنەکان، لەباری زمانی کوردییەوە زۆر جێگای ڕەخنەیە. پێم وا نیە ئەوەی لەنێو کورددا ئەمڕۆ هەیە، لەنێو هیچ نەتەوەیەک دا هەبێ. هەر کەس بە هەر زاراوەیەکو بن زاراوەیەک پێی خۆش بێ، دەنووسێو بڵاو دەکاتەوە، هەر کەس بە ئیشتیای خۆی وشە دادەتاشێ. هەر گۆڤارو ڕۆژنامەو دەزگایەک ڕێنووسی تایبەت بەخۆی هەیە! من ئەمە نەک هەر بە خزمەت بە زمانی کوردی نازانم، زۆریشی لێ نیگەرانم و پێم وایە دەبێ چارەسەر بکرێ.

**میدیا**: ڕات چیە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە قاڵبی ئەلیکترۆنی دا؟

**قادر وریا**: میدیای ئەلیکترۆنی لەنێو کورددا شتێکی نوێیە، بەڵام خەریکە بە خێرایی جێگای خۆی دەکاتەوە. سەرهەڵدانی ئەو جۆرە میدیایە لە چەند بارەوە جێگای خۆشحاڵییە. یەکەم لەو ڕوانگەیەوە کە کۆنترۆڵی ئەو جۆرە میدیایە بۆ ئەو دەوڵەتو دەسەڵاتانەی نایانەوێ ڕۆژنامەی کوردی یان میدیای ئازادو ڕەخنەگر هەبێ، هاسان نیە. دووهەم، سەردەمی ئێستا، سەردەمی زانیاریو پێوەندیی خێرایە. کوردیش ئەگەر بیهەوێ لەگەڵ سەردەمدا خۆی بگونجێنێو بچێتە پێش، دەبێ تێکنۆلۆژیای سەردەمەکە بناسێو بەکاری بێنێ. دیارە بە داخەوە، هێشتا تێکنۆلۆژیی ئینتێرنێت نەگەیشتۆتە هەموو ناوچەو گوندێکو هێشتا، ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان، دەستیان بە ئینتێرنێت ڕاناگا یان ناتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. کورد کە نەتەوەیەکی بن دەستەو لە زۆر لایەنەوە هەوڵ دەدرێ دەنگی دەرنەیە، هەتا پتر کەلک لە میدیای ئەلیکترۆنی وەربگرێ، بە قازانجیەتی. تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی پێوەندییەکانو میدیای ئەلیکترۆنی بە خۆشییەوە زۆر هەوڵی دەوڵەتانی دیکتاتۆرو شۆڤێنیستو توتالیتێری بە مەبەستی دیوارکێشان بە دەوری وڵاتانو میللەتان دا پووچەڵ کردۆتەوە. پێوەندیی نێوان تاکەکانی کورد لە سەرانسەری جیهانو پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان بەتایبەتی لەباری ڕاگەیاندنو گۆڕینەوەی زانیاری، هاسان کردوە.

**میدیا**: وەک دوا پرسیار، چ وتەیەکت بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە هەیە؟

**قادر وریا**: ڕێزو سڵاوو دەستخۆشیو ماندوونەبوونیم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کاری ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندن دەکەنو ئەم بوارەیان بە مەبەستی خزمەتی نەتەوەو کۆمەڵی خۆیانو گەیاندنی زانیاریو دەرخستنی ڕاستییەکان هەڵ بژاردوە. بەتایبەتی سڵاو بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنێرم کە لە بارودۆخێکی زۆر سەخت دا کاری ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندن دەکەن. بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەوان هەر ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی دانو بە تاوانی لەقاودانی ستەمو تاوانی دەسەڵاتداران دژی نەتەوەکەیان، حوکمی زۆر قورسیان بەسەردا سەپاوە. هیوادارم هەرچی زووتر لە زیندان ئازاد بکرێن.

هەروەها هیوادارم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێش بچێو، هەرێمی کوردستان لەباری ئازادیی ڕۆژنامەنووسییو بیروڕادەربڕینو ڕێزگرتن لە پیشەی ڕۆژنامەنووسیو بنەماکانی کاری ڕاگەیاندن، بۆ وڵاتانی دەوروبەر نموونەو سەرمەشق بێ.

**قادر وریا؛** **ساڵی ١٩٦٣ لە ناوچەی شنۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دایک بووە. لە ١٩٧٩ هاتۆتە ریزی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران. دوو دەورە بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان بووە. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا وەک ئەندامی دەستەی نووسەران و وەک بەرپرس و سەرنووسەری ژمارەیەک لە گۆڤار و رۆژنامە و راگەیەنەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان( بۆ وێنە گۆڤاری لاوان، رۆژنامەی کوردستان،رادیۆی دەنگی کوردستان،سایتی کوردستان میدیا و سایتی کوردستان وکورد، تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ )، کاری کردوە. ئێستا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی ئەو حیزبەیە.خوێندکاری ماستەرە لە زمانی کوردیدا. نزیک بە ١٠ کتێبی چاپکراو(نووسین و وەرگێران)ی هەیە.**

**ڕێکەوتی : ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٠٩**

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک



**دیمانە: قادر وریا**

**لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردییان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین.**

**پرسیار: مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەووە دەست پێ کە بکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکرات دا چۆن دروست بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوە کە لەو مەرحەلەیدا خوێندنگە بە کوردی بێ بە ئیبتکارێک دانانڕێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوە و لە دەورانی جمهووریی کوردستان دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەر سیاسیدا باس لەوەی کرا کە ئێمە (من دەفتەر سیاسی نەبووم ئەو وەختی) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە. دیسانەکە وەک زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو کە ـ دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی رۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە ئەوەڵەوە لە رۆژەکان یان بڵێین لە حەفتەو مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە

مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

**پرسیار**: لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا ئەسڵەن ئەوە لە بەر چاو نەگیرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیە دا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیع دا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و (چاوەڕوان بین) داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دابەش کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی پایینتر دا ئێمە لە نێو حیزب دا دەستمان پێ کرد بە ئامووزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەساڵان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەوارییان هەیە نەک بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلاب دا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا بڕووخێ، من بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە ئەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام ڕەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبا. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دەستمان پێ کرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردییان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا! ئەو کەسانەی ڕاسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێخستنی مەدرەسەکان دا بوون کێ بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاک ڕەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەک بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، کاک ئەحمەد کاکە مەمی بوو، کاک ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی دا کاک قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێک کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە مامۆستا هێمن بۆ یەک دوو جەلەسە ئیستفادە کرا.

**پرسیار**: لە باری ڕێنووس و ڕێزمانەوە چ شتێک ڕەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو بێ یا مەسەلەن لە باری ڕێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو، یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوندەی من بزانم لەوەدا هێندێک شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەک ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگییەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێ دا مەدی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستمی دەرسییەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا رەعایەت بکرێ، یەکیان ئەوە کە لە سیستمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێکدا تەنیا یەک حەرفی تازە بێ، کە پێموایە لە یەک دەرسیشدا هەڵە کراوە، لە یەک دەرسدا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیک بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتمالەن لە بەینی شارو دێ دا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵ هەر نەیدیوە. یەعنی من پێموایە ئەو وەختی ئەگەر تۆ باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێک بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوون چونکە نەیدیبوو لە دێهاتی. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆنێ ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە رەعایەت دەکرا.

**پرسیار:** مامۆستا! ئەگەر سەرنجێک لە کتێبەکە دەدەی بڕێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێک کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە، جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، یا لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێک زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیک بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێشدا بۆ ئەوەی زمانێک ببێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێک بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنین.

**پرسیار:** مامۆستا! کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەک لە شارو ناوچەکاندا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەندەی من بزانم لەم چەند شارە دا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

**پرسیار:** پاوەو هەورامان چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نیە.

**پرسیار:** کۆڕی پەروەردە و فێرکردن چ ساڵێک دامەزرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە. یانی ساڵێک بە بێ کتێب! ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟
لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئامووزشی ئەلفوبێ).

**پرسیار:** یانی خوێندنەکە رەواڵی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش تەنیا خوێندنی کوردی هەبوو لە مەدرەسەکاندا، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسییەکەو لە سیستمی کۆن ئیستفادە دەکرا.

**پرسیار:** مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئێستا لە زێهنمدا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیممان هەبووە و چەند قوتابیمان هەبووە.

**پرسیار:** مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو، بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازییەک هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** جیاوازییەکەی فەقەت متونی دەرسی بوو. کە مەتنە دەرسییەکان ئیدی ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئاموزشە دەرسییەکەی و ئەلفباییەکەیدا فەرقێک نەبوو.

**پرسیار:** ئەدی بۆ گەورەساڵان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەوارییەکی هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەساڵان، گەورەساڵانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەک مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەساڵانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەک، دوو جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەڵام مەبەست لە خوێندنی گەورەساڵان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئامووزشییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری فەرهەنگییەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەموو سێ ـ چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!

لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەڵام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی (ڕێژیم) گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم کوردستان مەناتقی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوو خوێندن و بێهداشت و .. دائیر بوو. بەڵام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی کە مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر ڕۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکاو دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرت. هەموویان ئیبتدایین، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەڵام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوونزانێک، ڕەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەڵام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ رابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحە و جینایەت و ئەوە رابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبەو ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

**پرسیار:** مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داواو نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەمان دا، بەڵام ئەو نەسلەی کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن خوێندویە یا ئەو مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن، دوایە ئەگەر نەشبووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیە دا بوون بە ئینسانی ڕووناکبیر، بوون بە ئینسانی خوێندەوار، شاعیر، تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە ئەو ڕەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی نارەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسیەتی فەرهەنگی و ئامووزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەواندا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوەو یەعنی ئەو رەچەیەی کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقی پێداوەو هەر وا لە سەری رۆیشتوە.

**پرسیار:** مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر، بڵێین هێندێک ناوەند، هێندێک کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن، جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان وەک بزانی لە چ ناوچەیەک لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ئەوانە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە جارێ لە پێش دا دەبێ ئەوە بڵێینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەو چەندساڵەی ئەخیردا یا دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە راستی دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەی نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقعدا خوێندنەوەو نووسینی کوردییان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی کە حەتا بە شێوەی جۆراوجۆرو هەر کەسە لە سەنگەری خۆی موبارزە دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد بەڵام نەزانن زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێموایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێموابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقزو بانەش رۆیشتوە. ئەوەی لە سنەو لەویش موهیمتر لە کرماشان بووە هەر ئەوە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستەمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێخۆشە کە هەر لەو سیستەمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەدێکی مومکین لێک نزیک بێ ئەو شێوە نووسین و شێوە رێنووس و رێزمانە. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یەکی هەر نەگرتوە و هەر کەسەو هەر ناوچە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەڕەک یا حەتا بە رۆژنامە یا حەتا بە نووسەری یەک رۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان رۆژنامە.

**پرسیار:** مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی دا ئەسڵێک هەیە، ئەسلی پازدە کە باسی ئازاد بوونی خوێندن

**بە زمانی قەومە ئێرانییەکان لە پەنا زمانی فارسی دا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسی دا هاتوە چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو داوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە راستی دا مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یا دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایە دا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یا ئەسڵی نۆزدە هیچ قیمەتێکی (...) ئیجباری و ئیجراییان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو ناڵێ ئامووزش و پەروەرش دائیر دەکەم بۆ ئەوانە. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێکدا ئەمە بە مەعنای بە رسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللیەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بە رەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنێ، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لە حاڵێکدا نە قانوونەکە ئەوەی کردوە، یانی نە قانوونی ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە راستیدا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسیدا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بە حاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی وە ئەستۆ نەگرتوە بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسەکان.

**پرسیار: مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ، بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیەو موڕەتەب فشاری بۆ دێ، یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ، بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و نازانم ئەوە دەشێوێ، بۆ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: من پێموایە ئەگەر لەو روانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەڵ فەرهەنگی فارسی ـ ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانهەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یا ئەگەر زەرەری بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێ ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو زمانانە نایانهەوێ زەرەر بەوی بگەیەنن، دەیانهەوێ بۆ خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەدەس نیە کە لە بەر خاتری

ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کوردو ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێن ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدار لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن!

**پرسیار: ماموستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی ڕەوا کە دانی پێدانراوەو لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە، بێبەشی لەو مافەی چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و، بەرخوردار بوون لەو مافەی چ قازانجێک دەگەیەنێ بە زمانەکە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی دەکەم ڕەوان". پێش هەموو شتێکی وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسەی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یا بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختە سیا یا لە کتێبە دەرسییەکان دا، عادەتەن کتێبی ئەوەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ ڕۆژەکان و حەفتەو مانگەکان دا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنی دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی ـ با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە ڕەنگە لە باری سیاسییەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناوبەرین. مادام ئێمە دەڵێین هەمووومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین ـ بەڵام هەموویان نائاشنان ئیلا وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێربێ، تەلەفوزەکە فێربێ، نووسینەکە فێربێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵە دا مەعلوومە ڕوشدو پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. حەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورساییەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەمول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقعدا ئەزییەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچڵێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**پرسیار: ماموستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکە و لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە، ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەر لە جێدا خوێندن بە زمانی زگماکی بمانهەوێ و نەمانهەوێ بێ ئەوەی ئیعلام بکرێ، ئیعترافە بە مەوجودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆی دەخوێنی و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی و

ئەدەبەکەی و تاریخەکەی گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوەو پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کولتی نەتەوەکە دەکا.

**پرسیار: دیارە بە وڵات فەرق دەکا، بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێکدا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەداو، هەڵدەبژێردرێ وەکوو زمانی رەسمی و زمانی خوێندن و نووسین و، ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەوەش دوو رەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر رەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات، هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەلوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخێر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند میللەت لە وڵاتێکی دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەمووان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی کە لە هەمووان پترە زمانەکەی وان بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وادانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیەو ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتەی بکەین بە زمانی هەمووان کە یەک میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٩ میلیۆن زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆی فێربێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنییەکە بکەینە زمانی هەمووان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆی فێربێ. ئەوەی کە مەربوتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا زیاتر لە هەمووان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخ دا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یا زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخ دا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانی غەیرە فارس بوون، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، سەفەوییەکان، زەندییەکان، ساسانییەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەرباریان ، زمانی رەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتوری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی من دا لە واقعدا رووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی رەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٠

## قادر وریا: لە راپۆرتێکی گۆڤاری «شەقام»

## لە پێوەندی لە گەڵ رێککەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێردا:

**لە نیوان ئەو رێککەوتنە و پێکهاتنی هاوکارییەکی گشتی لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا پێوەندییەک نابینم**

**رۆژنامەنووس ئەحمەدی سەفا، بە خستنەرووی بیر و ڕای چەند کەسایەتی سیاسی نێو حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و دوو چاودێرو شارەزا ،راپۆرتێکی لە پیوەندی لە گەڵ رێکەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێردا ئامادە کردوە کە لە ژمارە ٢٣٨ گۆڤاری «شەقام» دا بلاو بۆتەوە. لێرە دا، ولامەکانی قادر وریا بە پرسیارەکانی ئەحمەدی سەفا لەم پیوەندییە دا دەخرێتە بەر سەرنجتان:**

**ئەحمەدی سەفا: ئەم ریککەتننامەیە، تاچەند دەتوانی ببیتە بناغەی پیک هینانی هاوکاریکی گشتی لە نیوان هیزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ پیک هینانی بەرەیەکی هەمە لایەنە؟**

ولام:لە گەل ئەوەی هەر جۆرە رێککەوتن لە سەر ئەرک و ئامانجی هاوبەش و هاوکاری لە نیوان دوو یا چەند حیزب و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە کاریکی باش دەزانم، پێم وایە ئەو رێککەوتنە دوو لایەنییە، رێککەوتنیکە تەنیا لە نێوان دوو لایەنی سیاسی و پێوەندییەکی بە هاوکاریی گشتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە نییە. ناشتوانم بڵێم رێخۆشکەرە بێ بۆ پێکهاتنی بەرەیەکی هەمە لایەنە. بەرەیەکی هەمەلایەنە یا گشتگیر لە هێز و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، هەر لە جیدا، پێکهینانی بە زەحمەتە. یەکێک لە هۆیە بنەرەتییەکانیشی، قبووڵنەکردن و داننەنانی چەند لایەنێک بە چەند لایەنێکی دیکە و خۆ بواردن لە پێکەوەکارکردن لە هەر چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ هاوکارییە. ئەم رێککەوتنەش،هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێک کاری بۆ کراوە کە دوو لایەنە بێت و لایەنی دیکەی تێدا نەبن.بۆیە من لە نیوان ئەو رێککەوتنە و پێکهاتنی هاوکارییەکی گشتی لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا پێوەندییەک نابینم.

**ئەحمەدی سەفا: ئایا بنەماگشتیکانی ئەو ریککەوتننامەیە لەگەل هەلومەرجی ئیستای بزوتنەوەی کورد کۆکن؟**

ئەگەر چاو بە بەرنامە و پەسەندکراوەکان و دروشم و هەڵوێستی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بخشێنین(ئەوانەی لە ریزی ئۆپۆزیسیۆنی بەرئەنداز یا داواکاری رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دان)، زۆر خاڵی هاوبەش یا ئامانجی هاوبەش هەن کە دەکری بڵێم بەشێکی بەرچاو لەو ئامانجە هاوبەشانە لە

ڕێککەوتننامەی ئەو دوو لایەنە دا ڕەنگیان داوەتەوە. بە بڕوای من کێشە و گرفتی سەرڕێی دروستبوونی هاوکارییەکی گشتگیر لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، نەدۆزینەوەی خالە هاوبەشەکان، یا کەمیی شتە هاوبەشەکان نییە، بەڵکوو لاواز بوونی کولتووری پێکەوە کارکردن و وێکهەڵکردنە. هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کورد ئەو یەکتر قبووڵکردن و بەیەکەوە کارکردنەی دەوێ و خەباتی هاوبەش و بە یەکەوەی بۆ مافە نەتەوەییەکان و لابردنی ستەم و زۆرداریی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی لە سەر خەڵکی کوردستانی دەوێ. هەر بۆیە ئێمە لە چەند ساڵی رابردوو دازۆرترین هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی زۆرترین کۆ دەنگی و هاوهەڵوێستی لە بەینی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا پێک بێ .پێمان وابووە ئەگەر ئیمکانی هاوکاری و هاوپەیمانییەکی بەردەوامیش نەبێ ، جاروبار و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە نموونەی کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی پێک بێ تا ببێتە سەرمایە و ئەزموون و تەمرین بۆ کاری هاوبەش لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا.

**ئەحمەدی سەفا**: لەبەشی ئەرکەکان دا باس لە حەول بۆ لیک نزیککردنەوەی لایەنەکانی تر نەکراوە، بۆ؟

دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە لای دوولایەنی ئەو ڕێککەوتنامەیە و ئەوە ئەوانن کە دەبێ وڵامی ئەو پرسیارەت بدەنەوە. بەڵام لە دەقی ڕێککەوتننامەکە لە بەشی ئەرکەکانی پێش ڕووخانی ڕێژیم دا خاڵێک هەیە کە دەڵێ ئەو دوو لایەنە » تەبایی و یەکڕیزی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە کانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی لابردنی کوسپەکانی سەر ڕێگای یەکڕیزی هەوڵ دەدەن.» دیارە دەبێ ببینین بە کردەوە چەندە بەو ئەرکە پابەند دەبن و بە ڕاستی بە نۆرەی خۆیان چەندە مایە لە خۆیان دادەنێن بۆ دروستبوونی تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی. هەر ئەم چەند ڕۆژە کە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە میدیاکان دا دەنگی داوەتەوە، زۆر کەس ئەو پرسیارەیان خستووەتە ڕوو کە هێزێکی سیاسیی بۆ وێنە وەک حدکا ئەگەر ئامادەی قبووڵکردن و دانـان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبێ و نەیەوێ لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی سیاسی و خەباتکارانەدا، پێکەوە کار بکەن، چۆن دەتوانێ کار بۆ تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی بکا؟ من لە بارەی ئەو خاڵە لە ڕێککەوتنەکە کە وەک ئەرکی ئێستا و پێش ڕووخانی ڕێژیم هێناویانە، نامەوێ هیچ پێشداوەرییەک بکەم. بەڵام ئەم خاڵە واتە چاو جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتنە لە گەڵ پرسی تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی دەتوانێ مەحەک بێ بۆ جیددیبوونیان.

## قادر وریا لەبارەی ڕێککەوتننامەکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێر و حدکا بۆ خۆرنیوز دەدوێت

خۆرنیوز - حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەشیان بۆ هاوکاری نێوانیان ئیمزا کرد و بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، هەر دوو لا لە سەر ناساندنی کێشەکان و خواستەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەستەبەر کردنی پشتیوانیی سیاسی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ئێران هەوڵەکانیان یەک دەخەن.

خۆر نیوز بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە پۆزەتیڤ و بێگەتیڤەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیەی نێوان حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێر رای کەسایەتییە سیاسییەکان لە پارت و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەر دەگرێت و هەوڵ دەدا بە وردی تیشک بخاتە سەر ئاکامەکەی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ئێستا و داهاتوودا.

لە بەشی دووهەمی ئەم تەوەرەدا بەریز "قادر وریا" ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەمشێوەیە بۆ خۆرنیوز دوا و وتی:

"دوو یا چەند ڕێکخراوی سیاسیی بەشێکی کوردستان کە لە حاڵی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەکەیان دان و دوژمنی هاوبەشیان هەیە، ئەگەر لە سەر ڕێوشوێن و چوارچێوە و بناغەیەک بۆ هاوکاری لە گەڵ یەکتر ڕێک بکەون، کارێکی باشە. بێگومان پێکەوە هاوکاریکردن و هاوپەیمانی لە گەڵ یەکتر، باشترە لە دووری و ململانێی ناسالم لە گەڵ یەکتر و هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری ئەم ڕاستییە بکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم بارەیەوە درێغی نەکردوە ولە چەند ساڵی رابردوو دا هەوڵی داوە کە هاندەری پێوەندییەکی باش لە نێو حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بێ و کار بۆ دروستکردنی کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی لە نیوانیان دا بکا."

سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، قادر وریا وتی: "لە پیوەندی لە گەڵ ڕێککەوتنی ئەو دوو لایەنەدا دەبێ بڵێم دیارە ماوەی چەند ساڵە بە کردەوە جۆرێک لە هاوکاری و هاوهەنگاوی و هاوهەڵوێستی لە نیوانیان دا هەیە و ئەو کارانەی قەرارە لەمەودوا لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە دوو قۆڵییەکەیان دا بیکەن، لە چەند ساڵی رابردووش دا کردوویانە. بەڵام وەک دەبینین، نەک هەر هاوکارییەکی بەرین بە بەشداریی لایەنەکانی دیکەی لێنەکەوتۆتەوە بەڵکوو جۆرێک خۆ جیاکردنەوە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و یارمەتییەکیشی بە دروستبوونی کۆدەنگیی هەموو یا زۆربەی لایەنەکان نەکردوە."

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی حدک رایگەیاند: "مەسەلەکە ئەوەیە ئەو دوو لایەنە ئەگەر نیازیان پێکهاتنی بەرەیەک بە بەشداریی هەموو یا زۆربەی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوایە،ڕێککەوتنەکەیان نەدەکردە دوو قۆڵی و هەوڵیان دەدا حیزب و لایەنی دیکەش تێی دا بەشدار بن. هەتا ئەو کاتەی هەر یەک لەو دوو لایەنە، ئامادە نەبن هاوڕێیانی پێشووی خۆیان کە ئێستا بە جیا لەوان خەریکی تێکۆشانن، قبووڵ بکەن و دان بە بوونیان دابنێن، یەکگرتن و هاوپەیمانەتییەکەشیان بە ناچارهەر خۆبەخۆ و دوو قۆڵی دەبێ. دیارە لایەنێک ئامادەی هاوکاری و هاوپەیمانی لە گەڵ هێزێک بە رابردوو و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ لە گەل حیزب و ڕێکخراوی دیکە بە رابردوو و بیرکردنەوەی جیاوازەوە هاوپەیمانی و کاری هاوبەش هەتاسەر بباتە پێش."

ناوبراو وتیشی: "بەو حاڵەش دەبێ ببینین ئەو دوو لایەنە وەک لە ڕێککەوتننامەکەشیان دا هاتوە ئەگەر بە راستی کۆدەنگی و هاوپەیمانی لە ئاستێکی بەرینتریان دا بەلاوە گرنگە و "تەبایی و یەکڕیزی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە کانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن" چ گۆڕانێک بە سەر هەڵویست و روانینەکانی تا ئیستای خۆیان دا دێنن؟ و بە نۆرەی خۆیان چەندە ڕێخۆشکەر دەبن بۆ ئەوەی کۆدەنگی وهاوپەیمانییەک لە ئاستێکی گەورەتر دا پێک بێ؟ ئەزموونی چەند ساڵی رابردوو دەری خستوە کە روانینی هێژموونیخوازانە و سیاسەتی لەپەراوێزخستن، هیچ یارمەتییەک بە پێکهێنانی بەرە یا هاوپەیمانییەکی گشتگیر ونەتەوەیی ناکا و بە پێچەوانە زیانی قەرەبوو نەکراویشی پێدەگەیەنێ."

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی : ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## هەڤپەیڤین: لە گەڵ بەرێز قادر وریا:

## بەبۆنەی ٨ی مارچ ڕۆژی نێونەتەوریی ژنان



**ڕەحمان نەقشی**

**پرسیار: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟**

**قادر وریا**: قادر وریام. زستانی ساڵی ١٣٥٧ کە قوتابیی قۆناغی ئامادەیی بووم لە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیران دژی ریژیمی پاشایەتیی، تێکەڵی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووم. لە ١٣٥٨ کە تەمەنم ١٦ ساڵ بوو، بوومە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات. بە سەربەرزیی دەزانم کە وەبیر بێنمەوە یەکەم بەرهەمی شێعریی چاپکراوم هۆنراوەیەک بوو لە ژێرناوی "ژیانەوە"(کە پاییزی ١٣٦٠ی هەتاوی ١٩٨١ی زایینی) لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری "لاوان" دا چاپ بوو، بە داکۆکی لە یەکسانیی کچ و کوڕ بوو و کچانی کوردستانی بۆ کۆری خەبات بانگێشتن دەکرد.

من لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ٣٣ ساڵ، بەشداری ریزی پێشەوەی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەم لە رۆژهەڵاتی کوردستانم و پێشمەرگەم. دیارە کەمتر پێشمەرگەی بەرەکانی شەڕێ چەکداری، چونکە کار و ئەرکی من لە زۆربەی زۆری ئەو ماوە دوور و درێژەدا، کاری فەرهەنگی(نووسین و وەرگێڕان و پێشکەشکردنی وتار و باس و بابەت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی و خەڵکی و تێکۆشان لە راگەیەنەکانی نیو شۆڕش دا) بووە. ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن، شاهیدیم بۆ دەدەن، هیچکات لە ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە پرسی ژنان و دەنگهەڵبرین دژی ستەم بەرامبەر ژنان، نەک هەرغافڵ نەبووم، بەڵکوو لەم پێوەندییە دا تەئسیرم لە سەر دەوروبەری خۆشم و تەنانەت کارو تێکۆشان و

ئەدەبیاتی حیزبێک هەبووە کە تێی دا کارم کردوە. ئەم خسلەتە زگماکییە(مادرزادی)یەشم بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی سیاسی و حیزبیم، بۆ دیتنی رۆژرەشی و بێبەشییەکانی ژنان لە یەکەم ساتەکانی ژیانمەوە لە بنەماڵە و گوند و ناوچەی ژیانی خۆم دەگەڕێتەوە.

**پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**قادر وریا**: لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان لە جموجۆڵ و بەرەو پێشچوون دان. جموجۆڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و بە پلەیەکی کەمتر لە ژیانی سیاسییش دا. دیارە ئەم بەشدارییە ی ژنان بە پێی تایبەتمەندیی هەر بەشێکی کوردستان جیاوازە. لەو بەشانەی کوردستان، کە ماهیەتی خەبات، رزگاریخوازانە و نەتەوەییە و داگیرکەر بە سەر کوردستان و نەتەوەی کورد دا زاڵە، ژنانیش لەو خەباتە دا بەشداران جا لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا. دیارە ئەگەر خەباتەکە نهێنی و شیوەی چەکداری هەبێت، ژنان هەر چەند تا رادەیەک هەر تێیدا بەشداران، بەڵام زیاتر وەک پشتیوانی خەباتکارانی نهێنی یا چەکدار، بەشدارن. بەڵام لە پارچەیەکی کوردستان(وەک هەرێمی کوردستان) کە کورد لە بندەستیی نەتەوەیی تا رادەیەکی زۆر رزگاری بووە و بۆ خۆی حوکمی خۆی دەکات، ماهییەتی خەبات و تێکۆشانی ژنان، یەکسانیخوازییە و هەوڵدانە بۆ جێگە وپێگەیەکی باشتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا.

دەتوانم بڵێم بە حوکمی بەرەوژوور چوونی ئاگایی گشتی و بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان و کاریگەریی میدیاکان لە سەر بیرکردنەوەی خەڵک، ژنانیش بەو وەزعییەتەی ئێستای وڵات و کۆمەڵی خۆیان رازی نین و ژیانێکی باشتریان دەوێ. بۆیە ئەگەر لە یەک رستە دا بمەوێ پرسی ئەمڕۆی ژنی کۆمەڵێ کوردەواری هەڵسەنگێنم دەڵێم لە حاڵی راسان و بەگژا چوونەوەی ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەری و هەڵاواردن دا دەیانبینم، ئەگەر چی بیروڕای دژ بە ئازادیی ژنانیش پێ بە پێی گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان، بە توند و تیژیی رووهەڵماڵاوانەترەوە هاتوونە مەیدان.

**پرسیار**: چ لە ریزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**قادر وریا**: لە نێو حیزبەکانیش دا، تا دێ پتر بایەخ بە جێگە و پێگەی ژنان دەدرێ. حیزبەکان، دەبێ زۆر بێخەبەر و دواکەوتوو بن ئەگەر نەزانن ژنان کە نیوەی کۆمەڵگەکەیان پیک دێنن، هێزێکی لە بن نەهاتوون و ئەگەر ئاوڕ لە پرسی ئەوان نەدەنەوە و لە ئاست مافەکانیان، بێخەم بن، ئەم هێزە روویان تێ ناکا. بۆیە بەرنامە و ئەدەبیاتی حیزبەکان، ساڵ بە ساڵ زیاترحوزووری ژنانیان تێدا دەبینرێ، هەروەها لە ئاستی سەرەوە و بەڕێوەبەرێتی کاروباری حیزبەکان و لە

ریزەکانی خوارەوەتریش دا، تا دێ ڕێژەیەکی زیاتری ژنان دەبینین. دیارە ئەم حوزوورە، دەبێ وەک سەرەتایەک بۆ حوزووری کاریگەر لە داهاتوودا سەیری بکرێت و بە هیچ جۆر لەو ئاستە دا نییە کە مایەی دڵخۆشی و شانازی پیوەکردن بێت. جاری بڕیاردەری سەرەکی لە هەموو بوارەکانی ژیانی حیزبەکان دا، هەر پیاوانن. ژنان تەنیا بەشی نیشاندانی سەلماندنی باوەڕی حیزبەکان بە مەسەلەی ژنان وشەرعیەتدان بە دروشم و بانگەشەکانی حیزبەکان، مەیدانیان پێدەدرێ.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبێسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**قادر وریا**: منیش زۆر جار رەخنەم لە هێندێک عادەت و نەریت و رەفتاری هێندێک لە ژنان (بە تایبەتی ئەوانەیان کە چالاکن و دیارترن لەوانی دیکە)گرتوە، کە دیارە بوونی ئەم عادەت و نەریت وکولتوورە لە نێو ژنان دا هەر ژنان، لێی بەرپرسیار نین، کۆمەڵگەکەیە ژنان ئاوا پەروەردە دەکا کە متمانەیان بە خۆیان کەم بێ. ئەوەندەی گرنگی بە جوان کردنی دیوەی دەرەوەی خۆیان دەدەن، ئەوەندە لە فکری پێگەیاندنی فکریی خۆیان نەبن، سەرەڕای کەمیی ژمارەیان لە بوارەکانی تێکۆشاندا و پێویستی بوونی پێوەندییەکی پتەو لە نێوانیان دا، زۆر بە یەکەوە تەبا نەبن. لە سیاسەت و تێکۆشان دوورە پەرێز بن و هتد. بەڵام ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین کۆمەڵگە و ئێمەی پیاوان، ئەو بارودۆخەمان دروست کردوە کە ژنان، ئەو وەزعەیان هەبی. وەختایەک دەتوانین چاوەروانیی بەشداریی چالاکانەی ژنانمان لە کاری حیزبی وتێکۆشان لە بوارەکانی دیکەی ژیان دا هەبێ،کە بواریان بۆ برەخسێنین و ڕێگایان بۆ خۆش بکەین.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

**قادر وریا**: دیارە ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەکان، بە مەبەستی پشتیوانی لە خەباتی ژنان و تەرخانکردنی بەشێک لە ئیمکاناتی خۆیان بۆ راکێشان و هێنانە مەیدانی ژنان و هاندان و دەستگرتنیان بۆ بەشداری لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێو هەناوی کۆمەڵگەکەیان ئەو کارە بکەن، کارێکی باشە. شتیکی سروشتییشە لە کوردستان، ئەم ڕێکخراوسازییەی حیزبەکان بۆ ژنان، بۆ سەردەمێک پێویست بووە. چونکە کۆمەڵگەکە و بزووتنەوەی ژنان ئەوەندە پێش نەکەوتبوون کە ژنان بۆ خۆیان ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و دەبوایە حیزبەکان بە ڕێگایەک دا ژنان لە دەوری خۆیان و خەباتەکەیان کۆ بکەنەوە، بەم جۆرە هەم دەرەتان و شانسێک بۆ خۆ تاقیکردنەوەی ژنان پێک بێنن، هەم

بەشی پێویستیی حیزبەکەیان بە حوزووری ژنان، ژنانیان هێنابێتە ریزەکانی خۆیان. من ئەوە بۆ سەردەمی خۆی بە موسبەت دەبینم و پێشم وایە کاریگەریی خۆی لە سەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە چەوسانەوەی ژنان، هەبووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستا دا، دەبێ ژنان بتوانن لە دەرەوەی حیزبەکان، ریکخراو بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەگەر حیزبیش رێکخراوی بۆ دروست کردوون، ئەوەندە بەستراوەی حیزبەکە نەبن، حیزب وەک مۆرەیەکی شەترەنج و لە دژی لایەنی دیکە، یا بۆ ململانیی لایەنی دیکە، بە کاریان بێنێت. بە بڕوای من کاتی ئەوە هاتوە، بزووتنەوەی ژنان، سەربەخۆ لە حیزبەکان، بچتە پێش و ژنان بە هۆی دیوارە حیزبییەکان، ئەوەندە کەرت کەرت نەبن. با هەر حیزبێک لە جیاتی ئەوەی تەنیا خەمخۆری رێکخراوی ژنانی خۆی بێت و ئەرکی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا، لە رەنگاندنی دیوی دەرەوەی رێکخراوۆچکەکەی خۆی دا سنووردار بکا، هاندەری ژنانی خۆیان و هی دیکە بن لە رێکخراو و لە ژێر چەترێکی گەورەدا کە هەموو رێکخراوەکان و چالاکانی ژن بگرێتەوە و ئامانجەکانیشی، لە بەرژەوەند و ئامانجە حیزبییەکان گەورەتر بن، کۆ ببنەوە.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**قادر وریا**: خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو و تێکۆشان لە پێناوی نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردنی جینسی و بە گشتی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک، هەر تەنیا ئەرکی ژنان خۆیان نییە، ئەرکی هەر مرۆڤێکە کە بیرکردنەوەیەکی ئینسانی و دیموکراتانە و پێشکەوتنخوازانە و پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتیی سلامەت و دروستی هەیە. من رێز و خۆشەویستی و پێزانینم هەیە بۆ ئەو ژنانەی کە لەم مەیدانە دا پێشەنگن و ئامادەن نرخی ئەم پێشەنگ بوونەی خۆیان بدەن. دەستی ئەو پیاوانەش دەکوشم کە بە پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی ژنان و ویست و داخوازە یەکسانیخوازانەکان ژنان و تەنانەت داکۆکیی لە ژیانێکی باشتر بۆ ژنان، رۆڵیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی کاروانی خەباتی رزگاریی ژنان.

ساڵانێکی زۆر ژنان و پیاوانی پێشەنگ لە شکاندنی کۆسپەکانی سەرڕێی ئازادیی ژنان و جێگیرکردنی کولتووری یەکسانیخوازی، بە ناحەق دەکەوتنە بەر لۆمە و تانە وتەشەر و سووکایەتیی کولتووری کۆنەپەرستانە و دواکەتوانەی کۆمەڵگە. تەنانەت ئێستاش، ئەم کولتوورە، لە هەر جێگایەک مەیدانی هەبێ، هەر بەم جۆرە لە گەڵ ئالاهەڵگرانی یەکسانیی ژن و پیاو دەجووڵێتەوە. پەیامی من ئەوەیە، دەبێ ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، ئەو موعادلەیە پێچەوانە بکەنەوە، بەو مانایەی وا بکەین ئەوانە هەست بە شەرم و شوورەیی بکەن کە بیرکردنەوەکەیان و روانین و هەڵسوکەوتیان دژی ئازادیی ژنان و یەکسانیان لە گەڵ پیاوانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٣

# وتوویژی گۆڤاری "ئەزموون" لە گەڵ بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە بارەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران

**وتوویژی گۆڤاری "ئەزموون"(گۆڤاری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد)**

**لە گەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بارەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران:**

**ئەزموون: چ هۆکار گەلێک بوون بە هۆی درووست بوونی ئینقلابی ٥٧ لە ئێران؟**

**قادر وریا**: پێکهاتنی شۆڕش لە ئێران، بەرهەمی کۆمەڵێک هۆکاری نیوخۆیی بوو. گرنگترین هۆکار، هۆکاری سیاسی بوو. لە ئێران سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆر لە ژێر سێبەری زەبروزەنگ دا حوکمی ولاتی بەڕێوە دەبرد. ئەو دیکتاتۆرییەی لە ئێران هەبوو، شوێنەوارێکی لەئازادییە سیاسییەکان نەهێشتبوو. رۆژنامەکان لە گەل سانسۆر بەرەوروو بوون، تێکۆشانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، قەدەغە بوو. هەلبژاردنەکان رواڵەتی بوون و خەڵک نەیاندەتوانی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان بنێرن بۆ مەجلیس. بەندیخانەکان پڕ بوون لە کەسانێک کە بە تاوانی تێکۆشانی سیاسی گیرابوون. ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە سیاسییە لە هەلومەرجێک دا بوو کە ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی خەڵکیش زەوتکرابوون. بۆ وێنە نەتەوە بندەستەکان، جگەلەوەی لە مافە نەتەوەییەکانیان بێبەش بوون، بە توندی خرابوونە ژێر گوشار و هەر چەشنە هەوڵدانێکیان بۆ داواکردنی مافەکانیان، بە توندی سەرکوت دەکرا.

لە باری ئابوورییەوە، ئەگەر چی رێژیمی حەمەرەزاشا، بە هۆی بەڕێوەبردنی زنجیرە ریفۆرمێک و چوونە سەری داهاتی سەرچاوەگرتوو لە فرۆشتنی نەوت،توانیبووی ئابووریی ئێران کە سەرمایەداریی بەستراوە بە رۆژاوا بوو، تا رادەیەک بگەشێنێتەوە، بەڵام هەر لە ئاکامی ئەو پێشکەوتن و ریفۆرمانە دا، لە لایەکەوە چینێکی مام ناوەندی لە شارەکان دا دروست بوو کە لەو سیستەمە سیاسییە داخراوە دا نەیدەتوانی هەناسە بدا و داواکاری پشک ورۆڵی زیاتر لە دەسەڵات دا بوو.خەڵکێکی زۆریش کە بە نیازی پەیداکردنی کار و بژیوی ژیان، لە لادێوە روویان کردبووە پەراوێزی شارەکان، لەشکرێکی بێکارانیان پێک هێنابوو. نارەزایەتی لە دەست بێکاری و دابەشینی نادادپەروەرانەی سامانی ولات، تا دەهات زیادی دەکرد. سیستەمی بەڕیوەبەریی وڵاتیش ئەوەندە برۆکراتیک و گەندەڵ و ناوەڵامدەر بوو کە نە مەجالی نەقد کردنەوە و رەخنەلێگرتنی دەدا، نە گوێی لە نارەزایەتیی رۆژبەرۆژ زیاتری چین و توێژە بێبەشەکانی وڵات دەگرت و نە لە توانای دابوو کە رێگاچارەسەرێک بۆ ئەو قەیرانە بدۆزێتەوە کە لە نێوەراستەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی دا، بەرۆکی رێژیمی

شایەتیی گرتبوو.

بەمجۆرە شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران، بەرهەمی دەستوێکدانی هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان بوو و لە سەر زەمینەی نارەزایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دروست بوو. دیارە ئەگەر ئازادیی سیاسیی لە وڵات دا هەبا و ململانێی نارازیان و موخالیفان لە گەڵ رێژیمی شایەتی لە فەزایەکی سیاسیی کراوە دا بەرەوپێش چووبا، لەوانەبوو مەسیری شۆڕش بەرەو ئەو جێگایە نەرۆیشتبا کە خومەینی و هاوبیرانی بردیان.

**ئەزموون**: ئایا دەتوانین شەخسی محەمەد رەزا شای پەهلەوی بە تەنیا هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێران بزانین؟

**قادر وریا**: لە سیستەمەیکی دیکتاتۆری دا، دیکتاتۆر هەم دەبێتە نمادی هەموو شتێکی سیستەمەکە، هەم دەبێتە هۆکار و سەرچاوەی سەرەکیی چارەنووسێک کە تووشی نیزامەکە دەبێت. چونکە ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات، کارایی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبن بە کەرەستەیەکی یاری لە دەست دیکتاتۆر دا. بۆ وێنە لە ئێرانی سەردەمی پەهلەوی دا، نە دەوڵەت، دەیتوانی قسە لە قسەی شا دا بکا، نە مەجلیس، ئەو ناوەندە بوو کە بە پێچەوانە و جیاواز لە مەیل و ئیرادی شا بجووڵێتەوە. وەک پێشتریش ئاماژەم پیدا، شتێک بە ناوی رۆژنامەنووسیی ئازاد و ئازادیی بیروڕادەربڕین و تێکۆشانی سیاسیی ئازاد لە گۆڕێ دا نەبوو. ئەرتەش، ساواک، و هەموو دامەزراوە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان، دەربەست لە ژێر ئەمر و فەرمانی شا دا بوون. شا کە روحییە و کاراکتێرێکی دیکتاتۆرانەی هەبوو، ئاگایانە جڵەوی هەموو کاروبارێکی وڵاتی لە دەست خۆی گرتبوو و هیچ سیاسەت و بەرنامەیەک لە دەرەوەی رەزایەتی ئەو، نەیاندەتوانی بەڕێوە بچن.هەر بۆیە شەخسی خۆی ببووە نووکی هێرشی شۆڕشی گەلانی ئێران. یانی ئەگەر لە جیاتی حەمەرەزاشا، کەسیکی دیکەش، شای ئێران بوایە و رۆڵی ئەو لە سیستەمەکە دا، هەر ئەو جێگە و رۆڵی حەمەرەزا شا بوایە، هەر بەم جۆرە سەیری دەکرا. ئەوە بەو مانایە نییە کە هۆکاری دیکە، لە شکڵگرتنی شۆڕشی خەلکی ئێران دا نەبینین، بەڵام شا و سیستەمەکە لە روانگەی بەشی زۆری موخالیفانییەوە، لێک جیا نەدەکرانەوە و ئەو دووانە دەبوایە بە یەکەوە رۆیشتبان بۆ ئەوەی گۆڕان لە سیستەمی سیاسیی وڵات دا پێک بێ.

**ئەزموون**: ئایا نیازی بردنە سەری بەهای نەوت لە لایەن محەمەد رەزا شاوە، وڵاتانی دەرەکیی هان دا بۆ ئەوەی کە لە سەر کار لای ببەن؟

**قادر وریا**: دەتوانم بڵێم داهاتی فرۆشی نەوت ئەگەر لە سەرەتاوە فریای ئەو رێژیمە کەوت و بە یارمەتیی داهاتی نەوت، توانی جێپێی خۆی قایم بکا، بەلام لە دریژخایەن دا لە چەند بارەوە، بە زیان بە سەر رێژیمی شا دا شکایەوە.

**یەکەم؛** لە باری بەستراوەیی یەکجار زۆر بەم داهاتە و پشتگوێخستنی بوارەکانی دیکەی ئابووری. پاش کودەتای ٢٨ی

گەلاویژ و تێکشکانی بزووتنەوەی موسەدیق بۆ بە نیشتمانیکردنی نەوت، پێی کۆنسیرسیۆم هاتە نێو سەنعەتی نەوتی ئێران. سەداپەنجای داهاتی خالیسی نەوت لەلایەن کۆنسێرسیۆمەوە، دەدرایەوە بە دەولەتی ئێران. بۆ ماوەیەکی زۆر، داواکردن و فرۆشی نەوت لە بازارەکانی جیهان دا، هەر رووی لە زیادبوون دابوو. بۆ ئەوەی بزانین ئەو ریژیمە چەندە بە داهاتی نەوت بەسترابۆوە، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین: لە بەرنامەی سێهەمی پەرەستاندنی دەولەتی پەهلەوی کە لە نیوان سالانی ١٣٤٢ - ١٣٤٧ دا بەڕێوەچووە، پشکی داهاتە نەوتییەکان ٦٦% و لە بەرنامە ی چوارەم دا(١٣٤٨ - ١٣٥٢) ٦٣ % بووە. ساڵی ١٣٤٧، لە سەدا ٧٥ی "ئەرز"ی بەدەستهاتووی ولات و سەدا٥٠ی داهاتەکانی دەولەت، لە فرۆشتنی نەوتەوە بووە.

**دووهەم؛** کاریگەریی چوونە سەری سەرسوڕهێنەری داهاتی سەرچاوەگرتوو لە فرۆشتنی نەوت لە سەر ئابووریی وڵات و ژیانی ئاسایی خەڵک. بەو هۆیەوە کە ڕێژیمی حەمەرەزاشا بەرنامەیەکی باشی بۆ سوود وەرگرتن لەو داهاتە وسەرمایەدانانێکی دریژخایەن نەبوو،داهاتی زۆری نەوت بووە هۆی ئالۆزی و شێوان لە رەوتی ئاسایی ئابووریی وڵاتدا. ئاوسانی سەرچاوەگرتوو لە داهاتی فرۆشی نەوت، ئاکامی نەخوازراوی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بۆ ئێران بەدواوە بوو و قەیرانی سیاسی و نارەزایەتیی چینە ناوەندییەکان و مووچەخۆرانی لێکەوتەوە.

**سێهەم؛** نەوت لە بارێکی دیکەشەوە بوو بە بەڵای گیانی رێژیمی پەهلەوی.ئەویش کاتیک بوو کە ئەمریکا ناچار بوو بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان، بێتە مەیدان و بە هاوکاریی عەرەبستانی سەعوودی، نرخی نەوتی دابەزاند. شا کە بۆ جێبەجیکردنی خەونەکانی پێوەندیدار بە "شارستانیەتی مەزن"، و پشتقایم بە پیگەی ئێران لە ئۆپێکدا، نەوتێکی زۆری بە نرخیکی بەرز دەفرۆشت، دوای داشکانی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان لە سالانی کۆتایی دەسەلاتەکەی دا، تووشی شووکێکی گەورە هات. ئەم دابەزاندنەی نرخی نەوت زیانێکی ئەوتۆی بە رێژیمی شا گەیاند کە بە وتەی لێکۆلەر و مێژوونووس " ئاندور سکات کوپێر "ئەم داشکاندنەی نرخی نەوت بووە هۆی دەسپێکی قەیرانی ماڵی، ناسەقامگیریی ئابووری و لاوازیی دەسەڵاتی شا.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین غەررە بوون و لووتبەرزیی شای ئێران و پێداگرتنی بۆ بردنەسەری فرۆشی زیاتری نەوت و بردنەسەری نرخ لە بازارەکانی جیهان دا، یارییەکی مەترسیدار بوو کە رۆڵی هەبووە لە وورووژاندنی تووڕەیی دەوڵەتانی رۆژاوایی و هەوڵدانیان بۆ بەربەستدانان لە سەر رێی زیدەرۆییەکانی دا.

**ئەزموون:** ئایەتۆڵا خۆمەینی لە دروست بوونی شۆرش دا چ بووە؟

**قادر وریا:** لە بارەی رۆڵی خومەینی لە سەرخستنی شۆڕشی ئێران دا، زۆر نووسراوە و لە زۆر بارەوە قسەی لە سەر کراوە.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە خومەینی ڕۆڵێکی بێوێنەی لە شۆڕشی ئێران دا هەبووە.ئەو بۆ خۆی بە حوکمی ئەوەی جێگە و پێگەیەکی تایبەت بە خۆی لە باری دینی و لە نێو پەیرەوانی ئایینی "تشیع" دا هەبوو، هەر وەها چونکە پێشینەی دژایەتی لە گەڵ ڕێژیمی پاشایەتیی هەبوو، توانی ببێتە ناوەندێک بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتیی خۆپێشاندان و نارەزایەتیی دەربڕینەکان بگرێتە ئەستۆ. دیارە خەبات و ململانێی هێز و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکان و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵک لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی، لە مێژ ساڵ بوو لە دەرەوەی بڕیار و ویست و ئارەزووی خومەینی هەبوو. بەڵام خۆمەینی بەحوکمی پێگە ئایینییەکەی، توانی سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک بێت. زۆربەی خەڵکی ئێران شیعە مەزهەبن وهەر لە سۆنگەی سنووردارکردنی دەسەڵاتی ناوەندە مەزهەبییەکانیشەوە، ڕێژیمی شایەتی، لە مێژ بوو لە گەڵ موخالیفەت و دژایەتیی بەشێک لە "مراجع" و ناوەندە مەزهەبییەکانی شیعە، بەرەوروو بوو. بەم جۆرە ئەگەر چی کێشەکە، هەر تەنیا کێشەی پەیرەوانی ئایینی "تشیع" لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی نەبوو، و مەسەلەکە نارەزایەتی دەربڕینی گشتی لە دەسەلاتی پاشایەتی بوو، بەڵام باوەڕ و زەمینەی دینیی زۆربەی خەڵکی نارازی لە لایەک و قۆستنەوەی زەمینەکان لە لایەن خومەینی و ئاخوندەکانی دیکەوە، ڕێگای بۆ لەدەستگرتنی ڕێبەریی ئەو شۆڕشە لە لایەن خومەینییەوە خۆش کرد.

لەو نێوە دا، زۆر ڕاستیی دیکەش دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ کە وایان کرد خومەینی ببێ بە ڕێبەری بێئەملاوئەولای شۆڕشەکە و مۆری ئایین و ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت لە شۆڕشەکە بدرێ. یەک لەو ڕاستییانە، ئەوە بوو کە ڕێکخراوە چەپ و دیموکرات و نەتەوەییەکان، لە درێژایی سالانی خەبات لە گەڵ ڕێژیمی شا دا، زۆر لە ڕێبەران و کەسایەتییە بە تواناکانی خۆیان لە دەست دابوو، زەبری گەورە لە لایەن ساواکەوە لە پەیکەری ریکخراوەکانیان کەوتبوو، مەجالیان نەبوو کاری ڕۆشنگەری لە سەر بەرنامە وئامانجەکانی خۆیان لە نێو خەلک دا بکەن، و بە پێچەوانەی لایەنگرانی خومەینی کە بە هەزاران مزگەوت و دەیان هەزار تەلەبە و ئاخوندیان لە سەرانسەری ئێران، بە دەستەوە بوو،ئیمکانی وەستانەوە بەرامبەر ڕەوتی موسادرەکردنی شۆڕش لە لایەن ئاخوندەکانیانەوە نەبوو. دیارە لایەنە مەزهەبییەکان کە رابردووی خەبات لە گەڵ ڕێژیمی شایەتییان هەبوو، بە شێوەیەکی گشتی کێشەیەکیان لە گەڵ دانی پێناسەی ئیسلامی و مەزهەبی بە شۆڕشەکە نەبوو وچارناچار چووبوونە ژێر ڕێبەریی خومەینییەوە. نابێ ئەو ڕاستییەش لە بیربکەین کە زۆر کەسایەتی و ڕووناکبیر و لایەنیش، کە هیچ کات بیریان لە هینانە سەرکاری ڕیژیمێکی مەزهەبی لە ئێران دا نەکردبۆوە، فریوی دروشم و بەڵێنەکانی خومەینیان خوارد و پێیان وابوو، خومەینی و ئاخوندەکان، نابن بە کۆسپ لە سەر ڕێی وەدیهاتنی ئامانجە لەمیژینەکانی ئەم شۆڕشە.

**ئەزموون: ئایا ئەگەر کاتی زیاتر بدرایە بە دەوڵەتی بەختیار، حکوومەت بە ڕێفۆرمی سەرەکی دەگەیشت؟**

**قادر وریا:** شاپوور بەختیار، نەک بە بەراورد لە گەڵ سەرۆکوەزیرانی پێش خۆی، بەڵکوو بە بەراوەرد لە گەڵ سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمارەکانی دوای خۆشی، یەکێک لە دیموکراتترتن کەسایەتییە سیاسییەکان بووە کە لە مێژووی ئێران دا

بگاتە ئەو  پۆستە. ئەو کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگی نا کە بەراستی هەم بوێرانە بوون، هەم لە جیهەتی کۆتاییهێنان بە سەرەرۆیی شا دا. هەڵوەشاندنەوەی ساواک، دواییهێنان بە سانسۆر و، رەزامەندی دەربڕین لە گەڵ ئازادیی چاپەمەنی، سپاردنی دەسەڵات و ئیختیاراتی شا بە شوورایەکی سەڵتەنەتی و هتد، بەشێک لەو هەنگاوانە بوون. رەنگە بوترێ کە ئەو هەنگاوانە، لە کەشوهەوای  ئەو کات دا کە شۆڕش بەرەو چڵەپۆپە دەچوو، بۆ پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی زیاتری شۆڕش و رزگارکردنی رێژیمی شایەتی لە رووخان بووبن،بەڵام نابێ حاشا لەو راستییە بکەین کە بەختیار، هەم لە باری بیروباوەڕەوە،  جیاوازیی زۆری هەبوو لە گەڵ ئەوانەی بە ناوی داکۆکی لە شۆڕش، دژایەتییان دەکرد. چونکە زۆر لەوان دیموکراتتر و پێشکەوتوو تر بوو، هەم مەترسیی  جێگیربوونی دیکتاتۆرییەکی ئایینی لە جێی رێژیمی پاشایەتیی پێشبینیی دەکرد. بۆیە بێگومان ئەگەر دەرفەتی زیاتری پێدرابا، لەوانەبوو رێفۆرمی ئەوتۆ بکا کە لە خزمەتی  ویست و داخوازە بنەرەتییەکانی خەڵکی ئێران دابێت، یا  هەر نەبا یارمەتیدەری ئەو هێز و لایەنانە بوایە کە وەک خۆی پێشبینیی بەلارێداچوونی شۆڕشی خەڵکی ئێرانیان دەکرد و بەم جۆرە مەیدانەکە بە تەواوی نەکەوتبا دەست خومەینی و لایەنگرانی. بەڵام تازە شۆڕشەکە کەوتبووە سەر رەوتێک کە خومەینی  و لایەنگرانی دەیانەویست و ئیمکانی گێڕانەوە و گەڕاندنەوەی بۆ سەر ئەو مەسیرەی نەبوو کە  وەڵامدەری داخوازە لە مێژینە و بنەرەتییەکانی خەڵکی ئێران بێت.

**ئەزموون**: کورد بە درەنگی هاتە ناو بزووتنەوەکە، هۆکاری ئەو درەنگ هاتنە چ بوو؟

**قادر وریا**: لە راستیدا، کورد پێش هەموو نەتەوەکان و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران، دژایەتیی رێژیمی شایەتیی دەست پێکردبوو و قوربانیی گەورەشی لەم پێوەندییە دا پێشکەش کردبوو. کاتێکیش راپەڕین دژی رێژیمی شایەتی دەستی پێکرد، لە کوردستانیش وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران خۆپێشاندان دژی ئەو رێژیمە هەبوو و خەڵک تێیان دا بەشدار بوون. بەڵام لە بیرمان بێت لە کوردستان نە شاری گەورە و پرحەشیمەتی وەک تاران و تەوریز و ئیسفەهان هەبوون(جگە لە شاری کرماشان)، نە ناوەندی ئایینیی وەک حەوزەی عیلمییە کە لە قوم هەبوو و دەیتوانی بە هۆی مەوقعییەتی ئایینی رۆڵی لە رووداوەکان دا هەبێت. ئەو راستییەشمان لە بیر بێت کە کوردستان، بە بەراوەرد لە گەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو کاتیش هەر میلیتاریزە بوو و ساواک و ئەرتەشی شایەتی، رابردوویەکی رەشیان لە سەرکوت و گرتن و خەفەقان دا هەبوو. لە هەمووی گرنگتر کە دەبێ ئاماژەی پێبکەم بێگانە بوونی بزووتنەوەی کوردستان لە گەڵ گوتاری زاڵی ئەو راپەرینە واتە گوتاری مەزهەبی بوو. لە لایەکەوە، چوونە ژێر چەتری رێبەریی خومەینی و گوتارە مەزهەبییەکە بۆ خەڵکی کوردستان نەخوازراو و ناخۆش بوو، لە لایەکی دیکە هاوڕێیەتی نەکردنی راپەرین و دوورەپەریزی، مومکین نەبوو. گرنگ ئەوەیە گوتاری زاڵ لە کوردستان، ئەوەندەی نەتەوەیی و چەپ بوو، ئەوەندە ئایینی نەبوو و هەمووی ئەوانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی کوردستان بە تێبینییەوە بەشداری راپەڕینی سەرانسەری بێ.

**ئەزموون**: نەقشی حیزبی دیموکرات لە رێکخستنی بزووتنەوە لە کوردستان دا چ بووە؟

**قادر وریا**: ئەو کاتەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران، خەریک بوو سنووری چەند شاری گەورەی ئێران ببەزێنێ و پەلوپۆ بۆ شارەکانی دیکە بهاوێ، ڕێبەران و تێکۆشەران و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یا لە دوورەوڵاتی و دوورخراوەیی بوون یا لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی شایەتیدا. لە مێژیش نەبوو ئەو حیزبە، بە دەیان بەڕێوەبەر و کادری ناسراو و بەوەجی لە ڕەوتی جووڵانەوەیەکی داسەپاوی چەکداری دا لە دەست دابوو. پاییزی ۱۳۵۷ لە گەڵ خێراتر بوونی ڕەوتی ڕووداوەکان و تەوژم و گوڕپەیداکردنی شۆڕشەکە،لە لایەکەوە زۆربەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە عێراقەوە گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شار و ناوچە جیاوازەکان جێگیر بوون لە لایەکی دیکەش ئەو تێکۆشەرانەی لە بەندیخانە ئازادببوون، کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی خۆپێشاندان و ڕێنوێنیی ڕووداوەکان دا هەبێت.

ڕەنگدانەوەی دروشم و داخوازی نەتەوەیی لە خۆپێشاندان و ڕێپێوان و بڕیارنامە و بەیاننامەکانی ئەو سەردەمە دا، بەشێکە لەو کاریگەرییەی کە حیزبی دیموکرات لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو کات هەیبووە. دەستبەسەرداگرتنی پاسگا و بنکە نیزامییەکانی سەر بە ڕێژیمی شایەتی کە حیزبی دیموکرات لە زۆربەی هەرە زۆریان دا، دەوری ڕێکخەری بینیوە، بەشێکی دیکەی ئەو ڕۆڵبینینەی حیزبی دیموکرات لەو ڕاپەڕینە دابووە.

**ئەزموون**: چ هۆکار گەلێک بوونە ئەوەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی سەر کار هاتووی ئینقلاب تووشی کیشە بێت و لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی ئینقلاب کورد بووە دژ بەری دەوڵەتی ئینقلابی؟

**قادر وریا**: خەڵکی کوردستان هەم داوای ڕوونی سیاسییان هەبوو کە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێران دا بوو، هەم رابردووی خەبات لە پیناوی مافەنەتەوەییەکانیان هەبوو. جگە لەمە، لە کوردستان هێزێکی سیاسیی ناسراو و لە مێژینە هەبوو کە زیاتر لە ۳ دەیە بوو لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی خەباتی کردبوو، جمهوریی کوردستانی پیک هێنابوو، دەیان و سەدان سیمای سیاسیی خۆشەویستی هەبوو. خەڵکی کوردستان بۆ هینانە سەرکاری جمهوری ئیسلامی و لە بەر لایەنگری لە خومەینی و دەسەلاتی دینی، خەباتیان نەکردبوو کە بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، پێیان وا بێت ئاوات و ئامانجەکانیان هاتۆتە دی. بۆیە شانبەشانی خستنە ڕووی ئاشتیخوازانە و هێمنانەی داواکانیان، وشیاری و کارقایمیی خۆشیان هەبوو، لە بەرامبەر هێرش و جموجۆڵی نیزامیی ڕێژیمی تازە لە سەر هەست بوون، ئەو چەکانەی لە کاتی رووخانی ڕیژیمی شایەتی دا دەستیان کەوتبوو، بۆ داکۆکی لە دەسکەوتەکانی سۆڕش و بۆ پاریزگاری لە کوردستانی ئازاد بە کاریان هێنا. لەراستیدا، هەڵگیرسانی شەر لە نیوان کورد و کۆماری ئیسلامی دا، بەرهەمی ملنەدانی ڕێژیمی تازە بۆ داخوازەکانی خەلکی کوردستان و بەکارهینانی زۆر و سەرکوت و لەشکرکێشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ خەڵکی حەقخوازی کوردستان بوو. ڕێژیمی تازە دەیەویست پادگانەکان بە هیزە جەکدارەکانی کانی خۆی پڕ بکاتەوە، هیزی نیزامی لە هەموو بنکەکانی پێشوویان جێگیر بکاتەوە، ئەو چەکەی لە دەستی خەلک دا بوو، لە دەستیان دەربێنێ، و هەر لەوکاتەدا، خۆشی لە ولامدانەوەی ئەرێنی بە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان ببوێرێ. بەڵام خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان

تەسلیمی ئەو نیازەی ریژیمی تازە نەبوون. هەر ئەوە کە ئەوان لە یەکەم رێفراندۆم دا کە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ بەڕیوەچوو، رێفراندۆمەکەیان تەحریم کرد و ئامادە نەبوو دەنگ بە سیستەمی حکوومەتیی کۆماری ئیسلامی بدەن کە نەیاندەزانی چ ناوەرۆکێکی دەبێ، نیشانەی لەسەرەوە بوونی ئاگایی سیاسیی خەلکی کوردستان و فریونەخواردنیان بۆ دەسەڵاتدارانی تازە بوو.

**ئەزموون: بۆ چی ئینقلاب بە ئاکامەکانی خۆی نەگەیشت و دیکتاتۆرییەکی نوێ جێگای دیکتاتۆریی کۆنی گرتەوە؟**

**قادر وریا:** رێکخراو و یەکگرتوونەبوونی هێز و لایەنە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و نەبوونی بەرەیەک کە هەڵگری ویست و داخوازە سیاسیەکانی ئەوان بێ، لە لایەک و لە لایەکی دیکە یەکگرتووبوونی مەزهەبییەکان و هەبوونی رێبەرێکی کاریزما و و خاوەن دروشم و داوای روون، بوو بە هۆی ئەوە،تەنیا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە بێتە دی کە ئەویش رووخانی رێژیمی پاشایەتی بوو. دیارە وەک زۆر جاری دیکەش وتراوە، خەڵک دەیانزانی چ شتێکیان ناوێ، هەموو لە سەر رووخانی رێژیمی پاشایەتی یەکگرتوو بوون. بەڵام هەموو نەیاندەزانی چیان دەوێ. یا زۆر کەس پێی وابوو هەر رێژیمی شایەتی بروا، ئامانجەکانی دیکە بۆ خۆیان دێنە دی. لێرەدا بوو خومەینی و پەیرەوانی کە ریژیمێکی ئیسلامییان دەویست و هێزێکی ئەوتۆشیان لە بەرامبەر خۆیان دا نەدەدی، دیکتاتۆرییەکیان لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامی، هێنایە جێگای دیکتاتۆریی شایەتی. ئەوەش دەتوانێ دەرسێک بێ بۆ هەموو ئەو هێز و رێکخراو و کەسایەتی و لایەنانەی خوازیاری پێکهاتنی گۆڕانی بنەرەتی لە ئێران دان. دەرسەکەش ئەوەیە بێ یەکگرتن لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش و بێ هاوکاری و هاوخەباتیی ئەو هێزانە، هەمیشە مەترسیی ئەوە هەیە هێزێکی پاوانخواز، دەرفەتەکە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە و هێزە خەڵکی و دیموکرات وپێشکەوتنخوازەکان، نەک هەر دەسکەوتێکیان نەبێ، بەڵکوو تووشی دیکتاتۆرییەکی بە چەند قات خراپتر ببنەوە.

رێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٣

## قادر وریا: "تێکۆشان بۆ دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیە، جێگای پشتیوانیی حیزبی ئێمەیە"

### وتوێژی رۆژنامەی "کوردستان" لە گەڵ قادر وریا، لە بارەی ئاڵوگۆڕەکانی باکووری کوردستان

**ئاماژە:**

**لە نەورۆزی ئەمساڵ دا هەیئەتیکی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە، لە متینگی نەورۆز لە شاری ئامەد بەشدار بوو. لەم بۆنەیە دا پەیامی ئاشتیی عەبدوڵلا ئوجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان روو بە هەر دوو نەتەوەی کورد و تورک کە لە زیندانی ئیمرالییەوە ناردبووی، پێشکەش بە زیاتر لە یەک و نیو میلیۆن خەڵکی ئامادەبوو لەو متینگە کرا. بۆ تیشک خستنە سەر ئالوگۆرەکانی ئەم دوایانەی پیوەندیدار بە پرسی کورد لە تورکیە، "کوردستان"ئەم وتوویژەی لە گەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی وبەرپرسی هەیئەتی حیزبی دیموکرات بۆ بەشداری لە متینگی "ئامەد" پێک هێناوە:**

**کوردستان**: سەرەتا پێمان خۆشە لە پێوەندی لە گەڵ سەردانەکەتاندا کورتەیەکمان بۆ باس بکەن.

**قادر وریا**: سەردانی هەیئەتی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لە متینگی نەورۆزیی ئامەد(کە لە هاورێیان حەسەن قادر زادە و برایم زیوەیی و من پێک هاتبوو) لە سەر بانگهێشتی هەر دووهاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی( ب.د.پ) بەرێزان گوڵتەن کشاناک و سەلاحەدین دەمیرتاش، بۆ بەشداری لەو ریورەسمە مێژوویی نەورۆزی ئەمساڵ، بوو.

دیارە بەشداریی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم متینگەدا، بایەخدان بوو بە پیوەندیی ئەم حیزبە و پارتی ئاشتی و دێموکراسی و هەر وەها گرنگیدان بوو بە هاوپیوەندیی خەباتی رەوای کورد لە هەر دوو بەشی رۆژهەلات و باکووری کوردستان. بە تایبەتی بە ئاگاداری لەو راستییە کە متینگی ئەمسالی نەورۆز لە ئامەد، گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە مانای پشتیوانیکردنی خەلکی باکووری کوردستان و هیزو لایەن و کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان لە پرۆسەی دیالۆگ و ئاشتییەک بوو کە ماوەیەکە لە نیوان دەولەتی تورکیە و نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لە ولاتە، لە گۆرێ دایە. ئێمە هەڵگری پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو متینگە و بە تایبەتی بۆ سەرۆکایەتیی پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی و هەر وەها بۆ سەرۆکایەتیی کۆما جڤاتێن دیموکراتیک و سەرۆکایەتیی شارەداریی ئامەد بووین. جگە لە

بەشداریی لە متینگەکە، دیدار و دانیشتنی تایبەتیشمان لە گەڵ هەر سێ لایەنی ناوبراو هەبوو. لەم دیدارانە دا روانینی حیزبی خۆمان بۆ پرۆسەی چارەسەری ئاشتخوازانەی پرسی کورد لە تورکیە و پشتیوانیی خۆمان لەو رەوتە، راگەیاند.

**کوردستان**: ئەم میتینگە و هاوشێوەی ئەم کۆبوونەوە بەرینانە تا ئێستا چ دەسکەوتێکی بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکوور هەبووە؟

**قادر وریا**: ئەم متینگە کە بە پێی زۆربەی قەبلاندن و بەراوردەکان، زیاتر لە یەک میلیۆن کەس تێیدا بەشدار بوو، هەر وەها متینگەکانی هاوشێوە کە هەر بە بۆنەی نەورۆز لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان و لە ئەستانبووڵ بەڕێوە چوون، بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان، دەسکەوتی جۆراوجۆریان هەبووە. دیارە پێشتریش بۆ وێنە لە کاتی پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکوردەکان لە زیندانەکانی تورکیە ، یا لە کاتی بە خاکسپاردنی قوربانیانی تاوانەکەی"رۆبۆسکی"، چەندین کۆبوونەوەی دەیان هەزار کەسی و سەدان هەزارکەسیی خەلک هەر بە بانگەوازی پارتی ئاشتی و دیموکراسی و نوینەرانی خەلکی باکووری کوردستان لە پارلمانی تورکیە، پێک هاتبوو.

دەتوانم بڵێم یەک لە دەسکەوتەکانی ئەو جۆرە متینگانە ئەوەیە کە گەلی کورد، بەم جۆرە دەیسەلمێنێ کە داواکاری مافی رەوای خۆیەتی و ئەگەر رێگای پی بدرێ ئامادەیە داواکانی خۆی بە شێیوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە بخاتە روو.

دووهەم دەسکەوت ئەوەیە بە دەوڵەتی تورکیە و نەتەوەی تورک و هەموو دنیای نیشان دەدا، ئەو ویست و داوایانەی پارلمانتیرەکانیان لە پارلمان، یا بەڕێزعەبدوڵلا ئۆجەلان لە زیندان و پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیاکان، دەیانهێننە گۆڕێ،لە لایەن ئەو خەڵکەوە پشتیوانییان لی دەکرێ.

جگە لەمانە، متینگە میلیۆنییەکەی ئەمساڵی ئامەد، پشتگیری لە پەیامێک بوو کە بەڕێز ئوجەلان لە رۆژی نەورۆز دا و هەر لە رێگای ئەم رێورەسمەوە بە گوێی دەوڵەتی تورکیە و هەر دوو نەتەوەی کورد و تورکیەی گەیاند. پەیامێک کە دەڵێ با شەرو یەکتر کوشتن بەس بێ ، با کورد و تورک و نەتەوەکانی دیکە، لاپەرەیەکی نوێ هەڵ بدەنەوە و لە پەنای ئاشتی و ئازادی دا بژین.

**کوردستان**: لەو میتینگەدا پەیامی بەڕێز ئۆجەلان لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو راگرتنی ئۆپراسیۆنەکانی پەکەکەراگەیاندرا. خوێندنەوەی ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ناوەرۆکی پەیامەکەی ناوبراو چۆنە؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشتریش بیروڕای خۆی لە پیوەندی لە گەڵ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە بە ڕێگای ئاشتی دا ڕاگەیاندوە. ئێمە زۆر جار، ئەو کرانەوە و ئەو گوتارە نوێیە کە پارتی دەسەلاتداری تورکیە، پارتی دادپەروەری و پەرەپیدان(AKP) لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد دا، گرتوویەتە بەر، بە ئەرێنی لێمان ڕوانیوە. ئەوەندەش کە دەنگمان بە نوینەرانی دەولەتی ئەو ولاتە گەیشتوە، هاندەری چارەسەری پرسی کورد لەو ولاتە بە ڕیگای ئاشتیخوازانە دا بووین و وتوومانە کە بە شەر و بۆمباران و سەرکوت، پرسی کورد لەو وڵاتە کۆتایی پێ نایە و ڕیگای دروست هەر ئەوەیە کە دان بە مافی کورد دابنرێ و لە ڕیگای دیالۆگ و ڕێککەوتن، قۆناغێکی نوێ لە هاوژیانیی ئەم دوو نەتەوەیە لەو وڵاتە دەست پێ بکا.

پەیامەکەی بەڕیز ئوجەلانیش لەو ڕاستایە دابوو. دیارە هەڵەیە ئەگەر وا لێک بدرێتەوە کە پەیامەکەی ئوجەلان تەنیا ڕووی لە کورد و ڕووی لە پارتی کریکارانی کوردستانە. ئەو بێدەنگکردنی چەکەکان و ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی لە هەر دوو لا(هەم پێ کا کا و هەم دەوڵەتی تورکیە) دەوێ. خۆ ناکرێ گریلاکان لە باکووری کوردستان پاشەکشە بکەن و ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان ڕابگرن، بەلام هێرشی زەمینی و هەوایی سوپای تورکیە بۆ سەر ئەوان هەر بەردەوام بێ و ئاشتییش بێتە دی.

من نامەوێ بکەومە سەر هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بابەتانەی لە پەیامەکە دا هاتبوون. چونکە زۆر شتیان تیدا هاتبوو کە لەوانەیە هێندێکیان باسی زۆر هەل بگرن. ئەوەی لە پەیامەکەی ئوجەلان بە لای حیزبی ئێمە و هەرلایەنێکی سیاسیی خوازیاری چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی ڕەوای کورد گرنگە و جێگای پشتیوانییە، پیداگری لە سەر پێویستیی دەسپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیەیە کە پێویستیە لە جیاتی ئینکار و چەک و شەڕ و تواندنەوە، دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێز گرتن لە یەکتر و لاچوونی هەلاواردن و ستەم لە دژی کورد، جێگای بگرێتەوە.

**کوردستان**: هێندێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە تورکیە لە بردنە سەر وادە و بەڵێنەکانی خۆی سادق نیە ئێوە لەم پێوەندییەدا ڕاتان چیە؟

**قادر وریا**: تورکیە دەیهەوێ لە ئاستی ناوچەدا وەکوو زلهێزێکی سیاسی و ئابووری، ڕۆڵ بگێرێ، وەپێش ڕقەبەرەکانی بکەوێ و لە ناوچەیەک دا کە بەرەوڕووی گۆڕانی سیاسیی گەورە بۆتەوە، قسەی یەکەم بکا. ئەمە هەر بە دروشمدان و هێندێک مانۆڕی تاکتیکی، نایەتە دی. هێنانە دیی ئەم ئامانجە لەلایەکەوە پێویستی بەوە هەیە حیزبێک کە لەم چەند سالەی دواییدا، ڕۆڵی هەبووە لە پێشخستنی سیاسیی نێوخۆیی و ناوچەیی تورکیە،جێ پێی خۆی لە دەسەڵات دا پتەو بکا و بۆ داهاتووش، شانسی مانەوەی لە دەسەڵات دا دەستەبەر بکا. لە لایەکی دیکە، پێویستە ئەو وڵاتە یەکێک لە کۆنترین و پڕ تێچووترین کێشە نیوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکا، کە ئەویش پرسی کوردە کە لە باری ئەمنییەتی، سیاسی و

ئابوورییەوە، ئەم وڵاتەی بە خۆوە خەریک کردوە و ئیعتباری ئەو وڵاتەی لە رادەی جیهانی دا هێناوەتە ژێر پرسیار.

پاشان لە سەردەمی ئێستا دا، هیزیک یا زلهێزیک تەنیا بە هێزی سوپایی یا ئابووری، ناتوانێ لە گەڵ رقەبەرەکانی ململانێ بکا و گرەوی سەرکەوتن بەرێتەوە، بەڵکوو پیویستە نیاز و ویستی ئەم سەردەمەی نەتەوەکانی ناوچەش ببینێ و رێزیان بۆ دابنێ و پشتی ئەو گۆڕانانە بگرێ کە لە خزمەت ئازادیی نەتەوەکان دان. تورکیە، ناتوانێ تەئییدی راپەڕینی خەڵک لە سووریە لە دژی دیکتاتۆری بکا و پشتیوانیی لێ بکا، یا دژی چەوساندنەوە و سەرکوتی خەڵکی فەلەستین لە لایەن ئیسرائیلەوە بێ، لەو لاشەوە بۆ خۆی، دان بە سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەیەکی ١٥ - ٢٠ میلیۆنی لە نێوخۆی تورکیە دا نەنێ و سەبارەت بە داواکردنی مافەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوتیان بکا. چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیە، هەم پێگەی ئۆردوغان و حیزبەکەی لە نێو کورد دا بە هێز دەکا و لە ململانییە سیاسییەکانی داهاتوودا، دەتوانن وەکوو هاوپەیمان و پشتیوان لە سەر کورد حیساب بکەن. لە ئاستی ناوچەش دا، دەوڵەتی تورکیە، دەتوانێ بە هێزتر لە ئێستا و بە ئیعتیبارێکی زۆر زیاترەوە، مەیدانداری بکا. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی تورکیە، ئەم دەرفەتە نەقۆزێتەوە و هەنگاوی گونجاو لە گەڵ بانگەوازی ئاشتیخوازانەی ئوجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی ئاشتی و دیموکراسی هەڵ نەگرێ، وەک رابردوو هەم لە گەڵ شەڕ و بەرگریی چەکدارانەی پێ. کا.کا بەرەوروو دەبێتەوە، هەم ئەو خەباتە جەماوەری و مەدەنییە بەرین و بە هێزەی لە باکووری کوردستان هەیە، وەک ئەم چەند ساڵەی دوایی، لە پارلمان و لە شەقام وتەنانەت لە ئانکارا و لە ئەستانبووڵ، بەربینگی پێ دەگرێ.

**کوردستان**: پێتان وایە چ شتێک دەتوانێ زامنی ئاستەوایی نێوان کوردو تورک بێ لە تورکیەو دورە دیمەنی دۆزی کورد لەم بەشە لە کوردستان(باکوور) چۆن دەبینن؟

**قادر وریا**: بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەو ئاگربەسەی ئێستا بە دەستپێشخەریی کورد هاتۆتە کایەوە، بکرێتە دوولایەنە و قانوونی. مەبەستم ئەوەیە دەولەتی تورکیەش ناچار بکرێ کە پابەندی ئاگربەس بێ. هەرلەو کاتەش دا پارلمان کە دامەزراوەیەکی قانوونییە و نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەلکی باکووری کوردستانیش لە وێن، بێتە نێو مەسەلەکە و پشتی ئەو هەولانە بگرێ کە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە گۆڕێ دان. شانبەشانی ئەم کارانە، دەبێ ئەو سیاسەت و بڕیار و کردەوانەی بەرهەمی سەردەمی شەڕ و زاڵبوونی گوتاری سەرکوتکەرانەن، جێگای خۆیان بدەن بە سیاسەت و بڕیار و هەنگاوی نوێ کە نیشان بدەن ئیرادەیەکی جیددی بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ، بەدی دەکرێ. بۆ وێنە دەبێ کار بکرێ بۆ گۆڕینی دەستوور(قانوونی ئەساسی)ی وڵات و ئەو کۆت و بەند و هەڵاواردنانەی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە لە مافی یەکسان لە گەڵ نەتەوەی تورک بێبەش دەکەن، وەلا بنرێن.

یەکگرتوویی کورد لەو وڵاتە و بەردەوامیی بزووتنەوە جەماوەری و مەدەنییەکەی و هەر لەو کاتەدا هەوڵدانی شێلگیرانەی

بۆ راکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو وڵاتە و بیروڕای گشتیی جیهانی لە پرۆسەی ئاشتی، بۆ چەسپاندنی ئەو هەنگاوانەی نراون و بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر، دەتوانن هومێد بە ئاشتی و چارەسەری دادپەروەرانە، بە هێزتر بکەن.

لە ژمارە ٦٠٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی : ٧ی ئاوریلی ٢٠١٣

---



سەرچاوە Serchawe

## قادر وریا: وەڕێخستنی ڕاپەڕین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی، جگە لەوەی کارێکی زۆر سەختە،زۆریش هەڵەیە.

**لە وتوویژ لە گەڵ گۆڤاری "شەقام"دا.**

**دیمانە: زامدار ئەحمەد**

**شەقام: لاوازی ئۆپۆزسیۆن لە ئێران بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**قادر وریا**: هۆی جۆراوجۆر هەن کە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیان لێکەوتۆتەوە. دەتوانم بەم جۆرە پۆلینیان بکەم:

**یەکەم:** جۆراوجۆریی ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە باری سیاسی و فکری، لە باری ویست و داخوازەکانەوە، لە باری نەتەوەیی و ئایینی و لە باری جۆری ڕوانین بۆ خەبات لە گەڵ ڕێژیمی دەسەلاتدار و نیزامی داهاتوو و هتد، جۆراوجۆری و جیاوازیی زۆر لە نێوانیان داهەیە، ڕێککەوتن و یەکدەنگی لە نیو ئەو هەمووە جۆراوجۆرییە، کاریکی بە زەحمەتە.

**دووهەم:** ڕووبەڕووبوونی بەردەوام لە گەل سەرکوت و لە نیوبردنی فیزیکی، لە بیرمان بێت کە کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژەوەی هاتۆتە سەرکار خەریکی لە نیوبردنی ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لە ڕیگای بەندکردن و ئێعدام و کوشتن بە ئەشکەنجە، بە هۆی تێرۆری فیزیکی و دەمکوت و دەستبەسەرکردنەوە، نەیهێشتوە ئەو کەسایەتییانەی دەشێ ڕۆڵی ڕێبەریکردنی ئۆپۆزیسیۆن ببینن، لە ژیان دا بمێنن.

**سێهەم:** یەکگرتوونەبوون و بێبەشیی ئۆپۆزیسیۆن لە هاوبەندییەکی بنکەفراوان. ئەمە کە خۆی بەرهەمی زالبوونی عەقڵییەتی پاوانخوازی و خۆبەتەوەرزانینە، وای کردوە هەر بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ خۆی بە جیا کار بکا و هیزوتواناکان، لە جیاتی وەسەریەککەوتنەوە، پرژو بڵاو ببن.

**چوارەم:** سەرکوتی توند لە نێوخۆی ولات لە لایەک و سەرقاڵکردنی خەڵک بە گیروگرفتەکانی ژیانەوە(گرانی، بێکاری و نەبوونی)، کە ئەمەش وای کردوە خەلک نەتوانن بەو جۆرەی پێویستە بە پیر بانگەوازی ئۆپۆزیسیۆنەوە بێن.



سەرچاوە
Serchawe

**شەقام**: ئێوە وەک و حیزبی دیموکرات بۆچی چالاکیتان کەمە؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لە هێزە چالاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام لە ڕوانگەی هێندێک کەسەوە، چالاکیی تەنیا چالاکیی چەکدارانەیە! بۆیەش پێیان وایە ئێمە چالاکیمان کەمە. حیزبی ئێمە لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی پێوەندیدار بە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان و پرسی نەتەوەیی لە ئێران، حوزووری هەیە. لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی، لە ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیا لە گەڵ کەسایەتییە پارلمانییەکان، کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لە پێوەندی دایە. ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان حوزوور و چالاکیی هەیە. تێکۆشەرانی حیزب(کادر و پێشمەرگەکان) ناوبەناو لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئامادە دەبن کە دیارە ئەم جۆرە جموجۆڵانەمان لایەنی تەبلیغییان پێنادەین، مەگەر ئەو کاتەی کە حوزوورەکەمان بۆ شاردنەوە نەبێ. دیارە لە بواری کاری ڕاگەیاندن و فێرکردن و پێوەندییەکان ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانیش، هەم لە کوردستان و هەم لە دەرەوەی وڵات، بەردەوام چالاکی و تێکۆشانمان هەیە. بەڵام ڕاست دەکەی هەمووی ئەوانە بە قەرا تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە، لە لایەن میدیاکانەوە بایەخ و گرنگیان پێ نادرێ، بۆیە وا هەست دەکرێ کە چالاکیمان کەمە.

**شەقام**: پاش چەندین ساڵ خەبات لەلایەن حیزبی دیموکرات ئێستا دەبینین زیاتر باس لە چالاکبوونی پژاک دەکرێت بۆچی؟

**قادر وریا**: وەک وتم جۆری چالاکی و هەڵوێستگرتن و سیاسەتکردن، دەتوانێ لە سەر ڕاکێشانی سەرنجەکان، کاریگەریی هەبێت. چالاکبوونی پەژاک لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەی پارتی کریکارانی کوردستان خەباتی تێدا دەکا، و جۆری پێوەندی و هەڵسوکەوتی پ.کا.کا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و دەرەتانێک کە بۆ جێگیربوونی هێزەکانی لە سنوورەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کورد ستان هەیە، دەبێ ببینین. لە بارەی پەژاکیشەوە، ئەو قسەیە ڕاستە کە ئەو کاتانەی تووشی تێکهەڵچوون لە گەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دێت، چالاکییەکانی دەنگدانەوەی زیاتریان هەیە. واتە لە پێوەندی لە گەڵ پەژاکیشدا،چالاکی، ئەگەر ناچەکداری بێت، بە داخەوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت.

**شەقام**: لە ئێستادا کێشەی ناوخۆیی لە ئێران زیاتر بووە، سەرەرای ئەوەی کێشەی دەرەکییش ڕوو لەزیادبوونە. بۆچی ئێوە لەگەڵ حیزبەکانی تر هەوڵ نادەن ئەو کێشانە بقۆزنەوە بەمەبەستی دەستپێکردنی ڕاپەڕین، ئەگەڕاپەرینیش نەبێت بتوانن فشارێک دروست بکەن بتوانن دەسکەوتێک هەبێت وەک ئەوەی لە تورکیا بەدیدەکرێت.

**قادر وریا**: وەرێخستنی ڕاپەڕین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی، جگە لەوەی کارێکی زۆر سەختە، زۆریش هەڵەیە. زۆر سەختە چونکە لە گەڵ ئەوەی حەشیمەتی کورد لە ئێران زۆر زیاترە لە حەشیمەتی کورد لە عێراق، بەڵام

کورد لە ئێران نەتەوەی دووهەم و تەنانەت سێهەمیش نییە. واتە ئەگەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕاپەڕێ، ئەو قورساییەی نابێ کە کورد لە عێراق و لە تورکیا لە سەر دەوڵەتی ناوەندی هەیانە. چونکە کورد لەو دوو وڵاتە نەتەوەی دووهەمە. لە لایەکی دیکەوە، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کوردی ڕۆژهەلات بۆ ڕیژیمی ئێران، کارێکی هاسانە، ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی ئێران و بە تایبەتی لە تاران، کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ڕاپەڕین و بەرخۆدانی خەڵک بەرەوروو نەبێ. بۆ ئەوەی هەلومەرجی ڕاپەڕینی خەڵک پێک بێت هۆکاری جۆراوجۆر پێویستن کە هەستکردن بە لاوازبوونی دەسەلاتی کۆنترۆلکردن لە لایەن دەوڵەتەوە، یەکێکیانە. لە ئێران ڕاستە کێشە و ململانێ لە نیوان تاقم و باڵە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات دا هەیە، بەڵام ئەم ململانێیە نەبوون بە هۆی ئەوەی دەسەلاتی سەرکوتکردنی ڕێژیمەکە تووشی لاوازی و کێشەیەکی گەورە بێتەوە.

دیارە ئەگەر ئەو هەوڵانەی بۆ پێکهاتنی جۆرێک یەکگرتوویی و هاوهەنگاوی لە نیوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات لە گۆڕێ دان بگەنە ئاکام، ئەو کات دەکرێ قەیرانە نیوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و تەقینەوەی نارە زایەتییە جەماوەرییەکان، بقۆزرێنەوە بۆ ناچارکردنی کۆماری ئیسلامی بە پاشەکشە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە جارێ نە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو یەکگرتنە بەدی دەکرێ و نە کۆماری ئیسلامییش، دەولەتی تورکیایە کە لە گەڵ نارازییانی خۆی، بە نەرمی بجووڵێتەوە.

**شەقام**: ڕەخنەی ئەوە دەگیرێ کە بەرپرسەکان لە ژیانێکی خۆشدان لەبەرانبەردا ئەو بنەماڵانەی کە پێشمەرگەیان لە ناو حیزبی دیموکراتە و بەهۆی ترسەوە ئێرانیان جێ هێشتوە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێن بەڵام لە ژیانیکی ناهەموار دان. بۆ ئەمە دەڵێیت چی؟

**قادر وریا**: باشبوونی ژیان و بەرێچوون لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوە نەبەستراوەتەوە کە بەرپرس بی یان نا. دەکرێ کەسێک بەرپرس نەبێت، بەڵام ژیان و بەرێچوونی باش بێت. هەشمانە بەرپرسە و پۆستێکی بەرزی حیزبیی هەیە، بەلام باری ژیان و بەرێچوونی باش نییە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ هەموو بنەمالەکانی خۆی(دیارە بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە کە تەواوکات لە خزمەت حیزب دان)، کۆمەڵێک پێداویستی و ئیمکاناتی دابین کردوە. ئەوەندە ئیمکاناتە، ئەگەر چی لە ئاست توانای دارایی حیزب، کەم نییە بەڵام بە بەراوەرد لە گەڵ ئاستی ژیان لە هەرێمی کوردستان، زۆر کەمە. لێرەش دا گرنگ نییە کە بنەماڵەکە هی بەرپرسێکە یا هی پێشمەرگەیەکی سادە. ئەو یارمەتی و ئیمکاناتەی بۆ نیشتەجێبوون، خویندن، دوکتور و دەرمان، ئاو و ڕووناکی، هاتوچۆ و هتد دیاریی کردوە، بۆ کادر و پێشمەرگە و ڕێبەری یا وەک یەکە،یا جیاوازییەکی زۆر کەمی تێدایە. یارمەتیی تێکۆشەرانی حیزبییش، لە گەڵ ئەوەی بە بەراوەرد لە گەڵ حوقووق(معاش)ێک کە لە هەرێمی

کوردستان مووچەخۆران هەیانە بۆ بەراورد نابێ، بەڵام بە پێی هێندێک بنەمای مەنتیقی دیاری کراوە. وەک رابردووی تێکۆشان، زۆر و کەمیی ئەندامانی بنەماڵە، پلە و پایەی تەشکیلاتی، کاری قورس وخۆ ماندووکردنی زیاتر لە رادەی دیاریکراو وهتد. دەتوانم بڵێم حیزبی ئێمە هەوڵی جۆراوجۆری داوە بۆ ئەوەی باری ژیان و گوزەرانی تێکۆشەرانی خۆی باشتر بکا، بەڵام بە داخەوە ئەوەی بۆ کراوە زۆر لەوە کەمترە کە ئارەزووی دەکەین.

بە تازەیی حیزبی ئێمە لە وڵامێکی کۆمەڵێک قسە و دەنگۆی لەم بابەتە کە لە حەوتوونامەی "ئاوێنە"دا بڵاوبۆوە، وڵامدانەوەیەکی هەبوو. پێم خۆشە هەر کەس لەو بارەوە پرسیار و گومانی هەیە روونکردنەوەکە بخوێنێتەوە. دەمەوێ وەک کەسێک کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەم حیزبە دام و ئاگام لە ئێستا و رابردووەکەی هەیە، ئەم قسەیە کە لە روونکردنەوەکەش داهاتوە، بە مەسئولیەتەوە دووپات بکەمەوە:

"بە دڵنیاییەوە و ئەگەر رۆژێک پێویست بکا بە بەڵگەوە دەڵێین پێڕاگەیشتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تێکۆشەرانی خۆی و بنەماڵەکانیان لەچەند ساڵی رابردوودا، بە سەرنجدان بە ئیمکاناتی مەوجوود و بە بەراوەرد لە گەڵ هەموو سەردەمەکانی پێشوو، لە هەموو کات دادپەروەرانەتر و ئینسانیتربووە."

**شەقام: بەشێکی زۆری گەنجەکانتان رویان لەدەرەوەی وڵات کردوە،ئەمە مانای بێ ئومێد بوون نیە لە حیزبەکان؟**

**قادر وریا**: حیزبەکان ئەگەر لەوبارەوە رەخنەیەکیان لە سەر بێت ئەوەیە کە نەیانتوانیوە بیروباوەڕێکی ئەوتۆ لە لاوەکان دا دروست بکەن کە خۆشییەکانی خۆیان و بەرژەوەندی شەخسیی خۆیان نەخەنە سەرووی بەرژەوەندەی بزووتنەوە و نەتەوەکەیان. ئەوە کە بەشێک لە لاوەکان لە جیاتی رووکردن لە حیزبەکان و مانەوە لە نێو حیزبەکان دا روو دەکەنە هەندەران، چەند هۆی هەیە.

**هۆی یەکەم:** ئەوەیە ژیان لە ولاتانی رۆژاوا، خۆشترە لە ژیان لە نێو بنکە وبارەگا و کەمپەکانی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان و وا بیر دەکەنەوە لە دەرەوەی وڵات دەتوانن داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان دروست بکەن.ناشیانهەوێ بەرژەوەندی تاکەکەسیی خۆیان بە فیدای بەرژەوەندێکی گەورەتر بکەن.

**هۆی دووهەم؛** یا لانیکەم پاساوی دووهەمی هێندێک لە لاوەکان ئەوەیە، کە خەبات، هەر خەباتە. ئێستا کە کار لە نێو تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و کاری میدیایی، بەشێکی سەرەکی لە کاری تێکۆشەرانی حیزبەکان پێک دێنێ، ئەو خەباتە لە دەرەوەی وڵاتیش را دەکرێ و باشتریش دەکرێ! دیارە من پاساو بۆ کەموکووڕیی نیو حیزبەکان و ئەو نەخۆشی و دیاردانە ناهێنمەوە کە خۆشەویستی و بایەخی حیزبایەتیان خەوشدار کردوە. بەڵام ناشمهەوێ هەموو وەبالەکە بدەمە پاڵ حیزبەکان. تاکی ئەمڕۆ و نەوەی ئەمڕۆ، لە گەڵ نەوەی حەفتاکان و هەشتاکان، جیاوازیی زۆری هەیە. لە پێشوو دا تاک،



سەرچاوە
Serchawe

هەموو شتی خۆی بە قوربانی بیروباوەڕەکەی و بەژەوەندی گشتی، بۆ وێنە حیزبەکەی، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی و هتد دەکرد و هەموو داوا و چاوەروانیی خۆی بۆ داهاتوویەکی دوور کە خەباتەکە سەردەکەوت، هەڵ دەگرت، بەڵام تاکی ئەمڕۆ، ماف و چاوەروانییەکانی بۆ داهاتوو هەڵناگرێ و بە نەغدی و دەم و دەست دەیهەوێ.

کردنی ئەم قسانە بۆیە بە پیویست دەزانم تا حەقی خۆیم دابی بە کەسانێک لە نێو حیزبەکەی خۆم و لە نێوهەموو حیزبە تیکۆشەرەکان دا،

کە لە قۆناغە سەختەکانیش دا مەیدانیان چۆل نەکردوە و پشتیان لەو ئەرکانە نەکردوە کە خەبات و بزووتنەوە خستوویەتە سەرشانیان. هەر لە هەریمی کوردستان ئەگەر هەموو تیکۆشەران لە کاتی تەنگانە دا مەیدانیان چۆل کردبا، و بە بیانووی جۆراوجۆر روویان کردبا ئورووپا،چۆن دەیانتوانی لە دوای شەڕی کەنداو، وەزعەکە بقۆزنەوە و ڕێبەرایەتیی راپەڕین بکەن؟

**شەقام**: پێشتر کادیرتان لە باشوری کوردستان رووبەرووی تیرۆر دەبوونەوە. ئێستا ئەم مەترسیانە ماون؟ چەند کادیرتان لە هەرێم تیرۆر کراوە؟

**قادر وریا**: بە داخەوە لە دەیەی ٩٠ دا، ژمارەیەکی زۆر نەک هەر لە کادیران و پێشمەرگەکانی حیزبی ئیمە و حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە کەسانێکیش کە وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنابوو و لە هەرێمی کوردستان گیرسابوونەوە، بەرەوڕووی تیرۆر و رفێنران و تەحویلدرانەوە بە ڕێژیمی ئێران بوونەوە. لەم ساتە دا ئامارەکەیم لە بیر نییە، بەلام دەتوانم بلێم بە سەدان کەس، گیانیان لێ ئەستیندرا، یا بریندار و نەقوستان کران. بە خۆشییەوە لە مێژە رووداوی ئاوا تاڵ روویان نەداوەتەوە کە هۆیەکی سەرەکیی ئەو راستییە دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی شەڕی نیوخۆیی و براکوژی لە هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی هێمنی و بەرەوپێشچوونی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە، چونکە لە نەتیجەی بارودۆخی خراپی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان دابوو کە دەوڵەتانی دەوروبەر و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی، بواری دەستیوەردان لە کاروباری ئێرە و وەڕێخستنی رایەڵکەی تیرۆر و گوشار هێنان بۆ سەر حیزبەکانی هەرێمیان بۆ پێک هاتبوو و دەیانتوانی بە هاسانی زەبر لە نەیاران و ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان بوەشێنن.

**شەقام**: بۆچونی ئێوە سەبارەت بە دیارنەمانی رۆژنامەنوس مەولود ئافەند چیە؟

**قادر وریا**: لە گەڵ ئەوەی بە داخەوە هیچ لایەنێکی رەسمی تا ئێستا هیچ زانیارییەکی لە بارەی چۆنیەتیی بێسەروشوێنبوونی ئەو رۆژنامەنووسە رانەگەیاندوە و کۆماری ئیسلامییش کە دەگوترێ ئافەندی رفاندوە وئیستا لە

بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمە دایە، هیچی لەو بارەوە نەدرکاندوە، بەڵام بێسەروشوێنبوونی هەر مرۆڤێک، بە تایبەتی ئەگەر پەنابەر بێت و کاری سیاسی بکا، دژی هەموو پێوانە و ڕێوشوێنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤە و مایەی داخ و پەرۆشییە. ئارەزوو دەکەم ڕاستییەکان لە بارەی بێسەروشوینبوونی مەولوود ئافەند ئاشکرا ببن. هەر وەها کار کردن لە پێناوی پارێزرانی گیانی ئەو بیسەروشوێنکراوە و ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکان، بە ئەرکیکی ئینسانی و ئەخلاقی و پیرۆز دەزانم.

**شەقام**: ئێران لە ڕێگای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم گوشار بۆ ئێوە ناهێنێت؟

**قادر وریا**: ئێمە هەستمان بە گوشاری ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خۆمان لە ڕێگای حیزبە دەسەلاتدارەکانەوە نەکردوە. حکوومەتی هەرێمیش وەک هەموو حکوومەتەکانی دیکە بەرامبەر بە ولاتانی دراوسێی خۆی هێندێک ئەرکی هەیە کە ئیمە ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانە دەرک دەکەین. هەر لەو کاتە دا ئەم حکوومەتە وحیزبەکانی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی نەتەوەیی، بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەرکیان لە سەر شانە. هەم ئێمە حیزب و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم حکوومەتی هەرێم و حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستان، لە نیوان ئەرکەکانمان و چاوەروانییەکانمان بەرامبەر یەکتر دەبێ باڵانس رابگرین. ئەوە دەتوانێ بەرپەرچدەرەوەی ئەو جۆرە گوشارانە بێت کە بۆ وینە لەلایەن ڕێژیمێکی وەک ئێران دەخریتە سەر هەرێمی کوردستان.

**شەقام**: کادیرانی حیزبی دیموکرات پارێزگای هەولێر یاخود سلێمانی بە ئارامتر دەزانن؟

**قادر وریا**: ئیستا، مەبەستم لە دوای ٢٠٠٠ەوە هەموو هەرێمی کوردستان بە نیسبەت تیکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هێمنی و ئاسایشی تێدا هەیە. لە هەر دوو شار و پارێزگەی هەولێر و سلێمانی، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی ئێمە و لایەنەکانی دیکەش هەن و بە خۆشییەوە بەرەوڕووی ئەو ڕووداوانە نەبوونەوە کە لە نەوەدەکان دا، هەرەشە بوون بۆ سەرگیانی کوردانی ئاوارەی ڕۆژهەڵات. ئەو کاتەی لێرە نائەمنی هەبوو و دامودەزگاکانی تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی، لە هەرێمی کوردستان، کەوتبوونە ڕاوی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات، سلێمانی بایە یا هەولێر، هەلەبجە بایە یا دیانا، باسرمە وجیژنیکان بایە یا بازیان و تانجەرۆ، فەرقیان پێ نەدەکرد. ئێستاش کە ئەمنییەت هەیە، بە خۆشییەوە لە هەمووی هەرێم هەیە. بەو حاڵەش، بە باوەڕی خۆم نە تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات و نە دام و دەزگا پیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم، هیچ کات نابێ وا بیر بکەنەوە کە دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەگەر بۆیان هەڵ بکەوێ، ئەم جۆرە کردەوانە لە هەریم دووپات ناکەنەوە.

**شەقام**: خوێندنەوەتان بۆ ڕەوشی سیاسی باکوری کوردستان ڕوژئاوای کوردستان چۆنە؟

**قادر وریا**: هەم باکووری کوردستان و هەم خۆراوای کوردستان لەم ١ - ٢ ساڵەی دواییدا بەرەورووی گۆڕانی سیاسیی گرنگ بوونەتەوە. لە باکووری کوردستان دەوڵەت و حیزبی دەسەلاتدار، هەنگاوی ئازایانەیان ناوە بۆ ئەوەی بە عەقڵیەتێکی نوێوە بەرەوڕووی پرسی کورد ببنەوە و کەوتوونە وتوویژ و دیالۆگ ر گەڵ ڕێبەران و نوێنەرانی سیاسیی ئەو پرسە. من بۆ خۆم لە نەورۆزی ئەمساڵ دا لە چوارچێوەی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بەشداری متینگی نەورۆزی ئامەد بووم و لە چەند دانیشتن و دیداری تایبەت دا، لە گەڵ هاوسەرۆکەکانی پارتی ئاشتی و دێمۆکراسی و کۆنگرەی جەڤاکێن دیموکراتیک وسەرۆکی شارەدارییەکانی ئامەد دا، ڕەوشی ئەمرۆی پرسی کورد و دووره دیمەنی ئاشتی و چارەسەری کێشەی لە مێژینەی دەولەتی تورک لە گەڵ نەتەوەی کوردمان باس کرد. دیارە هەم لەمەیداندابوون و کۆڵنەدان و خەباتی ڕۆژبەرۆژجەماوەریتر و مەدەنیانەی خەلکی باکووری کورستان، رۆڵی خۆی هەیە لە دروستبوونی ئەم وەزعە نوێیە دا کە هاتۆتە ئاوراوە، هەم سەرهەڵدان و جێگیربوونی عەقڵییەتێکی نوێ لە نێو دەوڵەت و پارلمان و هتد لە ڕووبەروو بوونەوە لە گەڵ پرسی کورد. بۆ خۆم پێم وایە ئەو رەوتە گەرانەوەی بۆ نییە، بەڵام چوونە پێشەکەی، گرفت و هەوراز و نشێوی دەبێ و دەبێ هەر دوولا لە بردنە پێشی دا، پشوویان لە سەرەخۆ بێت.

لە بارەی خۆراوای کوردستانیش، جێگای خۆشحاڵییە کە لە ئاکامی لاوازیی دەوڵەتی ناوەندی و پاشەکشەی دام و دەزگا حکوومەتییەکان، ئەو بەشەی کوردستان، پاش دەیان ساڵ و لە راستیدا بۆ یەکەم جار،خەریکی تاقیکردنەوەی ئازادی و خۆبەڕیوەبردنە. دڵنیام نە ڕێژیمی بەشار ئەسەد و نە هیچ رێژیمێکی دواتر، بۆیان ناکرێ کورد لەو ولاتە بۆ دواوە بگەڕێننەوە. دیارە وەزع لە سووریە بە گشیتی و بە تایبەتی لە خۆراوای کوردستان، گۆڕانی زیاتری بە سەر دا دێت، بەڵام پێم وا نییە گۆڕانەکانی داهاتوو لە زەرەری کورد بن، ئەگەر لایەنە کوردییەکان لەو ولاتە یەکگرتوو بن و بەوریاییەوە هەلسوکەوت لە گەڵ ئالوگۆرەکان بکەن.

**شەقام**: ئێران ئەم ڕۆژانە خەریکە یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە دەبات. خوێندنەوەتان بۆ ئەم هەڵبژاردنە چییە؟ جیاوازیی دەبێت لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشتر؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە هەوڵی دا کەشوهەوای هەڵبژاردن بە قازانجی هێنانە گۆڕی پرسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی بقۆزێتەوە و بەم بە ئامانجەوە کاری سیاسیی لە سەر ڕەوتەکە کرد. هەوڵدان لەم پێناوەدا لەگەڵ پێشوازیی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی دڵسۆز لە نێوخۆی ولات بەرەوڕوو بوو. هەستیاربوونی خەڵکی کوردستان لە ئاست پرسی نەتەوەیی خۆیان و روانینیان لەم روانگەیەوە بۆ هەڵبژاردن و کاندیداکانی سەرکۆماری، بوو بە هۆی ئەوە هێندێک لە کاندیداکانی ئەم دەورەیەش، بە هەر مەبەستێک بووکەمتاکورت باس لە پرسی نەتەوە بندەستەکان و هەلاواردن وپشتگوێخرانیان لە ئێراندا بکەن. بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوەندە ئاوڕدانەوەیەی کاندیداکانی سەرکۆماری لە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی، زۆر بە بچووک و ناتەواو زانی. لە لایەکی دیکەشەوە

چونکە هیچ گەرەنتی و شانسێکمان بۆ پارێزرانی دەنگی خەڵک نەدەدیت و هیچ دوور نیە  هەر وا کە جاری پێشوو ڕێبەری نیزام و سوپای پاسداران، سەرەڕای حوزووری دەیان میلیۆنیی دەنگدەران و وەرێکەوتنی بزووتنەوەیەکی گەورەی ریفۆرمخوازی، توانیان کەسی دەستنیشانکراوی خۆیان لە سندووقەکان بێننە دەر، ئەمجاریش ئەگەر پێویست بێ، هەمان سناریۆ دووپات نەکەنەوە. بە سەرنجدان بە هەمووی ئەو راستییانە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵی بایکۆت کردوە. دیارە هەموو هەوڵی خامەنەیی و سوپای پاسداران ئەوەیە لە ڕێگای ئەم هەڵبژاردنەوە دەسەڵات لە ئێران دا  یەکدەستتر بکەن، و ولات لە ئاستی نیوخۆیی و لە ئاستی دەرەوەدا بەو جۆرە بەڕیوە ببەن کە خامنەیی و توندڕەوەکان دەیانەوێ.جا ئایا ریفۆرمخوازەکان دەتوانن لەم هەڵبژاردنەدا، پێش بەو نیازەی خامەنەیی و سوپای پاسداران بگرن؟ من بە دووری دەزانم چونکە نەکاندیدایەکی ئەوتۆیان لە مەیدانەکە دا ماوەتەوە، نە پرۆسەی دەنگوەرگرتن و خوێندنەوەی دەنگەکان، جیگای متمانەیە.

**پرۆفایل:**

**قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان،**
**لە ١٩٧٩ەوە لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا خەریکی تیکۆشانە،**
**ماستەری هەیە لە زمانی کوردیدا و مامۆستای یاریدەدەرە لە زانکۆ.**

**رێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٣**

## قادر وریا: دەنگدەری کورد دەبێ بە جۆرێک دەنگ بدا کە رێژیمی ئێران بزانی کورد چی دەوێ و لە چی نارازییە

**دیمانە: فەرەیدون بێوار**

**قادر وریا:** ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باس لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆمار و مەجلیسی ئیران دەکات. دەشڵێت دەنگدەری کورد دەبی بە جۆریک دەنگ بدات یا هەڵویست بگرێ کە رێژیمەکە و خەڵکی جیهان بزانن کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست لە ئێران دا چی دەوێ و لە چی نارازییە.

گۆڤاری پرس، ژمارە ١٧٧ ٣٠ - ٤ - ٢٠١٣

**پرسیار:** ئێوە چۆن دەڕواننە خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئەمجارە و جیاوازی لەچی دایە؟

**قادر وریا:** هەڵبژاردنەکانی ئێران بە تایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و هەڵبژاردنی مەجلیس زۆر جار دەبنە رووداوێکی گرینگ لە ئێراندا. ئەم گرینگییە لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە گویا هاتنی سەرۆک کۆمارێکی دیکە ، یان مەجلیسێکی دیکە، دەتوانی ببێتە سەرچاوەی گۆڕانی بنەرەتی لە ئێراندا. چونکە سیستمی دەسەڵاتداریتی لە ئێران جۆرێکە کە کاندیداکانی مەجلیس و کاندیداکانی سەرۆک کۆماری لە گەڵ پالاوتنێکی جیددی بەرەوروون و رێگە نادرێ کەسانێک لە دەرەوەی ئەو رێژیمە بێنە مەیدانی ململانێ. سەرەرای ئەو پالاوتنە سیاسییەش، ئەگەر مەجلیسێک یان سەرۆک کۆمارێک ، بە پێچەوانەی مەیلی ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات و بریاردان لە ئێران، دەنگ بێننەوە، دیسان ناتوانن کاری زۆر گەورە بکەن و دەسەلات و ناوەندی لەوان بەرزتر هەن کە ئەگەر بە پێچەوانەی ویست و مەیل و بریاری ئەوان بجوولێنەوە، کێشەی گەورەیان بۆ دروست دەبێ.

کەوایە گرینگیی ئەم هەڵبژاردنانە لە شتێکی دیکەدان، لە توندتر بوون و کەڵەکەبوونی ململانەی نێوان باڵە جیاوازەکان، لە یەکتر لە قاودانەکانیان و لە سوود وەرگرتنی خەڵک لەو کەلێنانەی کە لە نێوان تاقمەکانی دەسەڵات دا دروست دەبن. لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا هەر لە ئێستاوە دیارە ململانێییکی جیددی لە نێوان تاقمەکانی دەسەڵاتدا دێتە پێش کە رێژیم بەرەورووی قەیرانێکی نێوخۆیی دەکاتەوە. ئەمە دەتوانی جیاوازیی هەرە دیاری ئەم هەڵبژاردنە بێت.

**پرسیار:** ئایا ئێوە وەک حیزبەکانی رۆژهەڵاتی رێک و کۆکن لە سەر دەنگدان یان بایکوتکردنی رۆژی دەنگدان، بۆچی؟

**قادر وریا**: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دوو بەشن: هێندێکیان هەڵوێستێکی نەگۆڕیان هەیە و چونکە پێیان وایە ڕێژیمەکە دیکتاتۆرییە و هاتنی ئەم یان ئەو سەرۆک کۆمار یا مەجلیس، شتێکی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە ناگۆڕێ، بۆیە ئەم جۆرە هەڵبژاردنانەش تەحریم دەکەن. هێندێک حیزب و لایەنیش هەن کە هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتیک دەبینن کە بۆ هاندانی جۆریک لە خەبات و ململانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە چوارچیوەی ئەو هەڵو مەرج و فەزایەی لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا پێک دێت. بۆ وێنە لەهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی پێشوو دا، حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لە جیاتی تەحریمی هەڵبژاردن، بچن دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە بایەخ بە پرسی نەتەوەیی دەدەن و کەمتر جێگای پشتیوانیی ڕێژیمن. واتە بەم ڕێگایەدا، «نا» بەو نیزامە بڵێن و تەئسیر لە سەر ململانییەکان بە قازانجی خەڵک دابنێن. لەو باوەڕەش دانیم هەر سەرکۆمارێک بیتە سەرکار، بتوانێ ئالوگۆڕی گەورە بکا و لەدەرەوەی ئیرادەی خامنەیی، بتوانێ هەنگاوی بنەڕەتی بنێ،مەگەر جووڵانەوەیەکی گەورە لە هەناوی کۆمەڵ دا لە پشتییەوە بێت.

لە بارەی هەڵبژاردنی ئەم جارەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هێشتا بەرەسمی هەڵوێستی خۆیان ڕانەگەیاندوە، پێشم وایە جاری کات هەیە هێشتا کاندیداکان بە تەواوی ساغ نەبوونەتەوە و بەرنامەی خۆیان ڕانەگەیاندوە.

**قادر وریا**: خولی پێشوو ئێوە وەک حزب، هانی خەڵکتان دا کەدەنگ بە ریفۆرمخوازەکان بدەن، بەپێچەوانەی حزبە کوردییەکانی ترەوە کە بایکۆتیان کرد، بەڵام دیتمان ریفۆرمخوازەکانیش شتێکیان بۆ کورد پێنەبوو، بۆیە لەو ڕوانگەوە ڕەخنە لەئێوە گیرا، ڕات لەوبارەوە چییە؟، ئایا هەڵوێستی ئەمجارەتان چي دەبێت؟

**قادر وریا**: دیارە بەرنامەی کاندیدا ریفۆرمخوازەکان لە هەڵبژاردنی پێشوو دا، بە تایبەتی هی مەهدیی کەڕووبی، لە بارەی پرسی نەتەوەکانی ئێران، شتیان تێدابوو. ئێمە بە بەراوەرد لە گەڵ بەرنامەی هەڵبژاردنی زۆربەی نزیک بە تەواوی کاندیداکانی هەموو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری(بێجگە لەدەورەی یەکەم) و بە سەرنجدان بە ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمە، دەبێ ئەو ڕاستییە ببینین. ئەگەر چی ئەوەی لە بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەوان دا هاتبوو، چ لەدەربڕین و چ لە نیوەرۆک دا، زۆر کەم و ناتەواو بوو. بەڵام بۆ یەکەمجار باسی کۆمەڵێک مافی پشتگوێخراوی نەتەوەکانی ئێران کرابوو کە پێویستە دابین بکرێن. ئەگەر ڕەخنەش لە هەڵوێستی ئێمە گیرابێت، لەبەر ئەوە بووە کە هەڵبژاردنمان تەحریم نەکرد. بەڵام بینیمان خەڵک پێشوازییان لە هەڵوێستی تەحریم نەکرد و هاتنە نێوململانێی هەڵبژاردن ودەنگیان دا بەو کاندیدایانە کە ڕێبەری نیزام و سوپا لە گەڵیان نەبوون. بۆیە کاتێک دەنگەکانیان دزرا و ئەحمەدینەژاد وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، ئەو نارەزایەتییە میلیۆنییە بێوێنەیە پێک هات.

بەڵام وەک لە ولامی پرسیاری پێشتر دا وتم، لە سەر هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە، هێشتا هەلوێستمان نەگرتوە و چاوەڕوانی پتر ڕوونبوونەوەی وەزعەکەین.

**پرسیار**: ڕۆڵی دەنگدەری کورد لەم هەڵبژاردنەدا چۆن دەبینی؟

**قادر وریا**: دەنگدەری کورد دەبێ بە جۆرێک دەنگ بدا یا هەڵوێست بگرێ کە ڕێژیمەکە و خەڵکی جیهان بزانن کورد و وەک نەتەوەیەکی بندەست لە ئێران دا، چی دەوێ و لە چی نارازییە. ئەمەش بەستراوەتەوە بە سروشتی ملبەملەکان و کەشوهەوای ئەم دەورەیە لە هەڵبژاردن. بۆ وێنە ئەگەر کاندیدایەکی خۆشناو و لە خەڵک نزیک هەبوو و بەرنامەکانیشی بەشیک لە داخوازەکانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیان تیدابوو، دەکرێ بە پشتیوانی لەو کاندیدایە، کورد هەڵویستی خۆی نیشان بدا. ئەگەر کاندیدا و بەرنامەکانیشیان، هیچیان بۆ کورد تیدا نەبوو، دەکرێ بە تەحریمێکی گشتی و یەکگرتووانە، هەڵوێستی دەنگدەری کورد، پێشان بدرێ. دیارە لە هەر حاڵ دا، ئێستا زووە بۆ هەڵویستگرتن و دەبێ بزانین ڕەوتی ڕووداوەکانی پیوەندیدار بە هەڵبژاردن و بە گشتی پرۆسەکە، بەرەو کوێ دەڕوا.

**پرسیار**: پێتوایە بە گۆڕینی کەسەکان گۆڕانکاري لە ئێران دێتەئاراوە، بەتایبەت سەبارەت بە پرسی کورد، ئایا هیچیان پرسی کورد بەشێکە لەکارنامەیان، بەواتایەکی تر دەرچوونی ریفۆرمخواز یان پارێزخوازەکان بۆ کورد هیچ تۆفیری هەیەو کاریگەري دەبێ لەسەر سیستمی سیاسي ئێران؟

**قادر وریا**: دەسەڵاتی سەرکۆمار لە ئێران دا سنووردارە و ناوەندی دیکە هەن کە ئەگەر سەرکۆمار بشیهەوێ کارێکی گەورە بکا،دەتوانن ببن بە کۆسپ و نەهێڵن پێ لەبەرەی خۆی زیاتر رابکێشێ. بەو حالەش ئەگەر سەرکۆمار، کەسێکی بوێر بێت و کێشە و گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەکەی بناسێ و بۆ وێنە بیهەوێ خۆی لە قەرەی چارەسەرکردنی پرسێکی گرنگ وەک بێمافیی نەتەوەکانی ئێران بدا، ئەگەر دەسەڵاتیش لە گەڵی دا نەبێت، خەڵک لە پشتییەوە دەبن. بە بڕوای من لەو دەورەیە دا زەحمەتە رێگە بدەن کاندیدایەکی بەهیز کە لا لە پرسی کورد و نەتەوەبندەستەکانی دیکە بکاتەوە (جا ریفۆرمخواز بێت یا لە دەرەوەی ریفۆرمخوازەکان) بێتە نێو ململانێی هەڵبژاردن و پێشتر سەلاحیەتەکەی رەت دەکەنەوە.

**پرسیار**: دوای دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان، پێشبینی چی لەئێران دەکەی، پێتوایە دیسانەوە خۆپیشاندانی سەرتاسەري و قەیران ئێران دەگرێتەوە؟

**قادر وریا**: جارێ بۆ پێشبینی کردنی کاردانەوەی خەڵک بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە زووە. ئەگەر ململانێی هەڵبژاردن توند بێت و خەڵک کاندیدای دڵخوازی خۆیان لە نێوکاندیداکان دا بەدی بکەن و بە باشی بەشداربن لە دەنگداندا، دیسان ئەگەری ئەوە هەیە دەنگەکانی خەڵک بدزرێ و کەسێکی سەر بە خامنەیی و سوپای پاسداران وەک براوە رابگەیەننەوە کە بە دڵنیاییەوە، ئەوە نارەزایەتیی گەورەی لیدەکەویتەوە.بەڵام ئەگەر ململانێییەکە تەنیا لە نێو باڵە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو ریژیمە دابێت، بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا گەرموگور نابێت و هەر کاندیدایەکیش سەر بکەوێ یا وەک سەرکەوتوو بیناسێنن، کاردانەوەی ئەوتۆی خەڵکی بە دواوە نابێت.

**پرسیار**: لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گوند و قەزا و ناحییە و شارەکانیش ئەنجام دەرێ، ئەرک و دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنانە چییە و گرنگییەکەی لە چیدایە؟

**قادر وریا**: دیارە هەڵبژاردنی شوورا یا ئەنجومەنەکانی شارودێ هەر لە سەرەتای دامەزرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەستووری ئێراندا هەبووە بەلام هەتا نیوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، پشتگوێ خرابوو. ئەو ئەنجومەنانە، ئەرک و دەسەلاتیان بەرتەسکە و زۆرتر لە رادەی دیاریکردنی شارەدار و دێهدار(بەڕێوەبەری دێ) دایە. لە بواری چۆنیەتیی جێبەجێکرانی پرۆژە و بەرنامەکانی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوەی شار و گوندی خۆیان و هەروەها لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شارو گوندەکانیان،دەتوانن پێشنیار و بڕیاریان هەبێت.

**گرنگیی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانە لە چەند شت دایە.**

**یەکەم؛** ئەوە ملبەملە خۆجێی و ناوچەییەکان لە سۆنگەی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەوە، خۆیان دەردەخەن و رەقابەت و ململانێی جۆراوجۆر دروست دەبن. دیارە هەم رێژیم هەوڵ دەدا بە پێی بەرژەوەندی خۆی، ئەو ململانێیانە ئاراستە بکا، هەم خەڵکیش تێدەکۆشن هێزی خۆیان نیشان بدەن و کەسانی دلخوازی خۆیان سەر بخەن.
**دووهەم؛** لە گەل ئەوەی ئەرک و سەلاحیەتی ئەنجومەنەکان، زۆر کەمە بەڵام لە هەر حاڵ دا ئەگەر ئەو دەرەتانە و ئەو سەنگەرەش، لە دەست مۆرە و بەکرێگیراوانی رێژیم دابێت، خەلک هیچی بۆ نامێنێتەوە و لە سەر هیچ شتێکی پێوەندیدار بە شار وگوندی خۆیان، ناتوانن بڕیار بدەن. بەڵام ئەگەر ئەنجومەنەکان سەربەخەلک بن و خەلک هەڵیانبژێرێت، دەتوانن رێگربن لەوەی دامودەزگاکانی سەربەڕێژیم، هەموو کاروباری شاروگوندەکان بەدڵی خۆیان و بە کەیفی خۆیان، بەڕێوە ببەن.

**پرسیار**: تا چەند کورد دەتوانێ سوود لەو ئەنجومەنانە وەربگرێت، بەتایبەتی لەرووی خزمەتگوزاری و ئاوادانییەوە؟

**قادر وریا**: بەستراوەتەوە بەوە کە خەلکی کوردستان، چەند بە وشیاری و زیرەکییەوە بەرەوڕووی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان دەبنەوە. ئەگەر ململانێی خێڵەکی و لاوەکی لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی دا وەلا بنێن و هەوڵ بدەن کەسانێکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر و خەڵکی، کە رابردووی تێوەگلان لە گەندەڵی و هاودەستی لە گەڵ دامودەزگاسەرکوتکەرەکانی رێژیمیان نییە، هەلبژێرن، دەتوانن ئەم مەیدانە و ئەم سەنگەرە بۆ خۆیان بپارێزن و بۆ باشتر بەڕێوەبردن و بۆ پێشخستنی شاروگوندی خۆیان بە کاری بێنن.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ٧ی مای ٢٠١٣

## قادر وریا: حزبی دیموکرات: ناکرێت خەباتو تێکۆشان لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر پەیوەندیی ئێرانو حکومەتی هەرێم پەکبخرێت

"هەمیشە ئێران توانیویەتی لێرە کاری خۆی بکات، چی ویستوە کردویەتی، بەڵام ئێمە تا کەی تێکۆشانی خۆمان پەکبخەین لەرۆژهەڵاتی کوردستان؟"

کۆتایی مانگی رابردو، شەڕو پێکدادان لەچەند ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوان هێزەکانی سوپای پاسدارانو پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان رویاندا، کە کوژراوو بریندار لەهەردولا لێکەوتەوە، ئەم جموجۆڵو چالاکییانەی (ح.د.ک) هاوکاتە لەگەڵ ئەو شەڕو نائارامییەی ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوردستانو عێراقو سوریای گرتوەتەوەو هاوپەیمانیەکی نێودەوڵەتیی لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعش پێکهێنراوەو کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدەرەوەی هاوپەیمانێتییەکەیە. لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان "قادر وریا" دەڵێت "بەنیازین چالاکییەکانمان لەبواری جۆراوجۆردا بەردەوامبێتو زیاتریشی بکەین".

**ئا: ئاوێنە**

**ئاوێنە**: بۆچی ئەم جموجۆڵانەی ئێوە کەوتوەتە ئەم کاتەوە، کە هەرێمی کوردستانو عێراق بەشەڕی دژ بەداعشەوە سەرقاڵن؟

**قادر وریا**: ئێمە هەمو ساڵێک لەرۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک چالاکییمان هەبوە، ساڵانی رابردوش چالاکییمان هەبوە، جگە لەوەش ناکرێت خەباتو تێکۆشان لەبەشێکی کوردستان بوەستێت لەبەر بەشەکانی دیکە، رۆژهەڵاتی کوردستانیش پێویستی بەخەباتو تێکۆشان هەیە بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆی بخاتەڕو، کەوابو ئەم جموجۆڵانەی ئێمە هیچ پەیوەندیی بەبارودۆخی ئەم ناوچەیەوە نییە.

**ئاوێنە**: بەڵام هاوکاتە لەگەڵ شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش؟

**قادر وریا**: راستییەکەی پرسی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بەئەنقەست پشتگوێخراوە یان لەبەر کۆمەڵێک فاکتەری دیکە خراوەتە پەراوێزەوە، کوردو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت کارو چالاکیی خۆیان پەکنەخەن لەبەر هیچ روداوێک.

**ئاوێنە**: واتە ئێوە دەتانەوێت لەڕێگەی ئەم جموجۆڵانەوە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆتان بسەلمێنن؟

**قادر وریا**: حزبی دیموکراتی کوردستان هەمیشە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی لەدەستی خۆیدایەو هەرگیز نەشیویستوە کە خەباتو تێکۆشان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەستێت، رەنگە لەهەندێک بارودۆخدا جۆرێک لەخەباتی وەلا نابێت، بەڵام دەبێت رۆژهەڵاتی کوردستانو هێزە سیاسیەکانی خەباتو چالاکیی خۆی هەبێت، چونکە لەبەشەکانی تری کوردستان هەمیشە کێشە هەیە، ئێمە ئەگەر لەبەر ئەوان بوەستین، کەواتە دەبێت هەر هیچ نەکەین.

**ئاوێنە**: پێشتر حزبی دیموکراتو هەمو لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەهەرێمدان جۆرێک لەرێککەوتنیان هەبوە لەگەڵ حکومەتی هەرێم کە لێرەوە هێرش نەکەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایا ئەمەی ئێوە دەیکەنو دەیڵێن سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنە نیە؟

**قادر وریا**: نازانم ناوی رێککەوتنی لێبنێین یان نا، بەڵام لەم بەشەدا ئەوە حزبەکانی کوردستان بون کە هەمیشە پابەندبون بەو رێککەوتنانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێم، بەڵام حکومەتی هەرێم کەمتەرخەم بو لەئاست ئەم هێزە سیاسیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر شت هەن نەیکردوە.

**ئاوێنە**: لەو شتانە وەکو؟

**قادر وریا**: هەمیشە ئێران توانیویەتی لێرە کاری خۆی بکات، چی ویستوە کردویەتی، بەڵام ئێمە تا کەی تێکۆشانی خۆمان پەکبخەین لەرۆژهەڵاتی کوردستان؟ بەمەرجێک بەشی زۆری ئەو چالاکییانە هی خەڵکی ناو رۆژهەڵاتی کوردستان خۆیانن، لەسنورەکانیش نەبونو لەقوڵاییدا بون، ئێمە بۆ کاری سیاسیو رێکخستنو تەشکیلاتیی گەڕاوینەتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەوە هێزی ئێرانە کە هێرشی بردوەتە سەرمانو کەمینی بۆ داناوین، ئەگینا چالاکییەکانی ئێمە بەپلەی یەکەم بۆ کاری سیاسیو تەشکیلاتییو داراییو کۆمەکو یارمەتیدانن.

**ئاوێنە**: بڕیارتانداوە خەباتی چەکداریی دەستپێبکەنەوە؟

**قادر وریا**: بڕیارمانداوە چالاکییمان لەوێ هەبێت، مەرج نییە هەر خەباتی چەکداریی بێت، بەڵام وەختێ کە ئەندامو کادێری ئێمە لەوێ چالاکیی دەکەنو جاشو پاسدار کەمینیان بۆ دادەنێن ئەوانیش بەرگریی لەخۆیان دەکەن.

**ئاوێنە**: ئایا تەنها هێزی ئێوەیە لەرۆژهەڵات کوردستان چالاکیی دەکات یان هێزەکانی تریش بەهەمانشێوە جموجۆڵیان دەستپێکردوەتەوە؟

**قادر وریا**: من ئاگاداری هێزەکانی تر نیم، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەوانیش بەرەو روی ئەو داواکارییە بونەتەوە لەلایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە دەبێت کارو چالاکیی خۆیان بگوازنەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەندە پشتگوێ نەخرێت ئەو بەشەی کوردستان، بەڵام حزبی دیموکرات هەوادارو لایەنگری زۆری هەنو ئەوانەن کە خەباتو تێکۆشانی بۆ دەکەن.

**ئاوێنە**: ئایا هێزێکی زۆری پێشمەرگەتان گەڕاوەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟

**قادر وریا**: ئەو هێزانە هەر لێرەوە نەگەڕاونەتەوە، زۆربەیان هی ئەوێنو بەیەکەوە لەگەڵ کادێرانی ئێمە خەباتو تێکۆشان دەکەن، ئێستا هێزێک لەرۆژهەلاتی کوردستان بونی خۆی راگەیاندوە بەناوی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هێزە خەڵکی جۆراوجۆری تێدایە، وتویانە ئێمە پشتیوانیی لەحزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین، سیاسەتی حزبی دیموکراتمان قبوڵە، ئێمەش جۆرێک لەهاوکارییمان هەیە لەگەڵیان.

**ئاوێنە**: ئایا پێتان وا نییە ئێران کاردانەوەی بەرامبەر بەم کارانەی ئێوە دەبێتو گوشار بۆ هێزە کوردییەکان بهێنێت تا ئەم جۆرە جموجۆڵانەتان رابگرن؟

**قادر وریا**: نازانم، بەڵام ئێمە جموجۆڵمان هەبێت یان نا، ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ ئەم هێزانەی ئێرە هەیە، بەڵام ئێمە خەڵکی خۆمان کارو تێکۆشان دەکات، ناکرێت خەڵکێکو بەشێک لەکوردستان تاهەتایە دەست لەسەر دەست دابنێت لەبەرئەوەی ئێران پەیوەندیی بێرەوەیە، باشە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانو هێزەکانی نابێت لەوێ چالاکیی بکەن؟ ئێمە بەڕێگەی ئاشتییانەو هەڵبژاردنو خۆپیشاندانو هاتنە سەرشەقامەوە نەتوانین کارو چالاکیی بکەین بۆ گەیشتن بەمافەکانمانو رێگەمان پێنەدرێت، ئێ باشە خەڵکێک کە هاتنە سەری نابێت داکۆکیی لەخۆی بکات؟

**ئاوێنە**: دەوترێت کە ئێوە لەقەیرانی داراییدا دەژینو بەشێک لەم جموجۆڵانەتان پەیوەندیی بەوەوەیە کە لەو دۆخە دژوارە داراییو سیاسییەی تێیکەوتون رزگارتانبێت؟

**قادر وریا**: ئێمە لەساڵانی پێشوشدا لەم جۆرە چالاکییانەمان هەبوەو ئەمساڵیش بەشێکی ئەوەیە لەدرێژەی ساڵانی رابردودا

کردومانە، بەڵام بەدڵنیایی وەختێک ئێرە حکومەتی هەرێم، ئەرکو بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بەرامبەر بەو خەڵکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگوێخستوە، ئەو خەڵکو حزبانە بەدوای ڕێگەیەکی تردا دەگەڕێن، کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ناو خەڵکەکەی خۆی.

**ئاوێنە**: واتە بەنیازن ئەم چالاکییانەتان بەردەوامبێت؟

**قادر وریا**: بەڵێ بەنیازین چالاکییەکانمان لەبواری جۆراوجۆردا بەردەوامبێتو زیاتریشی بکەین، مەرجیش نییە ئەمە بەمانای شەڕی چەکداریی بێت، لەناو خەڵکی خۆماندا کارو کۆششو چالاکیی زیاتر دەکەین.

**ئاوێنە**: ئێوە بڕیارتاندابو شەڕی دژ بەداعش نەکەن تا لەڕێگەی فەرمییەوە حکومەتی هەرێم داواتان لێدەکات، هۆکاری ئەم بڕیارەتان چی بو؟

**قادر وریا**: ئێمە ئامادەییمان نیشاندابو، ئێستاش ئامادەییمان هەیە، کە لەشەڕی دژ بەداعش بەشداربینو هاوکاریی بکەین، بەڵام کە داوامان لێنەکراوە، سەربەخۆو بەخۆڕایی ناچینە ئەو شەڕەوە، چونکە بەرەیەکی شەڕ کە هێزەکانی ئێرانی تیایە، ئەمەریکای تێدایە، هێزی عێراقی تێدایە، ئێمە ناکرێت هەر لەخۆمانەوە خۆمان بخەینە گەرداوێکی ئاواوە.

**ئاوێنە**: حزبەکانی تر ویستیان بەشداریی شەڕی دژ بەداعش بکەن، بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕێگەیان پێنەدرا، ئایا حکومەتی هەرێم لەژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو بڕیارەی دا؟

**قادر وریا**: لەوەدا کە ئێران پێی ناخۆش بو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتو هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لەشەڕێکدا بن کە بەشەڕی دژ بەتیرۆر ناسراوە، گومانێک نییە، چونکە ئێران هەمیشە هەوڵیداوە کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێزی تیرۆریستیی بناسێنێتو ئێستا کە بەشداریی شەڕێکی بەمجۆرەیە دژ بەتیرۆریستان، ئەوە دەگەیەنێت کە هێزو پێشمەرگەیان هەیە، بەڵێ گومانی تێدا نییە کە فشاری ئێرانی تێدابوە.

ڕۆژهەڵات - ش ش -

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی : ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## وتووێژی ماڵپەڕی چرکە لەگەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**لە ئێستادا چالاکی حزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ دوای رۆژ روو لە کزبوونە, کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانووی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش لەڕێگەی میلیشیا شیعییەکان دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکی ئازادکراوی هەرێمی کوردستاندا گرتووە, بۆ قسەکردن دەربارەی رەوشی حزبەکانی رۆژهەڵات و کار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان گۆڤاری چرکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (قادر وریا) ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان سازکرد.**

**چاوپێکەوتن**: **سەرباز واحد**

**چرکە**: خوێندنەوەت بۆ رەوشی ئێستای حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟

**قادر وریا**: رەوشی ئێستای تێکۆشانی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خوازراو نییە و داسەپاوە, ئەوان دیارە رێبەرەکەیان و بەشە ئاشکراکەیان دوور لە مەیدانی سەرەکی خەبات و تێکۆشان کە رۆژهەڵاتی کوردستانە دەژین. لە ناوخۆی رۆژهەڵات ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حزبانە لە ژێر گوشار و سەرکوتدان, تێکۆشەرانی ئەم حزبانەش کە لە باشووری کوردستان گیرساونەتەوە، ئەگەر بیانەوێت بە مەبەستی چالاکیی سیاسی و رێکخراوەیی بچنەوە ناوخۆی رۆژهەڵات، جگە لە کۆسپ و رێگرییەکانی هەردوو لای سنوور، لە قووڵایی ناوچەکانی رۆژهەڵاتیشدا لەگەڵ کەمین و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەورووو دەبن. ئەم دۆخە وایکردووە بۆ چوونەوە ناو خەڵکی رۆژهەڵات و پێوەندیی راستەوخۆ لەگەڵیان لەگەڵ گرفت و

مەترسی بەرەوڕوو بن، نەتوانن بەپێی پێویست لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵات چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەییان هەبێت، یان یارمەتیی ماڵی کۆ بکەنەوە. لێرەش بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێم و ئەو دۆخە تایبەتەی تێی دان، بنەماڵەکانیان و تێکۆشەرانی ئەوان لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژین. سەرەڕای ئەم دۆخە نەبوونی هاوکاری و یەکگرتوویی لەسەر مەسەلە هاوبەشەکان لە نێوان حزبەکانی ڕۆژهەڵات یەکێکی دیکە لە لاوازییەکانی ڕەوشی ئێستای ئەو حزبانەیە، بۆیە لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم ڕەوشی ئێستای حزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر خراپە.

**چرکە**: بۆچی کار و چالاکییەکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات روو لە کەمبوونە؟

**قادر وریا**: ئەگەر مەبەستتان لە چالاکی، هەڵسووڕان و بەرگریی چەکدارانە یاخود ئامادەبوونی تێکۆشەرانیان لەنێو خەڵکی خۆیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بێت، ئەوە قسەیەکی راستە. هەرچەندە حزبی دیموکراتی کوردستان ناچالاک نەبووە و لە پێشەوەی حزبەکانی دیکەیە.هۆی کەمبوونەوەی ئەو جۆرە چالاکییە لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ میلیتاریزەبوونی سنوورەکان و هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەکی دیکەش بۆ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسیی هەستیاری هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەو حزبانەوە دەگەڕێتەوە. بەڵام تێکۆشانی سیاسی و چالاکیی ڕێکخستنەکان و کاری ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانیان بەردەوامە و لەو بارەیەوە من هەست بە کەمبوونەوەی چالاکییەکان ناکەم.

**چرکە**: ئایە حزبەکانی باشووری کوردستان کاریگەریان لەسەر خەباتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات چۆن بووە؟

**قادر وریا**: زۆربەی حزبەکانی باشووری کوردستان پەیوەندیی دۆستانە و باشیان لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات هەیە، پێشیان خۆشە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافەکانی بگات. لەگەڵ ئەمەشدا پێموایە دەیانتوانی زۆر لەوە زیاتر کە تا ئێستا کردوویانە هاوکار و پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو حزبە ڕۆژهەڵاتیانە بن کە لە هەرێمی کوردستان گیرساونەتەوە. بە تایبەتی ئەوانەیان کە دەسترۆیشتووترن و لە حکومەت و پەرلەماندا ڕۆڵی زیاتریان هەیە. نەخوازراوبوونی ئاستی تێکۆشانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات و نالەباربوونی بارودۆخی ئەوان بۆ سەر سیاسەت و هەڵوێستی ئەم یان ئەو حزبی هەرێمی کوردستان ناگەڕێنمەوە. بەڵکو بۆ ئەو هەلومەرجەی دەگەڕێنمەوە کە حزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆخۆیان تێی دان. حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەناو خەڵکی خۆیاندا نین و ئەم دوورخراوەییە درێژخایەنە، بۆ ئەوان سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشە و گرفت بووە.

**چرکە**: بۆچی لەناو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا تەنیا پارتی ئازادی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش لە باشووری کوردستان بەشدارە؟ بۆچی حزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەشدارییان نییە؟

**قادر وریا**: حزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەو حزبانەی ڕۆژهەڵات بوو کە هەر زوو ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ بەرگری لە خەڵک و خاکی هەرێم و راوەستان بەرامبەر پەلاماردەرانی سەر بە داعش راگەیاند. دیارە هەندێک لە حزبەکان پێشمەرگەکانیشیان رەوانەی بەرەکانی شەڕکرد. بەڵام دوایی لەسەر داوای بەرپرسانی هەرێم پێشمەرگەکان کشانەوە. ئەگەر چی هیچ سەرچاوەیەکی هەرێم بە راشکاوی ڕای نەگەیاند، بەڵام بۆ خۆم پێموایە هەستیاربوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاست بەشداری هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە بەرەکانی شەڕی دژەداعش، وایکرد بەرپرسانی هەرێم پێشوازی لەم هەڵوێستە نەتەوەییەی ئەوان نەکەن. ڕێگەدانی کاربەدەستانی هەرێم بە پێشمەرگەکانی پارتی ئازادیی کوردستانی لە بەرەکان، ڕاستییەکەی من هۆیەکەی نازانم. ئەوە پرسیارێکە دەتوانرێت ئاراستەی خۆیانی بکەن.

**چرکە**: بە خوێندنەوەی ئێوە ئێستا ئێران لە هەرێمی کوردستان چەند بنکەی ئیتلاعاتی هەیە؟ ئایە کێ یان کام لایەنە ڕێخۆشکەری بۆ ئەو بنکانە دەکات؟

**قادر وریا**: لە دوای سەرکەوتنی راپەڕینەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە ڕێگەی دەست و پێوەندەکانیەوە لە هەرێم زۆرترین حوزووری ئەمنیەتی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە زانیاری لەسەر نوێنەرایەتی و دامەزراوەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کۆ بکاتەوە، پیلان دژی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات بگێرێت و دەستیان لێبوەشێنێت،گوشار بۆ سەر حزبەکانی دەسەڵاتبەدەست دروست بکات و...هتد، ئەو تیرۆرانەی لە دەیەی ٩٠ دا لە تێکۆشەران و ئەندامان و بنەماڵەکانی حزبەکانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان کران، پێمان دەڵێن ئەو کات رژێمی ئێران چ حوزوورێکی ئەمنییەتی لە باشوور هەبوو. دیارە دوای رووخانی رژێمی سەدام و زیاتربوونی حوزووری ئەمەریکا لە عێراق و هەرێم، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە سلێمانی و هەولێر کۆمەڵێک لە بەرپرسانی دەزگای تیرۆر و سیخوڕیی ئێران لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە گیران، جموجوڵ و شێوەی کاری ئیتلاعات و دەزگای سیخوڕی و تیرۆری ئێران جۆرێک لە پارێز و خۆخڕکردنەوەی تێدا پێکهات، بەڵام لە دوای هاتنی داعش پێویستیی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم بە هاوکاریی سوپایی کۆماری ئیسلامی هەستی پێدەکرێت کە ئەو رژێمە لە زۆر بارەوە حوزوور و کاریگەری لە جاران زیاتری لە هەرێم هەیە.

فاکتەری ڕێخۆشکەر بۆ حوزووری ئەمنیەتیی ئێران لە هەرێم هەلومەرجی سیاسیی تایبەتی ئەو هەرێمە و گەمارۆدرانی لەلایەن هەندێک وڵات و حکوومەتە کە جگە لەوەی چاوی دیتنی سەقامگیری و پێشکەوتنی دەسەڵاتێکی بەهێزی کوردیان نییە، لەسەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتییش لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان. لە نەبوونی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و لە ئاکامی ناتەبابوونی حزب و لایەنە سیاسییەکاندا، رژێمێکی وەک ئێران کە سنوورێکی دوور و درێژی لەگەڵ هەرێم هەیە و زلهێزێکی ناوچەکەیە، دەتوانێت و توانیویەتی دەست بخاتە ناو کاروباری هەرێم و لە بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری و ئەمنیەتیی خۆیدا کێشەکان بقۆزێتەوە.

**چرکە**: سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕی دژ بە داعش لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی چۆنە؟

**قادر وریا**: داعش بەهۆی ململانێی نێوان دوو بەرەی سوننی و شیعە و بە پشتیوانی و هاندانی بەشێک لە حکوومەتان و هێز و لایەنە سوننییەکان، دروست بووە و رووی دژایەتی و هێرشەکانیشی لە لایەک لەو دەوڵەتانەیە کە لە بەرەی شیعەکان دان، لە لایەکی دیکەش داعش دوژمنایەتیی ئەو وڵات و هێزانە دەکات کە لایەنگری دیموکراسی و دنیای شارستانی و مودێرنن. دوژمنی هاوبەش واتە داعش، وایکردووە رژێمی ئێران وێڕای وڵاتانی رۆژئاوا، لە تەنیشت هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق، لەگەڵ داعش شەڕ بکات. بەڵام دوو خاڵ لەو نێوەدا جێگەی سەرنجن. یەکەم: وڵاتانی رۆژئاوا و هاوپەیمانیی جیهانیی دژ بەداعش بە ڕەسمی رێگە بە کۆماری ئیسلامی نادەن بۆ ناو هاوپەیمانەتییەکەیان، چونکە متمانەی پێناکەن. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی شەڕ لەگەڵ داعشەوە هەوڵی هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی دەدات بە هەر نرخێک و لەسەر بنەڕەتی باڵادەست هێشتنەوەی تەیاری شیعە و مل ڕاکێشانی دوو پێکهاتەی سەرەکیی دیکەی عێراق، واتە کورد و سوننی بۆ ئەم باڵادەستییە دەدات. هەڵبەت بەو ئامانجەشەوە دەیەوێت دەستی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق کورت بکاتەوە. بەم پێیە ئامانجی هاوکاری و بەشداریی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی دژبە داعش،ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە هیچ نیازپاکییەکی لە پشت نییە. بەشداری ئێران لە شەڕی داعش بۆ هەرێمی کوردستان زەرەری لە سوودەکەی زیاترە.

**چرکە**: ئەو کەس و لایەنانەی کە دەڵێن قاسم سلێمانی بە ٧٠ کەسەوە هەولێری پاراستووە وەڵامتان چییە؟

**قادر وریا**: ئەم قسەیە بە ئیدیعایەکی ناڕاست و ناڕەوا دەزانم. قبووڵکردنی ئەو قسەیە و تەنانەت بیدەنگبوون لە ئاستیشی، سووکایەتییە بە گیان و خوێنی ئەو پێشمەرگانە کە پێشی پێشڕەوی داعشیان بەرەو هەولێر گرت. چۆن دەکرێت خەڵکێک و حکوومەتێک بە هەموو توانای پێشمەرگانە و ئیمکانیاتی بەرگریی خۆیانەوە نەتوانن پێتەختەکەی خۆیان بپارێزن، بەڵام فەرماندەیەکی سوپای قودس بە ٧٠ کەسەوە ئەمەی بۆ کرابێت؟!

**چرکە**: خوێندنەوەت بۆ داهاتووی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان چۆنە کە ئێستا ئێران لەڕێگەی میلیشیاکانەوە سەرپەرشتی دەکات؟

**قادر وریا**: زۆر نیگەرانی داهاتووی ئەو ناوچانەم. رژێمی ئێران لە پێناو پاراستنی کوردا لە هەرێم نییە، ئێران یارمەتیی هەرێم دەدات بۆ دەرکردنی داعش لەناوچە داگیرکراوەکان بکەونەوە دەست سوپای عێراق و میلیشیای شیعە. ئەوانەی چاودێری سیاسەتەکانی رژێمی ئێران لە عێراق دەکەن پێیان وایە ئێران بە نیازە قووڵایی ستراتیژیی خۆی تا کەرکووک

پەرە پێبدات، هەر بۆیەش بەم میلیشیاسازییەی دەیەوێت کورد ناچارە بە جێهێشتنی ئەو ناوچانە و خەڵکی شیعەیان بێنێتە جێ! فارسەکان بۆ خۆیان وتەیەکیان هەیە کە دەڵێن:" لە دەست گورگ ڕزگارت کردم، بەڵام سەرئەنجام خۆت لێم بووی بە گورگ"! هاوکاریی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژ بە داعشدا شتێکە لەو شێوەیەدا!

**چرکە**: سیاسەتی لەسێدارەدانی گەنجانی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەبیانووی جۆراوجۆر چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**قادر وریا**: ئەو لاوانەی کۆماری ئیسلامی لە داریان دەدات ئەو بەندییە سیاسییانەن کە سەبارەت بە تێکۆشان و خەبات لە پێناوی مافەکانی نەتەوەکەیان کەوتوونەتە بەندیخانە و بە لەسێدارەدان مەحکووم بوون. ئێران کە دەیەوێت خۆی وەک پشتیوانی کورد لە بەشەکانی دیکە پیشان بدات، لاوانی کوردی ڕۆژهەڵات لەسەر داواکردنی ئەو مافانە لەسێدارە دەدرێن کە گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان هەیەتی!! ئەم سیاسەتە ناتوانێت گەلەکەمان چاوترسێن بکات و بە پێچەوانەوە ڕق و بێزاری لەو ڕژێمە لە ناو خەڵکی کوردستان زیاتر دەکات و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەسەر داوای مافە ڕەواکانیان بەهێزتر دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## قادر وریا: یەکڕیزی و یەکگرتوویی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات




**بۆچی لە پاش ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێران، پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ نادەن هێز و توانای سیاسی و نیزامی خۆیان لە چوارچێوەی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوودا بەکار بێنن؟ لەمپەرەکانی بەردەم پێکنەهاتنی ئەو بەرە یان هاودەنگییە سیاسییە چییە؟ چۆن دەکرێ لایەنە سیاسییەکان لە دەوری یەک پلاتفۆرمی هاوبەش کۆ ببنەوە و خەباتێکی هاوبەشی سیاسی و نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی بکەن؟**

**ماڵپەڕی ڕۆژی کورد لە پێناو لێک نزیککردنەوەی هێز و لایەنەکان و لێک تێگەیشتنیان لەسەر پرس و بابەتی پەیوەندیدار بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستان ئەم دۆسیەی کردۆتەوە و ڕای ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکان و هەروەها کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و شرۆڤەکارانی سیاسی وەرگرتووە.**

**بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدک) وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**قادر وریا:** بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی و ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەرێک لە ئێراندا و لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێویستی بە هێز و توانایەک هەیە کە بتوانێ بەربەستەکان لەسەر ڕێگەی کورد لابەرێ و بواری هاتنەدیی زیاترین رادە لە داخوازەکانی بڕەخسێنێ. ئەم هێزەش تەنیا بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی گەلی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان مسۆگەر دەبێ.
بە درێژایی مێژووی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکە بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، گەورەترین مەترسی و کاریگەرترین خاڵی لاوازی، ناتەبایی و یەکگرتوونەبوون بووە کە کەلێنی خستۆتە ریزی خەباتکاران و دەرفەتی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی ئازادی ڕەخساندوە کە زەبری قورس لە ئازادیخوازان بوەشێنن و لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناکامیان بکەن.

لە هەلومەرجی ئێستای خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکریزی و یەکگرتوویی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی یەکێک لە شێوازەکانی مسۆگەرکردنی ئەم یەکگرتووییەیە کەدەتوانێ هێزی کورد بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا ڕێک بخا و ڕێگە لە پەرتەوازەیی و بەفیرۆچوونی تواناکان بگرێ و ڕێگە نەدا ناتەبایی و تەنانەت وێککەوتنی هێزە شۆڕشگێرەکان بێتە ئاراوە.

**ڕۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**قادر وریا**: بەداخەوە لە ئێستادا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ئامادەییەیان تێدا نیە کە بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ هەر ئەگەرێکی داهاتوو پێک بێنن. پەرتەوازەیی و ناکۆکیی نێو ریزەکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کە خۆی لە لەتبوون و پارچەبوونی حیزبەکان لەم ساڵانەی دواییدا دەردەخا گرفتێکە کە سەرەرای هەوڵدانی بەشێک لەم هێزانە و داوا و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لێک نزیکبوونەوە و یەکریزی، تا ئێستا ڕێگەی نەداوەهەنگاوێکی جیددی و بەکردەوە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبگیرێ.

هەرکام لەم هێزانە کاتی دەربڕینی راوبۆچوونی خۆیان بەرامبەر پرسی یەکریزیی هێزە کوردییەکان بە توندی پێ لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی و هەنگاونان بۆ ئەم مەبەستە دادگرنەوە، بەڵام بە کردەوە تا ئێستا ئەم زەروورەتە نەهاتۆتەدی و بەشێک لە حیزبەکان لە چوارچێوەی ناکۆکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانیاندا ئامادە نین لەگەڵ بەشێکی دیکەدا بچنە نێو بەرە یان هەر ڕێککەوتێکی دیکەوە.

بێگومان پێکهاتنی بەرەی کوردستانی دەبێ بە لێک تێگەیشتنی لایەنەکان و دەرکی هەلومەرج و مەترسییەکانی سەر ڕێگەی خەبات و هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی هێزە شۆڕشگێڕەکان بێتە ئاراوە و،هەموو هێزەکان بۆ هاتنەدیی ئەم زەروورەتە بە فیداکاری و لەخۆبوردووییەوە بێنەپێش. وەلانانی ناکۆکی و جیاوازییەکان و پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتوو کە هەرکام لە لایەنەکان بە پێی توانا و هێز و قورساییان تێیدا بەشداربن مەرجی سەرەکیی هاتنەدیی ئەم زەروورەتەیە.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە؟ پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**قادر وریا**: بە بڕوای من ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان ئەوجۆرەی ئیدیعا دەکەن ئامانجیان خزمەت بە نەتەوەکەیان و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بێ، دەبێ لە پێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا واز لە بەشێک لە بەرژەوەندە حیزبی و گرووهییەکانی خۆیان بێنن و لەسەر لانیکەمێک لە ویست و داخوازەکانیان ڕێککەون و هێزی کورد ڕێک بخەن. بێگومان دۆخی ئێستای هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەییەکی زۆر کەمی تێدایە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی جیددی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا و ئەوە وادەکا زەروورەتی هەوڵدان بۆ لێک نزیکبوونەوە و پێکهێنانی بەرە یان هەر ڕێککەوتنێک کە بواری هاوکاری و یەکڕیزیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بڕەخسێنێ لە هەموو کات زیاترە و هەر هێزێک بە هەر بیانوویەک بەربەست دروست بکا و چەت بخاتە سەر ئەم ڕێگەیە لە داهاتوودا دەبێ وڵامی مێژوو بداتەوە و بەرپرسیارێتی هەر شکست و نەهامەتییەک بۆ گەلی کورد وەئەستۆ بگرێ.

یەکێک لەو کارانەی دەتوانێ ڕۆڵیان هەبێ لە بەستێنسازی بۆ پێکهاتنی بەرە، وەڕێخستنی باس و دیالۆگ لە نێوان ڕێکخراوەکان و چالاکانی سیاسی لە بارەی ئەم پێویستییەوە، ڕەخنەگرتن و تیشک خستنەسەر هۆ و هۆکارەکانی پێک نەهاتنی بەرەیە. ئەم بابەخدانی ئێوە بەم باسە، و وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیاری جۆراوجۆر لە سەر لەمپەرەکان و بەربەستەکانی پێکهاتنی بەرە، دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێ لە بەرەوپێشبردنی ئەم باسە گرنگە دا و جێگای دەسخۆشییە.

ئەم وتووێژە ١ی فێوریەی ٢٠١٦ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٦

## قادر وریا: «بەرەی کوردستانی» یەکێک لە ئامانجەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە



**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

**زیاتر لە چوار مانگە پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەندێکیان بۆ پەرەپێدان بە هاوکاریی نێوان حیزبەکان پێک هێناوە. دانانی ئەم ناوەندە لە حاڵێکدایە کە خەڵک چاوەڕوانیی زیاتریان لەو حیزبانە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە مێژە داوای پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دەکەن. ڕەنگە پرسیاری سەرەکی ئەوە بێ کە چوار لەم حیزبانە هەمان دوو حیزبی کۆمەڵە و دێموکراتی پێشوون کە لەم ساڵانەی دواییدا لێک جیا بوونەوە و هەرکام لەو دوو حیزبە بوونە سێ کۆمەڵە و دوو دێموکرات، ئێستا چۆن دەتوانن هاوکاری جیددی بن لە حاڵێکدا پێشتر لە حیزبێکدا تەحەمولی یەکتریان نەدەکرد. داهاتووی ئەم ناوەندە بەرەوکوێ دەڕوا و ئایا ئەوان دەتوانن لە داهاتوودا ناوەندی هاوکاری بکەنە بەرەیەکی کوردستانی؟**

**بۆ گرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە ئامانج و کار و چالاکیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی هەیئەتی حیزب لەو ناوەندەدا پێک هێناوە:**

**مەنسوور مروەتی:** کاک قادر با یەکەم پرسیار ئەوە بێ کە ناوەندی هاوکاری کەی و چۆن پێک هات؟

**قادر وریا:** بیرۆکەی پێویستیی هاوکاریی بەردەوام لە نێوان حیزبەکان لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە هەبوو. زۆر جار کە

پرس و ڕووداوێک لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات دەهاتە پێش کە پێویست بوو حیزبەکان پەیام و هەڵویستی خۆیان لە بارەیەوە ڕاگەیاندبا، هەستت دەکرد یەکدەنگ نەبوون و یەکهەڵوێست نەبوونی ئەو حیزبانە، نەک هەر لە کاریگەریی تەئسیری پەیام و هەڵوێستی ئەوانی کەم کردوەتەوە، هێندێک جار دەگەیشتیە ئەو ئاکامە کە ئەو نایەکبوونە و جیاوازیی پەیام و هەڵوێستەکان، زیانیشی بە جووڵە و ڕەفتاری خەڵک گەیاندوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیدار و دانیشتنەکانمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام ڕەخنەمان لەو وەزعە دەگرت و ئەو داوایەمان لەگەڵ باس دەکردن کە پێویستە لە سەر پرس و بابەتە هاوبەشەکان، یەکدەنگ و یەکهەڵویست بین و بە هاوبەشی و کۆدەنگی بەرەوڕووی پرس و ڕووداوەکانی نێوخۆ ببینەوە. پێشتر لە چەند بۆنەیەکدا توانیبوومان جۆرێک یەکدەنگی و یەکهەڵویستی پێک بێنین و بە یەکەوەش ڕای بگەیەنین. بەڵام لە ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦، لە دانیشتنێکی هاوبەشی ٥ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کە لە سەرپێشنیاری حیزبی ئێمە و لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی سکرتێرەکانی ئەو حیزبانە پێک هات، بە تێکرایی وا ساغ بووینەوە کە لەمەودوا، هاوکاریی نێوان ئەو حیزبانە ببێتە ڕەواڵێکی هەمیشەیی و بۆ ڕێکخستن وبەرەوپێشبردنی ئەو هاوکارییانە کۆمیتەیەک یا ناوەندێکی هاوبەش پێک بێ.

لە ٣٠ی بەفرانبار و لە دانیشتنێکی دیکەی نوێنەرانی ئەو ٥ حیزبەی ئێستا بە یەکەوە ئەو ناوەندانەیان پێک هێناوە، لە بنکەی سەرەکیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەو ناوەندە پێک هات و پێکهاتنەکەی بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا. لەو کاتەوە تا ئێستا بە ڕێکوپێکی کۆبوونەوەکانی ناوەند پێک هاتوون، هەر جارەی لایەنێک بە شێوەی دەورەیی، ناوەندەکەی بەڕێوە بردوە و هاوکارییەکان بە ڕێکوپێک درێژەیان هەبووە.

**مەنسوور مروەتی:** هەڵسەنگاندنی جەنابت لە کار و کۆبوونەوەکانی ئەم چەند مانگەی ناوەندە چیە؟

**قادر وریا:** کارو کۆبوونەوەکانی ئەم چەند مانگە بە باش هەڵ دەسەنگێنم. هەموو لایەنەکان هەست دەکەین کە پێوەندی و دانیشتن و باس و دیالۆگی بەردەوام و ڕێکوپێک، یارمەتیی داوە بە باشتر لێکتێگەیشتنمان، بە دروستبوونی متمانە لەنیوانماندا، بەهەستکردنمان بەو هەمووە ڕوانگە و خوێندنەوە هاوبەش و لێکنزیکە کە لە نیوانماندا هەیە. خەڵکیش بەوە خۆشحاڵن کە دەبینن پێوەندی و هاوکاریی بەردەوام لە نیوانماندا هەیە و پێشوازییان لێ کردوە. ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە و لە بیرمان بێ کە لە پێشوودا پێوەندیی نێوان حیزبەکان پڕ بوو لە ساردی و سستی و، ئیمکانی ئەو جۆرە هاوکارییانە نەبوو؛ ئەمەی ئیستا دەکرێ بە قۆناغێکی نوێ لەو پێوەندییانە دابنێین.

**مەنسوور مروەتی:** بەو پێیەی کە ئەم چەند حیزبە بە جۆرێک هەر دوو حیزبەکەی پێشوون کە لێک جیابوونەتەوە تا چەند ئیستعدادی پێکەوە هاوکاری کردنیان هەیە؟

**قادر وریا**: دیارە ئەم پێنج حیزبەی ئێستا هەر تەنیا پاشماوەکانی دوو دێموکرات و کۆمەڵەی یەکگرتووی پێشوو نین، لایەنی دیکەی وەک سازمانی خەباتیشیان لەگەڵ دایە و لە داهاتووشدا ئەگەری ئەوە هەیە لایەنی دیکەشیان پێوە زیاد بێ. بەڵام هەرخودی هاوکاریی نێوان ئەو لایەنانەش کە ئاماژەتان پێ داوە، لە چوارچێوەی ئەو ناوەندەدا لەگەڵ پێشوو جیاوازیی هەیە و باشتر بووە. پێشتر لایەنی وا هەبوو ئامادە نەبوو لە نێو هاوکارییەکی چەند قۆڵیدا بێ کە لایەنێکی دیاریکراوی تێدایە. بە خۆشییەوە ئێستا هەموو لایەنەکان ئەم جۆرە کۆسپانەیان لە بەر دەم خۆیان کە جاران ڕێگر بوون لە کاری هاوبەش، لابردوە. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە کۆسپ و مەرجانە لە پێشووشدا لە دانیشتنە چەند قۆڵییەکاندا، جێگای ڕەخنە بوون و هەوڵی هەموو لایەکمان ئەوە بوو کە هاندەر بین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کۆسپانە نەمێنن. سەرئەنجام ئەم هەوڵانە نەتیجەی باشیان هەبوو.

**مەنسوور مروەتی**: خەڵک و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە مێژە داوای پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئێستا نەکراوە. ئایا ئەم ناوەندە ئیستعدادی ئەوەی هەیە حیزبەکانی دیکەش بێنێتە نێو ئەم بازنەیە و دواتر بەرەیەک پێک بهێنن؟

**قادر وریا**: ئەم چاوەڕوانی و داوایەی خەڵک و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات زۆر لە جێی خۆی دایە. ئێمە دەستپێکردنی ئەو هاوکارییانەی ئێستا لەنێوان حیزبەکان هەن، بەسەرەتایەک دەزانین بۆ گەیشتن بەهاوکارییەکی هەمەلایەنە، گشتگیر و ستراتیژیک. خۆ بەرەیەکی هاوبەش کە ئامانجی گەورە و درێژماوەی هەبێ بە شەوێک پێک نایە. هەر لە سەرەتای پێکهاتنی ئەو ناوەندەشەوە، ناوەند بەردەوام دووپاتی کردوەتەوە کە هەوڵدان بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانەتی یا بەرەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەک لە ئامانجەکانیەتی. بە بڕوای ئێمە، ئەو ناوەندە ئیستیعدادی ئەوەی هەیە کە لایەنی دیکەشی پێوە زیاد بن. هەروەها ئەگەر پەلە نەکرێ و لە قۆناغی ئێستادا هەوڵ بدرێ هاوکارییەکان شۆڕببنەوە بۆ ڕەهەندی جۆراوجۆر و لایەنەکانی دیکەش بێنە نێو چوارچێوەی ئەو هاوکارییانە، هاوکات کاری جۆراوجۆر بکرێ بۆ ئامادەکردنی زەمینەکانی پێکهێنانی بەرە، دەتوانین بەوە هیواداربین کە ئەزموون و دەسکەوتەکانی ئەم قۆناغە و ئامادەکارییەکان، لە داهاتوودا پێکهێنانی بەرەیان لێ بکەوێتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: ئایا ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن بێنە نێو ئەم ناوەندەوە؟ لەو پێوەندییەدا هیچ شەرت و مەرجێک هەیە لەلایەن ناوەندەوە؟

**قادر وریا**: قەرار نیە ئەم ناوەندە هەر تەنیا ئەم پێنج لایەنەی ئێستا بگرێتەوە. بنەمای پەیوەستبوون بەم ناوەندە، قبووڵکردنی ئامانجەکان و پێڕەوە نێوخۆیەکەتی. هێز یا لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی کە خوازیاری هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی

ڕۆژهەڵات بێ و ئامانجەکان و بنەماکانی ئەو هاوکارییانەی قبووڵ بێ، بەپێی ئوسوول و مەنتیق، دەبێ لەو چوارچێوەیەدا جێی بێتەوە. بەڵام کاتێک لەم بارەیەوە دەتوانین ڕوونتر قسە بکەین کە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی ناوەند، پەسند و بڵاو ببنەوە. جارێ هەر وا خەریکین کاریان لە سەر دەکەین.

**مەنسوور مروەتی**: تا ئێستا هیچ بەڵگەنامەیەکی نووسراو لە نێوان ئەندامانی ناوەنددا هەیە کە هاوکارییەکان قایمتر و بەڵگەمەند بکا؟

**قادر وریا**: گەڵاڵەی دوو بەڵگەنامەی سەرەکی لە ناوەنددا قسەیان لە سەر کراوە. یەکێک لە بەڵگەنامەکان پێوەندیی بە ئامانجەکانی ناوەندەوە هەیە، کە پێویستە ئامادەتر بکرێ بۆ ئەوەی لە ناوەنددا ڕێککەوتنێکی گشتی لە سەر بکرێ. بەڵگەنامەکەی دیکەش تایبەتە بە پێڕەوی نێوخۆ کە دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی پەسند کراوە.

**مەنسوور مروەتی**: ڕەخنەگرانی ناوەند دەڵێن ئەم ناوەندە تا ئێستا لە دەرکردنی چەند ڕاگەیاندراوێک نەترازاوە بۆ کاری هاوبەشی بەکردەوە، ئێوە دەڵێن چی؟

**قادر وریا**: بۆخۆشمان وەکوو ئەندامانی ناوەند لە کۆبوونەوەکانی ئەو ناوەندەدا ئەم باسەمان کردوە کە پێویستە چوارچێوەی هاوکارییەکان بەرینتر بکەینەوە و تەنیا بە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەش، ڕازی نەبین. دیارە بە کردەوەش لەوەمان تێپەڕاندوە. بۆ وێنە لە زستانی ڕابردوودا، ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکانی ئەم ناوەندە، بە بۆنەی ٨ی مارس سیناری هاوبەشیان بەڕێوە برد. هەر لەم مانگەشدا، ناوەندی هاوکاری، سمینارێکی لە بارەی «تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان» پێک هێنا. لە داهاتووشدا قەراری ئەوەمان هەیە لە سەر پرس و بابەتە گرنگ و هاوبەشەکان، ئەم جۆرە چالاکییانەمان هەبێ.

**مەنسوور مروەتی**: لە ئاستی هەرێمی و نێونەتەوەییدا هیچ فکرێک بۆ دیپلۆماسییەکی هاوبەش کراوە لە ناوەندی هاوکاری؟

**قادر وریا**: دەرەوەی وڵات، بوارێکی باشە بۆ هاوکاریی نێوان حیزبەکان. هەر بۆیە لە ناوەندی هاوکاریدا وا ساغ بووینەوە کە هاوکاریی نێوان حیزبەکان بۆ دەرەوەی وڵاتیش بگوازینەوە. لەم پێوەندییەدا هەر کام لە حیزبەکان نوێنەرێکیان لە دەرەوەی وڵات بە ناوەند ناساندوە. ناوەند بە تازەیی هێندێک ڕاسپاردە و ڕێنوێنیشی پەسند کردوە بۆ ئەوەی ئەم هاوکارییانە لە دەرەوەی وڵات بە زوویی پێ بنێنە قۆناغی کردەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو هاوکارییانە لە دەرەوەی وڵات، دەتوانێ کاری دیپلۆماسی و پیوەندیگرتن بە ناوەندە سیاسییەکان و ناوەندەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ بێ. بە

گشتی کاری دیپلۆماسی بە هاوبەشی لە ئاستی هەرێمی و نیودەوڵەتیدا، وەکوو ئامانجێکی ناوەند کە لە داهاتوودا دەبێ جێبەجێی بکەین، لە بەرچاوی ئەم ناوەندە ون نەبووە بەڵام هەتا ئێستا هەنگاوێکی وامان هەڵنەگرتوە.

**مەنسوور مروەتی**: چی پێویستە بکرێ بۆ هاوکاریی ئەندامانی ناوەند بۆ کاری عەمەلی لە ڕۆژهەڵات؟

**قادر وریا**: یەکەم شت کە پێویستە بکرێ، ئەوەیە کە ئەم ناوەندە و ئەو هاوکارییانەی چەند مانگێکە لە نێوانماندا هەیە، بیپارێزین. دووهەم شت ئەوەیە، هاوکارییەکان لە دەربڕینی هاودەنگی و هاوهەڵوێستی بەرامبەر بە ڕووداو و ئالوگۆڕەکاندا سنووردار نەکەین، بەڵکوو بیانگوازینەوە بۆ بوارەکانی دیکەش، وەکوو هاوکاری لە ئاستی دەرەوەی وڵات، کاری دیپلۆماسی، هاوکاری لە بواری ئەمنیەتی و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار بۆ دیالۆگ و بیروراگۆڕینەوە لە بارەی ئەو پرسانەی پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و هتد. لە پێوەندی لەگەڵ پرس و ڕووداوەکانی نیوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا، بەر لە هەر شتێک پێویستە خوێندنەوەمان لەبارەی خەباتی مەدەنی و جەماوەری و حەرەکەتە ئێعترازییەکانی نێوخۆ، هەر وەها چۆنیەتیی شوێندانان لە سەر ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانی نێوخۆ، لەگەڵ یەکتر باس بکەین. ئەگەر لەو بارەوە لێک نزیک بووینەوە، پێویستە بە هاوبەشی و یەکدەنگی کار لە سەر زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان بکەین. ئەمە هەم ئاستی کاریگەریی پەیامی حیزبەکان بەرەوژوور دەبا، هەم هاندەری یەکگرتوویی خەڵک و بەردەوامیی جموجۆڵە مەدەنی و جەماوەرییەکان لە ژوورەوە دەبێ. جگە لەمەش پێوەندیی حیزبەکان و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز لە نێوخۆ، بە هێزتر دەکا. لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی، چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەر و پێشهاتەکانی داهاتوو کە کاریگەرییان لە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ، پێویستە بچینە نێو کاری عەمەلی. گرینگ ئەوەیە عەلاقە و ئیرادەی ئەوەمان هەبێ کە بە خۆشییەوە من ئەو عەلاقەیە دەبینم.

**مەنسوور مروەتی**: سپاس بۆ کاتدانانت بۆ ئەم وتووێژە

**قادر وریا**: سپاس بۆ ئێوەش، ماندوو نەبن.

(لە ژمارەی ٧٢٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

## وڵامی چەند پرسیار و بۆچوون لە پەراوێزی باسێکی خەسارناسانەدا

لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی باسێکی خەسارناسانە لە بارەی خەباتی ٤٠ ساڵی ڕابردووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاو بوونەوەی دەقی ئەو قسانە بە شێوەی نووسین لە ماڵپەڕەکان و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە گوێگران و خوێنەران، بە نووسینی کۆمێنت، بە شێرکردنی بابەتەکە و بە پێوەندیگرتنی راستەوخۆ لە گەڵ خۆم، پێشوازییان لەو باسە کرد و پشتگیرییان کردم. ژمارەیەک لە خوێنەرانیش بە شێوەی کۆمێنت خۆمیان بەرەوڕووی هێندێک پرسیار کردەوە. ئەگەر چی من هەوڵم داوە، ئەو پرسیار و بۆچوونانە بێ وڵام نەهێڵمەوە، بەڵام چونکە وڵامەکانم بە شێوەی ولامدانەوەی کۆمێنت بوون و لەوانەیە تەنیا ئەو کەسانەی پرسیارەکانیان لێ کردووم، دیتبێتان و خوێندبێتیانەوە، – بەو هۆیەوەش کە دەکرێ ئەم جۆرە پرسیار و بۆچوونانە پرسیاری زۆر کەسی دیکەش بن – لێرە وەک پۆستێکی سەربەخۆ بڵاویان دەکەمەوە. وێڕای دەربڕینی پێزانین و سپاسم بەرامبەر پێشوازی و پشتگیریتان، ئەمەش وڵامی من بە چەند پرسیارێکی تایبەت:

**پرسیار**: بۆ ڕاست ئێستات بۆ ئەو خەسار ناسیە هەڵبژاردەوە؟

**وەڵام**: لای من ئەو باسە ئێستا و تازەیی نیە. ئەگەر بچیەوە سەر نووسین و وتارەکانی سالانی پێشووشم، هەر ئەو قسانەم کردوون. بۆ وێنە دەتوانی وتاری ساڵێک لە مەوبەرم لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا (بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز) بخوێنییەوە: " ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

**بۆچوون**: کاتێک باس لە خەسار ناسی دەکەین،دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە دەسەڵات و توانای ئەوەمان هەیە، کە قەرەبووی خەسارەکانمان بکاتەوە؟

**وەڵام**: ئەگەر نەشتوانین قەرەبوویان بکەینەوە، هەر ئەوە کە دەرسیان لێوەربگرین و دووپاتیان نەکەینەوە و ڕێوشوێنی وا بگرین کە جیاواز بێ لە گەڵ ئەم رابردووە پڕ خەسارە، بۆ خۆی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونە.

**بۆچوون**: من جارێک لە سەر شەڕی ناوخۆ برێک شتم نووسی گوتت جارێ کاتێکی باش نێ بۆ ئەو شتانە. پێم خۆشە (کە) ئێستا کاتی هاتووە.

**وەڵام**: باسکردنی نابێ بۆ هەڵایسانەوەی شەڕێکی دیکە(شەڕی تەبلیغاتی) و تەنیا لە روانگەی خۆ بە حەقنیشاندان و بەرامبەر مەحکوومکردن بێ.

**پرسیار**: ئەگەر بۆشایی دەسەڵات دروست بوو ئەدی لە ناوەند کێ ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە و کورد لەو بارەوە مادام داوای سەربەخۆیی ناکات دەبێ دەگەڵ کێ و کام لایەن کە مومکینە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن دەلاقەیەکی دوستانە بکاتەوە یان جارێ لەو بارەوە هیچ پێشبینی ناکرێ؟

**وەڵام**: دیالۆگی کورد لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئێستاوە دەبێ بۆ بەشداریی کورد لە پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە دا بێ. بەڵام کورد لە پێشدا دەبێ بۆ خۆی یەکگرتوو بێ و ئامرازی کاریگەریدانان لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبێ.

**بۆچوون**: بۆچی هێندێک کەس ڕاست لە پلەی ڕێبەریی حیزبەکان دا بەردەوام ئەو ڕابردوە پرشنگدارە بە چالش دەکێشن، کەچی بەدەنەی حیزبەکانیش چەپلەیان بۆ لێ دەدەن و تەنانەت هە مو حیزبەکەشیان بەو جۆرە کەسانەوە دەناسێنن. بۆچی لە کۆمەڵگای کوردی دا بەدەیان قسەی حیسابی و وورەبەخش بکەی کەس گوێت لێ ناگرێ، کەچی دوو قسەی جەنجاڵی، بێ نێوەرۆک و تیکراری بکەی دەبیە ڕێبەر؟

**وەڵام**: ئەو ڕابردووە پڕشنگدارە، کەس یا کەسانێک دەتوانن نەیبینن و بیبەنە ژێر پرسیار، کە بەشیان پێوە نەبێ. ئەگینا، سەرەڕای ئەو رەخنانەی لە خۆمانمان هەیە وەک حیزبەکان و بزووتنەوەی کورد، ئەوەندەیان ڕەهەندی جێی شانازی تیدایە کە حاشا لێکردن و ڕەتکردنەوەیان، تەنیا دەچێتە خانەی خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان و زەوتکەرانی مافەکانمان.

**بۆچوون**: هیوادارم مادام وەک خەسارناسی باسی دەکەی، بێ تەئەسسوب وەک خۆی شتەکان بۆ مێژوو بگێڕنەوە، سڵ نەکەنەوە لە گوتنی ڕاستییەکان وەک خۆیان. چونکە ئەوشتانە دەبنە سەرچاوە لە داهاتودا. با سەرچاوەیەکی روون بن. ئەگەریش تێبینیی خۆێنەرهەبوو بەرچاویان بگری و پیاچوونەوە بکەی.

**وەڵام**: ئەم خەسارناسییە کاری تاکە کەسی نیە و بە هەموانمان دەتوانین دەوڵەمەندی بکەین ،بەو مەرجەی خەسارناسییش بۆ شەڕ پێکفرۆشتن و برین کولاندنەوە و کەلێن دروستکردن نەکەین، بەڵکوو بە ڕاستگۆییەوە و بە دەرسلێوەرگرتن و لە پێناوی خەباتی یەکگرتووانە و بە بەرنامە لە سەر زەمینەیەکی باشتر بۆی بچین.

**پرسیار**: باشە پرسیارەک؟ ئەرێ نابیت کو هەردو حیزبێن دیموکرات هەژمارا کورسیێن کومیتا ناڤەندی زێدەکەن وەک puk نەک ۱۰۱ کەس بەلکۆ ٥٥ کەس ڤێ دەمێ کەس کورسیا خو ژدەست نادت ، ئو ییێک گرتن ژی دێهێت چێکێرن؟ هەلبەت ئەوە بو حیزبێن کومەلەژی تێ گوتن!

**وەڵام**: ئەز چ بێژم؟ ڕەنگە بۆ هەندێک کەس زیاد کردنی کورسیەکان ڕێگا حەل بێ بەڵام لە ڕوانگەی منەوە یەکترقبووڵکردن و بە کولتووریکی نوێوە، پێکەوە کارکردن و خۆ بواردن لە دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی پێشوو، ڕێگاچارەیە.

**پرسیار**: لەو کەموکووڕییانە چەندە خۆت بە بەرپرس دەزانی؟

**وەڵام**: من چونکە بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو بۆ خۆم کاری نووسینم کردوە و لە ڕاگەیاندنی حیزب دا دەنگ و ڕەنگ و جێ پەنجەم دیار بووە. هەر وەها لە هەلومەرجە قەیراناوییەکانیش دا وەک خۆشم هەڵوێستی ئاشکرای تایبەت بە خومم هەبووە،هەم خەڵک راحەتتر دەتوانن قەزاوەتم لە سەر بکەن،هەم بۆ خۆم هاسان نیە پێچەوانە واقع و ڕابردووی خۆم بدوێم و حاشا لەوە بکەم کە بووم. بەو حاڵەش منیش لەو ئەتمۆسفێرە دا هەناسەم هەڵکێشاوە و پەروەردە بووم. بە دڵنیاییەوە لە هەڵە و هەڵسوکەوتی جێگای ڕەخنە بەری و بەدوور نەبووم. تەنانەت ئەگەر کەمیشم بەر کەوێ، بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەر بم بۆ ڕاهێنانی تێکۆشەران و سیاسیەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە قبووڵی بەرپرسیارەتی و ڕەخنە لە خۆ گرتن و بەرهەمهێنانی کولتووری بەخۆداچوونەوە، ئامادەم زوڵم لەخۆم بکەم و زیاتر لە پشکی خۆم بگرمە ئەستۆم.

**بۆچوون**: خەسار ناسیەکەت زۆر جوان و عیلمیانەیە. بەڵام ئەو کاتەی کە دەکرا پێش بەو خەسارەتە بگیرێ بۆ پێشتان پێ نەگرت. چ پێویست دەکا خەسارەتێک دروست بکەین کە چەند ساڵ خەریکی خەسار ناسیەکەی بین. پاشان بەڕێزت لە ئاستێکی بەرزی ڕێبەری دا بووی بۆ هەوڵی جیدی نەدرا کە چارەیەک بدۆزرێتەوە. پاشان ڕێگا چارە دەستنیشان بکە کە چ بکرێ باشە؟ هەم دەرد و هەم دەرمان ڕێبەرانی حیزب بوون و ئێستاش هەر ئەوانن.

**وەڵام**: "چو دانی پرسیدن خطاست"! بۆ مەگەر ئێستا ئەم قسانە لە ئاستی بەرزی حیزبەکان دا چەند گوێگریان هەیە تا ئەو کات هەیانبووبێ؟! دوو خاڵیشت لە بیر بێ:

١- هێندێک لەو ڕووداوانەی باسم کردوون هی زۆر پێش ئەو کاتەن بەندە لە ئاستێکی بەرزی ڕێبەری دا بووبم.

٢- لە ڕێبەرییش دا کە بووم جۆری ڕوانین و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەڵوێستم لانیکەم لە نێوخۆی حیزب دا شاراوە نەبووە و دەتوانم بڵێم هاندەر و پشتیوانی بیرکردنەوەی موسبەت بووم نەک کۆسپ. (لە گەڵ ئەوەی هەموو کات پێم وا بووە منیش بە قەدرا بەرپرسایەتی و ڕۆڵ و کاریگەریی خۆم بەرپرس بووم و هەم).

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش من باسی چەند یا چەندین لایەن دەکەم نەک یەک حیزب و یەک کەس! خۆ هەموو شتێک لای خۆم و بە خۆم چارەسەر نەدەکرا تا بفەرمووی بۆ پێشتر نەتدەکرد! ئێستا وای دادەنێم منیش وەک ئەوانی دیکە، بەو شتە خراپانەی لە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد دا کراوەو ڕووی داوە ڕازیم و شوکرانەبژێرم و بەرگریی لێ دەکەم. ئایا هەر دەبێ لێی گەڕێین لە سەر ئەم ڕێچکەیە بڕوا و تەماشاچی بین؟! یا بەرپرسانە و دوارۆژبینانە و لە بەرژەوەندی ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدەنگ بێین و دەرسیان لێ وەربگرین و چارەسەریان بکەین؟

**بۆچوون**: من پێم وایە جیا لە خسارناسی دەکرێ لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات ئەم دیدو بۆچون و نەزەراتەی جەنابت دەولەمەنتر بکەن و بیکەن بە پرۆژەیەک بۆ ئایندەی ڕۆژهەلات... هیوادارم کە ڕێبەرو سکرتێرەکان و دەوروبەریان، خۆیان بە خزمەتکاری گەلەکەیان بزانن نەک لە سەرووی خواستی گەلەکەیان،بە تێگەیشتنێکی تەواوە بگەنە ئەو ئەنجامە کە هێز لە یەکگرتووی و بێرکردنەوەی نوێدایە بۆ ئایندەی ڕۆژهەلات.

**وەڵام**: پێشنیارەکەت جوانە و حەتا حیزبەکان بە تێکڕایی و پێکەوە خۆیان دەسپێشخەر نەبن بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە، بە داخەوە هەر وا نوقمی سستی و پەرتەوازەیی دەبین. ڕێبەریی حیزبەکانیش ئەگەر گوشارێکی جیددیان لە لایەن خەڵکەوە لە سەر نەبێ مل بۆ ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە نادەن.

**بۆچوون**:... پێشنیاری من سازدانی ئەهرومێکی بەقووەت هەم لەناو خۆی حیزبەکان بەتایبەت دەرەوەی حیزبەکان زەرورە، بۆ نمونە تیمێکی خۆبەخش لە (کەسایەتیەکانی ئاکادمی، بەئەزموون، خۆشنێو، پێشکسوەت، کەمئەندامەکان و بژاردەیەک لە بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرکە) بەم واتایە ئەم تیمە دوای سازماندەهی خۆیان لە کۆبونەوەیەکی بەرین بە حزووری نەفەراتی ئەوەل و دووهەمی دێموکرات و بەشێک لە ئەندامەکانیان خەسارناسیەک لە دابڕان و داهاتویەکی ڕوون لە یەکگرتنەوە خالبەندی بکرێت و ڕێکارێکی موناسب پێشنیار بدات و بەدواداچوون بکات.

**وەڵام**: پێشنیارەکەتم پێ باشە و بۆ خۆشم هەر وا بیر دەکەمەوە کە دەبێ هەم لە نێوخۆی حیزبەکان گوشار هەبێ بۆ سەر ڕێبەریی حیزبەکان هەم لە دەرەوەی حیزبەکان پێویستە خەڵک و بە تایبەتی ڕوناکبیران و کەسانی خاوەن نەزەر و بە توانا بە ڕەخنە و پێشنیار و پرۆژە هاندەر و هاوکار بن بۆ ئەوەی سەردەمی بە خۆداچوونەوە و دەرس وەرگرتن لە رابردوو



سەرچاوە
Serchawe

و قوناغێکی نوێ لە یەکگرتن و یەکگرتنەوە و هاوخەباتی دەست پێ بکا.

**پرسیار:** (ڕوو لە د. ئاسۆ حەسەنزادە و قادر وریا) سپاس بۆ کاک قادر و بۆ ئێوەش، کاک ئاسۆ! ئێوە لەو ماوەی کە جێگری سکرتێر بوون و کاک قادر ئەندامی ڕێبەری بوو، چ هەوڵێکتان دا بۆ یەکگرتووی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات؟!

**وەڵامی قادر وریا:** وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان نەک هەر کۆسپ نەبووین بۆ هاوکاری و لێک نزیکبوونەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات و بوونی کەشوهەوای دۆستانە لە نێویاندا، بەڵکوو دەستپێشخەر و هاندەر و ڕێخۆشکەر بووین. وەک تاکێک لە ڕێبەری و پلەی بەرزیش دا دەکرێ لە ڕووی لێدوان و وتووێژ و نووسینەکانمان و هەر وەها بە گوێرەی هەڵسوکەوتەکانی شەخسیی خۆشمان هەڵمانسەنگێنن و مونسیفانە ڕای خۆتان و قەزاوەتی خۆتان بڵێن. ئەوەش شاراوە نیە کە هەم کاک د.ئاسۆ و هەم بەندە لە گەڵاڵە کردن و نووسین و داڕشتنی زۆر لە سیاسەتەکان و پەسندکراوەکان و هەڵوێستەکانی حدک دا ڕۆڵی بەرچاو و تایبەتمان هەبووە. بە موشەخەسسی کامیان جێگەی ڕەخنە و شیاوی مەحکوومکردنن تا ئێمەش ڕاشکاوانە بڵێین لەمەیان دا پتر بەرپرسین؟ لە بارەی یەکگرتنەوەش، حدک هەم وەک گوفتومان و پێشوازی لە یەکگرتنەوە، هەم وەک گەڵاڵە و ڕێگاچارەی بۆ کێشەکە -کە من لە هەر دوویان دا نەخشی دیارم هەبووە- باش جووڵاوەتەوە. بەڵام ڕاستییەک هەیە کە لە نێو هەر دوو لای دیموکرات دا ئەوەی کەمترین بیری لێ دەکرێتەوە و هیچ گرنگیی پێ نادرێ, چۆنیەتیی دروستکردنی کولتوور و کەشوهەواو سازوکاری پێکەوەبوونێکە کە ئەو دیاردە ناخۆشو زیانبارانەی پێشوو دووپات نەبنەوە. مەسەلەی گرنگ بۆ زۆربەی ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لا، چۆنیەتیی دابەشکردنەوەی پۆستەکانی حیزبە و ، چۆنکە ناتوانن میکانیزمێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە تەرجیح دەدەن بەم شێوەیەی ئێستا و هەر لایەنەی بە جیا درێژە بە حیزبایەتی بدەن. وەک خۆم لە گەڵ یەکگرتنەوەیەکی پشت ئەستوور بە گۆڕین وچاککردنی کولتووری پڕ لەهەڵەی پێکەوەبوون و حیزبایەتی بە شێوەی پێشوو دام. ئەوەش بێ ملدان بە خەسارناسی و ڕەخنە لەخۆگرتن و قبووڵی بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەم ڕابردووییە و موتەعەهید بوون بە هەڵگرتنی هەنگاوی بوێرانە و نوێ ناکرێ.

**وەلامی د. ئاسۆ حەسەنزادە:** برای بەڕێز! ئەمن هەمیشە دەڵێم ئەوە سەختترین پرسیارە کە لێمان بکرێ. بۆ؟ چونکە سێ بژاردەمان بۆ وڵامدانەوە لەپێشە کە هەرسێکیانم پێ خراپە:

١- ڕووکەشانە وڵام بدەینەوە و خۆ لە وڵامدانەوە ببوێرین؛

٢- هەر تاریفی خۆمان بکەین و خەتای لایەنی دیکە بگرین؛

٣- بە جیددی و واقعبینانە وڵام بدەینەوە و بچینە نێو وردەکاری، ئەودەم جگە لەو شتانەی کردوومانە دەبێ بشڵێین چی نەکراوە، یان چ شتێک بۆتە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکان. کە ئیشارەشمان بە کۆسپەکان کرد، ئەودەم باسکردنی هەمان ئەو شتانەی وەک کۆسپی سەر ڕێگای یەکگرتن یان یەکگرتنەوە ڕەخنەی لێ دەگرین، وەک دژایەتی لەگەڵ یەکگرتن و یەکگرتنەوە لێک دەدرێتەوە. بەوحاڵەش پێم خۆشە وڵامە جوان و مەنتقییەکەی کاک قادر وریا بە وڵامی منیش دابنێی. بە نیسبەت خۆم هەر ئەوەندە دەڵێم جیا لەوەی وەختی خۆی ئەندامی هەیئەتی یەکگرتنەوە بووم، لە سێ ساڵی ڕابردووشدا کە جێگری سکرتێر و وتەبێژی دەفتەری سیاسی بووم لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی حدکدا و وەک خۆم، چ لە هاموشۆ و هاوکاریی نێوانمان و چ ڕوو بە بیروڕای گشتی هەموو هەوڵم بۆ کەمکردنەوە لە گرژیی زێهنی و مەودای گوتاری و زیادکردنەوەی پردەکانی پێوەندی و بیانووەکانی لێک نزیک بوونەوەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دێموکراتەکان و فۆرموولە کردنی بنەماکانی ئەو هەمگەراییە بوو. تەنانەت جار هەبووە پێشنیاری من کۆی پرۆسەکەی لە بونبەست دەرهێناوە. بەڵام ئەگەر هەوڵەکان بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتوون لەبەر ئەوە بووە کە دەرسەدێکی سنووورداری گەمەکە بەدەست من و تەنانەت بە دەست حیزبەکەم بووە. ئەمن هەرگیز بەربەستی یەکگرتنی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات یان یەکگرتنەوەی دێموکڕات نەبووم، بەڵام ئەگەر زۆر جار بە ناهەق تۆمەتی کورسیپەرستی لە کەسانی زۆر لەخۆبردوو دراوە و بە نارەواش ساڵانی ساڵ گوترا ئەو حیزبە لەپێناوی مندا لەت کراوە!!!، ئەوا بە خۆکاندیدنەکردنەوەم ئەو بەربەست و بیانووە درۆیینەش لاچوو. بەهەرحاڵ ئەو شەن و کەوە لەسەر ئینترنێت و یەکلایەنە ناکرێ. بەڵام بە ئیحترامی خوازیارانی یەکگرتوویی و لەبەر گرینگیی پرسیارەکەت پێم باش بوو ئەوەندە بڵێم.

-------

داوای لێبووردن: بەڕێزێک کۆمەڵێک پرسیاری(لە بارەی کێشە نیوخۆییەکانی رابردووی حیزبی دیموکرات) بەرەوڕوو کردوومەوە کە هەر هەموویان پرسیاری بە جێ و گرنگ بوون. دیارە وڵامدانەوەیان، وتارێکی تێر و تەسەل هەڵ دەگرێ کە هیوادارم لە دەرفەتێکی دیکە دا، وڵامی خۆمیان پێ بدەمەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستاندا



**ئاماژە:**

**ئەم وتووێژەم کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییەکانی زیندەیاد کاک جەلیل گادانی لەبارەی جێگە وپێگەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پێک هێناوە. وتووێژەکەم لە ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە ئیمزای کاک جەلیل گەیشتە دەست. دیارە لە کاتی خۆی و لەجێی خۆیدا سوودم لەو زانیارییانە وەرگرت و توێژینەوەکەی خۆم کە بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر ئامادەم کردبوو، پێ دەوڵەمەند کرد.**

**لە یەک ساڵەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە خەباتکار و ماندوویی نەناسەدا، وەک پێزانین و ڕێزگرتن لە یادی کاک جەلیلی خۆشەویست بە باشم زانی وتووێژەکە لە "کوردستان"دا بڵاو بکەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەران.**

**قادر وریا:** بەڕێز کاک جەلیل! لەگەڵ سڵاو و ڕێز! جەنابت شاهیدێکی عەینیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و خزمەتەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتیدا بووی. بۆ توێژینەوەیەکی خۆم لە بارەی سروودی ئەی ڕەقیب -بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر کە زانکۆی کۆیە لە مانگەکانی یەکەمی ٢٠١٨دا بەڕێوەی دەبا - پێویستم بە هێندێک زانیاری هەیە. هیوادارم بەڕێزت بتوانی وڵامی پرسیارەکانم لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەسندکرانی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەیی لەو

کۆماردا، هەر وەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی سرووەدکە لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئەو سەردەمدا بدەیەوە. پرسیارەکانم ئەمانەن:

بۆچی بەڕێوەبەرانی کۆمار، شێعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵداریان وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد؟ ئایا لە کۆماردا شێعری دیکە و سروودی دیکەش مەترەح بوون کە بکرێن بە سروودی نەتەوەیی؟ چۆن بوو "ئەی ڕەقیب"یان سەرئەنجام کردە سروودی نەتەوەیی؟

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز لە زەمانی (ژ - ک)دا، سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" زیاتر باو بوو، و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەواندا دەخوێندرایەوە. بەڵام عەقڵی ئەو دەمی منداڵیی من بڕی نەدەکرد لەو شتانە بکۆڵمەوە. لاموایە چونکو پێویست بوو کوردایەتییەکە بەهێز بکرێ و ئەو شێعرەش کوردایەتیی تێدا بەهێزە، بۆیە هەڵبژێردراوە و کراوەتە سروود. ڕەنگە زۆریشی موناقەشە لەسەر کرابێ تا ساغ بوونەوە ئەوە بکەن بە سروودی نەتەوەیی. دیارە جگە لە سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"، " شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان"یش وەک سروودی "نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەر زەمینە" زۆر لە ئارادا بوون، بەڵام "ئەی ڕەقیب" پەسند کراوە. دوور نییە دەوری "مامۆستا محەممەد تەوفیق وردی"، "بەکر حەوێزی" و "نووری ئەحمەد تەها"ش کە خەڵکی کۆیە بوون و لە مەهاباد دەژیان و مامۆستا و بەرپرس بوون کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێعرەش وەک سروود بووبێ.

**قادر وریا**: ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەی کۆماری کوردستان کە سروودی "ئەی ڕەقیب"یان تێدا پێشکەش دەکرا (سیاسی و دیپلۆماتیک، نیزامی، فەرهەنگی و هتد) کامانە بوون؟ سروودەکە هەر یەک کەس دەیخوێندەوە یا کۆرس پێشکەشی دەکرد؟ ئامادەبووان لە کاتی ئیجرای سروودەکەدا، چیان دەکرد؟ هەڵدەستانە سەر پێ؟

**جەلیل گادانی**: لە بۆنە ڕەسمییەکاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا دەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە، لە مەدرەسەکان بەیانیان پێش چوونی نێو کلاس بە تێکڕایی دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەمووکات کە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ دەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.

**قادر وریا**: لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئایا هەموو ڕۆژێ سروودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن قوتابییانەوە دەخوێندرایەوە؟ چ ڕێوشوێنێک لە کاتی خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"دا بەڕێوە دەچوو؟ ئایا لەگەڵ مەراسمی هەڵکردنی ئاڵا، سروودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: لە سەرەتادا باو نەبوو لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێتەوە، بەڵام دواتر قوتابییەکان ڕاهێنران کە

هەمووبەیانیان بە فەرمانی نازمی مەدرەسە و ژماردنی ١-٢-٣ بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، هەڵکردنی ئاڵای دەگەڵ نەبوو چونکو ئاڵا هەمووکات لەسەر بانی شوێنە حکوومی و مەکتەبەکان هەڵکرابوو، دەلەرییەوە.

**قادر وریا**: هەیئەتەکانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، چەند جار سەردانی تەورێز و ئازەربایجانیان کردووە، هەروەها چەند جاریش هەیئەتی ئەوان هاتووە بۆ مەهاباد. ئایا لە کاتی دیداری هەیئەتەکاندا سروودی هەر دوو لا پێشکەش دەکرا؟ ڕێوڕەسمەکانی خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی هەر دوولا، چۆن و چی بوون؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەی دیارە و نووسراوە دووسێ جار هەیئەتی ڕەسمیی حیزبی دێموکرات چوونەتە تەورێز، بەڵام لە هاتنی هەیئەتی ئازەربایجان بۆ مەهاباد ئاگادار نیم. ئەو چەند سەحنەی کە لە سەردانی لێژنەی حیزبی دێموکرات بۆ ئازەربایجان دەردەکەون و کەمێکی فیلم هەیە وێناچێ سروودی نەتەوەیی خوێندرابێتەوە، ئەگەر واش بووبێ من ئاگادار نیم، چونکو ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێکهاتنی کۆماری کوردستان موافق نەبوون، ڕەنگە سروودەکەشیان بۆ گرینگ نەبووبێ، سروودی ئەوانیشم نەبیستووە و لەبیرم نییە.

**قادر وریا**: ئەو دەقەی "ئەی ڕەقیب" کە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرا، لەگەڵ دەقی ئێستای ئەو سروودە، چ جیاوازییەکی هەبوو؟ وەک لەبیرت بێ ئەوکات کام بەیتی شێعری ئەی ڕەقیب دەخوێندرایەوە و ئێستا لە سروودەکەدا نییە؟ یا کام یەک لە وشەکان ئەوکات جۆرێکی دیکە بوون و ئێستا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە؟

**جەلیل گادانی**: پێم شک نایە لە وشەدا شتێک گۆڕابێ، ئەوکات کە ئەو سروودەیان بە ئێمە ڕەوان دەکرد، هەر وەک ئێستا بوو بەڵام شێعری "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین، دینمانە ئایینمانە نیشتمان"یشمان دەگەڵ دەکوت. ئێستا ئەو شێعرە زۆرجار ناخوێندرێتەوە.

**قادر وریا**: کێ ئاهەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب"ی دانا؟ وەک بزانی پێشتر سروودەکە ئاهەنگی تایبەت بە خۆی هەبوو و لەسەر هەمان ئاهەنگ، لە کۆماردا پێشکەش دەکرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەو سروودە تا زەمانی کۆمار نەکراوەتە سروود [ئەو سەردەم لە مەهاباد] عەلی تابانی بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، هەروەها "مەحموودی وەلیزادە" هەبوو کە لە بەشی کشتوکاڵدا خوێندبووی بەڵام ویلونیست بوو و دوایەش بوو بە وەزیری کشتوکاڵی کۆمار، جگە لەو دووانە "میرزا مینەی ڕەحیمی" باوکی چەکۆ (سەروان چەکۆ ڕەحیمی)، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسی دیکەش مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگەبوون کە پێشتریش لە سپای ئێراندا ئەو کارەیان کردبوو. من بەش بە حاڵی خۆم فکرم بۆ دوو نەفەری هەوەڵ "عەلی تابانی" و

"مەحموود وەلیزادە" دەچێ کە لە دانانی ئاهەنگەکەدا ڕۆڵیان بووبێ.

**قادر وریا**: لە مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕادیۆ هەبوو. وەک بیستوومە چەند جارێکیش فیلم پێشان دراوە. ئایا لەو ڕادیۆیەی ئەوکاتدا، سروودی "ئەی ڕەقیب" پێشکەش دەکرا؟ ئەدی لە کاتی پێشاندرانی فیلم، یا لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" سروودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ڕادیۆ هەبوو، ڕۆژی کرانەوەکەشی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسراوە، ئێستا لەبیرم نییە لەو ڕادیۆیەدا جگە لە هێندێک وتاری سیاسی و جارجار ئایینی، هەموو جۆرە سروودی ئەو سەردەم دەخوێندرایەوە. ئەو ڕادیۆیە وەسڵ کرابوو بە چەند بڵیندگۆی گەورە، لە لای "شارەوانیی کۆن" و "مزگەوتی حاجی ئەحمەد"، لە "چوارچرا" لە نیزیک ماڵی پیشەوا، لە نیزیک "مزگەوتی هەباس ئاغا" واتە چوارڕای ئازادیی ئەمڕۆ. خەڵک بەتایبەتی ئێواران کە خەبەر بڵاو دەبووەوە لە لای ئەو بڵیندگۆیانە ڕادەوەستان و گوێیان لە خەبەران دەگرت، ڕادیۆیەکە بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و سروودیشی هەبوو. مانگێ جارێک کوڕی سروودی مەدرەسەکان بە نۆبە دەچوون لە ئێستگەی ڕادیۆ بەرنامەی سروود خوێندنەوەیان هەبوو، سروودی " ئەی ڕەقیب" و زۆر سروودی دیکەش دەخوێندرایەوە. وەبیرم دێ چەند جارێک سینەمای سەییار بە ماشینێکی تایبەت دەهات لە "چوارچرا" یا لە حەساری دوخانیەی کە زۆر گەورە بوو فیلمیان نیشان دەدا. چەند جارێکیش تیمی شانۆی ئازەربایجان و یەک دووجاریش تیمی ئاکرۆباتبازانیان هاتن، هەر لەو حەوشە و لە حەوشەی دەبیرستان (کە دوایە بەینێک ماڵە شێخ ئەحمەدی بارزان، پاشانیش بوو بە شوێنی بنەماڵەی یەکەم فەرماندەی تیپ یا سوپا) بەرنامەیان بەڕێوە برد. بەڵام وەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە "جەعفەر کەریمی" ئیمتیازی دانانی سینەمای لە حەوشەی دوخانیە وەرگرتبوو و سینەمای دانابوو و لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا لە خەڵک دەعوەت کراوە بچن بۆ سینەما. پاشان جێگایەک هەر لە نزیک ئەو شوێنە دیاری کرا کە ساختومانی تایبەت بە سینەمای لێ دروست کەن، هێندێک چیمەنتۆ و شتی ئاواشی لێ ڕۆکرد بەڵام بەداخەوە دروست نەکرا و ئەرتەش هاتەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو جێگایە بوو بە "سینەما ئومید"ی "کاک عومەر قازی" کە کونگرەی چواری تێدا گیرا. ئەوکات خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لەو شوێنانە وەک سینەما و شانۆ باو نەبوو.

**قادر وریا**: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی، یا لە بەندیخانە، هیچ کات سروودی "ئەی ڕەقیب"تان دەخوێندەوە؟ دەکرێ ئاماژە بەو بۆنە و حاڵەتانە بکەی کە دوای ڕووخانی کۆمار، سروودی "ئەی ڕەقیب"ی تێدا خوێندرابێتەوە و بۆ خۆشت تێیدا بەشدار بووبی؟

**جەلیل گادانی**: دوای ڕووخانی کۆمار نە لە کۆبوونەوەی حیزبی و نە لە بەندیخانە و بۆنەیەکدا ئەم سرووده نەدەخوێندرایەوە، بەڵام ڕادیۆیەکی سڕی هەبوو کە لە پێشدا "دوکتور سوڵتان وەتەمیشی" کە لەو کەسانە بوو بۆ خوێندن

بەڕێ کرابوونە باکۆ و لە پێشداش "مامۆستا" بوو، هەروەها دواتر کە "حەسەن قزڵجی" و "کاک کەریم حیسامی" خەبەر و وتاریان لەسەر دەخوێندەوە هێندێک جار دایان دەنا و بە گوێ دەگەیشت، بەڵام پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چەن جارێک لە تاران، (بە تایبەتی دوای) سەرکەوتنی شۆڕش پاش ئەوەی حیزب، ڕێکخراوەکانی لە شارە جوراوجورەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکخستەوە و هێزی پێشمەرگە پێک هات و زیاتریش دوای شەڕی سێ مانگە، ئەو سرووده هاتەوە گۆڕێ، وای لێهات لە باکووری کوردستانیش بە زاراوەی کرمانجی کەوتە سەر زاران و لە یەکەم تەلەویزیۆن کە ئەوان دایاننا بە ناوی "میدیا تی وی"ـەوە خوێندرایەوە.

**قادر وریا**: لەگەڵ ڕێز و سپاسی زۆرم بۆ هاوکاریت لەم پێوەندییەدا، تکایە هەر زانیارییەکی دیکە لە بارەی ڕۆڵی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان و لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەتە و لەم پرسیارانەدا نەورووژێندراون، مەمنوون دەبم بۆم بنووسی و ئاماژەی پێ بکەی.

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی جەنابت چەند مانگ لەمەوبەر گڵکۆی دڵدار نۆژەن کرایەوە و، بە ڕێوڕەسمێک کرایەوە و شانازیی کردنەوەکەشیان بە من دا و [قسەشیان] بۆ دانابووم. ئەگەر بچی لە قەڵای کۆیە سەری بدەی و سروودەکەش وەک خۆی نووسراوەتەوە و دەفتەری یادبوودیشی بۆ داندرابوو، تەماشایەکی ئەو دەفتەرەش بکەی و زانیارییش لە بەرپرسی قەڵا و موزەخانە - کە تازە لەوێ کراوەتەوە - وەربگری، ڕەنگە بەکەڵکت بێ و باسەکەت دەوڵەمەندتر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

---



# پرسی زمان و ناسنامەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێش کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا



**دیمانە: ڕێباز مەردانی**

**ئاماژە:**

**پرسی زمان یەک لە پرسە هەستیار و هەرە زیندووەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەتایبەت کە ئەم بابەتە گرێدراوی پرسی سیاسەتی تاکزمانیی دەسەڵاتی ناوەندییە کە لە دوو ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوەدا ڕەچاو کراوە. "کوردستان" بەبۆنەی ٢ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک وتووێژێکی لەگەڵ کاک قادر وریا، مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی کۆیە پێکهێناوە و کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بەو مژارەی لەگەڵ بەڕێزیان هێناوەتە بەر باس. ئەم وتووێژە بە شێوەی زارەکی کراوە و دوایە دابەزێندراوە.**

**ڕێباز مەردانی: کاک قادر! بە سەرنجدان بەوەی کە حکوومەتی ناوەندی لە سەردەمی پەهلەوییە یەکەمەوە پرۆژەی ئێرانی نوێی بۆ یەکدەستکردن و تواندنەوەی سەرجەم نەتەوەکان خستبووە بواری جێبەجێکردنەوە، کۆمەڵگەی کوردستان لە سەرەتادا چۆن بەرهەڵستی ئەم سیاسەتە داسەپاوەی تاران بۆوە؟**

**قادر وریا: لە ڕەشەمەی ١٢٩٩ ڕەزاشا هاتە سەر کار و کوودەتای کرد و تا لەسەر کار لابرانی کە دەبێتە ١٣٢٠، لە ماوەی ئەم زیاتر لە ٢٠ ساڵەدا، هەلومەرجی کوردستان و دۆخێک کە کورد تێیدا دەژیا لە ئێران ناخۆشترین هەلومەرج بوو، چونکە ڕەزاشا دەیویست هەرچەشنە بەرهەڵستێک هەیە تێکی بشکێنێ. بۆیە لەگەڵ بزووتنەوەی سمکۆی شکاک و لەگەڵ**



سەرچاوە Serchawe

هێندێک بزووتنەوە و بەرگری کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا هەبوو، بۆ وێنە لە خوارووی کوردستان وەک بزووتنەوەی مەحموودخانی کانی سانان یا مەحموودخانی دزڵی، جافر سوڵتان، هەروەها لە سەردەشت مەلا خەلیل، جۆرێک بەرگریی هەبوو کە بەشێکی ڕاوەستان بوو لە بەرانبەر ئەو زۆرداریيەی کە دەیانویست جلوبەرگ بە خەڵک بگۆڕن، بە زۆری زمانی فارسییان بەسەردا بسەپێنن و ڕەزاشا دەیویست چەک لە عەشایرەکان بستێنێتەوە و هەرچەشنە بەرگرییەکی چەکدارانە یان بڵێین بەرهەڵستێکی چەکدارانە نەهێڵێ. بۆیە هەم بەرگریی چەکدارانە بەرانبەر بە ڕەزاشا و هێزە چەکدارەکانی هەبوو هەم هەوڵ و بەرگریی شوناسخوازانە هەبوو.

دەزانین سمکۆی شکاک بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەربەرەکانێی هەبوو بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی و لەگەڵ ئەوەی هەوراز و نشێو هەبوو لە ماوەی بەردەوامی بزووتنەوەکەیدا - سەرکەوتن، شکست، پاشەکشە و تەنانەت ماوەیەک خۆئەمنکردنەوە هەبووە و دواتر تێهەڵچووەتەوە- یەکێک لەو حەرەکەتانەی کوردی بووە کە داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کردوە. جاری وایە باسی لە خودموختاری کردوە، باسی لە سەربەخۆیی کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەو هەوڵانەی کە جێگای ئاماژەپێکردنە، لە ساڵی ١٩١٣ لە باری کولتوورییەوە چەند هەوڵێک دەبینین کە بۆ وێنە لە شاری "خۆی"، سمکۆ بە هاوکاریی عەبدولڕەزاق بەدرخان کە "کۆمەڵەی جیهاندانی"ی هەبوو، قوتابخانەی کوردییان دامەزراند کە ئەمە یەکەمجار بوو قوتابخانەی کوردی لەم ناوچەیە دەکرایەوە. هەروەها خودی سمکۆ ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بە ناوی "کورد" کە بەداخەوە سێ ژمارەی زیاتر لێ دەرنەچوو. دیارە ئەو هەوڵانە هەن، بەڵام زەبروزەنگ بە ڕادەیەک بوو کە زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە ناو کورددا داوای مافەکانی کوردیان دەکرد، بە جۆرێک بەربەرەکانییان هەبوو بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی، کەوتبوونە زیندان، دوور خرابوونەوە و لە وەزعییەتێکی ئاوادا دەژیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەمجۆرە بەربەرەکانێیانە هەبوو دەکرێ بڵێم ئەو چەند ساڵەی کە ڕەزاشا لەسەر کار بوو سەردەمی خەفەقان بوو، سەردەمی زەبروزەنگ بوو و سەردەمی ئەوپەڕی ناخۆشی و تاڵی بۆ کورد بوو.

**ڕێباز مەردانی**: کە واتا دەکرێ بڵێین دامەزرانی کۆماری کوردستان پەرچەکردارێکی شوناسخوازانە بووە بەرامبەر بە سیاسەتی سیستماتیکی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، ئەو مۆدێلەی دەوڵەت - نەتەوە ناکرێ وەک ئایدیۆلۆژی یان فۆرمێک لە سیاسەت پێناسە بکەین و زیاتر ڕیشەی لە کولتوور و فەرهەنگدایە .ڕەسمیەتدان و پەرەپێدان بە زمان و ئەدەبی کوردی چۆن بوو بە بنچینەی کۆمار و دەوڵەت - نەتەوە؟

**قادر وریا**: ئەوە کە بڵێین پێکهاتنی کۆماری کوردستان پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر بەو زەبروزەنگ و سەرکوت و هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی شوناسی کوردی، ڕاستە. چونکە لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات، ئەو هەشت ئامانجەی کە حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانیدا گەڵاڵەی کردبوون، ئەوەی تێدایە کە کورد دەیهەوێ بۆ خۆی ناوچەی خۆی بەڕێوە بەرێ،

دەیهەوێ چارەنووسی خۆی لە کوردستانی ئێران بە دەست خۆی بێت و مەسەلەیەکی دیکە یانی دووهەم ئامانج کە حیزبی دێموکرات لە دامەزرانیدا ئاماژەی پێ دەکا و کۆماری کوردستانیش ئەمەی لە کاروباری خۆیدا و لە سیاسەتەکانی خۆیدا ڕاپی کرد، ئەوە بوو کە زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێ، ببێتە زمانی خوێندن، ببێتە زمانی ئیداری لە ناوچەکانی کوردستان و تاکی کورد و خەڵکی کورد هەست بە ئازادی بکا و مافەکانی دابین بێ. بە گشتی ئەوە تەواو ڕاستە کە کۆماری کوردستان داواکاری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بوو و دەیهەویست ئەم ڕابردووە کە پڕ بووە لە سەرکوت و سڕینەوە، کۆتایی پێ بێ و هەلومەرجێکی نوێ بۆ کورد بێنێتە کایەوە کە بۆ خۆی بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ.

بەڵام چۆن بوو زمان ئەم گرینگییەی پێدرا لە کۆماری کوردستاندا؟ زمان فاکتەرێکی گرینگە لە ناساندنی نەتەوەیەک و جیاکردنەوەی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکە. بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لە ئێران و لەو ناوچانە بەیەکەوە دەژین. چونکە ئێمە و نەتەوەکانی دەوروبەری ئێمە لە ڕووی ئایینەوە جیاوازییەکی ئایینی گەورەمان نییە. ئەو نەتەوانە بە زۆری ئایینی ئیسلامیان هەیە، لە ڕووی ڕەنگی پێست و شێوازی دەموچاو زۆر جیاواز نین، لە ڕاستیدا ئەوە زمانە کە ئێمە لە یەکتر جیا دەکاتەوە و ئەگەر کوردیش توانیویەتی هەست بە بوونی خۆی بکا و خۆی وەک نەتەوەیەک ببینێ، هی ئەوەیە کە زمانەکەی خۆی پاراستووە. ئەگەر کوردیش زمانەکەی نەپاراستبایە و وەکوو زۆر نەتەوەی دیکە کە تواونەوە و زمانی نەتەوەیەکی دیکەیان وەرگرتوە و ئێستا خۆیان بە نەتەوەیەکی دیکە دەزانن، ئێمەش ئاوامان لێ دەهات. بۆیە بە ئاگاداری لەو لایەنە گرنگەی زمان کە دەتوانێ ناسنامەی نەتەوەیەک بێ و جیای بکاتەوە لەوانی دیکە، لە کۆماری کوردستاندا زۆر بایەخ درا بە زمان. پاشانیش چونکە ئەوەندە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشادا هەوڵ درابوو ئەم زمانە سەرکوت بکرێ، ئەوەندە خەڵک بە زۆر ناچار کرابوو بە زمانی فارسی قسە بکا، ئەوەندە کتێبی کوردی و گۆرانیی کوردی و ئەم جۆرە شتانە قەدەغە کرابوو، ئەمانە زمانەکەیان لەلای خەڵک خۆشەویستتر کردبوو. یانی شتێک کە دوژمن هەوڵ دەدا بە هەموو شێوەیەک لێت بستێنێتەوە، وای کردبوو کە لای خەڵک بایەخێکی زیاتر پەیدا بکا. بۆیە زۆر بە تامەزرۆییەوە بەرەو خزمەتکردنی زمانەکەیان و بایەخدان بە زمانەکەیان چوونە پێشێ.

**ڕێباز مەردانی**: ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم چ بوون و لەلایەن چ کەسانێکەوە ئێدارە دەکران؟

**قادر وریا**: دەکرێ بڵێم یەکێک لە ڕووە گەشەکانی کۆماری کوردستان گرینگیدان بە چاپەمەنیی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بوو. بۆ یەکەمجار کوردستان، لە پێتەختی کۆمار کە مەهاباد بووە دەبێتە خاوەنی چاپخانەی کوردستان، دوایە لەو چاپخانەیە گۆڤاری "کوردستان" چاپ دەکرێ، ڕۆژنامەی "کوردستان" کە ١١٣ ژمارەی لە ماوەی تەمەنی کۆماردا لێ بڵاو بۆوە (ئەگەرچی دەکوترێ ١١٤ـ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە بەڵام ئاخرین ژمارەی لەبەر هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی کە ئەرتەش هاتووەتەوە و دەستی بەسەر مەهابادا گرتووە، کەوتووەتە دەستیان و بڵاو نەبووەتەوە).

بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" و گۆڤاری "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە" لە بۆکان دەردەچوو کە هی ڕێکخراوی بۆکان بووە و ئەویش گۆڤاری گشتی و شتی ئەدەبی و سیاسیی تێدا بڵاو بۆتەوە. هەروەها "هاواری نیشتمان" گۆڤاری یەکیەتیی لاوان بووە کە لەو سەردەمدا دەرچووە. گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان" دەرچووە. ئەمە لە ماوەیەکی کەمدا یانی بۆ تەمەنی ١١ مانگەی کۆمار زۆرە کە توانیویەتی ئەوەندە گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو بکاتەوە. وەک ئێستاش نەبووە بڵێی ئیمکاناتی تایپ، ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوندە ئاسان بووە، ئەو وەختی ئەوانە زۆر بە زەحمەت بوون. لە بابەت ئەوە کە کێ تێیدا بەشدار بووە، دیارە کۆمەڵێک ناو هەن: سەید محەممەد حەمیدی یەکێک لەو کەسانەیە کە ڕۆڵی هەبووە لە بەرپرسایەتیی چاپخانە و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، زینندەیاد سەدیقی ئەنجیریئازەر لەو کەسانە بووە کە بە تایبەتی لە "هاواری نیشتمان"دا نووسیویەتی و سەرپەرستیی کردوە. کەسانێکی وەکوو هێمن و هەژار کە ئەو وەختی جەوان بوون، بە شێعر بەشدار بوون. زۆر کەسی دیکە هەن بۆ نموونە محەممەد عەتری گڵۆڵانی کە دواتر بووە شاعیرێکی ناودار و لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد، لە سەردەمی کۆمار و لە چاپەمەنیی ئەو کاتدا شتی بڵاو کردۆتەوە. زۆر شاعیر و نووسەر هەن کە دوایە زۆربەیان بوون بە ناوی پڕشنگداری ئەدەبی کوردی، لە سەردەمی کۆماردا دەستیان پێ کردبوو و لە ڕێگای چاپەمەنیی سەردەمی کۆمارەوە هاتنە مەیدان. کە باس لەو کەسانە دەکەین با یادێک لە زیندەیاد محەممەد شاپەسەندی بکەمەوە کە لە کارگێڕانی چاپخانەی کوردستان بووە.

**ڕێباز مەردانی**: کاک قادر! ڕەنگە هەندێ کەس تێبینییان هەبێ لەسەر ڕێنووسی زمانی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و بڵێن کە وشەی فارسی یان هەڵەی ئیملایی لە نووسینەکانی ئەو سەردەمدا دەبینرێ. جەنابت وەک شارەزایەکی زمان، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیەوە و قسەت بۆ ئەو تیپە لە ڕەخنەگرانی زمان چییە؟

**قادر وریا**: بە بڕوای من ئەگەر زۆر واقعبینانە سەیر بکەین، دەبینین ئەم ڕخنانە زۆر لە جێی خۆیاندا نین. وەختێک کە کۆماری کوردستان پێک هات و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی نووسینی کوردی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسین بە کوردی هەر سابقەی نەبوو، یانی مەجال بە کورد نەدرابوو کە بە زمانەکەی خۆی بنووسێ. چاپەمەنیی کوردی نەبوو و ئەمە ئەزموونێکی تازە بوو. پاشان ئەووەختی تەنیا لە باشووری کوردستان نزیکەی ٢٠ ساڵێک بوو کە کورد ئەو ئیجازەیەی هەبوو و بە جۆرێک دان بە کورددا نرابوو، کوردی نووسین و کوردی خوێندن و قوتابخانەی کوردی هەبوو. وەک ئێستاش نەبوو کە پێوەندیی فەرهەنگی لە ڕێگای سەتەلایت و ئەنتەرنێت و ڕادیۆ و ئەو جۆرە پێوەندییە، زۆر و هاسان بێ. هەرچەند لە باشووری کوردستانەوە گۆڤاری "گەلاوێژ" و هێندێک بڵاوکراوەی دیکە دەگەیشت، بەڵام دەگەیشتە دەست ژمارەیەکی کەم و بە قاچاغی دەهات و بە سەرنجدان بەو واقعییەتانە بە بڕوای من ڕێنووسی کوردیی ئەو کات ئەگەر کەموکوڕییشی تێدا بووە یا وشەی فارسیی تێدا بووە؛ ئەمانە زۆر لە جێی خۆیان نین. یانی لە هەر جێگەیەک کە تازە دەست دەکرێ بە حەرەکەتێکی ئاوا گەورە، ئەو کەموکوڕییانە دەبن. پاشان ئەوە کە بگوترێ وشەی فارسیی تێدابوو، بە

بڕوای من هیچ زمانێک نییە وشەی زمانێکی دیکەی تێدا نەبێ و وشەی بیگانەی تێدا نەبێ، ئەوە بە کێشە نازانم. بەتایبەتیش زۆر وشە هەن کە کەسانێک بەهەڵە پێیان وایە فارسیین. نا هی زمانی فارسی نیین بەڵکوو دەکرێ بڵێین وشەی کوردین و چوونەتە نێو زمانی فارسی. زمانی کوردی و زمانی فارسی لە یەک بنەماڵەن. دەکرێ لە چەند پشت ئەولاتر کە یەک زمان بوون یا یەک دایکەزمانیان هەبووە، ئەو وشانە لەوێوە هاتوونە نێو زمانی کوردی و فارسییش. بۆیە وشەی وا هەیە لە کوردیدا ماوە و لە فارسیدا نییە و بە پێچەوانەوە. بەڵام ڕۆژگارێک ئەم دووانە هێشتا نەبوون بە دوو زمانی سەربەخۆ، ئەم وشانەیان هەبووە. من ئەوە بە کێشە نازانم و لە ڕووی ڕێنووسیشەوە چونکە بەهەرحاڵ زمانی کوردی وەک زمانی فارسی و وەک زمانی عەرەبی بەو ئەلفوبێیەی کە پێی دەگوترێ ئارامی، زمانی کوردیش بەوە نووسراوە. تازە زمانی کوردی لە ماوەی ٧٥ یا ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕووی ڕێنووسەوە یا لە ڕووی ئەلفوبێوە توانیویەتی زۆر گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێ کە دەکرێ بڵێم ئەو ئەلفوبێیە و ئەو ڕێنووسە کە ئێستا کورد پێی دەنووسێ، کەموکوڕیی زۆریان تێدا نەماوە، توانیویانە لەگەڵ زمانەکەدا خۆیان بگونجێنن. واتە دەتوانین بڵێین ڕێنووس و ئەلفوبێیەکی سەرکەوتوومان هەیە کە دەتوانن وەڵامدەری نیازی زمانەکەمان بن.

**ڕێباز مەردانی**: کە واتا گەشەکردن یەکێک لە هۆکارەکانی زیندوویی زمانی نەتەوەکانە و زمانی کوردی لە ڕەوتی مێژوودا ئاڵوگۆڕ و گەشەی بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش دەرفەتە بۆ زیندووبوونی زمانی کوردی، بەڵام لێرەدا پرسێکی دی دێتە ئاراوە، ئەویش زمانی یەکگرتوویە، لە هەلومەرجێکدا کە زمانی کوردی زاراوە و بنەزاری جیاوازی لێ دەبنەوە، ئەم فرەییە چۆن دەرفەت دەدا بە یەکدەستی و یەکگرتوویی زمان؟

**قادر وریا**: ئەم پرسیارە زۆر لکی لێ دەبنەوە کە بڕێک لەسەر ڕاوەستانیان دەوێ. لەپێشدا کە باس لە گەشەی زمانی کوردی دەکەین، هەرکات کورد لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی بەدەست خۆی بووە، زمانی کوردی زۆر گەشەی کردوە. چونکە توانیویەتی چاپەمەنی هەبێ، ڕادیۆ و کتێبی هەبێ، ببێتە زمانی دەسەڵات، ببێتە زمانی قانوون و بەڕێوەبەری و ئەمانە یارمەتییان کردووە بە گەشە کردنی زمانی کوردی، کۆماری کوردستانیش بە نۆبەی خۆی بوو بە هۆی گەشەکردنی زمانی کوردی، بە جۆرێک کە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی و بازرگانی و ئیداری. بەڵام ئەو بەشەی دیکە کە دەڵێن زمانی کوردی لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا گەشەی کردووە، بەڵام کێشەی بوونی زمانی یەکگرتوو، بوونی زاراوە و بن زاراوەی جۆراوجۆری هەیە، لە پێشدا ئێمە دەبێ ئەمانە وەکوو شانسێک چاو لێبکەین کە زمانی کوردی دیالێکت و بنزاری جۆراوجۆری هەن، چونکە ئەمانە هەموویان سامانی زمانی کوردین. بۆ مەسەلەی زمانی یەکگرتووش بە بڕوای من ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە. تەنانەت زمانی ئەدەبیی یەکگرتووشمان هەیە. ئەوەی کە ڕەنگە ئێستا وەکوو کێشەیەک سەیری بکرێ زمانی ستانداردە کە باش جێگیر نەبووە؛ ئەگینا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان لە کۆماری کوردستان و پێش کۆماری کوردستانیشەوە هەیە، واتە ئەو زمانەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێی دەنووسرێ، کەس نییە لێی تێ نەگا.



سەرچاوە Serchawe

ئەوەی کە ساڵانێکە قسەی لێدەکرێ، پێویستیی بوونی زمانی ستاندارده. ئەو زمانەیە کە دەبێ لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی بۆ بدرێ. ئێمە ئێستا لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی کوردیمان هەیە، دەسەڵات دەتوانێ لەم بارەیەوە هەنگاو بنێ، بەڵام هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لەو پێوەندییەدا نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی دڵخواز.

**ڕێباز مەردانی**: جاروبار ڕێژیمی ئێران پرسی ئازادیی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە مێدیاکانیدا دەورووژێنێ، بەڵام لەکرداردا کە بابەتی زمان گەیشتە سنووری شوناسخوازی و داواکردنی مافی نەتەوەیی، ئەوە هێڵی سوورە و دژکردەوەی توندی بەدوودا دێ، وەکوو ئەو دواییانە دیتمان خاتوو زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لەسەر گوتنەوەی وانەی کوردی ڕاپێچی بەندیخانە کرا، پرسی زمانی کوردی بۆچی بۆتە مۆتەکە لەسەر تاران؟

**قادر وریا**: من پێم وانییە کۆماری ئیسلامی باسی لە ئازادیی خوێندن بە زمانی کوردی کردوە. ئەسڵێک هەیە لە قانوونی ئەساسیدا کە ئەو ئەسلەشیان تا ئێستا جێبەجێ نەکردوە، بەڵام جاروبار لەسەر ئەو ئەسلەیە مانۆڕ دەدەن؛ ئەسڵێک کە باسی "قومیت"ەکانی ئێران و زمانەکانیان دەکا. لەنێو نەتەوە ژێردەستەکانیشدا کەسانێک زۆر جار بە پشتبەستن بەو ئەسڵەی قانوونی ئەساسی ویستەکانی خۆیان دەردەبڕن و داوای خوێندن بە زمانی دایک دەکەن. دیارە ئێستا دەسەڵاتدارانی وڵات دەڵێن لێتان تێک نەچێ! ئەو ئەسڵە نالێ خوێندن بەو زمانانە ئازادە، بەڵکوو دەڵێ خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە. یانی لە ڕاستیدا دەوڵەت و دەسەڵات ئەرکێکیان وەئەستۆی خۆیان نەگرتوە. حکوومەت لەو چوارچێوەیەشدا هێشتا هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە. بەڵام خەڵک بە تایبەتی لە کوردستان هەوڵیان داوە کە زمانەکەی خۆیان فێر بن و بیپارێزن. هەستیاریی دەوڵەتی ناوەندییش سەبارەت بەو بابەتە ئەوەیەکە خەڵک دیانەوێ ئەم زمانەیان ببێتە زمانی خوێندن. مامۆستایانیک یان کەسانێکی چالاک لە مەیداندان و دەڵێن زمانی ئێمە ناسنامەی ئێمەیە و بە هەستێکی نەتەوەیییەوە داوای ئەم مافە دەکەن، کاربەدەستانی ڕێژیمیش تا دێ هەستیارییان لەسەر ئەم داوایە زیاتر دەبێ و سەرکوتی داواکەیان دەکەن. ئاماژەت بە مامۆستا زارا محەممەدی کرد کە بەداخەوە ئێستا لە بەندیخانەیە، تەنیا تاوانی ئەوەیە کە شێلگیر و پێداگر بووە کە خوێندن بە زمانی کوردی هەبێ و خەڵکی هان داوە بۆ بەرگری لە زمانەکەیان و پەرەپێدانی زمانەکەیان و، تەسلیمی هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ئەمنیەتی نەبووە. کەسێک بە شێوەی زۆر ئاشتیخوازانەش داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی کردبێ و تەسلیم نەبووبێ، دەوڵەت زیاتر لێی بە ڕقدا دەچێ. خاتوو زارا محەممەدی یا موژگان کاوسی دوو نموونە لەو جۆرە کەسانەن. موژگان کاوسییش لەسەر هەوڵدان بۆ پاراستنی زمانی کوردی گیرا و چووە زیندان و، دەسەڵات لێیان بە ڕقدا چووە.

**ڕێباز مەردانی**: کاک قادر! مەسەلەیەک هەیە کە دەگوترێ زمان لەنێو نەتەوەکاندا پێناسەیە و دواجار چەکە، مرۆڤەکان تەنها و تەنها لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە دەناسرێنەوە و دەبن بە نەتەوە، ئایا ئێستا کورد ئەو چەکە بەهێزەی هەیە کە مان و مەوجودیەتی خۆی پێ بپارێزێ؟ یا مەترسیی لەنێوچوونی لەسەرە؟

**قادر وریا**: بە خۆشییەوە زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵی سڕینەوە و سەرکوتی دراوە مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر نییە. چونکە لە باشووری کوردستان کە دەسەڵاتی کوردی هەیە، زمان جێگە و پێگەی ڕەسمی و قانوونیی هەیە، لە ڕۆژهەڵاتیش بە هۆی خۆشەویستیی خەڵک بۆ زمان و ناسنامەی خۆیان و بەرگری لێکردنیان، لەوێش مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر نییە، بەڵام مەترسیی دیکەی بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوەی کە پرسیتان زمان چەکی ئێمەیە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە. شتێک کە ئێمە لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە زمانەکەمانە. ئێمە وەک کورد توانیومانە کاری ڕۆژنامەنووسی بە زمانەکەمان بکەین، لە باشووری کوردستان، کاروباری حکوومەتیی پێ بەڕێوە دەچێ، لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا لە ئاستەکانی سەرەتایی، ناوەندی و بەرزدا خوێندن بەو زمانە هەیە. زمانی کوردی لە بواری میدیایی، یاسایی، زانستی، بازرگانی وهتددا بەکار هێنراوە و توانایی خۆی سەلماندووە. ئەو زمانە تەنیا پاراستن و خزمەتکردنی زیاتری دەوێ. بەڵێ ڕاست وایە، زمانەکەمان چەکی ئێمەیە و دەبێ زیاتر خزمەتی بکەین. بەو خزمەتەش کە بە زمانەکەمانی دەکەین، دەتوانین مانەوەی خۆمان وەک نەتەوەیەک لە داهاتوودا دەستەبەر بکەین.

**ڕێباز مەردانی**: وەکوو دوا پرسیار چۆن دەکرێ زمانەکەمان باشتر بپارێزین؟

**قادر وریا**: ئەم پرسیارە دەتوانێ بەرەوڕووی هەر تاکێک لە هەر بەشێکی کوردستانی بکەی، بەو پێیە کە تاکەکە هی کام بەشی کوردستان بێ، وەڵامی جیاوازت پێ دەداتەوە، چونکە ئەرکەکانی دانیشتووانی هەر بەشێکی کوردستان لە ئاست زمانی کوردی، بە پێی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی بەشەکەی خۆیان جیاوازە. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی کوردی هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی نییە. ئەمن پێم خۆشە چونکە باسی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، لەو ڕوانگەیەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و بڵێم وەکوو کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەتوانین زمانەکەی خۆمان بپارێزین؟

پێش هەمو شتێک هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ بدا بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە و بنووسێ و زمانەکەی خۆی بزانێ. ئەگەر لە قوتابخانە ڕێگەی پێ نادرێ، دەبێ بتوانێ لە پەراوێزی قوتابخانەش فێری زمانەکەی خۆی بێ. ئەگەر شاعیرە، وەرگێڕە یا نووسەرە دەبێ بە زمانەکەی خۆی و وەربگێڕێ. ئەگەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسێ با بە زمانی کوردی بنووسێ. ئێستاش زەحمەت نییە وەکوو پێشوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن و ڕێگاکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی ئاسانتر بووە.

ئەرکێکی دیکە بۆ پاراستنی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە بنەماڵەکان هەوڵ بدەن لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسە بکەن و منداڵەکانیان هان بدەن کە گرینگی بە زمانی خۆیان بدەن. شتی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە

ئەوەیە کە بە خۆشییەوە بزووتنەوەیەکی گەورە هەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. کاتی خۆی کۆماری ئیسلامی ڕێگەی دا گۆڤاری "سروە" بڵاو بێتەوە و پێی وابوو ئەم گۆڤارە دەبێتە تریبوونێک بۆ پێداهەڵکوتنی حکوومەت یا خۆی تەرخان دەکا بۆ بابەتی ئەدەبی و فولکلۆری. بەڵام ئەو کەسانەی لە گۆڤارەکەدا کاریان دەکرد هاتن ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ فێرکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی. دوایە کە ڕێگەدرا ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە شارەکانی کوردستان پێک هاتن، بەو هۆیەوە کە خەڵک بە تایبەتی نووسەران، ئەدیبان و لاوەکان هۆگر و دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بوون، ئەم ئەنجومەنانەیان کرد بە شوێنێک بۆ فێربوون و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم بزوتنەوەیە بە خۆشییەوە هەر بەردەوام بووە و چووەتە ئەو قۆناغەوە کە خەڵکانێک خۆبەخشانە کۆر و کۆبوونەوە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی پێکدێنن، کچ و کوڕی ئەم وڵاتە تێیدا بەشدار دەبن کە ئەمە پێشوازییە جێگای شانازییە. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ ئەم بزووتنەوەیە درێژە پەیدا بکا و ڕەهەندی دیکەش بگرێتە بەر. بۆ نموونە بەرە بەرە توێژینەوەی زانستی لەسەر زمانی کوردی و ئەدەب و مێژووی کورد، لە نێو نووسەران و ڕووناکبیران لە هەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵات سەری هەڵداوە. کۆکردنەوە و تۆماری بەڵگە و ئاسەوارە مێژووییەکانیش بەشێکی دیکە لەو خزمەتەیە. ئەرکێکی دیکە کە لەوانە گرینگترە، ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەوێ خزمەت دەکەن و بەرەوڕووی تۆڵەستاندنەوەی ڕێژیم دەبنەوە، پێویستە خەڵک پشتیوانییان لێ بکا؛ بۆ ئەوەی ئەگەر بە ناحەق سزا دران، خەڵک بە دەنگیانەوە بێن و لە پشتیان ڕاوەستن و ڕێژیم نەتوانێ بە هاسانی سەرکوت و دەمکوتیان بکا. لە ڕاستیدا باشترین کار بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێژیم دەیهەوێ خۆیان و ناسنامەی نەتەوەییان بتوێنێتەوە ئەوەیە زۆر بەتوندی بەرگری لە مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

**ڕێباز مەردانی**: زۆر سپاس کاک قادر بۆ ئەم دەرفەتەی بە ئێمەت دا.

**قادر وریا**: سپاس بۆ ئێوەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکرات:




**قادر وریا: پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە**

**پرسیار ئەوەیە: پێویستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو، و ئەم یەکگرتنەوەیە چ دۆخێکی نوێی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنێ؟**

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دادەنێت؟ ئەمە دەکرێ چەند هەنگاو بۆ پێشەوە بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ چ شوێنکارێکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دێموکرات و ناوەندگەراوە هەبێت؟ یەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ شوێنێک لەسەر پێگە و ستاتوی حیزب دادەنێ و چەندە مەیدان بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوەڵتر دەکا؟

**ڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەمجارەیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگر و یەکگرتوو چۆن دەبێت؟**

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکا؟ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی

ئەم حیزبە دروست دەکات"؟

**ئەم مژارەمان وەک پرسیار بەرەوڕووی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی پێشوو و تێکۆشەری دێرینی حیزب و سامان موکریانی (ناوی خوازراو)، چالاکی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات کردوە.**

**ئا: سروور**

**قادر وریا: پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە**

**کوردستان**: یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات؟

**قادر وریا**: یەکێک لە گرنگترین و هەستیارترین ئەرکەکانی ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و بە گشتی هەموو ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوودا تێکۆشانیان هەیە، لە قۆناغی نوێدا ئەوەیە کە ئەم یەکێتی و یەکگرتوویییە وەک گلێنەی چاو بپارێزن.

ئەزموونی ساڵان و قۆناغەکانی ڕابردوو پێمان دەڵێت ئەگەر حیزبێک چەند بەرەکی و ململانێی ناسالمی تێدا بێت، وزە و کات و توانای تاکەکانی بەرەو بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دەچێت، ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکان لای ئەوان کەمڕەنگ دەبنەوە و پشتگوێ دەخرێن. بەڵام ئەگەر تەبایی و یەکگرتوویی و هاودڵی بە سەر حیزبدا زاڵ بێت، فکرەکان و تواناکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئەسڵییەکان تەرخان دەکرێن. لە ڕووی دەروونییشەوە، ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب هەست بە ئاسوودەیی ودڵنیایی و متمانە بەیەکتر دەکەن. ئەم بارە دەروونییە هەستی پشت پێکبەستن و بڕوابەخۆبوون لە تێکڕایاندا بە هێز و، بە تێکۆشان و خەبات دڵگەرمتریان دەکات. ڕیگریش دەبێت لە سەرکەوتنی زۆر لە پیلانەکانی نەیارانی ئەم حیزبە بە تایبەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرامبەر حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

هەموومان دەزانین و دەبینین کە حیزبی دیموکرات بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، چاوەڕوانی و هیوایەکی زۆری لە دڵی هۆگرانی ئەم حیزبە و خەلکی کوردستاندا بە گشتی پێک هێناوە. چاوەڕوانی و هیوایەک کە لێمان دەخوازێ لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشاندا، لە پێشوو دیارتر و چالاکتر بین و ڕۆڵێکی گەورەتر لە بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بگرینە ئەستۆ.

**ئەم چاوەڕوانی و هیوادارییەش لە جێی خۆیدایە، چونکە:**

حیزبی دیموکرات، مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدان و هەر لەو کاتەدا پڕ لە شانازیی هەیە. ئامانج و ستراتیژی و بەرنامەیەکی هەیە کە کە خەڵکی کوردستان بە هی خۆیانی دەزانن. ئەو ڕەمز و هێما و دەسکەوتانەی لە سەر دەست و لە داوێنی ئەم حیزبەوە هاتوونە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بوون بە ملکی گشتی و هەموان شانازیی پێوە دەکەن. کۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگە، سروودی نەتەوەیی،٨٠ ساڵ خەبات و کۆڵنەدان(بەو ٣ساڵەشەوە کە لە ژێر ناوی کۆمەڵەی ژێکافدا خەباتی کردووە)، گیانبەختکردنی هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی و لە سەرووی ئەوانەوە ناو و یادی ڕێبەرە شەهیدەکانی بە تایبەتی پێشەوا قازی محەمەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، ڕەگ و خۆشەویستیی حیزبی دیموکراتیان بە ناخی نەتەوەکەی و بە پانایی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا شۆڕ کردووەتەوە. حیزبی دیموکرات ناسراوی و ئیعتیبارێکی سیاسی و خەباتگێڕانەی گەورەی لە ئاستی ناوچە و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا هەیە. هیزێکی گەورەی مرۆیی هەیە کە سەدان کەسایەتی و خەباتکاری لێوەشاوە و لێهاتوو لە بواری جۆراوجۆر لە نێویاندان. ئەم خاڵ و تایبەتمەندییە ئەرێنیانە و ئەزموونێکی دوورودرێژ و دەوڵەمەند کە لە مەیدانی خەباتی هەمە لایەنەدا کۆی کردووەتەوە، گەورەترین سەرمایە بۆ بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ئەو حیزبەن. ئەگەر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ناکۆکی و لەتبوون و لێکدابڕان بە خۆیەوە خەریکی کردبوو، ئێستا بە وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات و دەرسوەرگرتنی هەموو ئاستەکانی حیزب لە لێکدابران و وێکهەڵنەکردن، دەبێ چاوەڕوانی قۆناغێکی نوێی تێکۆشان و خەبات لە ژیانی ئەو حیزبەدا بین.

لە ڕوانگەی منەوە پاراستنی یەکگرتوویی حیزب، سەرچاوە و دایکی هەموو ئەرکەکانی دیکەیە. دەستەبەری پارێزرانی ئەم یەکگرتوویییەش هەر وەک لە بەیاننامەی یەکگرتنەوە(بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)دا هاتووە، بریتییە لە: " ئەزموونوەرگرتن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی و نەخوازراو، ڕەخنەگرتن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشکاوبێژیی ڕێبەری و ئەندامان لە نێوخۆی حیزبدا، گۆڕین و نوێکردنەوەی کولتوور و سیستەم و شێوازی حیزبایەتی و پێکەوە کارکردن، ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شایستەسالاری، پێکهێنانی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست یەکگرتوویی حیزب و پەسندکراوەکانی، پەروەردە و بارهێنانی ئەمرۆیی و ڕاهێنانی تاکەکان بە گیانی وێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکان، خوڵقاندنی کەشوهەوایەک کە هەمووان حیزب بە هی خۆیان بزانن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٢

# میراتی کۆماری کوردستان




**وتووێژ**: **قەندیل پرێس**

**وتووێژی قەندیل پرێس لەگەڵ قادر وریا مامۆستای زانکۆ و تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان و دۆخی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.**

**قەندیل‌پرێس**: **وەکوو پرسیاری یەکەم، زیاتر لە ٧٨ ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەمەد تێپەڕ دەبێت، بە ڕای بەڕێزتان گەورەترین میراتی کۆماری کوردستان بۆ نەتەوەی کورد چییە؟**

**قادر وریا**: کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە تەمەنێکی کورتی هەبوو، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیری نەتەوەیی و سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا. دەکرێ لە دوو بەشدا ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەم کۆمارە یان وەک بەڕێزت باست کردووە ئاماژە بە میراتی کۆماری کوردستان بکەم:

**یەکەم کاریگەریی** کۆماری کوردستان، دیاریکردنی شارێگەیەک لەبەردەم خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەواکەی، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، نەتەوەبوونی کورد لەو بەشە و شیاوبوونی ئەو نەتەوەیان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆی لەدەست بگرێت، جاڕ دا. ئەو بیرەیان بردە نێو مێشکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کە مافی خۆیانە لەسەر نیشتمانی خۆیان حکوومەتی نەتەوەیی خۆیان هەبێ و بندەستی نەتەوەیەکی دیکە نەبن؛ سەرۆک کۆمار و کابینەی وەزیران و سوپای میللی و ئاڵا و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەبێت؛ زمانەکەیان لە دام و دەزگای بەڕێوەبەری و قوتابخانە و هەموو بوارێکدا ڕەسمیەتی هەبێ؛ بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن و لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە کاربەدەستیان بەسەردا نەسەپێنن؛ کتێب و ڕۆژنامە بە زمانی خۆیان بڵاو بکەنەوە؛ ئاسایش و هێمنیی کوردستان و دانیشتووانی لەلایەن ڕۆڵەکانی خۆیانەوە بپارێزرێت و حورمەت و کەسایەتیی تاکی کورد پارێزراو بێت و سووکایەتی بە جلوبەرگ و زمان و ئایین و کولتووری کورد نەکرێت. ئەم ڕێگایە بە تێکچوونی کۆماری کوردستان و شەهید بوونی سەرکۆمار و یارانی، کۆتایی پێنەهات و وەک دەبینین هەتا ئێستاش بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەڕوات.

**دووهەم کاریگەری**، مانەوەی فەلسەفە و کولتوور و ناوەرۆکی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان وەک میراتێک بۆ نەوەکانی دواتر، بە تایبەتی بۆ نەوەی ئەمڕۆی تاکی کورد بوو. کۆماری کوردستان و بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆکی ئەو کۆمارە، گرنگییەکی زۆریان بە پێکەوەژیان و وێکهەڵکردن دەدا .هەموو هەوڵیان ئەوە بوو یەکێتی و تەبایی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان بپارێزن. ڕۆشنبیران، کەسایەتییە ئایینیەکان، ئاغاوات، عەشیرەتەکان، لادێیی و شاری، هۆز و ناوچەی جیاواز لەگەڵ یەکتر تەبا و گونجاو بن وکەلێن لە نێوانیاندا دروست نەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کۆماری کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی بپارێزن. کۆماری کوردستان نێوەرۆکێکی دیموکراتی و پلۆرالیستی هەبوو. ڕێزی لە کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان دەگرت؛ مافی هەبوونی قوتابخانە بە زمانی خۆیان بۆ وێنە بۆ جوولەکەکان دابین کردبوو؛ ڕێگەی بێڕێزی بە پەیڕەوانی هیچ ئایینێک نەدەدرا. یەکەم جار بوو لە کوردستان بایەخ بە پەروەردەی ژنان، لاوان، منداڵان دەدرا و ببوونە خاوەنی ڕێکخراو و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان. ئەم تێگەیشتنە لە دەسەڵاتی کوردی و ئەم ئەزموونە هەتا ئێستاش لە نێو ڕۆشنبیران و زۆرێک لە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بە ڕێزەوە لێی دەڕوانرێت وخوازیارن درێژەی پێ بدرێت.

### کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یان حکوومەتێکی خودموختار لە چوارچێوەی ئێراندا؟

**قەندیل پرێس**: کۆماری کوردستان یەکەمین دەوڵەتی کوردی لە سەردەمی مودێرن بوو یان حکوومەتێکی خودمۆختار لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا؟

**قادر وریا**: کۆماری کوردستان ئاوێتەیەک لە هەر دووی ئەمانە بوو. ئەگەر سەرنج بدەینە نوتق و لێدوانەکانی پێشەوا و مانشێتەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو سەردەم بە تایبەتی لە ساڵی یەکەمی پێکهاتنی کۆماردا، ئەم کۆمارەمان وەک دەوڵەتێکی کوردی کە باس لە سەربەخۆیی دەکات، دێتەبەرچاو، بەڵام ژمارەیەک لێدوان و چاوپێکەوتنی شەخسی پێشەوا

لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاراندا هەن کە تەعبیری خودموختاربوونی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ ئەو کۆمار بەکار دەهێنێت.

**من بۆ خۆم ئەو بەرزی و نزمی و هەڵکشان و داکشان لەخۆپێناسەکردنی کۆماری کوردستاندا بۆ چەند هۆیەک دەگێڕمەوە:**

**یەکەم**. باسکردن لە استقلال (سەربەخۆیی) زۆرتر ڕووی لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دابووە، چونکە بەرلە ڕاگەیاندنی کۆمار، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکوومەتە میللییەکەیان دەیانەویست کوردستانیش بەشێک بێت لەوان و لەچوارچێوەی ئازەربایجاندا، کوردستان خودموختاری هەبێت. بەڵام پێشەوا و ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئەو نیازەی ئەوانیان پووچەڵ کردەوە و بەم جۆرە سەربەخۆبوونی کوردستانیان لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان ڕاگەیاند.

**دووهەم هۆ**. نوێبوونی ئەو چەمکانە بۆ سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمی کورد و وردنەبوون لە بەکارهێنانیاندا بووە. هەر بۆ نموونە ئەگەر بە ڕاستی ئەم کۆمارە سەربەخۆیی خۆی لە تاران ڕاگەیاندبوو، بۆچی نوێنەری لە پارلمانی ئێراندا هەبوو؟ بۆچی پێشەوا بۆ چاوپێکەوتن و ڕێککەوتن لە گەڵ کاربەدەستان دەچووە تاران؟ بۆچی هەوڵی پێکهێنانی بەرەی سیاسی لە گەڵ هێزە ئێرانییەکانیان دەدا و...هتد؟

زۆر کەس کە حەز دەکەن کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد پێناسە بکەن، دەڵێن کۆماری کوردستان ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو، بۆچی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و سوپای میللی و کابینە و سەرکۆمار و تەنانەت سیستەمی کۆماریی لەنێو سیستەمێکی پاشایەتیدا ڕاگەیاندبوو! ڕاستییەکەی ئەوەیە مۆدێلی ئەوسای یەکێتیی سۆڤییەت بۆ ڕۆشنبیران، ڕێبەرانی سیاسی و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، زۆر جێگەی سەرنج و بایەخپێدان بوو. لە یەکیەتیی سۆڤیەتییش چەندین کۆمار لەسەر بناغەیی نەتەوەیی، لەچوارچێوەی وڵاتی سۆڤیەتیدا هەبوو، بەڵام ئەگەر واشی دابنێین کە سەرانی کۆمار لەسەرەتادا بە نیەتی سەربەخۆبوون لە ئێران، کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاندبوو، دواتر بە دەرچوونی سوپای سۆڤیەت لە ئێران و خۆدزینەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی لە پشتیوانیی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، واقیعیتر لە گەڵ ڕووداوەکان هەڵسوکەوتیان کردووە و پێناسەکردنی کۆمار وەک حکوومەتێکی خودموختار لە چوارچێوەی ئێرانیاندا بە گونجاوتر زانیوە. دیارە هەمووی ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە هیچ لەم ڕاستییە ناگۆڕن کە پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار، نەتەوەی کوردیان بە شایانی سەربەخۆیی و وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ زانیوە، بەڵام ئەوەی بە کردەوە لە لێدوان و هەڵوێستەکانیاندا خۆی دەرخستووە، ئاوێتەیەک بووە لە پێناسەکردنی کۆمار بە دوو خوێندنەوەی

جیاواز.

### وانەکانی کۆماری کوردستان بۆ حکوومەتە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان(*)

**قەندیل‌پریس**: ئێستا لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دوو حکوومەتی کوردمان هەیە بە دوو فورمی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی عێراق و سووریا، بە خەسارناسی کۆماری کوردستان چ پێشنیارێکتان بۆ سەرکەوتنی ئەم دوو حکوومەتە لەم دوو پارچەی کوردستان هەیە؟

**قادر وریا**: لەگەڵ ئەوەی جیاوازییەکی زۆرهەیە لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتە کوردییە، پرسیارەکە زۆر بەجێیە. لەهەر کام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، کورد نابێت هیچ دەرفەتێک بۆ جێگیرکردنی مافی چارەنووس و خۆبەڕێوەبردن و پێکهێنانی حکوومەتی کوردی لەدەست بدات. هەر لەو کاتەشدا پێویستە لەبیرمان بێت کە پاراستنی دەسەڵاتێکی کوردی لە پێکهێنان و راگەیاندنەکەی گرنگتر و دژوارترە. ئەوە کە لەهەلومەرجی گونجاودا دەوڵەت یان حکوومەتی کوردی پێک بێنین و دەوڵەتانی ناوچە بەسەر ئەمری واقیعدا بخەین، کارێکی باشە. نابێ دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕوان بین ئەو دەوڵەتانە پێشنیارمان پێ بکەن حکوومەتی کوردیی خۆمان لە نیشتمانی خۆماندا پێکبێنن. ئەوان نەک ئەو پێشنیازەمان پێ ناکەن، هەر کە پشوویان هاتەوە بەرخۆ و خۆیان ڕێکخستەوە، هەوڵدەدەن هەر دەسکەوتێکی لە هەلومەرجی تایبەتیدا بەدەستمان هێناوە، لێمان بستێننەوە. لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە پاراستنی دەسکەوتێکی ئەوتۆ وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان هەیە، هاسان نییە. ئەگەر هێز یان هێزە سیاسیەکانی پێکهێنەری ئەو دەسکەوتە، نەتوانن یەکگرتوویی خەڵکی ئەو بەشە و پشتیوانیی ئەوان لەخۆیان دابین بکەن؛ جۆری دەسەڵاتدارەتییەکەیان لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان بە دوور بێت؛ لێکدانەوە و خوێندنەوەیان بۆ ئاڵوگۆڕە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دوور لە ڕاستی بێت ؛ دەسەڵاتدارەتییەکەیان تێکەڵاو بە گەندەڵی، نایەکسانی و تیرۆر و تۆقاندن بێت؛ ئەگەر بە وشیاری و ژیرانە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و زلهێزەکان هەڵسوکەوت نەکەن؛ دەسکەوتەکەیان دەکەوێتە مەترسی و ناتوانێت داهاتوویەکی ڕوونی هەبێت.

ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان لە ڕووی گرنگیدان بە یەکێتی و تەبایی نێوخۆیی، بەڕەسمی ناسینی جۆراوجۆرییەکان و بایەخدان بە مافەکانیان، پێوەندییەکی برایانە و نەتەوەیی لە گەڵ نەتەوەی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان، دەتوانێت بۆ هەر دوو حکوومەتی کوردیی ئێستا لە باشوور و ڕۆژاوا بەسوود بێت.

### چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەزای پەهلەوی و سەلتەنەت تەڵەبەکان

**قەندیل‌پرێس**: زیاتر لە ساڵێکە شۆڕشی ژینا یان ژن، ژیان، ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەستیپێکردووە، ئەگەر چی هەوراز و نشێوی خۆی بووە، یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان کە لە پانتایی گەشتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بووە ڕۆژەڤ، بابەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەزای پەهلەوی و سەلتەنەت تەڵەبەکان بوو، بە لەچاو گرتنی ئەوەیکە ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئێعدامی پێشەوا قازی محەمەد بە دەست حکوومەتی پەهلەوی ڕوویاندا، ڕای جەنابتان لەم بارەوە چییە؟

**قادر وریا**: نەتەوەی کورد لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستان، بێ هاوکاری و هاوپەیمانەتی و ڕێککەوتن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، زۆر زەحمەتە بتوانێ پشکی خۆی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بەدەست بێنێت. ئەگەر نەتوانێ یان نەیهەوێ بچێتە نێو هاوپەیمانەتییە سەرانسەرییەکان، لایەنەکانی دیکە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا دەبەن کە خۆیان پێیان باشە و ئەوەی لەم نێوەدا سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە، کوردەکەیە. ئاشکرایە زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە ئەوەی بەلایانەوە گرنگە مانەوەی یەکپارچەیی ئەو وڵاتانەیە و مافە بنەڕەتییەکانی کورد یان نەتەوە بندەستەکانی دیکە، لای ئەوان کەمترین گرنگیی پێدەدرێ. لێرەدایە کە بزووتنەوەی کوردی کە لە زۆربەی بزووتنەوە و هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە، پێشینەیەکی درێژتری هەیە، قوربانییەکی زیاتری داوە و لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا پێگەیەکی بەهێزتری هەیە، دەبێت بتوانێت و بوێرێت بچێتە نێو بارییە سیاسییەکان و هاوپەیمانەتی لە گەڵ هێز و ڕێکخراوە کانی ئەو وڵاتانە، بەڵام بە دوو مەرج :مەرجی یەکەم، هیچ هێز و ڕێکخراوێکی سیاسیی کورد بە تەنیا نەچێت. مەرجی دووهەم، بێ دانانی ئەو هاوپەیمانەتییە بە نەتەوەبوونی کورد و بەڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی، لەگەڵی نەکەوین. کوڕی شا و سەڵتەنەتخوازەکان، نەک هەر ئەوەی حەمەڕەزاشا و ڕێژیمی شایەتی بەرامبەر کورد لە ئێران و کۆماری کوردستان کردوویانە، مەحکوومیان نەکردووە، تەنانەت هێشتا سەرەتاییترین ماف کە پەروەردە بە زمانی دایکە، قبووڵ ناکەن و گاڵتەیان بەم جۆرە مافانە دێت. ئاشکرایە ئەم جۆرە هاوپەیمانەتییە ناتوانێت لە سوودی کورد لە ئێران بێت.

### دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاڵە بەهێز و لاوازەکان

**قەندیل‌پرێس**: وەکوو پرسیاری کۆتایی، دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داهاتووی چۆن دەبینن؟

**قادر وریا**: دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم زۆر ڕەهەندی وای تێدایە کە جێگەی هیوا و شانازیین،

هەم لاوازی و کەم و کووڕیی واشی هەیە کە نابێت لێی بێدەنگ بین و ڕەخنەی لێ نەگرین. هێندێک لە ڕەهەندە بەهێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لە:

**ئەلف**؛ بەردەوامی و بەچۆکدانەهاتنی سەرەڕای هەموو سەرکوت و پیلانێکی ڕێژیمی ئێران. ب-پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری بەجۆرێک کە ئێستا نەک هەر پارێزگەکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، بەڵکوو پەلی بۆ هەر شار و ناوچەیەکی ئێران کە کوردیان لێدەژین، هاویشتووە.

**پ**؛ بوونی وشیارییەکی بەرزی سیاسی و نەتەوەیی لای زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان و ئامادەیی بۆ قوربانیدان لە پێناو ئامانجەکانیان و مافەکانیان. لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، ئەم وشیاری و ئامادەییە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران بە باشی خۆی دەرخست.

**ت**؛ سوود وەرگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان.

**ج**؛ بوونی حیزب و ڕێکخراوی ناسراو و بە ئەزموون کە دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە ڕێکخستن و ڕیبەریی جووڵەی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا.

دیارە وەک وتم ئەم بزووتنەوەیە خاڵی لاوازی گەورەشی هەن. بۆ نموونە:

١- خۆبواردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێکەوە کار کردن و گرنگینەدان بە پێکهێنانی هاوپەیمانی و ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی هاوبەش.

٢- خاوبوونی ڕەوتی خۆنوێکردنەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕووی ڕێبەری، دیسکۆرس و ئەدەبیاتی سیاسی، شێوازەکانی خەبات و تێکۆشان، هەر وەها کەمڕەنگبوونی پرسی ژنان و بەشداریی ژنان لەبەڕێوەبەری و بڕیارداندا و...هتد.

٣- لاوازیی کاری ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی.

٤- نەبوونی هیچ هەوڵ و بەرنامەیەک بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی ساماندارانی کورد بۆ وەڕێخستنی پرۆژەی نەتەوەیی و کولتووری.

٥- دەستپێشخەرنەبوون و تەنانەت کەمتەرخەمبوون لە کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخراوەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە دەوری ئامانج و بەرنامەی هاوبەش.

٦- لاوازی لە ڕاکێشانی هاوکاریی فکری و زانستیی توێژی ئەکادیمیی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

٧- نامۆ بوون بەرامبەر کولتووری ڕەخنەلەخۆگرتن و قبووڵکردنی ڕەخنە و خەسارناسی، هەروەها دوورەپەرێزی لە دیالۆگ(چ لەنێوخۆ و لەگەڵ هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیەدا و چ لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و چالاکانی سیاسیی ئێرانی).

بە کورتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی سیاسی و خەباتگێرانە، خاوەنی ڕێبەرانی بە ئەزموون، هێزی مرۆیی و کادری پێگەیشتوو و تێکۆشەری لێهاتوو، خاوەنی ناوبانگ و ئیعتیبار لە ئاستی کوردستان و ناوچە و جیهاندا، خاوەنی پشتیوانیی بەرینی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێناوی بەرژەوەندەی گەورەتردا واز لە بەرژەوەندی تەسکی ڕێکخراوەیی بێنن، هەوڵی گۆڕینی عەقڵیەتی چەقبەستوو بدەن، ئامادەیی پێکهێنانی هاوکاری و هاوپەیمانی و بەرەیەکی یەکگرتوو لەخۆیاندا پێکبێنن، بە جیددی قووڵ لە چارەسەری ئەم کەم و کووڕیانە هەڵماڵن، ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران هەبێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠٢٤

## د. قادر وریا: پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی یەکگرتوویی نەتەوەییمان دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش!




**دیمانە: حەسەن شێخانی**

### ئاماژە:

لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی زمان بۆتە بزووتنەوەیەکی کولتووری . سیاسی و، ئەم پرسە بۆتە ئاماژەیەک بۆ خۆپێناسەکردن و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان. کورد لەم پرسەدا ڕووبەڕووی داگیرکاری لە تەواویەتی خۆیدا بۆتەوە و سیستەمی زاڵی هێناوەتە ژێر پرسیار و تووشی تەنگژەی کردووە. کوردی ڕۆژهەڵات لە پرۆسەیەکی چڕی وەخەبەرهاتنی نەتەوەیی‌دایە و هەموو پێناسە داسەپاوەکانی نەتەوەی زاڵ بۆ خۆی ڕەت دەداتەوە و خۆی پێناسە دەکاتەوە.

ئەگەر چاوێک لە تابلۆی زیندوو و پڕجموجۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، زمان و پرسی زمان لەم تابلۆیەدا بەرجەستەن و بەشێکی گەورە و گرینگیی ئاکسیۆن و چالاکییەکان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە و ئەم پرسە بۆتە چەقی کار و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا ڕووناکبیران و نووسەران و شارەزایانی بواری زمان، ڕۆڵێکی گرینگیان لە زیندووکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەم ڕەهەندەی خەبات گێڕاوە و بە نووسین و تێزەکانیان بوونەتە ڕێنیشاندەر و، بەرچاوی تاکاکەکانی مافخوازی کوردیان ڕوون کردۆتەوە. یەکێک لەم کەسە دیارانە، "دکتۆر قادر وریا"یە کە وێڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لەم بوارەدا چالاکە و خزمەتی کردووە، تێزێکی دکتۆرای بایەخداریشی پێشکەش کردووە. کتێبی "سیاسەت و

پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا"، کە تێزی دکتۆراکەیەتی، لەم ماوەیەدا لە کوردستان و ئاڵمان چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم تێزە ڕەشەمەی ٢٠٢٤ لە زانکۆی کۆیە گفتوگۆی زانستی لەسەر کار و بە پلەی نایاب پەسند کرا. بە بۆنەی چاپی تێزەکەی لە دووتوێی کتێبکدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پێک هێناوە؛ هەم ئاوڕێک لە نێوەرۆکی تێزەکەی دەدەینەوە و هەم پرسی زمان و گرینگیی ئەم پرسە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات گەنگەشە دەکەین.

**حەسەن شێخانی**: یەکەم پرسیارمان ئەوەیە کە هۆکاری ئەوەی جەنابت ئەم مژارەتان بۆ تێزەکەتان هەڵبژارد چیە؟ کەڵکەڵەی زەینیی جەنابتان چی بوو و ئاسۆی ڕوانینی جەنابتان چی بوو؟

**د. قادر وریا**: هۆی هەڵبژاردنی پرسی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە پرسی زمان نزیکەی سەدەیەکە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دامەزرانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران کە بناغەکەی لەسەر پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان دامەزرا، نەتەوەی کورد خەباتی بۆ بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی کردووە. پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان لە درێژایی ئەو مێژووەدا وای کردووە زمانە نافارسییەکان، بکەونە پەراوێز، پەروەردە بەو زمانانە کە هەم مافێکی سروشتیی ئاخێوەرانیانە و هەم ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ گەشە و زیندوویی زمانەکە، قەدەغە بکرێت. بەم جۆرە نیگەرانی لە داهاتووی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە گرنگیی پەوردە بە زمانی کوردی وەک ڕێگایەک بۆ پێشکەوتنی زمانەکە، هاندەری من بوو تێزی دکتۆراکەم تەرخان بکەم بۆ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا. ئەم سیاسەتە زمانییەی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە ئێران زاڵ بووە، لەسەر بناغەیەکی نادادپەروەرانە و زۆردارانە دامەزراوە، بە بێ گۆڕینی ئەو سیاسەتە زمانییە، واتە بێ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تاکزمانی و بێ ئەوەی زمانە نافارسییەکان بە رەسمی بناسرێن، کۆمەڵ و وڵاتی ئێران هەروا بە دەست کێشەی زمانەوە دەناڵێنن.

**حەسەن شێخانی**: بێگومان ئەم مژارە، مژارێکی گرینگ و ڕۆژەڤە، پێم باشە گرینگیی ئەم مژارە بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر شی بکەیەوە و لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسەی بکەی.

**د. قادر وریا**: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەرێکی گەورەی هەیە، چوار پارێزگەی ئێران دەگرێتەوە، وێرای ئەمەش بە میلیۆن کورد لە دەرەوەی ئەو چوار پارێزگایە، لە خۆراسان و پارێزگاکانی دیکە دەژین. کاتێک باس لە مافی نەتەوەیی و مافە زمانییەکانی کورد لە ئێراندا دەکەین، لە ڕاستیدا باسی مافێکی ڕەوای نزیکەی ١٢ میلیۆن کەس دەکەین.

ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕووبەری باشووری کوردستان زۆر گەورەترە، ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش، لە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق، زۆر زیاترە. کورد دەیان ساڵە لە

دەستووری عێراقدا وەک نەتەوە ناسراوە و زمانی کوردی لە ئاستی عێراقدا بە ڕەسمی دانی پێدانراوە و لە کوردستانیش زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا زمانی ڕەسمییە، زانکۆ و ئەکادیمیا و دادگا و پارلمان بە کوردی هەیە، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەو نەتەوەیە لە ئێران، لە دراوسێیەتیی باشووری کوردستاندا وەک نەتەوە سەیری ناکرێت، زمانەکەی بەڕەسمی ناناسرێت و ڕێگای ئەوە نادرێت لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بخوێندرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ویستی پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی درێژ بە قەدرا مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردی هەیە، هەر لە پێکهاتنی کۆمەڵەی جیهاندانی و لە دەسپێکی تێکۆشان و خەباتی سمکۆی شکاک، پەروەردە و خوێندن بە کوردی، لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بایەخی پێ دراوە. لە کۆماری کوردستاندا، خوێندنی کوردی هەبووە، لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و زاڵبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سەر بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پەروەردە بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەڕێوە چووە. لە ماوەی چوار دەیە و نیوی ڕابردوودا، داوای پەوەردە بە زمانی کوردی، هەموو کات یەک لە داوا سەرەکییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی بووە. دەتوانین بڵێین پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە بە ویستێکی نەتەوەیی و گشتی.

**حەسەن شێخانی: ئەم جموجۆڵ و چالاکییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە چۆن دەبینی و هەڵسەنگاندنی جەنابت لەم بوارەدا چیە؟ لایەنە بەهێز و کەمایەسییەکانی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە چۆن لێک دەدەیەوە؟**

**د. قادر وریا:** ئەو تێکۆشان و خەباتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەییدا هەن، لەوە فراوانترن کە بە جموجۆڵ ناویان بەرین. لە ڕاستیدا بوون بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی فرەڕەهەند کە دیارە پرسی زمان و ناسنامە، هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەکە و چەقی زۆربەی داواکانییەتی. داکۆکی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و تێکۆشانی جۆراوجۆر بۆ پاراستنیان، تایبەت نییە بە پارێزگا یان ناوچەیەکی دیاریکراو، تایبەت نییە بە توێژێک لە خەڵک، لە هەموو پارێزگاکاندا هەیە و توێژی جۆراوجۆریش تێیدا بەشدارن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیارییەکی بەرزی نەتەوەیی و زمانییان هەیە. ئەوان دەزانن ئەو سەرکوت و کۆسپانەی لەسەر ڕێی زمانی کوردی هەبوون و هەن، ئەو ڕێگرییەی لە پەروەردە بە زمانی کوردی کراوە و دەکرێت، بووە بە هۆی ئەوە زمانی کوردی ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی جۆراوجۆر بێتەوە. بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانە، بە دوو شێوەی سەرەکی خەبات دەکەن: لە لایەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانەیان کردووە بە ئەرک لەسەر خۆیان، لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدەن دەوڵەت و دامودەزگاکانی بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسن و چی دیکە مافی پەروەردە بەو زمانە لە خەڵکی کوردستان زەوت نەکەن.

من بوونی ئەم بزووتنەوە کولتوورییە ناسنامەپارێزە، بە بەرهەمی وشیاری و تێگەیشتوویی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانم و زۆر بەرز دەینرخێنم. ڕەسەنایەتی، ڕەگاژوویی بزووتنەوەکە و بەردەوامییەکەی، بڕوامەندبوونی بە بایەخە مودێرنەکانی وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی، ژینگەپارێزی، دووربوونی لە توندوتیژی، فرەڕەهەندبوونەکەی، گرنگیدانی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی شانبەشانی ڕێزلێگرتن و پاراستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی کوردستان، ئەمانە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو بزووتنەوەیەن. هەر لەم کاتەشدا پێموایە بێ کەموکووڕی نییە. بۆ نموونە هێشتا ڕێژەیەکی زۆری خەڵک هەن کە دوورەپەرێزن و پێویستە بۆ بەشداری و ئەرک گرتنە ئەستۆ لەم بزووتنەوەیەدا هان بدرێن؛ تێکۆشان و چالاکییەکان، خەسڵەتێکی ناوچەییان هەیە، گشتی و سەرانسەری و پێکەوەگرێدراو نین. مەبەستم ئەوەیە سەرجەمیان لە یەک سەرچاوە و ناوەندەوە، ڕێنوێنی و ڕێبەری ناکرێن. دەکرێت ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییەکان بەپێی ئەرک و بەرنامە و ئامانجیان لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی تایبەت بە خۆیاندا، چەترێک بۆ پێکەوەبوون و هاوکاری و هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن. بەتایبەتی ئەو ئەنجومەن و ناوەند و چالاکانەی، زمانی کوردی خەمی سەرەکی و هەرە گرنگی ئەوانە، پێویستە هاوکاری و ڕاوێژ و ئامانج و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی چوارچێوەی سیاسەتێکی زمانیی شیاو و کاریگەر دیاری بکەن و بە هاوفکری لەگەڵ یەکتر پلانی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی بۆ دابنێن.

**حەسەن شێخانی: گرینگیدان بە پرسی زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردی چەندە دەتوانێ لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەور بگێڕێ؟**

**د. قادر وریا**: یەکێک لە بەشەکانی ئەم تێزەی من، لەژێر ناوی "زمان و پەروەردە، دەوڵەت-نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت" لەم مەسەلە گرنگە دەدوێت کە پەروەردە چۆن دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتێکی زمانیی دیاریکراو، نەتەوە دروست بکات. هەر بە نموونە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بە زاڵکردنی زمانی فارسی لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا، هەوڵی داوە نەتەوە نافارسەکان لە زمانەکەی خۆیان داببڕێت و هەمووان بکات بە یەک نەتەوە کە ئەو نەتەوەیە، گۆیا نەتەوەی ئێرانە و زمانەکەی فارسییە. مەبەست ئەوەیە دەکرێت بە زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و زمانییەکان بسڕیەوە و نەتەوەیەکی دیاریکراو دروست بکەی، وەک ئەوەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوو دا کردوویەتی. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، دەکرێت نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، بەهۆی ڕەسمیەتدان بە زمانەکەی و دابینکردنی پەروەردە بە زمانی خۆی، سیاسەتی توانەوە لە نێو زمان و ناسنامەی داسەپاودا پووچەڵ بکاتەوە و زمانەکەی خۆی کە یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی نەتەوەبوونییەتی، بپارێزێت و بەم جۆرە بەر بە توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگرێت.

دیارە لەم تێزەدا داکۆکی لەوە کراوە کە نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد لە وڵاتێکی وەک ئێران، بۆ ئەوەی نەتوێتەوە و مانەوەی خۆی وەک نەتەوەیەک دەستەبەر بکات، پێویستە پێگەیەکی دەستووری بۆ خۆی دابین بکات بە جۆرێک کە هەم پشکێکی کاریگەری لە بەڕێوەبەریی وڵات و دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبێت، هەم بەڕێوەبەرییەکی تایبەت بەخۆی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکەی، ڕاییکردنی مافە نەتەوەییەکان و بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرزەوی و شار و ناوچەکانی کوردستان و دانیشتووانی، هەبێت. گرنگترین ئەرکیش لەسەر شانی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە دەبێت، پەروەردە بە زمانی کوردییە کە پاراستن و گەشەی زمانەکە دەستەبەر دەکات.

**حەسەن شێخانی:** چەندە لەگەڵ ئەم ڕایەی کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا و پێش گەیشتن بە ڕزگاری، پرسی دروستبوونی زمانی ستاندارد یان یەکگرتووی کوردی، لە پلەی دوویەمی گرینگیپێداندایە؟ با پرسیارەکە بەم شێوەیە بێنینە ئارا کە گرینگینەدان بە پرسی دروستکردنی زمانی ستانداراد لە قۆناغی شۆڕشدا، چەندە دەتوانێ زیان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و یەکگرتوویی کورد بگەیەنێ؟

**د. قادر وریا:** ئەمە پرسیارێکی زۆر گرینگە. پرسی زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەی کورد، هەستیارییەکی تایبەتی هەیە و ئەگەر بە دووربینی و ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی سوودگەیاندن بە یەکگرتوویی نەتەوەییمان، دەتوانێت ببێت بە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆیی و لێک دوورکەوتنەوە. هەر کات باس لە زمانی ستاندارد بۆ کورد دەکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە نەک یەک کوردستان، بەداخەوە چەند کوردستانمان هەیە، واتە لانیکەم چوار پارچەی کوردستانمان هەیە کە هەر یەکەی بە وڵاتێکەوە لکێندراوە، و ڕێژیم و سیستەمێکی سیاسیی جیاواز و بە زۆرییش دژ بە کورد بەسەریاندا زاڵە. جگە لە باشووری کوردستان و عێراق کە بە ڕەسمی دان بە بوونی نەتەوەی کورد و زمانەکەیدا نراوە و لە شێوەی فیدراڵیدا جۆرێک مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد بەڕەسمی ناسراوە، لە پارچەکانی دیکە و لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و سوریا بە داخەوە نەتەوەی کورد پێگەیەکی دەستووریی نییە و مافە زمانییەکانی دانیان پیدا نەنراوە و بە ڕەسمی نەناسراون.

جگە لەمەش ئەم کوردستانانە لە ڕووی سەردەستبوونی زارێکی زمانی کوردی و پێشینەی بەکارهێنانی دیالێکتێکی زمانی کوردی لە نووسیندا، جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، دیالێکتی کورمانجیی ژووروو هەم ئاخێوەری زیاتری هەیە، هەم پێشینەی نووسینی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی بەو دیالێکتە زیاترە، هەروەها نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین لەو دوو بەشە برەوی هەبووە. بەڵام لە باشوور و ڕۆژهەڵات، دیالێکتی کوردیی نێوەڕاست (کە بە سۆرانی ناسراوە) وەک زمانی ستاندارد هەتا ڕادەیەکی زۆر جێ کەوتووە. چاوەڕوانیی ئەوە کە یەک زمانی ستاندارد لە هەر چوار پارچە جێ بکەوێت و وەربگیرێت، چاوەڕوانییەکی نەگونجاو و دوور لە ڕاستییە؛ چونکە جگە لەوەی هەر یەکێک لەو

دیالێکتە کە بوون بە بنچینەی زمانێکی ستاندارد لە دوو بەشی کوردستان، لەبەشەکانی دیکە پێشینەیان نییە و ئاخێوەری کەمتریان هەیە، هاوکات سیستەمی سیاسی و ئیداری و یاسایی و پەروەردەش لەزۆربەی ئەو کوردستانانە بەدەست کوردەوە نین، تا لە ڕێگای ئەوانەوە ئەم زمانە ستانداردەیان بەسەردا فەرز بکرێت.

من پێم باشە بە پلەی یەکەم ئەم دوو ستانداردییە قبووڵ بکەین، هاوکات هاندەری هەر تاکێکی کورد بین کە فێری ئەلفوبێ و خوێندنەوە و تێگەیشتن بە زمانە ستانداردەکەی دیکەش بێت. لە ئاست بڵاوبوونەوەی نووسین و ئەدەبیات بە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی(لە دەرەوەی ئەو زمانە ستانداردە) هەستیار نەبین و دژایەتییان نەکەین و وەک سامانی زمانی کوردی لێیان بڕوانین. تەنانەت لە قۆناغی باخچەی ساوایان و پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییدا، قورسایی پەروەردە بەو زارانە بێت کە منداڵان لە ماڵەوە قسەی پێ دەکەن، لە پۆلەکانی دواتر و قۆناغەکانی سەرتردا، با پەروەردە بە زمانە ستانداردەکە بێت. مەبەستم ئەوەیە جێخستنی زمانی ستاندارد لە کوردستان، پێویستە بە سەرنجدان بە فرەزاریی زمانی کوردی و هەستیاریی ئاخێوەرانی ئەو زارانە و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان، باسی لێ بکرێت و ڕێگای بۆ بدۆزرێتەوە، نەک بە سەپاندن. چونکە ئەگەر بە زۆر و سەپاندن بێت، ئەو جار دەبێتە سەرچاوەی لێک دوورکەوتنەوە و دروستبوونی کەلێنی نەتەوەیی. ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە ئێمە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیداین، بە زیانێکی گەورە بەسەرماندا دەشکێتەوە.

**حەسەن شێخانی:** خۆتان دەزانن یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران ئەوەیە کە زمانی کوردی بۆ ئاستی زمانی لۆکاڵی دابەزێنێ، ئەمەش لەو ڕاستایەدایە کە کورد لە نەتەوەوە بۆ ئیتنیک دادەبەزێنێ؛ دەیەوێ هەم زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ و هەم زاراوەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی شێوێندراو، لە هەمبەر زمانی یەکگرتووی کوردی زەق بکاتەوە، جەنابت لەم بارەوە چۆن بیر دەکەیەوە و ئەم پرسە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**د. قادر وریا:** لۆژیکی ڕێژیمەکانی ئێران و بە گشتی هەموو ئەوانەی لە ڕووی فکرییەوە دەکەونە بازنەی ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران، ئەوەیە کە لە ئێران یەک نەتەوە هەیە، ئەو نەتەوەیەش زمانەکەی فارسییە. ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی ئەدی کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب چن؟ نەتەوە نین؟ زمانەکەیان زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز نییە؟ دەڵێن نەخێر ئەوانە قەومن، زمانەکەشیان زمانێکی قەومییە، لۆکاڵی(خۆجێیی)یە، "گویش" یان زارێکی زمانی فارسییە، ئەگەر لقێکی زمانی فارسییش نەبێت، هەر زمانێکی تەواو نین و ناتوانن زمانی پەروەردە و یاسا و زانست و...هتد بن! تەنیا دەتوانن زمانی شوانکارەیی و کشتوکاڵ و فۆلکلۆر بن! ئایدۆلۆژیای ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونە ناڕاستە دامەزراوە کە ئەگەر پێکهاتەی خەڵکی ئێران وەک چەند نەتەوە بە چەند زمانی جیاوازەوە پێناسە بکەن، ئێران لێک هەڵدەوەشێ. هەر بۆیە هەر چەندی بۆیان بکرێت نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانیان، سووک و چووک دەکەنەوە. تا بیری خۆ بە نەتەوەزانین و

قایلبوونی پێگەی نەتەوەیی و زمانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان و زمانەکەیان، لە مێشکیان بەرنە دەر. یەکێک لەو هەوڵانەیان ئەوەیە کە شتێکی وەک زمانی یەکگرتووی کوردی بەرجەستە نەبێتەوە و کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد نەبێت، هەتا بتوانن زمانی کوردی وەک کۆمەڵێک زار کە پێوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە نییە و ئاخێوەرانیان لێک تێناگەن، بناسێنن. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵە شوومەیاندا، تێدەکۆشن هێندێک زار لە زمانی کوردی دابڕن و وەک زمانێکی جیاواز، پێناسەیان بکەن و هانی ئاخێوەرانیان بدەن کە خۆیان وەک خەڵکێکی جیاواز لە نەتەوەی کورد و زاری قسەکردنیان، بە شتێکی جیاواز و لە دەرەوەی زمانی کوردی بناسێنن، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن بە شێوەی جۆراوجۆر لە خۆیان مایە دابنێن.

لێرەدایە کە تاکێکی کورد لە ئێران دەبێت لەم ڕاستییە تێ بگات کاتێک ڕێژیمی ئێران یان ڕووناکبیرانی سەر بە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بایەخ بە تەنیا زارێکی زمانەکەی دەدەن و پێگەیەکی تایبەتی وەک زارێکی سەربەخۆی بۆ قایل دەبن، ئەویش لە کاتێکدا کە ئامادە نین کۆی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ڕەسمی بناسن، مەبەستێکی خێریان نییە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە هەوڵانەدا، ئەرکی هەر تاکێکی کوردە جا هەر ئایین و ئایینزایەکی هەبێت، لە هەر هۆز و شار و ناوچەیەک بێت و بە هەر زار و بنزارێک قسە بکات، بڵێت ئێمەی کورد یەک نەتەوەین و خاوەنی یەک زمانین کە ئەویش زمانی کوردییە. واتە دەمارگرژی لە ئاست ئایین و ئایینزا و زار و بنزار و هۆز و شار و ناوچە، نابێت وامان لێ بکات زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانیان لە پێناودا بکەینە قوربانی.

**حەسەن شێخانی**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خۆتان یەکێک لە کەسە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردیی ڕۆژهەڵاتی و، ناسینێکی لە نێوەوە لەم بارەوە هەیە، کارکردنی حیزبە کوردییەکان لە بواری زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەوان گرینگیی تەواویان داوە بە پرسی زمان و کاریان کردووە بۆ یەکگرتووکردنی زمانی کوردی؟ یان بە پێچەوانە خۆیان هۆکارێکی پرشوبڵاوی و ناکۆکی لە پرسی زمانی یەکگرتوودا بوون؟

**د. قادر وریا**: وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوودا وتم، ئێمە بە داخەوە کوردستانێکی یەکگرتوومان نییە و چەند کوردستانمان بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز و بە بارودۆخی سیاسیی لێک جیاوازەوە هەیە. بۆیە بێگومان لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا بەرانبەر پرسی زمان جیاوازی هەبووە و هەیە. دیارە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە هەڵگری پرسی نەتەوەیی نەبوون، زیاتر خۆیان بە حیزبی چینێکی دیاریکراو و هەڵگری پرسی چینایەتی زانیوە،گرنگییەکی ئەوتۆشیان بە مافە نەتەوەییەکان بە تایبەتی پرسی زمان نەداوە، بەڵام ئەو حیزبانەی بۆ ڕزگاریی کورد لە بندەستی و داگیرکراوی، خەباتیان کردووە، بەو هۆیەوە کە پرسی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆنتێسکتی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییدا گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، زۆربەیان داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردییان

کردووە. من زیاتر لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری و شارەزاییم هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ڕۆڵی سەرەکی و ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیەی هەیە، بۆیە دەکرێ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، سیاسەتی زمانیی ئەم حیزبە وەک نموونە وەربگرین. دەتوانم بڵێم حیزبی دیموکرات سیاسەتێکی نەتەوەیی و دروستی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زماندا هەبووە. ئەم سیاسەتە زمانییە لە پیوەندی لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێراندا، داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستان و کردنی بە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداری کردووە. لەنێوخۆیدا و ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچی لە دەستی هاتووە بۆ خزمەتی ئەو زمانە، بە تایبەتی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و وەرێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی، خۆی لێ نەپاراستووە. لە ئەدەبیاتی نووسراوی خۆیدا ڕەچاوی نووسین بە زمانی ستانداردی کردووە، هیچ کات لە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی زمانی کوردی و داکۆکی لێکردنی غافڵ نەبووە. ڕەهەندێکی پرشنگداری دیکەی ئەم سیاسەتە زمانییەی حیزبی دیموکرات، داکۆکی لە مافە زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، هەروەها مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە ناکوردەکان لە کوردستانە.

**حەسەن شێخانی**: ئایا پێویستە کورد لە ئێستاوە، واتە لە قۆناغی شۆڕشەوە لە بیری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ؟ هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی لەم بارەوە چۆن دەبینی؟

**د. قادر وریا**: پرسیارێکی بەجێیە. سیاسەتی زمانی، شتێک نییە کە تەنیا ئەو کاتەی دەسەڵاتی نیشتمان و وڵاتی خۆمان بە دەستەوەیە بیری لێ بکەینەوە. هەر لەجێدا سیاسەتی زمانی هەر تایبەت نییە بە دەوڵەتان؛ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بنەماڵەکانیش دەتوانن سیاسەتی زمانییان هەبێت. حیزبێک هەروا کە بۆ بوارەکانی وەک سیاسی و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی، بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و بواری کولتووری، ڕوانگە و باوەڕەکانی خۆی گەڵاڵە دەکات و بە خەڵکیان دەناسێنێت، پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زمانیشدا، بەرچاوی ڕوون بێت و بڕیار و پەسندکراوی ئەوتۆی هەبێت کە ڕێگایەکی دروست و ئاسۆیەکی ڕوون نیشانی ئەندامان، جەماوەری خۆی و ئەو خەڵکە بدات کە پشتیوانیی لێ دەکەن. سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆیە پێویستە لە ئێستاوە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە پرسێکی ئاڵۆزە و لەنێو خەڵکدا بیروڕای جیاواز و تەنانەت ناکۆک لە بارەیەوە هەیە. ئەگەر ئێستا قسەی لەسەر نەکرێت، ڕەهەندە جیاوازەکانی نەکەونە بەر باس و شەنوکەو نەکرێن، سوودەکان و مەترسییەکانی هەر یەک لە ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکان ئێستا ڕوون نەکرێنەوە، لەوانەیە تا دەگەینە ئەو ڕۆژەی، وەک کورد چارەنووسی خۆمان دەگرینە دەست، زۆر لێک دوور بکەوینەوە. من بە نۆرەی خۆم لە ڕێگای ئەم تێزەوە، هەوڵم داوە بە وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی شارەزایان و چالاکانی بواری زمان و پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێکدانەوە و شێکردنەوەی ڕوانگە و خوێندنەوەی ئەوان، نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەری پرسی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گەڵاڵە بکەم، نەخشەڕێگایەک کە بناغەکەی لەسەر بەڕەسمی ناسینی فرەزمانی، مافەزمانییەکان، پەروەردە بە زمانی دایک و ویستی

ئێستای خەڵکەکەمان دامەزراوە. ئەم نەخشەڕێگایە دەکرێت و زۆریش پێویستە لە لایەن شارەزایانی بواری پەروەردە و زمان قسەی لەسەر بکرێت، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان بکرێن و بەجۆرێک دەوڵەمەند و گشتگیر بکرێت کە دیدێکی هاوبەش و بەرچاوڕوونییەک بۆ داهاتووی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست ببێت.

**حەسەن شێخانی**: ئاسۆی مافخوازیی کورد و بەتایبەت چڕبوونەیەیان لەسەر زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**د. قادر وریا**: چارەسەری پرسی نەتەوەیی و پرسی زمانی کوردی لە ئێران، بە دوو لایەنەوە بەستراوەتەوە. لایەنێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی بزووتنەوە کولتووری و مەدەنییەکەی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن، لایەنەکەی دیکەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە تاران لەسەر کارە. ئەوەندەی پێوەندیی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، زۆر بە ئاسۆی مافخوازیی کورد بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ داواکردنی مافە زمانییەکانیاندا گەشبینم. ئەوەی لە هیچمان شاراوە نییە ئەو وشیارییە نەتەوەیی و زمانییە ڕوو لەگەشەیەیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدیی دەکرێ. ئەم وشیارییە هاندەر بووە بۆ ئەو هەمووە هەوڵ و چالاکییانەی لە پێناوی پاراستنی زماندا وەڕێخراون، هەر لە پێکهاتنی سەدان فێرگەی زمانی کوردی، هەڵمەتی بەکوردینووسین لە سۆشیالمیدیادا، بایەخدان بە فەرهەنگنووسیی کوردی و توێژینەوە لە سەر ڕێزمانی زارە کوردییەکان تا دەگاتە خەبات و پێداگری لەسەر بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی. ئەم هەوڵانە وایان کردووە کە زۆربەی تاکەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات گرنگی بە پاراستنی زمانی خۆیان بدەن و مەترسیی لەدەستدانی زمانی کوردی و توانەوە لە زمان و ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا کەم بێتەوە.

وەک ئاماژەم پێکرد، ئەم هاوکێشەیە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێرانە. بە ناسیاوییەک کە لەو ڕێژیمە و ئایدۆلۆژیایەک کە ئەو ڕێژیمەی لەسەر دامەزراوە، هەمە، ئەو پێز و مایەیان تێدا نابینم بەدەنگ داوای ڕەوای کورد و هیچ کام لە نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە بواری زماندا بێن و وەڵامی ئەرێنییان بدەنەوە. نەک هەر ئەم ڕێژیمە بەڵکوو ڕێژیمەکانی داهاتووش ئەگەر ئایدۆلۆژیای یەک نەتەوە و یەک زمانیان بۆ ئێران هەبێت، هەر دژی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەوەستنەوە. بۆیە ڕێگاچارەیە هەر ئەوەیە خەباتمان هەتا لابردنی ئەو ڕێژیمە. و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسیی کە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لە ئێراندا بە ڕەسمی بناسێت، درێژە بدەین

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# زمان، شوناس و سەردەم




**د. قادر وریا: تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی**

**دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر**

**ئاماژە:**

**وێژمان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ د. قادر وریا پێوەندیدار بە زمان، شوناس و سەردەم باسی لە چییەتی زمان وەک پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناس کردوە، هەروەها بە سەرنجدان بە پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی ئەم دۆخەی لەسەر ڕەوشی زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندوە و پێویستییەکانی پاراستنی زمان و شوناس لە سەردەمی بەجیهانیبوونی خستووەتە بەرچاو. "کوردستان" ئەم وتووێژە لە دوو بەشدا بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.**

**شنۆ مێهرپەروەر: زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی زمانی داگیرکردنن. زمانێکن کە لەسەر بنەما و بەستێنی ئەوان داگیرکاری و شەرعییەتی زەینی و ئایدۆلۆژیکیی داگیرکردن بەرهەم هاتووە. تا چەند زمانی کوردی لەگەڵ هەموو**

ئاستەنگەکانی بەردەمیدا کە دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچە بۆیان دروست کردوە، توانیویەتی ببێتە پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی کورد؟

**د. قادر وریا**: زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسیش وەک هەموو زمانێکی دیکە لە لایەکەوە ئامرازێکن بۆ پێوەندیی نێوان کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو، هەر لەو کاتەدا توانایەکن بۆ خستنەڕووی بیر و ئەندێشە و خاڵ و هزری ئەو کەسانەی قسە بەو زمانانە دەکەن. ئەوە زمانەکان نین کە پاوانخواز، داگیرکەر یان فاشیستن، بەڵکوو ئەو ئایدۆلۆژیا و ئەو سیاسەتانەی لە پشت بەکارهێنانی ئەو زمانانەن، ئەوانن کە داگیرکەرانە، فاشیستی و پاوانخوازن و کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەویدیکە و سەرکوتی زمانەکانیان دەکەن. ڕاستە ئەو زمانانە زمانی نەتەوەی سەردەستن، لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە خۆیانەوە لکاندوە، هەر بۆیە پێویستە لە ئاست کاریگەریی نەرێنییان لەسەر زمانی کوردی هەستیار بین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تاکی کورد خۆی فێری ئەو زمانانە نەکا. بۆ کوردێک کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو زمانانە دەژی، بۆ نموونە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە زمانی فارسی بزانێ و باشیشی بزانێ، لە باکووری کوردستان زمانی تورکی بزانێ و باشیشی بزانێ و هەروەها لەو وڵاتانەش کە کورد لەگەڵ عەرەب دەژی و عەرەب نەتەوەی سەردەستە، پێویستە بە چەند هۆکار ئەو زمانانە بزانین. ئێمەی کورد تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکەدا دەژین یانی کوردستان بوونێکی سەربەخۆی نییە و کورد ناچارە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە یەک وڵاتدا بژیت، پێویستمان بە زانینی ئەو زمانە هەیە. بۆ وێنە نوێنەری کورد لە پارلەمانی ئەو وڵاتانە دەبێ بەو زمانە شەڕ بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی بکات. لە زانکۆکان، لە کۆڕ و کۆنفڕانسە زانستییەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە بەو زمانانە ئامانجەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە، ناراستییەکان بەرپەرچ بدەینەوە، بوونی خۆمان و مافەکانی خۆمان و ویستەکانی خۆمان بسەلمێنین، ئەگەر ئەو زمانانە نەزانین، دەنگمان بە بەردەنگەکانمان لە نێو ئەو ولاتانەدا ناگات. بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێمە دووری لەو زمانانە بکەین، پێویستمان بەوە هەیە کە ئەو زمانانە بزانین و بتوانین بە هۆیانەوە شەڕی خۆمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین.

دێمە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە سەرەڕای ئەوەی ئەو زمانانە لە خزمەت سیاسەتی داگیرکەرانە و لە خزمەت سیاسەتی هەژمۆنیی دەسەڵات لە وڵاتەکانی خۆیاندان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی هەر توانیویەتی بەشێکی سەرەکی بێت لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، ئەو نەتەوانەی ئێمەی کورد لە گەڵ ئەوان لە چوارچێوەی ولاتێکدا دەژی لە باری ئایینەوە لێک نێزیکین، ڕاستە خاوەنی سەرزەویی خۆمانین، مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، و کۆمەڵێک شتی تر هەیە کە ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، بەڵام گرنگترین هۆکاری لێک جیاکردنەوە و جیاوازیمان، ئەوەی لە هەمووان بەرچاوترە، زمانی کوردییە. لە شوێنێک کە تاکەکانی سەر بە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، **یەکەم شت کە کوردیک خۆی پی لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، زمانەکەیەتی. لە سەردەمی ئێستادا بەجیهانیبوون و کەمرەنگبوونی سنوورەکان بۆ**

پێوەندییەکان و پێکەوەژیان وایان کردوە کە لە ڕووی جلوبەرگەوە، لە باری جۆری خواردن و خواردنەوە، مۆسیقا، بیناسازی و شێوەی ژیان و زۆر لایەنی دیکەی کولتووری، وێکچوونی زۆر لە نێوان کۆمەڵ و نەتەوەکاندا دروست بووە. یانی ئەمانە وایان کردووە ئێمە هەست بکەین لە ڕووی کولتووریشەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان لێک نزیکین. لە پلەی یەکەمدا ئەوەی ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، زمانەکەیە. من بۆ خۆم وا بیر دەکەمەوە ئەگەر کوردێک بەرانبەر بە تورکێک بەرانبەر فارسێک، عەرەبێک و هەر کەسێکی دیکە کە بە زمانی دیکە قسە دەکات بیهەوێ بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە، بیر لە ئەدەبیاتی خۆی، لە شێعر لە چیرۆک، ڕۆمان، بەیت و گۆرانی و لاوانەی و پەند و ئەفسانەی خۆی و... دەکاتەوە کە ئەوانە زۆربەیان لە زمانەکەیدا کە زمانی کوردییە، ڕەنگدانەوەیان هەیە، کە وایە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زمانی کوردی توانیویەتی ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامەی کورد و، تاکی کورد بەر لە هەرشتێکی دیکە بەهۆی زمانەکەی خۆی لە دەوروبەرەکەی جیا دەکاتەوە و هەست دەکات شوناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە.



د. قادر وریا، زمانناس و مامۆستای زانکۆ

**شنۆ مێهرپەروەر**: کوردی لە باشووری کوردستان زمانی فەرمییە، لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتی عێراقیشدا زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی، زمانێکی فەرمییە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا زمانی کوردی، زمانی فەرمییە. بەڵام لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی نەک نییە، بەڵکوو قەدەغەشە. ئەم جیاوازییە لە پێگەی زمانی کوردی لەو چوار وڵاتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی زمانە، داناوە؟

**د. قادر وریا**: پێگەی زمان بۆ خۆی چەمکێکی گرینگە و ئاماژەیە بەو پێگەیەی کە زمانێک لە وڵاتێک هەیەتی، جۆری پێگەیەکی کە زمانێک لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا هەیەتی دەتوانێ زۆر ڕۆڵی لە پێشکەوتن یان لاوازبوونیدا هەبێت. یانی ئەگەر

زمانێک پێگەیەکی ڕەسمی، قانوونی و پێگەیەکی ئاییینی هەبێت، ئەمانە یارمەتیدەری دەبن بۆ پێشکەوتنی. بۆ نموونە زمانی فارسی کە لە ئێران زمانی ڕەسمییە، پێگەیەکی قانوونی و تاقانەی هەیە و کراوە بە تاکە زمانێک کە لە ئێراندا لە بواری پەروەردەدا، لە ڕووی ئیدارییەوە، لە دادگا و پارلەمان و دەولەت و لە گشت بوارە ڕەسمییەکاندا، کاری پێ دەکرێت و بێ ڕکابەرە، ئەمە کۆمەڵێک ئاسانکاری بۆ دابین دەکات. یانی دەوڵەت و دەسەڵات ناچار دەکات کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە خزمەتیدا بن. بۆیە زمانێک کە لەو پێگەیە بێبەشە بە دڵنیاییەوە تووشی زۆر کێشە دەبێت. ئاماژەتان بە پێگەی زمانی کوردی لە ئێراق کرد، ئەمە نموونەیەکی زۆر باشە. لەگەڵ ئەوەی مێژووی عێراقیشبە تایبەتی لە هاتنە سەر کاری بەعسییەکانەوە هەتا کاتی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان، بەردەوام دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەگەڵ کورد لە شەڕدا بووە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە و سەرەڕای هەبوونی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرە و ئەو هەموو وێرانکارییە؛ چونکە زمانی کوردی لە عێراق پێگەیەکی ڕەسمیی هەبوو و مافی ئەوەی پێ درابوو کە پێی بخوێندرێ و وەکوو زمانێک دانی پێدا نرابوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو زمانە نە تەنیا بڵێین لاواز نەبوو، بەڵکوو هەر توانی بەرەو پێش بچێ. چونکە منداڵێک کە دەچووە قوتابخانە، لە ڕۆژی یەکەمەوە بەو زمانە پەروەردە دەبوو و هەتا دوایین ساڵانی خوێندن ئەو زمانەی هەر لەگەڵدا بوو، ئەوە بۆخۆی خۆشەویستییەکی بۆ زمانەکە لای فێرخوازەکە دروست دەکرد و وای دەکرد ئەو زمانە لە ڕێگای پەروەردەوە بڵاو بێتەوە و پەرە بستێنێ. جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە خوێندنگە دەیانخوێند لەگەڵ زمانەکە بەردەوام سەروکاریان هەبوو، زمانەکەش ناچار بوو پێداویستییەکانی خۆی لە باری زانستی و پەروەردەییەوە دابین بکات، بۆ وێنە بۆ بوارەکانی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرناسی، جۆگرافیا و بۆ زۆرێک لە زانستەکانی دیکە پێویستی بە زاراوە و بە وشەی نوێ هەبوو و ئەمانەشی دابین کردبوو، چونکە کاری پێ دەکرا. ئەوەی کە زمانی کوردی لە چاو هەموو بەشەکانی کوردستان لەو بەشە، باش مایەوە و توانی بەرەو پێش بچێت ، بە جۆرێک کە تا ئێستاش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ زۆر لەو چەمک و زاراوانە قەرزداری زمانی کوردی لەو بەشەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و لە عێراق بوویەتی.

ئاماژەتان بە زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، ئەمە زۆر جێگەی سرنجە کە لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا نەک هەر زمانی کوردی مەجالی پێ نەدەدرا بەڵکوو هەوڵی سڕینەوەی دەدرا و کورد لەوێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و زمانی بێبەش بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە بێتە زمانی خوێندن و، بێتە نێو زانکۆ و ببێتە زمانی بەڕێوەبەری، ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورە بوو بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێک نەتەوەی کورد دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە و دەرەتانی خۆبەڕێوەبردنی هەبووە، نەک هەر هەوڵی داوە مافە زمانییەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکوو مافە زمانی و کولتوورییەکانی ئەو کەمە نەتەوانەش کە لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا بوون، دابین کردوە. ئێمە نموونەی کۆماری کوردستانمان هەیە، نموونەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە و لە ڕۆژئاواش هەر بەو شێوەیە، ئەمەش یەکێک لە خاڵە

گەشەکانی سیاسەتی کوردی بووە بەرانبەر بە زمانی کەمە نەتەوەکان.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکراتە کە زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمی و قانوونیی نیە، ڕێگای ئەوەی لێ گیراوە کە کاری پەروەردەی پێ بکرێ، پێی بخوێندرێ و زمانی بەڕێوەبەری بێ، ئەمە بۆ خۆیی زیانی زۆری بە زمانەکە گەیاندوە و بووەتە هۆی لاوازبوونی. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا بە هەڵسەنگاندنی خۆم ئەمن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی کوردی کەمتر زیانی پێ گەیشتوە، هۆکارەکەش ئەوە بووە کە خەباتێکی نەتەوەیی دوورودرێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە. یانی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دواتر دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هەمیشە پرسی زمان لە پێشەوەی پرسەکانی دیکە بووە، یا پرسێکی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردی بووە و ئەمە وای کردوە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لەسەر گرنگیی زمان، لەسەر فێربوونی زمان و پاراستنی زمان پێداگری بکات و جۆرێک وشیاریی زمانی لەنێو نەتەوەکەیدا پەرە پێداوە. بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە جۆرێک هەستیاریی لە ئاست زمانی کوردی بە تایبەتی لای نووسەران، شاعیران، ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ زمان هەیە، هەبووە و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە پارێزەری زمانەکەیان بن و بەشێوەی جۆراوجۆر بیپارێزن، بە تایبەتیش کە خەڵکەکە هەستی کردوە دەسەڵات دەیهەوێ ئەو زمانە پەراوێز بخات و سەرکوتی بکات، ئەمە هاندەر بووە کە زمانەکەیان باشتر بپارێزن وخەمی لێ بخۆن. لە باکووری کوردستان ئێستاش بە داخەوە بە میلیۆنان کورد هەن کە ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن. ڕەنگە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە سەدەی پێشوودا و لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەندی بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرینگیی بە ویست و داخوازیی چەپ داوە، ئەوەندەی گرنگیی بە زمانی کوردی و بە داخوازی نەتەوەیی نەداوە و ئەمەش بە نۆرەی خۆی وشیاریی زمانیی کەم کردۆتەوە. هەڵبەت ناکرێ حاشا لەوەش بکەین کە سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی لە تورکیە لە چاو ئێران، زۆر توندتر بووە.

**شنۆ مێهرپەروەر:** زمانی کوردی وەک یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی کورد چە پێگەیەکی لە یادەوەریی بەکۆمەڵ و گێڕانەوەی مێژووییدا هەیە و تا چەندە لە ڕێگەی زمانەوە پێش بە فەوتانی ئەو سەرمایە دەوڵەمەندەی کورد گیراوە؟

**د. قادر وریا:** گومان لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر لە سامانی زمانیمان، لە ئەدەبی زارەکیمان تەنانەت ئەدەبی نووسراومان بەو هۆیەوە کە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەشی هەرە زۆری بەشەکانی کوردستان دەرەتانی نووسین بەو زمانە و خزمەتکردنی نەدراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ڕێگریشی لێ کراوە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوە بەشێک لەو سامانە ئەدەبی و زمانییەمان بفەوتێت. بەڵام هاوکات هەمیشەش لەنێو کۆمەڵی کوردستان، لەنێو نەتەوەی کورددا کەسانێک هەبوون بەهۆی دڵسۆزییان بۆ زمانەکەیان، بەهەر زەحمەتێک بووە توانیویانە بەشێک لە دەستنووسەکان، لە دیوانی شاعیران، لە پەند و فۆلکلۆر و بەیت و چیرۆک و ئەو سامانە زمانییەی هەمانبووە بپارێزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی

کوردی توانیویەتی هەڵگر و گوێزەرەوەی ئەو یادەوەرییە بەکۆمەڵانە بێت. لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراو و چەند پارچە بووە، لەگەڵ ئەوەی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز هەبووە و خەڵکی کوردستان لە وڵات و هەرێم و ناوچەی جیاوازدا ژیاون و بە هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی پێوەندییەکی زۆر کەم و سنووردداریان لەگەڵ یەکتر هەبووە، هەروەها سیستمێکی وەکوو پەروەردە بە زمانی کوردی یا ڕاگەیاندنێکی سەرانسەریی کوردی نەبووە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە دەبینین زمانی کوردی توانیویەتی پردی پێوەندی و کۆکەرەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێت. من حەز دەکەم ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە تەمەنی خۆمدا بکەم. لەبیرمە وەختی خۆی کە لە ڕادیۆ یان لە کاسێتێک دەنگی کاوەیساغا بڵاو دەبۆوە کە بۆ خۆی خەڵکی بەشێکی دیکەی کوردستان بوو، بەڵام لە موکریان کەسێک کە گوێی لە دەنگی کاوەیساغا دەبوو، بە دەوروبەرەکەی گوتووە بێدەنگ بن با گوێمان لێ بێت، با بزانین چۆن باسی شێخ مەحموود دەکات؟ چەندین ساڵ بەر لەوەی ئێمەمانان لە دایک بین کاوەیس‌ئاغا لە لاوکێکدا باسی شێخ مەحموود و حکوومەتدارییەکەی و شەڕەکانی و قارەمانەتییەکانی کردووە، لەسەردەمی ژیانی ئێمەدا، خەڵک پێی خۆش بوو لە ڕێگای لاوکێکی کاوەیساغاوە ئەم داستانە ببیستێتەوە. تەنانەت دایکی خۆمم لەبیرە هەر وەخت گوێی لە دەنگی عایشەشان یان دەنگی مێرەم خان دەبوو کە گۆرانییەکانیان لە ڕادیۆ - بە تایبەتی ڕادیۆ بەغدا - بڵاو دەبوونەوە، دیسان ئێمەی ئەو کات منداڵیان بێدەنگ دەکرد بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرێت، چونکە ئەو خەم و ئەو مەینەتییانەی لە گۆرانییەکانی ئەواندا هەبوو، بۆ نموونە باسی هەوێداری، باسی بە زۆر بە شوودانی کچ، یەخسیری و بندەستی کورد بە دەست تورک ؛ کارەساتەکانی سەردەمی ئەوانی بە ئاوێنەی خەمەکانی ئێستای خۆی و ژنانی وەک خۆی دەزانی.. لە بواری جۆراوجۆردا ئەو ڕۆڵەی زمانی کوردی دەبینین، بۆ نموونە بەیتی خەج و سیامەند لەگەڵ ئەوەی زێد و ژینگەی سەرهەڵدانی ئەو بەیتە باکووری کوردستان بووە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش بە زارێکی دیکەی زمانی کوردی سەری وەدەرناوە، گوێگری هەبووە و خەڵکێکی دیکە هەوڵی داوە پەرەی پێ بدا و حەماسە و قارەمانەتی و داستانی ئەویندارەتیی نەوەکانی پێش خۆی لەوێدا ببینێتەوە و ببیستێتەوە. دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە حاڵەتە بە هۆکاری جۆراوجۆر تا واوەتر هاتووین، زیاتر بووە. چاپکراوی کوردی، رادیۆی کوردی و دروستبوونی تێکەڵاوی ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و نووسراومان، گۆرانی و لاوک و بەیت و چیرۆک و پەندی پێشینیانمان، سنوورە دەسکردەکان ببەزێنن، لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دیالێکت و شێوەزاری ناوچەیەکی دیاریکراو بەرهەم هاتوون، بەڵام لە پارچەیەکی دیکە، لە ناوچەیەک بە زار و شێوەزارێکی دیکە پێشوازییان لێ کراوە، چونکە لەنێو گوێگر و خوێنەری کورددا ئەو هەستە هەبووە کە ئەمە هەمان بەسەرهات و ڕابردووی خۆیان و پێشینیانی خۆیانە کە بە زار و شێوەزارێکی دیکەی زمانەکەیان گوییان لێدەبێت یان دەیخوێننەوە.

دیارە لەم چەند دەیەی دواییدا زمانی کوردی زۆر زیاتر لە ڕابردوو توانیویەتی بێتە هەڵگری ئەو یادەوەرییە بەکۆمەڵانە، چونکە بە خۆشییەوە هەلومەرجێکی نوێ خوڵقاوە، ئەو دیوارانەی جاران داگیرکەران لە بەینی بەشەکانی کوردستان

دروستیان کردبوو و، ئەو سانسۆرە توندەی ئەوان بەسەر خەڵکدا زاڵیان کردبوو، ئەو بەربەستانەی لە دژی زمانی کوردی پێکیان هێنابوو، ئەمانە بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بە هۆکاری بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوایەتیی تاکەکان و بە هۆکاری جۆراوجۆری دیکە خاوتر بوونەوە. ئەمە وایکردوە ئێستا تاکەکانی کورد پێوەندییان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێت، باشتر لە زار و شێوەزارەکانی یەکتر تێبگەن و، گرنگیی زیاتر بە ئەدەبی کوردی و بە هونەری کوردی و بە زمانی کوردی بدەن. ئەمە وایکردوە کە ئێستا هەر شتێک کە بڵاو دەبێتەوە هەر بەرهەمێکی هونەری، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، گوێگر و خوێنەر و بیسەری کورد بەشێک لە خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی تێدا بدۆزێتەوە. لەسەر یەک دەتوانم بڵێم ئێستا زمانی کوردی ڕاست ئەو ڕساڵەتەی لەسەر شانە کە تاکی کورد لەهەر جێگەیەک و بە هەر دیالێکتێک شت بڵاو بێتەوە، بە هی خۆی دەزانێت، دەزانێ کە ئەوە بەشێکە لە جیهانی ئەو، ئاوێنەیەکە کە گۆشەیەک لە مەینەت و شادی و خۆشی و قارەمانەتی و مێژوویی نەتەوەکەی پێشان دەدات. کە وایە بۆم هەیە بڵێم ئەو زمانە توانیویەتی ئەو ڕۆڵە ببینێت و تا دێت لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتووتر دەبێت.

**شنۆ میهرپەروەر**: شوناسی هەر نەتەوەیەک بە پێی گۆڕانی زەمەن دەگۆڕێت و وێنەیەکی دیکە وەردەگرێت، پاراستنیشی پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتی و پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە. ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و قەیرانەکانی سەرچاوەگرتوو لە بە جیهانیبووندا دەژین، کە لەنێویاندا دەتوانین ئاماژە بە قەیرانی شوناس و زمان بکەین. چۆن دەتوانین لەم سەردەمەدا شوناس و زمانی خۆمان بپارێزین؟

**د. قادر وریا**: ڕاستییەکەی ئەمە وایە، یانی تێگەیشتن لە شوناس و پێناسەی شوناس بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێ. ئەگەر باس لە شوناسی نەتەوەیی بکەم و تێگەیشتنی تاکێکی کورد لە شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا باس بکەم، ئەم تێگەیشتنە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو قووڵتر و گشتگیرتر بووەتەوە. بەو مانایە کە تاکێکی ئەمڕۆی کورد کە شوناسخواز و شوناسپارێزە، شوناسی نەتەوەیی کورد بە شوناسێکی فرە چەشن دەزانێت، واتە پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی. بۆ نموونە لە ڕووی ئایینییەوە، ئێمە لەنێو کورددا مۆسوڵمان و نامۆسڵمانمان هەیە، لەنێو بەشە موسوڵمانەکەدا شێعەمان هەیە و سوننیمان هەیە، یارسان و ئێزەدی و پەیڕەوانی دین و ئایینی دیکەمان هەن، بێدینیشمان هەن. لە ڕووی زار و شێوەزارەوە کوردیی باکووری (کورمانجی)کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باشووری (کەلهوڕی، لەکی)گۆرانی - زازایی (هەورامی، زازاکی)مان هەیە. تەنانەت ئەوانەشمان هەن کە زمانەکەیان کوردی نییە بەڵام کوردستانین. لە پێناسەی ئەمڕۆی شوناسی نەتەوەیی تاکی کورددا هەمووی ئەوانە دەبێ جێگەیان بێتەوە. تێگەیشتنی ئێمە لە شوناس لە جیهان و سەردەمی ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

هەر بۆیە کە باسی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی شوناس دەکەین دەبێ ئەم فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەی نەتەوەکەمان و خەڵکی کوردستانمان لەبەرچاو بێت و ددانیان پێدابنێین، بەر بە سڕینەوەیان بگرین. ئەم جۆرە تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی هاندەرمان دەبێت کە منێکی کورد نابێ هەر تەنیا یەک زاری زمانی کوردی بزانم، دەبێ هەوڵ بدەم زارەکانی دیکەی کوردییش فێر ببم. نابێ هەر یەک جۆر ئەلف و بێی کوردی بزانم و دەبێ هەوڵ بدەم لانی کەم دوو ئەلف و بێی سەرەکی کە پێی دەنووسرێت و دوو شێوە نووسینی کوردی بزانم. دەبێ پاراستنی هەموو ئەو زار و شێوەزارانە بە ئەرک بزانم و هاندەری ئەوە بم کە هەموانیان بپارێزێن و وشەکانیان کۆ بکرێتەوە، توێژینەوەی زانستی لە بارەی هەموو شێوەزارەکان بکرێت. ئەمە بۆ خۆی بەشێکە لە شێوازەکان یا ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەو شوناسە.

ڕاستە کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا زمانەکان و شوناسەکان تووشی قەیران دەبن و پێویستە هەوڵ بدەین شوناس و زمانی خۆمان لەم قەیرانانە دەرباز کەین و بیانپارێزین. کە باس لە پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی دەکەین دەبێ لەبیرمان بێت کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا لە ڕاستیدا لە هەموو بوارەکاندا ئەوانەی کە بەهێزن دەمێننەوە، یانی لە بواری ئابووری، لە بواری پیشەسازی، لە بواری زانستی، لە بواری بازرگانی و لە بواری کولتوورییشدا ئەوانەی بەهێزن و دەستیان ئاوەڵاترە بۆ پاراستنی خۆیان، واتە دەسەڵاتی بەهێز و ئابووریی بەهێزیان لەپشتە، باشتر دەمێننەوە. باشە ئەدی نەتەوەیەک کە بێدەوڵەتە، زمانێک کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و لە پەروەردە و دام و دەزگای بەڕێوەبەری و یاسایی و لە زانکۆ و...هتد دا ڕێگای پێ نادرێت، لە دۆخێکی ئاوادا چۆن دەتوانێ بمێنێتەوە؟ ئەمە وا دەکا ئەرکی ئێمە قورستر بێت. ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، دەتوانن ڕێگا و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بۆ پاراستنی زمانەکەیان بگرنە بەر، بەڵام ئەدی ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نییە چ بکا؟ بۆیە ئێمە وەک نەتەوەی کورد زۆر پێویستە بە جیددی خەم لە پاراستنی سوناسی و زمانی خۆمان بخۆین. دەبێ هێندێک شت بکەین کە زۆر ئەساسین. یەک لەوان ئەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات بکەین کە زمانی کوردی بێتە زمانی ڕەسمی، یانی بە فەرمی بناسرێت و پاشان ببێتە زمانی پەروەردە. چونکە ئەگەر بوو بە زمانی پەروەردە، ئەوە باشترین دەستەبەرە بۆ مانەوەی زمانەکە و بۆ گەشەکردنی و بۆ پێشکەوتنی، زمانێک ئەگەر ببێت بە زمانی پەروەردە، بە شێوەی ئاسۆیی و بە شێوەی ئەستوونی ئەو زمانە پەرە دەگرێت و پێش دەکەوێت. بە شێوەی ئاسۆیی مەبەستم ئەوەیە کە لە هەموو شار و ناوچە و گوندێکی کوردستان پێی دەخوێندرێت و لە هەموو شوێنێک کار بەو زمانە دەکرێت. لە رووبەرێک بە پانایی کوردستان کاری فێربوون و فێرکردنی پێ دەکرێت، هەر منداڵێک دەنێردرێتە قوتابخانە، لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆی ئاشنا دەبێت. مەبەستم لە بڵاوبوونەوەی زمان بە شێوەی ئەستوونییش ئەوەیە کەلەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی پەروەردەدا لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، کاری پێدەکرێت. ئەمە وا دەکات کە هەموو تاکێکی کورد بۆ چەندین ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ ئەو زمانە بژین و کاری پێ بکەن و پەرەی پێ بدەن، زمانەکەش ئەرکدار دەکرێت کە پێویستییەکانی ئەو بوارە پڕ بکاتەوە و ببێتە زمانی زانست و لای خەڵک ڕێز و پێگەیەکی بەرزی هەبێت.

**شنۆ مێهرپەروەر**: بۆ پاراستنی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیمان لە دەست دێت؟ و دەبێ چی بکەین؟

**د. قادر وریا**: من ئەگەر بمهەوێ باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم دەبێ بەوپەڕی شانازی و پێزانین و خۆشحاڵییەوە باسی وشیاری و خەباتی نەتەوەکەمان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بە تایبەتی زمانەکەیان بکەم. چەند ساڵ لەوە پێش کتێبێکم چاپ کرد کە پێوەندیی بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو. ناوێک کە بۆ ئەو کتێبە هەڵم بژاردبوو، تەعبیرێک بوو کە بۆ خۆم بۆ خەباتی ناسنامە پاریز و ناسنامەخوازی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەکاری دێنم: "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان". لەم باوەڕەدام کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ئێمە لە سەنگەری زماندا شەڕی داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. ئەوان لە سەنگەری پاراستنی زمان و خزمەتی زمانی کوردیدا، دژی ئەو هێرشە جۆراوجۆرە وەستاونەوە کە سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی و میدیا و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت نەتەوەی ئێران بۆ سڕینەوە و ستاندنەوەی ناسنامەیی نەتەوەیی ئێمە لەمێژ ساڵە وەڕێیان خستووە.

پێویستە ئەو تێکۆشانە بەرینەی کە هەتا ئێستا بە ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی هەیە بەردەوام بێت و بەرینتر و بەهیزتر بکرێت، ئەمە بۆخۆیی دەتوانێ باشترین داکۆکی بێت لە زمانی کوردی، چونکە ئەوەی ئێمە دەبینین کارکردنێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترە بە زمانی کوردی. ڕەنگە هێندێک کەس پێیان سەیر بێت کە بڵێین زمانی کوردی ئێستا دووهەم زمانی نووسینە لە ئێران، یانی دوای زمانی فارسی کە دەوڵەت نەتەوەیەک بەو هەموو دام و دەزگا کولتووری و بەو هەمووە سەرچاوە ماڵییە لە پشتییەتی، زمانی کوردی زۆرترین شتی پێ دەنووسرێت، کتێب و گۆڤاری پێ بڵاو دەبێتەوە، زمانی پێگە ئەلکترۆنییەکانە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە فراوانی و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەکار دەهێنرێت، کاری ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگنووسیی پێدەکرێت. لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ شارێک و هیچ ناوچەیەک تەنانەت هیچ دێیەک نییە هەتا ئێستا فێرگەی فێربوونی زمانی کوردیی لێ پێک نەهاتبێ و هەموو ئەو هەوڵانەش خۆبەخشانە دەکرێن.

هێندێک ناو هەن کە ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بواری خزمەتی زمانی کوردین و لە دەلاقەی چیرۆکی ژیانی ئەوانەوە دەتوانین گەورەیی ئەو بزووتنەوە ناسنامەپاریزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوێنیەوە، بۆ نموونە: موژگان کاووسی، زارا محەممەدی، سروە پوورمحەممەدی، ئەو ناوانە لەو مامۆستا خۆبەخشانەن کە ئامادە بوون بە شانازییەوە بچنە زیندان بەڵام پشت لەو ئەرک و ڕیسالەتە نەکەن کە لەپێناوی خزمەتی زمانی کوردییدا گرتوویانەتە بەر. ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم یەک دوو دەیەی دوایەدا لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە ئەمە هەر خۆی بە تەنیا بزووتنەوەیەکی گشتگیر لەپێناوی پاراستنی زمانی کوردی و فێربوونی زمانی کوردیدایە.

لە کارە باشەکانی دیکە کە ناتوانم لە ئاستیان بێتەفاوەت بم و باسیان نەکەم، ئاماژە بە گوڵبژێرێک لەو کارە زانستییانەن کە کراون. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین فەرهەنگی کوردی چاپ بوون. مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان چەند فەرنگی چاپ کردووە کە لە هەموانیان بەناوبانگتر و گەورەتر فەرهەنگی کوردیکایە. کاک سەلاح پایانیانی کە فەرهەنگی زارەکیی موکریانی چاپ کردوە. خاتوو سەحەری مۆعێزی کە فەرهەنگی ڕەنگی "پازار"ی چاپ کردوە. هەر یەک لەو فەرهەنگانە چەندین بەرگن. جگە لە چاپی فەرهەنگەکان، هەندێک لە خوێندکاران، خوێندنی بەرزیان لە ئاستی ماستەر و لە ئاستی دکتۆرادا بە زمانی کوردی بووە یان توێژینەوە و بابەتی تێزەکەیان زمانی کوردی بووە. ئەم هەوڵانە زۆر بە نرخن و جێگەی ڕێزن. ئەو کۆنفرانس و کۆڕ و فێستیواڵە ئەدەبی و هونەری و زانستییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێن کە و تێیاندا ڕێز لە توێژەران، هونەرمەندان، ئەدیبان و نووسەران دەگرن، ئەمانە کاری باشن و مایەی دڵگەرمین.

ئەو هەوڵانەن کە لاوە تێگەیشتوو و بە هەڵوێستەکانمان بۆ گۆڕین و بۆ گەڕاندنەوەی ناوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیدەن، وەک ناوی چیا و کوێستانەکان، تەپۆڵکەکان، پردەکان، ڕێگا و بانەکان، گەڕەکەکان، ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشە. ئەگەر لە عێراق و سووریەی پێشوو سیاسەتی تەعریب لە دژی کورد هەبوو، لە ئێرانیش لە قۆناغ و سەردەمەکانی پێشوودا سیاسەتی تەفریس(بە فارسیکردن) و تەتریک بە تورکیکردنی ناوەکان جێبەجێ کراوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوانە و برەودان و زیندووکردنەوەی ناوە ڕەسەنە کوردییەکانیان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ لادانی ژەنگ و ژاری برەوپێدراو لە لایەن دەولەتە دژ بە کوردەکانی ئێران و دامەزراوە ئیدارییەکانیان لەسەر ناوە کوردییەکان. تەنانەت ئەگەر ڕێگە بە سڕینەوە و لابردنی ناوە ساختە و داسەپاوەکانیش لەسەر تابلۆکان نەدرێت، با ناوە کوردییەکە لە تەنیشت ئەو ناوانە هەبێت و وەبیر خەڵکیان بێننەوە.

ئەوە کە هەوڵ دەدرێ لە ماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ئیدارە بە کوردی قسە بکرێ، مامۆستا بۆ خوێندکار و قوتابییەکانی بە کوردی دەرسەکان شی دەکاتەوە، کارێکی زۆر باشە. جگە لەوەی لەم ڕێگایەوە سوود لە زمانی دایک وەردەگرن بۆ باشتر تێگەیاندنی بەردەنگەکان، لەلایەکی دیکەش بە ڕەسمی نەناسینی ئەو سیاسەتی تاکزمانییەیە کە لە ئێران بە سەر هەموو نەتەوە نافارسەکان و بە تایبەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین هەندێک لە لاوانی هۆگر و ئەوینداری زمانی کوردی هاتوون کاری ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانی دەکەن. ڕەخنە لە شێوە ئاخاوتنی ئەمڕۆی تاکەکان دەگرن کە زۆر لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە. خەڵکێک لەژێر کاریگەریی هەژموونی زمانی فارسیدا جۆرێک قسە دەکەن کە لە ڕاستیدا زۆر بە زمانی کوردی نامۆیە و پڕە لە وشەی فارسی. جاری وایە دەبینین و دەبیستین تەنیا کرداری ڕستەیەک کوردییە، دەنا ئەوی دیکەی هەمووی فارسییە. ئەو لاوە دڵسۆزانە ئەم هەڵانە ڕاست دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک فێر بێت شێوە ئاخاوتنەکەیان بە زمانی کوردی خاوێنتر و کوردیتر

بێت. ئەمانە هەڵبژاردەیەک لە کارە باشەکانن.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان و زمانەکەمان بپارێزین، چ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە نێو تێکۆشەران و چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵات و لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هێندێک ئەرکمان دەکەوێتە سەر شان.

**یەکەم ئەرک** بەردەوامبوونە لەسەر ئەو هەوڵانە، بەڵام بەردەوامبوونێک کە هاوکات لێک نیزیکبوونە و یەکگرتوو بوون، و خۆخۆڕێکخستن و کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆنفدراسیۆنێک یان ناوەندێکدا بێت بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانە هەم لە ئامانجەکانیاندا لێک نیزیک ببنەوە، ئاراستەکانیان یەک بێت، و هەر لەو کاتەشدا ئەزموونەکان بە یەکەوە ئاڵوگۆڕ بکرێن، تواناکان بۆ هاوپشتیی یەکتر بەکار بهێنرێن، ئەمە یەکێک لە ئەرکەکانە.

**ئەرکی دووهەم** ئەوەیە کە داوای پەروەردە بە زمانی کوردی و ویستی بەڕەسمیناسینی زمانی کوردی بێتە ڕیزی سەرەوەی لیستی داواکارییەکانی خەباتکارانی کورد و تێکۆشەرانی بواری خەباتی مەدەنی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ ئەو ویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێندرێ کە پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێت بە زمانی کوردی.

**سێهەم ئەرکیش** کە تا ئێستا بە داخەوە زۆری قسە لەسەر نەکراوە، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی جیددی بخرێتە بەر سەرنجی بژاردە و دەسترۆیشتووەکانی کورد. دەزانین لەنێو ئەو توێژەی خەریکی خزمەتی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناسی کوردیین، ئینسانی ئاوا هەن کە پرۆژەی باشیان هەیە، بۆ وێنە لە بواری بە دیجیتاڵیکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد، لە بواری کاری زانستی بۆ پێشخستنی زمانی کوردییەوە، بەڵام سەرچاوەی دارایی وپشتیوانیی ماڵی شک نابەن. لێرەدایە کە دەبێ ڕوو بکەینە خاوەن سامان و سەرمایەدارە کوردەکان کە توانایی ماڵیی باشیان هەیە و دەتوانن لەو بوارەدا سەرمایەکەیان بخەنە گەڕ. بۆ ئەمڕۆ ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بە پاراستن وپێشخستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیان. ئەمە نەک بە فیڕۆدانی سەرمایە نییە، بەڵکوو سەرمایە تەرخانکردن بۆ بنیاتنانی داهاتووی نەتەوەیە. ئەو پرۆژانە دەتوانن سوودی داراییشیان هەبێت و خێر و داهاتی باشیان بۆ خاوەن سەرمایەکە بەدواوە بێت.

**لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەگەر تۆ نەتوانی شان لەشانی ڕقەبەرەکان بدەی، ئەگەر خۆت بە زانست و دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیا تەیار نەکەیت و نەتوانی بۆ زمانەکەت و بۆ شوناسەکەت ئەو هەنگاوانە هەڵ بگری کە سەردەمەکە لێت دەخوازێت دەکەویە پەراوێز و لەژێر پێی بەهێزەکان و شوناس و زمانە سەردەستەکاندا، دەپلیشێیەوە. زۆر پێویستە لە**

باری دارایی و ماڵییەوە پشتیوانی ئەو زانایانە و ئەو توێژەرانەمان بین کە بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و ئاستی ناسنامەینەتەوەیی و زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستادا پڕۆژەیان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## د. قادر وریا: ئیسرائیل پێی خۆش نییە گۆڕانی ڕێژیمی ئێران لەسەر دەستی نەتەوە بندەستەکان ڕوو بدات، پێی خۆشە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی لایەنێکی ناوەندپارێز بێت



**دوکتور قادر وریا**، مامۆستای زانکۆ، لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ قەندیل پرێس دەڵێت: "ئەو گرێکوێرەیە بەمە دەکرێتەوە سەرۆکایەتیی پەژاک، کە ساڵانێکی زۆرە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ لە بازنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێی ببێتەوە و پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵیان هەبێت، ئەم دەرفەتەی لە سایەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبەکانی دیکەدا بۆی ڕەخساوە، لە کیس نەدات. حیزبەکانی دیکە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە و بە تێگەیشتن لە گرنگیی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن، سەرئەنجام هەنگاوێک هاتنە پێش و، دەرگای دانیشتن و دیالۆگ و هاوکارییان لەگەڵ پەژاک کردەوە. سەرۆکایەتیی پەژاک دەبوو ئەو ئازایەتییەی هەبێت – ئێستاش هەر دەکرێت ئەو ئازایەتییە بنوێنێ– ڕەخنە لەم جۆرە لێدوانەی کاک ئەمیر کەریمی بگرێت. بە بڕوای من کاک ئەمیر دەبوو بۆخۆی ڕەچەشکێن بێت و بڵێ من بەهەر هۆکارێک هەیە لەم قسە و باسانەدا زیدەڕۆییم کردووە، بوومە هۆی ڕووشانی ڕێژەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان و خەڵکی لایەنگری ئەو حیزبانە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم".

**قەندیل پرێس**: چەند ڕۆژ پێش ئێستا بەڵگەنامەی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بڵاو کرایەوە. بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە ئەمریکا چیدیکە نایەوێت ڕۆڵی پۆلیسی نێونەتەوەیی بگێڕێت، یان ئەوەیکە تام باراک باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا و نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند ئەمریکا نایەوێت ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بگۆڕێت.

پرسیاری ئێمە ئەوەیە بەپێی ئەم دۆخە، ئیستراتیژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات یان بەگشتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت چی بێت؟

**د. قادر وریا**: ئەمریکا، هەتا ئێستاش ڕای نەگەیاندبوو کە گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانی لە بەرنامەدایە، بەو حاڵەش کاتێک بە پێویستی زانی، بە دەنگ ئیسرائیلەوە چوو و کارە گەورەکە کە بریتی بوو لە وێرانکردنی دامەزراوە ناوکییە هەرە گرنگەکانی ڕێژیمی ئێران، بۆ خۆی جێبەجێی کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەم ستراتیژە لەسەر ئەوە دانەمەزراوە کە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران لە بەرنامەی ئەمریکادا هەیە یان نا. ئەوان هەوڵی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێران دەدەن کە مل بۆ مافە نەتەوەییەکانی کوردیش ڕابکێشێ. ئەو حیزبانە، گوشاری دەرەکی بۆ سەر ڕێژیمی ئێرانیان - جا لەهەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت - بە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ خەباتی خۆیان زانیوە. لەمەودواش هەر بەم جۆرە دەبێت. بە سەرنجدان بەم ڕاستییە کە کێشەی ئەمریکا و بە گشتی ڕۆژاوا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، کۆتایی پێ نەهاتووە و هەروا درێژەی هەیە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەمەودواش دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی خۆیان، سوود لە فاکتەری گوشاری دەرەکی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران وەربگرن. بە کورتی ستراتیژی ئەمریکا هەر چییەک بێت، ئەم وڵاتە ناتوانی لە ئاست هێمنی و ئاسایشی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەست لەسەر دەست دابنێت. هەتا ڕێژیمی ئێران، هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیی بدات، هەتا دەستە و تاقمە نیابەتییەکان لەم ناوچەیە بۆ دژایەتیی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پەروەردە و تەیار بکات، هەتا ئەو ڕێژیمە هاژەک و درۆن بۆ لێدان لە بنکە و ناوەندە سوپایی و ئابوورییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا و خودی بنکەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە بەهەم بێنێت، ئەمریکا ناتوانێت دەست لە دژایەتیی ڕێژیمی ئێران هەڵبگرێت.

**قەندیل پرێس**: تام باراک دەڵێت چیرۆکی ئیسرائیل و ئێران هێشتا تەواو نەبووە، ئەم وتەیە بەو مانایە دێت کە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران تەواو نەبووە، بە ڕای بەڕێزتان ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی پاڵپشتیکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دژ بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی؟

**د. قادر وریا**: هیچ گومانێک لەم ڕاستییەدا نییە کە شەڕی ئیسرائیل و ڕێژیمی ئێران هێشتا تەواو نەبووە و قۆناغە یەک لاییکەرەوەکەی ماوە. دیارە من کەم تا زۆر ئاگاداری هیچ هەوڵدانێک لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆ پێوەندیگرتن بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیم، کەواتە ئەم قسەیەی دەیکەم لە جیاتی پشتبەستن بە زانیاریی کۆنکرێت، پشتبەستنە بە لێکدانەوەی لێدوان و هەڵسوکەوتی هەتا ئێستای ڕێبەرانی ئەو وڵاتە. من بۆ خۆم بەو ڕاستییە گەیشتووم، ئیسرائیل کە

خوازیاری گۆڕینی ڕێژیم لە ئێرانە، پێی خۆش نییە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی نەتەوە بندەستەکانی ئێران ڕوو بدات. پێی خۆشە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی لایەنێکی ناوەندپارێز بێت.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئێران و بە تایبەتی لە ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادییەوە هەتا ئێستا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە کە ڕێژیمی ئێران ئۆپۆزیسیۆنێکی جیددیترو بەهێزتر لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی کوردستانی نییە، کەچی ئیسرائیل ئەو گرنگییەی پێویستە بە پشتیوانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەداوە. خۆ مەرج نییە پشتیوانیی ئیسرائیل یان ئەمریکا لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەر بە شێوەی نیزامی بێت. مەرجێکی گرنگ بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران، پێکهاتنی ئاڵترناتیڤی ئەو ڕێژیمەیە. هەر وڵات و هێزێکی بیانی کە خوازیاری گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران بێت و بیهەوێت هاوکار و پشتیوان بێت بۆ پێکهاتنی بەدیلی ئەو ڕێژیمە، ئەگەرلە پێکهاتنی ئەم بەدیلەدا، گرنگی بە پێگەی حزبەکانی کوردستان نەدا، مانای ئەوەیە سیاسەتێکی هەڵەی هەیە. مەرجی خێراترکردنی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، پێکهێنانی بەدیلی ڕێژیمی ئێران و لە چوارچێوەی ئەم بەدیل دروستکردنەشدا، گرنگیدان بە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و پشتیوانیی هەمە لایەنە لە خەباتەکەیان لە پرۆسەی بەدیلسازی دایە.

**قەندیل پرێس**: بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی دوایین کۆبوونەوەی ناوەندی دیالۆگ لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، فایلە دەنگییە بڵاوکراوەکان بوونەتە گرێکوێرەی ئەم جارەی هاوکاری حیزبەکان، بە تایبەت ئەوەیکە داوا لە پەژاک کراوە بە فەرمی ئەو فایلە دەنگییانەی کاک ئەمیر کەریمی ڕەد بکاتەوەو پەژاکیش ئەم داواکارییەی ڕەد کردووەو باسی لە فایلە دەنگییەکانی کاک عومەر ئیلخانیزادە و کاک هێمن سەیدی کردووەو ڕایگەیاندووە پەرچەکرداری ئەو چەند حیزبە لەبارەی ئەم دوو فایلە دەنگییە لە بەراوەرد لەگەڵ پەرچەکردارەکان دژ بە فایلە دەنگییەکەی بەڕێز ئەمیر کەریمی لەیەک ئاستدا نین و وادیارە بەستێنەکە زیاتر دژ بە پەژاکە، بە ڕای بەڕێزتان ئەم گرێ کوێرەی ئەمجارە چۆن چارەسەر دەبێت؟

**د. قادر وریا**: پەژاک، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی خۆی لە ئاست فایلە دەنگییە ئاشکرابووەکەی کاک ئەمیر کەریمی نەدەبوو پەنا بەرێتە بەر ئەو دوو فایلە دەنگییەی ئاماژەت پێکردوون. بە چەند هۆکار:

**یەکەم**. دەنگدانەوەی نەرێنیی فایلی دەنگیی کاک عومەر ئێلخانیزادە و کاک د.هێمن سەیدی زۆر کەمتر بوون لە دەنگدانەوەی فایلەکەی کاک ئەمیر، تا ئەو ڕادەیە کە ڕەنگە زۆر لە خوێنەران نەزانن مەبەستی ئێوە یان من لە کام فایلی ئەو دوو بەڕێزەیە.

**دووهەم**. من ئاگادار نیم هیچ فایلێکی دەنگیی نهێنیی دکتۆر هێمن سەیدی بڵاو بووبێتەوە. ئاگادارم کە د.هێمن لە چەند لایڤ و بەرنامەی ڤیدیۆییدا کە نهێنی نەبوون، بەڵکوو گشتی و ئاشکرابوون، ڕەخنەی بۆ وێنە لە کاک عەولا موهتەدی،

یان ڕەخنەی لە کاک خالید عەزیزی گرتووە.هەر لەو بەرنامانەشیدا، بەو پەڕی ڕێزەوە باسی مێژووی حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێبەرە شەهیدەکانی کردووە. لە دوایین فایلیشدا بە توندی رەخنەی لەقسەکانی کاک ئەمیر کەریمی گرتبوو، بەڵام هیچ بوختان و بێ ڕێزییەکی بە مێژووی پەژاک و شەهیدەکانی و گریلاکانی نەکردبوو. ئەمانە نە نهێنی بوون، نە وەک قسەکانی کاک ئەمیر، پڕ بوون لە بوختان و چەواشەکاری. پاشان د. هێمن سەیدی خۆ سەرۆک و هاوسەرۆک و ئەندامی سەرکردایەتیی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نییە، بۆچی حیزبەکان دەبێ وەڵامدەر و بەرپرسیاری قسەکانی ئەو بن.

**سێهەم**. ڕەخنەگرتنی ئەندامی سەرکردایەتی، یان تەنانەت کەسی یەکەمی حیزبێک لە حیزبێکی دیکە، شتێکی ئاساییە. بەڵام هی کاک ئەمیر کەریمی، ڕەخنەگرتن نەبوون، "شەلم کوێرم، کەس نابوێرم" بوختان و بێ ڕێزی بوو بە مێژووی ئەو حیزبانە، بە هێزی پێشمەرگەیان، بە ڕێبەرانیان، بە ژنانی تێکۆشەریان. واتا چاوی خۆی نوقاندبوو و هەرچی بە دەمیدا هاتبوو، وتبووی. من نازانم لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کلاس و کۆنگرەکانی پەژاکدا، بەشداران مافی ڕەخنەگرتن لە ڕێبەران و وتاربێژان و مامۆستاکانی خۆیانیان هەیە یان؟ ئەگەر ئەو مافەیان هەیە چۆنە ڕێگایان داوە قسە و باسی تا ئەو ڕادەیە نزم و بێ بنەما و بێ ناوەرۆک بکرێن؟ ئەگەر ئەو مافەیان نییە، چۆن دەیانەوێ و دەتوانن هەرچی حیزبی بە وتەی خۆیان کلاسیکە، لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بسڕنەوە و بزووتنەوەیەکی مودێڕنتر، بێننە جێگای؟!

ئەو گرێکوێرەیە بەمە دەکرێتەوە سەرۆکایەتیی پەژاک، کە ساڵانێکی زۆرە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ لە بازنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێی ببێتەوە و پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵیان هەبێت، ئەم دەرفەتەی لە سایەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبەکانی دیکەدا بۆی رەخساوە، لە کیس نەدات. حیزبەکانی دیکە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە و بە تێگەیشتن لە گرنگیی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن، سەرئەنجام هەنگاوێک هاتنە پێش و، دەرگای دانیشتن و دیالۆگ و هاوکارییان لەگەڵ پەژاک کردەوە. سەرۆکایەتیی پەژاک دەبوو ئەو ئازایەتییەی هەبێت- ئێستاش هەر دەکرێت ئەو ئازایەتییە بنوێنێ - ڕەخنە لەم جۆرە لێدوانەی کاک ئەمیر کەریمی بگرێت.

بە بڕوای من کاک ئەمیر دەبوو بۆخۆی ڕەچەشکێن بێت و بڵێ من بەهەر هۆکارێک هەیە لەم قسە و باسانەدا زیدەڕۆییم کردووە، بوومە هۆی ڕووشانی ڕێژەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان و خەڵکی لایەنگری ئەو حیزبانە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم.
هاوکاری و هاوخەباتیی چەندین حیزب و ڕێکخراو بە یەکەوە، پێویستی بە نیشاندانی نیازپاکی بەرامبەر یەکتر هەیە، نەک پێداگری لە سەر بۆچوونە توند و نادۆستانەکانی ڕابردوو.

**قەندیل پرێس**: یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە حیزبەکانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی دیالۆگ دەگیریەت ئەوەیە کە

**زانیاری ئەو کۆبوونەوانە دزە دەکاتە میدیاکان و پرسەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بەشێک لە چاودێران پێیان وایە ئەم کارە بە ئەنقەست دەکرێت و ئامانجی ئەوەیە ناوەندی دیالۆگ شکست بخوات یان ئەوەیکە لایەنێکی دیاریکراو دەرپەڕێنن، شرۆڤەی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟**

**د. قادر وریا**: لەم کۆبوونەوانەدا چەند حیزب، هەر کامەی بە دەستەیەکی چەند کەسی بەشدار دەبن. هاوکات میدیاکانیش بە دوای هەواڵ و زانیاریی کۆبوونەوەکانی ئەم حیزبانەدا دەگەڕێن، بۆیە سەیر نییە ئەگەر میدیایەک زانیارییەکی سنووردار لە کەسێکی بەشداری کۆبوونەوەکە یان سەرچاوەیەکی نزیک لەو حیزبانە بەدەست بێنێت.

ئەوەندەی من بە دواداچوونم هەبووە، تا ئێستا نهێنییەکی گەورە و زانیارییەکی هەستیاری ئەم کۆبوونەوانە بڵاو نەبووەتەوە؛ ئەوەی هەبووە و لە سۆشیال میدیا کەوتووەتە بەرسەرنج، زیاتر دەنگۆ و بۆچوون و گریمانە و لێکدانەوەیان بووە نەک خودی زانیارییەکە. "لایەنێکی دیاریکراو" ئەگەر دەیهەوێت تەریک نەکەوێتە و بە تەنیا نەمێنێتەوە و لە کۆڕی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەرنەپەڕێندرێ، پێویستە گوتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانی دیکە، دۆستانە و نیازپاکانە و بەرپرسانە بێت، نەک قەڵسەگێڕان و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندن بە هەڕەشە و شێواندنی زیاتری دۆخەکە. لە داهاتووشدا هەر فایل یان لێدوانێک یان زانیارییەکی کۆن و نوێ لە هەر ڕێکخراو و لایەنێکی سیاسی، دزە بکات و بڵاو بێتەوە، هەنگاوی دروست ودلسۆزانە و بەرپرسانە ئەوەیە، خودی ئەو ڕێکخراوە، دەستی خۆی ڕەپێش بخات، بە دانی ڕوونکردنەوەی پێویست و ژیرانە، بەر بە لێکەوتە زیانبارەکان بگرێت و نەهێڵێ متمانە و نیازپاکیی نێوان خۆی و لایەنەکانی دیکە زیانی پێ بگات و دۆخەکە بشێوێت.

**قەندیل پرێس: ئێستا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لاواز بووەو لە ژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکییە، لە لایەکترەوە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی ئامادە نییە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسێت، لە ئاوا بارودۆخێکدا بە ڕای بەڕێزتان بۆ پرۆژەکانی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە ئاکام ناگەیێت، ناوەندی هاوکاری کە شکستی خوارد و ئێستاش ناوەندی دیالۆگ ئەگەری شکستهێنانی هەیە؟**

**د. قادر وریا**: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەتا ئەو کاتەی یەکگرتن و هاوپەیمانییەکی پتەو پێک نەهێنن و چاوەڕوانی و ویستەکانیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە هەر بەدیلێکی ڕێژیمی ئێستای ئێران، نەکەن بە یەک و یەکگرتووانە لە پشتی ڕانەوەستن، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێران، هەر ئامادە نابێت مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە ڕەسمی بناسێت، هەر ئامادە نابێت جێگە و پێگەی شیاو لەهەوڵەکانی قۆناغی گواستنەوەدا بدا بە نوێنەرانی کورد. ئەگەر لایەنێکی کوردیشیان لەوانی دیکە هەڵاوارد و لەگەڵ خۆیان خست، بەمە نە نەتەوەی کورد هیچی دەست دەکەوێت و نە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش،

دەتوانێ خەیاڵی خۆی لە ئاست کێشەی کوردستان ئاسوودە بکات.

ئەو یەکگرتنەش کاتێک پێکدێت کە ئەو حیزبانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و داهاتووی نەتەوەکەیاندا، ڕوانینیان بەرانبەر یەکتر بگۆڕن، پێویستە بە شێوەیەکی واقیعی تر پێگەی خۆیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا هەڵسەنگێنن؛ ئەوانەیان کە بە ڕاستی خاوەن جێگە و پێگەیەکی گەورەن، ئامادە بن لە پێناوی داهاتوو و بەرژەوەندی گشتی و پێکهاتنی ئەم هاوکاری و یەکگرتووییە، لە خۆیان مایە دابنێن و لایەنەکانی لە خۆیان بچووکتریش بخوێننەوە. ئەوانەش کە لەبارەی سەنگ و پێگەی خۆیان زێدە ڕۆیی دەکەن و خۆیان لە هیچ هێزێک پێ بچووکتر نییە، ئەوانیش لە پێناوی نەتەوەکەیاندا واز لە ئیددیعای گەورە و زێدەخوازی بێنن و لەم قۆناغەدا هاوکار بن بۆ ئەوەی ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و هەموو ئەوانەی نایانهەوێ نەتەوەی کورد لە ئێران بە مافەکانی بگا، یەکدەنگ و یەکگرتوو و هاوپشتی یەک بین. با ئەو ململانێ حیزبیانە و ئەم خۆ بە گەورە دیتنانە هەڵبگرین بۆ ئەو کاتەی خەڵک بە دەنگدانی خۆیان دەتوانن بیسەلمێنن کام حیزب و ڕێبەریان لەوانی دیکە زیاتر قبووڵە. بە ڕاستی ئێستا هەر لایەنێک کۆسپ بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانەتییەکی بە هێزی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکات، خزمەتی نەیارانی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس - ڕێکەوتی: ١٣ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

## قادر وریا: ناکرێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە رۆژەڤدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر رۆژهەڵات دابخرێت

**وشە: هەولێر- هیدایەت جان**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای گرژییەکەی نێوان حدکا و پەکەکە لە ٣ رۆژی رابردوودا، هێزی پێشمەرگەی رەوانەی ناوچە سنوورییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. قادر وریا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ "وشە" لەبارەی جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رای دەگەیەنێت: "رۆژهەڵات پێویستی بەهێزەکانی خۆی هەیە، پێویستە کادیر و پێشمەرگە و رێبەرەکانیان زیاتر لەناو رووداوەکانیاندا بن، بەهۆی ئەوەی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران رژێمێکی دیکتاتۆرە و رێگری لە بوونی تێکۆشەرانی دیموکرات و لایەنەکانی تر دەکات، رەنگە چالاکی و پێکدادانی چەکداری لێ بکەوێتەوە".**

**پرسیار**: حزبی دیموکراتی کوردستان لەو چەند رۆژەی دواییدا هێزێکی زۆری رەوانەی سەر سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، ئامانجی سەرەکی ئێوە لەو کارە چییە؟

**وەڵام**: بە تێبینی ئەوەی کە ساڵبەساڵ گرنگی نزیکبوونەوە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و سنوورەکانی رۆژهەڵات زیاتر و پێویستتر دەبن، بوونی ئێمە و ئەو جموجۆڵانەمان لە ناوچە سنوورییەکان، پەیوەستە بەو گرنگییەوە و ئامانجی سەرەکیمان لێی نزیکبوونەوەیە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە پێمان وایە، بە هەر هۆکارێک بێ، دەبێ لە سنوورەکان نزیک ببینەوە. ئامادەیی ئەو هێزانەمان لەسەر سنوور زیاتر بۆ چاودێری کردنی دۆخی رۆژهەڵاتە و پێوەندی گرتن لەگەڵ ناوخۆ. لە ناوخۆی رۆژهەڵاتیشدا ئەندامامان هەیە کار و چالاکی دەکەن و چاوەڕوانی هاوکاری و رێنوێنی کردنی ئێمەن و ئەگەر گرفتێکیان بێتە بەردەم دەبێ ئاگاداریان بین و پیشتیوانیان لێبکەین، واتا پەیوەندی بە کارو تێکۆشانەکانمانەوە هەیە لەناوخۆی رۆژهەڵات.

**پرسیار**: رەوانەکردنی ئەو هێزانە تا چەند پەیوەندی بە خۆپێشاندانەکانی مهابادەوە هەیە، لەو خۆپێشاندانانەدا وا دەرکەوت کە ئۆپۆزسیۆن تووشی دابڕان بووە لەگەڵ خەڵک لە ناوخۆی رۆژهەڵات؟

**وەڵام**: سەرجەم رووداوەکانی رۆژهەڵات پێمان دەڵێن کە دەبێ حزبەکان زیاتر ئامادە بن و کاریگەریان هەبێ لەسەر

ڕووداوەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات و دەبێ پەیوەندییەکەیان گەرمەگوڕتر و چڕتر بێت و بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتدا ئامادەییان هەبێت و ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە.

**پرسیار**: ئێوە هێزەکانتان لەسەر سنوور جێگیر کردووە، ئایا هیچ هەماهەنگییەکتان لەگەڵ پەکەکە کردووە بۆ ئەوەی جارێکیتر گرژی لەنێوان هێزێکی ڕۆژهەڵات و پەکەکە درووست نەبێتەوە؟

**وەڵام**: هەبوونی هێزی پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر سنوور بابەتێکی نوێ نییە، پێشتریش پێشمەرگەمان لە ناوچە سنوورییەکان هەبووە، درک بە هەستیاربوونی لایەنەکان دەکەین و هەر لەبەر ئەو هۆکارەش نەمانویستووە لە میدیاکاندا باسی لێ بکەن، ئێستاش کە ئەو ڕووداوانە ڕوویان نەدابا لەوانەبوو کەمتر خەڵک ئاگادار بووبان، لەبەر ئەوەی پێمان باشە بە ئارامی لەسەر سنوورەکان بمێنینەوە و بەرژەوەندی لایەنەکان لەبەرچاو بگرین. ئێمە درک بە دۆخی ئەوان دەکەین، بۆیە هیوادارین هیچ گرژییەکی ئەوتۆ نەیەتە پێش و ئێمەش لەلای خۆمانەوە هەرگیز هەوڵی ئەوە نادەین هەستی لایەنەکانی تر بوروژێنین و هەڵسوکەوتێک بنوێنین کێشەی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار**: ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنوورییەکان و جێگیر کردنیان بە مانای ئەوە نییە کە شەڕی چەکداری لەگەڵ ئێران دەست پێ دەکەنەوە؟

**وەڵام**: ڕۆژهەڵات پێویستی بە هێزەکانی خۆی هەیە، پێویستە کادیر و پێشمەرگە و ڕێبەرەکانیان زیاتر لەناو ڕووداوەکانیاندا بن، بەهۆی ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕژێمێکی دیکتاتۆرە و ڕێگری لە بوونی تێکۆشەرانی دیموکرات و لایەنەکانی تر دەکات، ڕەنگە چالاکی و پێکدادانی چەکداری لێ بکەوێتەوە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بێت. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێ ئەو هێزانە لەگەڵ خەڵکەکەیان لە پێوەندیدا بن و بتوانن سەردان بکەنەوە و لەناویاندا بن.

**پرسیار**: لە خۆپیشاندانەکانی مهاباد دەرکەوت کە تێڕوانینی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە لەسەر چالاکە ناوخۆییەکان ئەرێنی نییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری دەستپێکردنەوەی چالاکیی ئۆپۆزسیۆن لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات ئایا پێتوا نییە دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەر ئەو تێڕوانینانەدا بێت؟

**وەڵام**: ئێمە پێمان وایە دەبێ کەڵک لە هەموو شێوەکانی خەبات وەربگیرێت، کەسێک لەناوشار دەژی و خوێندکاری زانکۆیە یان مامۆستای ئاینی یان مامۆستای قوتابخانە و زانکۆکانە، بە جۆرێک چاوەڕوانی لێ دەکرێت و دەبێ بە شێوازی خۆی بۆ

نەتەوەکەی هەوڵ بدات و ئەویتر حزبێکی سیاسییە و ڕێگەی نییە بەشێوەی یاسایی کار و تێکۆشان بکات، ئەویش بە جۆرێکی تر چاوەڕوانی لێ دەکرێت.، گرنگ ئەوانەی لەناو حزب و ڕێکخراوەکاندان و چی ئەوانەی چەکیان لەشانە و ئەوانەش کە خەڵکی سڤیلن، هەریەکەو بە شێوەیەک هەوڵ بدا بۆ پرسە نەتەوەییەکان و کاری بۆ بکات، جا ئەگەر کەسانێک بە خۆپیشاندان و مانگرتن و نووسین بیکەن و کەسانێکیش پێویست بێ بە چەکەوە لە سنوورەکان و ناوخۆی وڵاتدا ئامادەییان هەبێت، هەموویان خزمەت بە یەک ئامانج دەکەن.

**پرسیار**: لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا چەند لایەنی ڕۆژهەڵات لە هەولێر کۆبوونەوە، ئامانجی سەرەکی لەو کۆبوونەوەیە چی بووە؟

**وەڵام**: بەو جۆرەی لە لێدوانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و لایەنەکانی تری حکومەتی هەرێمدا هاتووە، ئەوان دەیانەوێ ئەو تێکهەڵچوونە چەکدارییەی ڕووی داوە، تەشەنە نەکات و دەیانەوێ هەرێمی کوردستان و سنوورەکان ئارام بن و نەبن بە مەیدانی ململانێی هێزەکان. ئامانج لەو کۆبوونەوەیە چارەسەر کردنی کێشەکانە. دیارە ئێمە پێمان وایە پێوستە ڕێگاچارەیەکی گشتگیر بدۆزرێتەوە کە ڕەچاوی بارودۆخ و چاوەڕوانییە ڕەواکانی حیزبە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی تیدا کرابێت. ئەگینا لەوانەیە لە داهاتووش دا کێشەی لەم چەشنە سەرهەڵبداتەوە.

**پرسیار**: لە ڕووداوی تێکهەڵچوونی پەکەکە و حدکا دا ڕای گشتی لە باشووری کوردستان لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵات شکایەوە. ئێستاش هەست دەکرێ جیاواز لە ساڵانی پێشوو حکومەتی هەرێم بەربەستێکی ئەوتۆی نییە لەبەردەم چوونی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات بۆ سنوورەکان، ئایا هیچ ڕێکەوتن یان هەماهەنگییەکتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ ئەو پرسە هەیە؟

**وەڵام**: پێشتریش ئەگەر حزب و ڕێکخراوێک لەسەر سنوورەکان بەشێوەیەکی شیاو جووڵابێتەوە و ڕەچاوی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی کردبێت، تەعامولێکی بەرپرسانەی لە گەڵ کراوە. ئەوەی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبێت، هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات وتەنانەت باشووری کوردستان و حزب و ڕێکخراوەکانیشان ئەوە دەزانن کە ئەو کەند و کۆسپانەی لەبەردەم چالاکان و حزبە ڕۆژهەڵاتییەکان درووست کراون و ئەو پاوانخوازییەی پەکەکە بە نیسبەت ناوچە سنوورەییەکان هەیەتی، بەوەی کە ڕێگە نەدەن حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەستیان بە وڵاتی خۆیان ڕابگات، ئەوە ستەمێکە و نەک بۆ حزبەکانی ڕۆژهەڵات باش نییە بەڵکو بۆ بزووتنەوەی کورد لەسەر ئاستی کوردستانیش باش نییە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی شیاو هەڵسوکەوتمان کردووە و چاوەروانییەکان، ڕەخنەکان و قسەکانمان لۆژیکی بوون، ڕای گشتی لە باشووری کوردستان حەقی پێ داوین.

**پرسیار**: لەو سەروبەندەدا کە گرژییەک لەنێوان حدکا و پەکەکەدا درووست بووە ئێوە هێزی زیاترتان ڕەوانە سنوورەکان

کردووە و ئەوەش نیگەرانی ئەوەی لێ درووست بووە کە لەوانەیە بۆ پاڵپشتی کردنی حدکا و دژایەتی پەکەکە ئەو جوڵەیەتان بە هێزی پێشمەرگە کردبێت، وەڵامتان بۆ ئەو نیگەرانییانە چییە؟

**وەڵام**: بەر لەوەی ئەو گرژیانە لەنێوان حدکا و پەکەکەدا درووست بێت، هەم ئەمساڵ و هەمیش لە ساڵانی رابردوودا لەو سنوورانە پێشمەرگەمان هەبووە بەڵام بەدوور لەچاوی میدیا، ئێستاش کە هێزەکانمان لەسەر سنوورن، راستە هەڵوێستمان لەسەر تێکهەڵچوونەکە هەبووە و شەرمەزارمان کردووە و رامان گەیاندووە کە نەدەبوو گەریلا تەقە لە پێشمەرگەی دیموکرات بکات، بەڵام بە خۆشیەوە تا ئێستا کێشەیەکمان لەگەڵ پەکەکە بۆ پێش نەهاتوە و ئەو پەیوەندییە ئاساییەی پێشتر لەگەڵیاندا بوومانە ئێستاش هەر لە جێی خۆیەتی و هیواداریین هەر ئاواش بمێنێتەوە. سەبارەت بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، سەربارى ئەوەی هاودەردی خۆمان بۆ دەربڕیون، و پێمان وایە نەدەبوو پێ کاکا بە چەک وتێکهەڵچوون بەرەورووی پێشمەرگەکانی ئەوان بێتەوە،بەڵام ئێمە لایەنێک نین لە کێشەی ئەو دوو هێزە. پێش ئەوەی ئەوان لەو سنوورە بن ئێمە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی سەر سنوور هەبووین و ئێستاش کە هەر سێ لایەنمان لەوێین، جگە لەوەی خۆمان لە گرژی و کێشە لە گەڵ لایەنەکانی دیکە دەپارێزین، ئەوەندەی بۆمان بکرێ هەوڵ دەدەین یارمەتیدەر بین گرژییەک لەنێوان ئەو دوو لایەنەشدا نەیەتە پێش.

**پرسیار**: لەو ماوەیەدا دەبینین هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هێزەکانیان کۆ دەکەنەوە و هەندێکیش هێزیان بەرەو سنوورەکان جوڵاندووە، ئەگەری ئەوە هەیە شۆڕشێکی نوێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەر هەڵبداتەوە؟

**وەڵام**: دەبێ پرسی کورد لە رۆژهەڵات بە شێوازی جۆراوجۆربەرەوپێش بچێت، هەم خەڵک بە شێوازەکانی خۆیان لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرن کە بۆیان دێتە پێش و هەم حزبە رۆژهەڵاتییەکانیش دەبێ سەرنجی جیهان بۆلای رۆژهەڵاتی کوردستان رابکێشن و دەبێ پاڵەپەستۆ بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران لەوەی کە ناتوانێ چیتر خەڵک لەژێر سەرکوتکردن و بێمافیدا بهێڵێتەوە. بۆیە پێموایە هاوکاری لە ئاستی حزبەکانی رۆژهەڵاتدا پێویستە و بوونی تێکۆشەرانی هەموو حزبەکان لەناوخۆی رۆژهەڵات و لەناو خەڵکدا بە پێویستی دەبینم و دەبێ پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان خەڵک لەناوخۆ و حزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا درووست ببێت و سەردەمێکی تازەتر لەناوخۆ دەستپێبکات و وا نەبێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە رۆژەڤدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان دابخرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## «خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن»

**دیمانە: ئارەش لۆرستانی**

**لە وتووێژێکی تایبەتی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردوە بە ئامانجی خەباتی ٧٠ ساڵەی خۆی. ئایا درێژ بوونەوەی ئەم خەباتە، نیشانەی نادروستبوونی ئەم ئامانجە نیە؟**

**قادر وریا**: درێژبوونەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ جۆر بە مانای نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکەی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین ملیۆنی کە خۆی‌و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون، مافێکی ڕەواو ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم ئامانجەو ئەم مافەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکی نییە، بەڵکوو بە مافیکی بێ ئەملاو ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێ. نە شتێکی ناڕەوای تێدایەو نە زێدەڕۆیی. کەوایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەرو دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورت دا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوەو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

**ئارەش لۆرستانی: گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧ دەیە، هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، چین؟ دەتوانی بە کورت باسیان بکەی؟**

**قادر وریا**: بە بڕوای من هۆیەکان ئەمانەن:

**یەکەم**. پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانیو دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم گەلەش وەک گەلانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ.

**دووهەم**. پابەندبوون بە ریسالەتو ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە رزگار کردنی ئەو گەلە لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم**. وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبە داو هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبەو لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبە دا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەباتو بەردەوامنەبوویی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانیو تێچووە زۆرەی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد داویانە.

**چوارەم**: درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەو خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

**ئارەش لۆرستانی**: **خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا) دا کامانەن؟**

**قادر وریا**: بەرگری چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلەو پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانە دا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانە دا ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلەو پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردووییو خەڵکدۆستیو فیداکاریو ڕێزدانان بۆ خەڵکو بوونی ڕەوشتی بەرزو هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندیانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغو سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەم، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بکەم بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لە سەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا. هەر وەها لە ڕووی چاوەڕوانییەکانیان لە حیزبو بزووتنەوەو ڕادەو ئاستی فیداکاریو خۆ تەرخانکردنیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەییو بۆ حیزب. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆمار دا، هێزێکی تەواو

پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکووزیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لە ژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیان دا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزم دابووە. بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم خەڵکی لادێیان زۆر تێدابووە هەم خەڵکی شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگە دا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێ و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستەو چەکیش کە لەو سەردەمە دا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان. جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆ پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوو دا دەیبینم، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئێستا، پشوودرێژترو خۆڕاگرتر بوون، لە گەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچوون دابوون، پتر لە گەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوونو هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرتو پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگە دا دەمانەوە.

**ئارەش لوڕستانی**: لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئایا حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا ڕیفۆرمخواز؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغو سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان دا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناوبەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون.

ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆرو شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبە دا داسەپاون ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دیموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لە گەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە رووی داخوازی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شێوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی

ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێ هەم خەڵک بۆ بەشداری تێداکردنو بەرەوپێشبردنو رادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

**ئارەش لۆرستانی**: حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتو پیوەندییەکانی خۆی لە دوو بواری ئێرانیو کوردستانی (بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان) چۆن دادەڕێژێ و بەڕێوەیان دەبا؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردوەتە پێشو هەوڵی داوە بە رادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بداو یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەو پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لە گەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لە گەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لە گەڵ گەلانی ئێران لەخەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا، هاوخەبات بێ.

**ئارەش لۆرستانی**: بە سەرنجدان بەوە کە لە کوردستان پەیڕەوانی ئایینو ئایینزای جیاواز هەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چ میتۆدێک بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوەی کورد سوود وەردەگرێ؟

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چینو توێژێک یا لە هەر ئایینو ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکتو زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە دا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایینو ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوەو بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بڕوایە دایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەو دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە

دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج وداخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو هاوخەبات بن.

**ئارەش لۆرستانی**: حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیی بە ئەزموون، لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی دیموکراسیو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ خۆیو چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، دادەنێ؟

**قادر وریا**: ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسیو، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆی دا لە گەڵ کەم و کووڕیو لاوازیی جۆراوجۆرو ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوەو لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەتو هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، دریغ نەکردن لە قوربانیدانو شێلگیربوون لە سەر خەباتو تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویو کۆدەنگی لە نیوکۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان جێ بەجێی کردوە.

دیارە ڕۆڵو ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدانو تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبەو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەرووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیان وابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دیموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەرو تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەباتو بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەرو ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوەو لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## زۆربەی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندەی دەسەڵاتی تازەی سوریادان

**وتوویژیی تایبەتی "قەندیل پرێس" لەگەڵ "دوکتور قادر وریا" مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان "هەسەدە" و "حکوومەتی نوێی سووریا."**

**د. قادر وریا، مامۆستای زانکۆ، دەڵێت: "ئەگەر بتوانن ئەم ڕێککەوتن و ئەم دەسکەوتە، بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی ڕۆژاوا و بەشێک لە دەسکەوتەکانی چەندین ساڵەی خەبات و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بەکار بێنن، بە شتێکی باشی دەزانم".**

**قەندیل پرێس**: بە ڕای بەڕێزتان بۆ لەم کاتەدا ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەڕێز مەزڵوم عەبدی و ئەحمەد شەرع ئەنجامدرا؟ بە تایبەت ئاگادارین کە ڕێزدار ئۆجالان نامەیەکی ناردووە بۆ خۆسەریی و هەروەها مەزڵوم عەبدی ڕایگەیاندووە کە مایکل کوریلا فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا هانیداوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنە لە لایەکی تریشەوە دەبینین کە دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئێستا دژ بە حکوومەتە نوێکەی سوریا هەنگاو هەڵدەگرێت، یانی پرسیارەکە ئەمەیە چ گۆڕانێک ڕوویداوە کە ئەم ڕێککەوتنە واژۆ کراو چ کاریگەرییەکی لەسەر مەیدانی سیاسی سوریا دەبێت؟

**د. قادر وریا**: ئەوە کە بۆچی و لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەم ڕێککەوتننامەیە واژۆ کراوە، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە. لەم بڕوایەدام هەر دوو لایەنی ڕێککەوتنەکە، لە ڕووی ناچارییەوە ملیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر داوە. پێشترهەر دوولا بە تایبەتی دەسەڵاتی نوێی سوریا، هەوڵیاندا بەو جۆرەی بۆخۆیان دەخوازن، کێشەی نێوان ڕۆژاوای کوردستان و دەسەڵاتی نوێ یەک لایی بکەنەوە، بەڵام هیچیان نەیتوانی ویستی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت.

دەوڵەتی تورکیا لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی نوێی سوریا، بۆ یەک ساتیش لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک لە ڕۆژاوا و هێرشی هەوایی بۆسەر ئەو ناوچانە و هاندانی تاقمە بەکرێگیراوەکانی بۆ شەڕ پێفرۆشتن بەو دەسەڵاتە کوردییە، غافڵ نەبووە. هەروەک پێشتریش دریغی لە دژایەتیی دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک لە ڕۆژاوادا نەکردووە. حکوومەتەکەی ئەحمەد شەرعیش هەوڵی دەدا بێ ڕێککەوتن و بێ بەرعۆدەبوونی جێبەجێکردنی خواستی کورد لە سوریا، کۆتایی بە دەسەڵاتی کوردی بێنێ و لە نێو دام و دەزگاکانی دەسەڵاتەکەی خۆیدا بیانتوێنێتەوە. بەڵام بەو هۆیەوە کە خۆسەری دیموکراتیک هەم پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژاوای هەیە، هەم وڵاتانی ڕۆژاواییش، بە هۆکاری

هاوپەیمانەتیی دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە لە شەڕی دژ بە داعش و هەر لەو کاتەدا ناوەرۆکی دیموکراتیک و پێشکەوتوانەی هەتا ئێستا پشتیوانیی لێدەکەن، نەیتوانی بە زۆر و هەڕەشە ئەو کۆسپە لەسەر ڕێی خۆی لابەرێت. ناچار ڕێگەی ڕێککەوتنی گرتەبەر.

ئەم قسەیە لە بارەی هێزە دیموکراتیکەکانی سوریاش (هەسەدە) هەر ڕاستە. ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی دەزانن ئەو حکوومەتەی ئێستا، بەرئەمری تورکیایە؛ بەڕێوەبەرە سەرەکییەکانی لەگەڵ پلۆرالیزم و دیموکراسی و بەها پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نامۆ و تەنانەت دژن؛ بەڵام بووە بە ئەمرێکی واقیع. وڵاتانی ڕۆژاوایی و زۆربەی وڵاتانی ناوچە، دانیان پێداناوە و خەریکن خۆیانی لەگەڵ دەگونجێنن؛ گەمارۆکانی سەر سوریایان یان لابردووە یان خەریکن لایدەبەن؛ حەز دەکەن هەرچی زووتر سەقامگیری لەو وڵاتە پێک بێت و دەرفەت بۆ بەرژەوەندە سیاسی و پرۆژە ئابوورییەکانیان بێتە کایەوە. لە پێناوی ئەم سیاسەتەشیاندا، چاوەڕوانکراوە کە ئەوەندە پشتیوانییەی تا ئێستا لە ڕۆژاڤایان کردووە، کۆتایی پێ بێنن. دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک، لە دۆخێکی ئەوتۆدا با شەرعیەتی گەلی و ناوەرۆکێکی دیموکراتی و مودێرنیشی هەبێت، با هێزی ڕاهێنراوی پێکهاتوو لە کچ و کوڕی لێوەشاوە و دامەزراوەی جۆراوجۆری جێگەی پشتیوانیی خەڵکیشی هەبێت، ئەگەر ڕێگای دژایەتی و بەربەرەکانیی دەسەڵاتی نوێی سوریای درێژە پێدابا، بێ پشتیوانیی دەرەکی، دەکەوتە نێوان بەرداشی تورکیا و دیمەشق و ڕووبەڕووی داهاتوویەکی ناڕوون دەبۆوە. بەم پێیە هەر دوولا بەرژەوەندیان لە ڕێککەوتندا بوو.

ئەوەندەش کە پێوەندیی بە پەیامی بەڕێز ئوجەلانەوە هەیە، بێ ئەوەی ئاگاداری نێوەرۆکی پەیامەکەی بەڕێزیان بۆ خۆسەری دیموکراتیک بم، پێموایە هاندەر بووە بۆ ئەم ڕێککەوتنە. چونکە ئوجەلان کاتێک بۆ خۆی لە تورکیا دەیهەوێ پرسی کورد لەچوارچێوەی برایەتیی کورد و تورکدا چارەسەر ببێت و لەگەڵ پێداگری لەسەر فیدرالی و دەسەڵاتی نەتەوەیی و کوردیدا نییە، چۆن دەکرێت بۆ هێزێکی کوردی لە سوریا کە لە بیروباوەڕی خۆی بە نزیکیان دەزانێت، ئەویش لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتێکی نوێ لە سوریا کە بەرئەمری دەوڵەتی تورکە، ڕێگایەکی دیکەیان بخاتە بەردەم؟ بۆیە وا بیر دەکەمەوە کە پەیامی بەڕێز ئوجەلانیش ڕێخۆشکەر و هاندەر بووە بۆ ئەم ڕێککەوتنە.

**قەندیل پرێس**: **شرۆڤەی بەڕێزتان لەسەر دەقی ڕێککەوتنەکە چییە؟ (بەلەبەر چاوگرتنی کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر داهاتووی نەتەوەی کورد لە سوریا).**

**د. قادر وریا**: من ئەگەر بە ئەرێنی سەیری ئەو ڕێککەوتنە بکەم زیاتر لەو ڕوانگەوەیە کە لەهەلومەرجی ئێستادا خەڵک و خاکی ڕۆژاوای کوردستان لە قەڵاچۆ و داگیرکاریی تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سوریا دەپارێزێت، بیانوویان لەدەستدا

ناهێڵێت.

من نازانم لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا بێجگە لەو خاڵانەی ڕاگەیەندراون، چ ڕێککەوتنێکی دیکە هەیە، هیوادارم پەسندکراو و ڕێککەوتنی دیکە هەبن کە لە مەیدانی کردەوەدا بالانسەکە هەتا ڕادەیەک لەبەرژەوەندەی کورد لە ڕۆژاوا بەرێتە سەر. بەڵام ئەوەندە خاڵەی ڕاگەیەندراون، زۆربەی هەرە زۆریان لە بەرژەوەندەی دەسەڵاتی تازەی سوریادان. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە. کاتێک دوو لایەنی ڕێککەوتن، هاوسەنگیی هێزیان لەنێواندا نییە، ئاشکرایە لایەنی کەم هێزتر، ناچارە ئیمتیازی زیاتر بدات.

**قەندیل پرێس**: بە ڕای جەنابتان دەسکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان چین؟

**د. قادر وریا**: بێجگە لەوەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد(پاراستنی خەڵک و خاکی ڕۆژاوای کوردستان لە نیازە شوومەکانی دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سوریا)، داننان بە کورد لە سوریا و قبوولکردنی مافە شارۆمەندییەکانی لە دەستووری ئەو وڵاتەدا (بە بەراورد لەگەڵ مێژووی هەتا ئێستای سوریا) بۆ کورد بە دەسکەوت دەزانم، هەرچەند ئەو دەسکەوتە لە ئاست خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژاوا، ڕۆڵیان لەدژایەتیی تێرۆریزم و گرووپە کۆنەپەرستەکاندا و هێنانی بایەخە نوێیەکانی وەک یەکسانیی ژن و پیاو و پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییە ئایینی و نەتەوەیی و زمانی بۆ ئەو وڵاتە، زۆر بە کەم و بچووک دەبینم. بەڵام ئەگەر بتوانن ئەم ڕێککەوتن و ئەم دەسکەوتە، بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی ڕۆژاوا و بەشێک لە دەسکەوتەکانی چەندین ساڵەی خەبات و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بەکار بێنن، بە شتێکی باشی دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠٢٥

## لێکەوتەکانی فایلی دەنگیی ئەمیر کەریمی، پێوەندیی نێوان پەژاک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### تەوەرەی دووهەمی هەڤپەیڤین لەگەڵ قەندیل پرێس:

**قەندیل پرێس: بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی دوایین کۆبوونەوەی ناوەندی دیالۆگ لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، فایلە دەنگییە بڵاوکراوەکان بوونەتە گرێکوێرەی ئەم جارەی هاوکاری حیزبەکان، بە تایبەت ئەوەیکە داوا لە پەژاک کراوە بە فەرمی ئەو فایلە دەنگییانەی کاک ئەمیر کەریمی ڕەد بکاتەوەو پەژاکیش ئەم داواکاریەی ڕەد کردووەو باسی لە فایلە دەنگییەکانی کاک عومەر ئیلخانیزادە و کاک هێمن سەیدی کردووەو ڕایگەیاندووە پەرچەکرداری ئەو چەند حیزبە لەبارەی ئەم دوو فایلە دەنگیە لە بەراوەرد لەگەڵ پەرچەکردارەکان دژ بە فایلە دەنگییەکەی بەڕێز ئەمیر کەریمی لەیەک ئاستدا نین و وادیارە بەستێنەکە زیاتر دژ بە پەژاکە، بە ڕای بەڕێزتان ئەم گرێ کوێرەی ئەمجارە چۆن چارەسەر دەبێت؟**

**د. قادر وریا**: پەژاک، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی خۆی لە ئاست فایلە دەنگییە ئاشکرابووەکەی کاک ئەمیر کەریمی نەدەبوو پەنا بەرێتە بەر ئەو دوو فایلە دەنگییەی ئاماژەت پێکردوون.

**بە چەند هۆکار:**

**یەکەم؛** دەنگدانەوەی نەرێنیی فایلی دەنگیی کاک عومەر ئێلخانیزادە و کاک د.هێمن سەیدی زۆر کەمتر بوون لە دەنگدانەوەی فایلەکەی کاک ئەمیر، تا ئەو ڕادەیە کە ڕەنگە زۆر لە خوێنەران نەزانن مەبەستی ئێوە یان من لە کام فایلی ئەو دوو بەڕێزەیە.

**دووهەم؛** من ئاگادار نیم هیچ فایلێکی دەنگیی نهێنیی دکتۆر هێمن سەیدی بڵاو بووبێتەوە. ئاگادارم کە د.هێمن لە چەند لایڤ و بەرنامەی ڤیدیۆییدا کە نهێنی نەبوون، بەڵکوو گشتی و ئاشکرابوون، ڕەخنەی بۆ وێنە لە کاک عەولا موهتەدی، یان ڕەخنەی لە کاک خالید عەزیزی گرتووە.هەر لەو بەرنامانەشیدا، بەو پەڕی ڕێزەوە باسی مێژووی حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێبەرە شەهیدەکانی کردووە. لە دوایین فایلیشدا بە توندی رەخنەی لەقسەکانی کاک ئەمیر کەریمی گرتبوو، بەڵام هیچ بوختان و بێ ڕێزییەکی بە مێژووی پەژاک و شەهیدەکانی و گریلاکانی نەکردبوو. ئەمانە نە نهێنی بوون، نە وەک قسەکانی کاک ئەمیر، پڕ بوون لە بوختان و چەواشەکاری. پاشان د. هێمن سەیدی خۆ سەرۆک و هاوسەرۆک و ئەندامی سەرکردایەتیی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نییە، بۆچی حیزبەکان دەبێ وەڵامدەر و بەرپرسیاری قسەکانی ئەو بن.

**سێهەم؛** ڕەخنەگرتنی ئەندامی سەرکردایەتی، یان تەنانەت کەسی یەکەمی حیزبێک لە حیزبێکی دیکە، شتێکی ئاساییە. بەڵام هی کاک ئەمیر کەریمی، ڕەخنەگرتن نەبوون، "شەلم کوێرم، کەس نابوێرم" بوختان و بێ ڕێزی بوو بە مێژووی ئەو حیزبانە، بە هێزی پێشمەرگەیان، بە ڕێبەرانیان، بە ژنانی تێکۆشەریان. واتا چاوی خۆی نوقاندبوو و هەرچی بە دەمیدا هاتبوو، وتبووی. من نازانم لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کلاس و کۆنگرەکانی پەژاکدا، بەشداران مافی ڕەخنەگرتن لە ڕێبەران و وتاربێژان و مامۆستاکانی خۆیانیان هەیە یان؟ ئەگەر ئەو مافەیان هەیە چۆنە ڕێگایان داوە قسە و باسی تا ئەو ڕادەیە نزم و بێ بنەما و بێ ناوەرۆک بکرێن؟ ئەگەر ئەو مافەیان نییە، چۆن دەیانەوێ و دەتوانن هەرچی حیزبی بە وتەی خۆیان کلاسیکە، لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان بسڕنەوە و بزووتنەوەیەکی مودێڕنتر، بێننە جێگای؟!

ئەو گرێکوێرەیە بەمە دەکرێتەوە سەرۆکایەتیی پەژاک، کە ساڵانێکی زۆرە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ لە بازنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێی ببێتەوە و پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵیان هەبێت، ئەم دەرفەتەی لە سایەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبەکانی دیکەدا بۆی ڕەخساوە، لە کیس نەدات. حیزبەکانی دیکە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە و بە تێگەیشتن لە گرنگیی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن، سەرئەنجام هەنگاوێک هاتنە پێش و، دەرگای دانیشتن و دیالۆگ و هاوکارییان لەگەڵ پەژاک کردەوە. سەرۆکایەتیی پەژاک دەبوو ئەو ئازایەتییەی هەبێت- ئێستاش هەر دەکرێت ئەو ئازایەتییە بنوێنێ- ڕەخنە لەم جۆرە لێدوانەی کاک ئەمیر کەریمی بگرێت. بە بڕوای من کاک ئەمیر دەبوو بۆخۆی ڕەچەشکێن بێت و بڵێ من بەهەر هۆکارێک هەیە لەم قسە و باسانەدا زیدەڕۆییم کردووە، بوومە هۆی ڕووشانی ڕێژەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان و خەڵکی لایەنگری ئەو حیزبانە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم. هاوکاری و هاوخەباتیی چەندین حیزب و ڕێکخراو بە یەکەوە، پێویستی بە نیشاندانی نیازپاکی بەرامبەر یەکتر هەیە، نەک پێداگری لە سەر بۆچوونە توند و نادۆستانەکانی ڕابردوو.

**قەندیل پرێس:** یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە حیزبەکانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی دیالۆگ دەگیرێت ئەوەیە کە زانیاری ئەو کۆبوونەوانە دزە دەکاتە میدیاکان و پرسەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بەشێک لە چاودێران پێیان وایە ئەم کارە بە ئەنقەست دەکرێت و ئامانجی ئەوەیە ناوەندی دیالۆگ شکست بخوات یان ئەوەیکە لایەنێکی دیاریکراو دەرپەڕێنن، شرۆڤەی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟

**د. قادر وریا:** لەم کۆبوونەوانەدا چەند حیزب، هەر کامەی بە دەستەیەکی چەند کەسی بەشدار دەبن. هاوکات میدیاکانیش بە دوای هەواڵ و زانیاریی کۆبوونەوەکانی ئەم حیزبانەدا دەگەڕێن، بۆیە سەیر نییە ئەگەر میدیایەک زانیارییەکی سنووردار لە کەسێکی بەشداری کۆبوونەوەکە یان سەرچاوەیەکی نزیک لەو حیزبانە بەدەست بێنێت.

ئەوەندەی من بە دواداچوونم هەبووە، تا ئێستا نهێنییەکی گەورە و زانیارییەکی هەستیاری ئەم کۆبوونەوانە بڵاو

نەبووەتەوە؛ ئەوەی هەبووە و لە سۆشیال میدیا کەوتووەتە بەرسەرنج، زیاتر دەنگۆ و بۆچوون و گریمانە و لێکدانەوەیان بووە نەک خودی زانیارییەکە. "لایەنێکی دیاریکراو" ئەگەر دەیهەوێت تەریک نەکەوێتە و بە تەنیا نەمێنێتەوە و لە کۆڕی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەرنەپەڕێندرێ، پێویستە گوتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانی دیکە، دۆستانە و نیازپاکانە و بەرپرسانە بێت، نەک قەڵسەگێڕان و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندن بە هەڕەشە و شێواندنی زیاتری دۆخەکە. لە داهاتووشدا هەر فایل یان لێدوانێک یان زانیارییەکی کۆن و نوێ لە هەر ڕێکخراو و لایەنێکی سیاسی، دزە بکات و بڵاو بێتەوە، هەنگاوی دروست ودلسۆزانە و بەرپرسانە ئەوەیە، خودی ئەو ڕێکخراوە، دەستی خۆی ڕەپێش بخات، بە دانی ڕوونکردنەوەی پێویست و ژیرانە، بەر بە لێکەوتە زیانبارەکان بگرێت و نەهێڵێ متمانە و نیازپاکیی نێوان خۆی و لایەنەکانی دیکە زیانی پێ بگات و دۆخەکە بشێوێت.

**قەندیل پرێس**: ئێستا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لاواز بووەو لە ژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکییە، لە لایەکترەوە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی ئامادە نییە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسێت، لە ئاوا بارودۆخێکدا بە ڕای بەڕێزتان بۆ پرۆژەکانی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە ئاکام ناگەیێت، ناوەندی هاوکاری کە شکستی خوارد و ئێستاش ناوەندی دیالۆگ ئەگەری شکستهێنانی هەیە؟

**د. قادر وریا**: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەتا ئەو کاتەی یەکگرتن و هاوپەیمانییەکی پتەو پێک نەهێنن و چاوەڕوانی و ویستەکانیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە هەر بەدیلێکی ڕێژیمی ئێستای ئێران، نەکەن بە یەک و یەکگرتووانە لە پشتی ڕانەوەستن، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێران، هەر ئامادە نابێت مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە ڕەسمی بناسێت، هەر ئامادە نابێت جێگە و پێگەی شیاو لەهەوڵەکانی قۆناغی گواستنەوەدا بدا بە نوێنەرانی کورد. ئەگەر لایەنێکی کوردیشیان لەوانی دیکە هەڵاوارد و لەگەڵ خۆیان خست، بەمە نە نەتەوەی کورد هیچی دەست دەکەوێت و نە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش، دەتوانێ خەیاڵی خۆی لە ئاست کێشەی کوردستان ئاسوودە بکات.

ئەو یەکگرتنەش کاتێک پێکدێت کە ئەو حیزبانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و داهاتووی نەتەوەکەیاندا، ڕوانینیان بەرانبەر یەکتر بگۆڕن، پێویستە بە شێوەیەکی واقیعی تر پێگەی خۆیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا هەڵسەنگێنن؛ ئەوانەیان کە بە ڕاستی خاوەن جێگە و پێگەیەکی گەورەن، ئامادە بن لە پێناوی داهاتوو و بەرژەوەندی گشتی و پێکهاتنی ئەم هاوکاری و یەکگرتوویییە، لە خۆیان مایە دابنێن و لایەنەکانی لە خۆیان بچووکتریش بخوێننەوە. ئەوانەش کە لەبارەی سەنگ و پێگەی خۆیان زێدە ڕۆیی دەکەن و خۆیان لە هیچ هێزێک پێ بچووکتر نییە، ئەوانیش لە پێناوی نەتەوەکەیاندا واز لە ئیددیعای گەورە و زێدەخوازی بێنن و لەم قۆناغەدا هاوکار بن بۆ ئەوەی ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و هەموو ئەوانەی نایانهەوێ نەتەوەی کورد لە ئێران بە مافەکانی بگا، یەکدەنگ و یەکگرتوو و هاوپشتی یەک بین. با ئەو ململانێ

حیزبیانە و ئەم خۆ بە گەورە دیتنانە هەڵبگرین بۆ ئەو کاتەی خەڵک بە دەنگدانی خۆیان دەتوانن بیسەلمێنن کام حیزب و ڕێبەریان لەوانی دیکە زیاتر قبووڵە. بە ڕاستی ئێستا هەر لایەنێک کۆسپ بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانەتییەکی بە هێزی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکات، خزمەتی نەیارانی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی دەکات

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٤ی دیسەمبەری ٢٠٢٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## دەرفەتێک کە ئەم شەڕە بۆ کورد خوڵقاندوویە، ئەمریکا و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### لە هەڤپەیڤینێک لە گەڵ قادر وریادا

**قەندیل پرێس**: لێدان لە پێگە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ خاپووورکردنی بنکە ئەمنییەکانی ڕژێم لە ڕۆژهەڵات پەیامێکی ڕوونی تێدایە. بە بڕوای جەنابتان، ئامانجی هاوپەیمانان لە چۆڵکردنی ئەو ناوچانە لە هێزی سوپا و بەسیج چییە؟ ئایا ئەمە دەرفەتێک بۆ هێزە کوردییەکان دەڕەخسێنێت یان مەترسیی نوێ دروست دەکات؟

**د. قادر وریا**: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر چەند هۆکارێک، لە باری سەربازی و ئەمنییەتی گرنگییەتی تایبەتی هەیە. یەکەم، بەو هۆیەوە کە نەتەوەی کورد هەر لە ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ملی بۆ دەسەڵاتەکەی ڕانەکێشاوە و هەتا ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا بووە، لەهەموو ناوچەکانی تری ئێران زیاتر میلیتاریزە کراوە و بووە بە مۆڵگەیەکی گەورەی هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم. دووهەم ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە چ لەبەر شاخاوی بوونی و چ لەبەر ئەوەی نزیکترین سنووری ئێران بە ئیسرائیل و پێگەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەیە، بە دەیان پێگەی هەڵدانی درۆن و هاژەک و تونێل و کۆگای هاژەک و درۆن و تەقەمەنیی ئەو بوارانەی لێ هەڵکەوتوون.

ئامانجی هێرشە هەواییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر پێگە و بنکەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەک زەبر وەشاندنە لەم توانایی سەربازیانەی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە کە هەڕەشەن بۆ سەر هێزەکان و پێگەکانی خۆیان، لە لایەک تر جۆرێک هاوکاری و پشتیوانیشن لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە خەباتکارەکانیان. بە دڵنیاییەوە، لاوازبوونی هەرچی زیاتری توانای نیزامی و ئەمنییەتیی ڕێژیم لە کوردستان، دەرفەت بۆ نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی دەڕەخسێنێت، بەو مانایە کە لە درێژەی ئەو لاوازبوونەی ڕێژیمدا، هێزە سیاسییەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زووتر لە ناوچەکانی تری ئێران دەتوانن کۆنترۆڵی ناوچەکەی خۆیان بکەن و لە پاشماوەکانی ئەو ڕێژیمە پاکی بکەنەوە.

**قەندیل پرێس**: پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکان (مۆدێلی ڕۆژئاوا)؛ باسکردنی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان ترامپ و مستەفا هیجری و بەڵێنی پاڵپشتی بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات، گەرموگوڕییەکی زۆری دروست کردووە. لە نێوان ئەزموونی

**ڕۆژئاوا و واقیعی ڕۆژهەڵاتدا، ئایا کورد دەبێت ببێتە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمریکا و ئیسرائیل؟ مەترسیی و دەستکەوتەکانی ئەم هاوپەیمانییە چۆن دەبینن؟**

**د. قادر وریا**: تۆخبوونەوە و دەنگدانەوەی هێندێک باس و شیمانە لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە بۆ ئەم ڕاستییە کە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل نەک هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران، دەرفەتخوڵقێنە. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی لاوازیی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەر و دڕندەیە و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ڕووخانی. ئەمە دەرفەتەکەیە، چونکە بە بێ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە گۆڕانێک لە قازانجی دێموکراسی و دابینبوونی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران ڕوو نادات. ئەمریکاش هەم بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕێژیمە، هەم لە ئامادەکردنی بەدیلێک بۆ دوای ئەو ڕێژیمە، پێویستی بەو هێزانە هەیە کە پێگەیەکی جەماوەریی گەورەیان هەیە، ئەزموونیان هەیە، ڕێکخستنیان هەیە، هێزی پێشمەرگەیان هەیە، بڕوایان بە دیموکراسی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی هەیە. نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات هێزێکی ئەوتۆن کە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان لەم پێوەندییەدا هەبێت.

بەڵام چونکە ستراتێژی ئەمریکا لە بارەی داهاتووی ئێرانەوە ئەوەندە ڕوون نییە، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە پارێزەوە هەنگاو دەنێن. لە ڕاستیدا ئەو هێزانە نایانهەوێت ئەمریکا تەنیا بۆ بڕگەیەکی دیاریکراو و بۆ ئامانجێکی کورتخایەن، بیانخوێنێتەوە، بەڵکوو دەیانەوێ ئەمریکا ئەو دڵنیاییەیان پێبدات کە لە قۆناغەکانی دواتریشدا، پشتیوانی کوردستان و هێزە کوردەکان دەبێت، بە تەنیایان ناهێڵێتەوە و دەیانپارێزێت. هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەروەها دەیانهەوێ ئەمریکا ئەرکدار بکەن کە لە پرۆسەی جێگیرکردنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێران و دابینبوونی مافی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی، پشتیوانیان دەبێت. بەش بە حاڵی خۆم، هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بێت، بە دروست و بە قازانجی پرسی ڕەوای نەتەوەکەمانی دەزانم، بەڵام ئەگەر ئەم مەرج و گەرەنتیانەی تێدا نەبێت، تووشی دووپاتکردنەوەی ئەزموونە ناخۆشەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا لە بەشەکانی تری کوردستان دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٦

## چارەنووسی سیستەمی سیاسی لە ئێران، ستراتیژی ئەمریکا و پرسی جێگرەوە

**لە کاتێکدا ناوچەکە بە دەست گۆڕانکارییەکی خێرای سەربازی و سیاسییەوە دەناڵێنێت و ژێرخانە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی هێرشی بێ وێنە بوونەتەوە، پرسی "چی لە دوای کۆماری ئیسلامی؟" بووەتە ڕۆژەڤی ناوەندە سیاسییەکان. لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی "قەندیل پرێس"دا، نووسەر و چاودێری سیاسی "دکتۆر قادر وریا"، بە وردی تیشک دەخاتە سەر داهاتووی سیستەمی سیاسی لە ئێران، مەترسییەکانی ناسیۆنالیزمی ناوەندی، و ئەو دەرفەت و تەحەددییانەی لەم قۆناغەدا دێنە ڕێی بزووتنەوەی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**قەندیل پرێس: سەبارەت بە چارەنووسی سیستەمی سیاسی لە ئێران؛ دوای ئەو زنجیرە هێرشە چڕانەی کرانە سەر ژێرخانە ئەمنی و سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی و لاوازبوونی پێگەی فەرماندە باڵاکان، ئایا خوێندنەوەی ئێوە وەک چاودێرێکی سیاسی بۆ قۆناغی داهاتوو چییە؟ ئایا ئەمە سەرەتای کۆتایی ڕژێمە، یان تەنیا گۆڕینی هاوسەنگیی هێزە لە ناوچەکەدا؟**

**د. قادر وریا:** خوێندنەوەی من بۆ قۆناغی داهاتوو، لەم تێگەیشتنەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێموایە ڕژێمی ئێستای ئێران، ئەگەر نەڕووخێندرێ و کۆتایی پێ نەهێنرێت، ئەو کێشە و سەرئێشانەی ئەمریکا و ئیسرائیلیان ناچار کردووە شەڕێکی بە تەواو مانای لەگەڵ بکەن، بنەبڕ نابێت و دوای ماوەیەکی تر، سەر لەنوێ بەرەوڕووی هەمان ئەو کێشانە دەبنەوە. لە عەقڵدا ناگونجێت پاشماوەکانی ئەو ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکە واز لەو ئامانجانە بێنن کە نزیکەی پەنجا ساڵە لەگەڵی ژیاون و ڕێژیمەکەیانی لەسەر بنیات نراوە.

جا ئێستا، ڕق و نیازی تۆڵەکردنەوەی کوشتنی خامەنەیی ("ڕێبەری شۆڕش" و "وەلی ئەمر")ەکەیان، کوشتنی دەیان و سەدان فەرماندە و کاربەدەستی پلە یەکی ڕێژیمەکەیان، لەنێوبردنی هێزی دەریایی و ئاسمانییەکەیان، بۆمبارانی دامەزراوە ناوکییەکانیان، وێرانکردنی هەزاران ناوەند و بنکەی سوپا و ئەمنیەتی و چەکسازییشی هاتووەتە سەر. بۆچوونی خۆم وایە کە ئەمریکا و ئیسرائیلیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە پێویستە کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنن نەک کارەکەیان بە ناتەواوی و نیوەچڵی بەجێ بهێڵن و وا بکەن دوای ماوەیەکی تر ئەو ڕێژیمە دووبارە تەنگیان پێ هەڵبچنێت. بەم پێیە قۆناغی داهاتوو لەم شەڕەی ئێستادا، قۆناغی توندتر بوونی شەڕەکە، وەشاندنی زەبری گەورەتر و گرتنەبەری ڕێگای تر، وەک شەڕ لەسەر زەوی لەگەڵ هێزەکانی ئەو ڕێژیمە دەبێت.

**قەندیل پرێس: ستراتیژی ئەمریکا و پرسی جێگرەوە؛ وانەکانی دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە دەستوەردان لە دیاریکردنی**

**ڕێبەری داهاتوو، ئاماژەن بۆ چی؟ ئایا ئەمریکا بەدوای "گۆڕینی ڕەفتار"ی ڕژێمدایە یان "گۆڕینی ڕژێم"؟ ئایا واشنتۆن تەنیا بە دوای ڕێبەرێکی مۆدێرنتردا دەگەڕێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بگونجێت؟**

**د. قادر وریا**: ئەو قسەیەی ترامپ کە دەیگوت دەبی لە دیاریکردنی ڕێبەری نوێی ڕێژیمدا، ڕای ئەو لەبەرچاو بگیرێت، هی پێش دیاریکردنی موجتەبا خامەنەیی بوو. ئەو کات بۆیە ئەم قسەیەی دەکرد، مەبەستی ئەوە بوو گوشاربۆ میراتگرانی خامەنەیی بێنێت بەڵکوو کەسێکی ئەوتۆ بکەنە ڕێبەری ڕێژیمەکەیان کە لەگەڵ ئەمریکا پێک بێت و مەرجەکانی قبووڵ بکات، بەڵام وەک دیتمان بە گوشاری سپای پاسداران، موجتەبایان دیاری کردووە کە لە باوکی توندڕەوتر و کەللە ڕەقترە. دیارە موجتەبا ڕێبەری رواڵەتییە، چونکە روون نییە موجتەبا کە دەگوترێت بریندار و نەقوستان بووە، هەر لەجێدا دەتوانێت ڕێبەرایەتیی پاشماوەی ڕێژیمەکەی باوکی بکات یان نا.

من پێموایە "گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم"، خەیاڵێکی خاوە جا چ سەرۆکی ئەمریکا ئەو خەیاڵەی هەبێت چ هەر لایەنێکی تر. بڕیاردەری سەرەکی لەم ڕێژیمەدا سپای پاسدارانە. ناوکەی سەرەکیی دەسەڵاتی ئێستا، ئەو کەسانەن کە لە خەتی خامەنییدا بوون و هەن و بە هەرە توندڕەوەکانی ئەم سیستەمە دەژمێردرێن. ئەگەر لەنێو ئەو سیستەمەدا کەسانێکی نەرمتریش هەبن، نە دەسەڵاتبەدەستن، نە ڕێگایان پێ دەدەن و نە بۆخۆشیان ئەو توانایی و ئەو هێز و پێگەیان هەیە دەسەڵات بگرنە دەست ومل بۆ مەرجەکانی ئەمریکا ڕاکێشن. لە ڕاستیدا لەنێو ئەو سیستەمەدا بە هۆکاری جۆراوجۆر هیچ قۆڵ و کەسێک جورئەت ناکات لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتن بە واتای خۆبەدەستەوەدان بکات. سیستەمی دەسەڵاتدار لە ئێران زۆر جیاوازە لە سیستەمی حکوومەتیی ڤێنزوئیلا. دانانی ڕێبەری مودێڕن لە ئێران لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیەدا زیاتر لە گاڵتەیەکی تاڵ دەچێت. لەم سیستەمەی ئێستای ئێراندا، ناتوانی خامەنەیی لاببەی و ڕێبەرێکی مودێرن لە جێی دابنێی، تەنیا کاتێک ئەوە دەکرێت کە ڕێژیمەکە بە تەواوی ڕووخابێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٦**

---

## هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، ناسیۆنالیزمی ناوەندی و دەستێوردانی دەرەکی و ئەرکەکانمان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا

**قەندیل پرێس:**

**قەندیل پرێس: هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمییەکان دوای ڕژێم؛ لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لە تاران، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە نێوان بەرداشی ناسیۆنالیزمی ناوەندی و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ دایە. پلانی هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ پاراستنی قەوارەی خۆیان و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی مێژوو چییە؟**

**د. قادر وریا**: یەکێک لەو ئەرکە پێویستانە، یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکانە کە بە خۆشییەوە بە پێکهاتنی "هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" هەتا ڕادەیەک بەدی هاتووە. هیوادارم هاوپەیمانییەکە بەرینتر بێتەوە و زۆرترین حیزبەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کەسایەتییە نەتەوەیی و ئازادیخوازە شوێندانەرەکان، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. دووهەم ئەرک ئەوەیە ئەم هاوپەیمانییە بۆ خۆی ببێتە ماکە و ناوکەی هاوپەیمانەتییەک لەنێوان نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی لەگەڵ هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، چونکە بە داخەوە هەتا ئێستاش یەکگرتن و هاوپەیمانییەکی جیددی و شوێندانەری سەرانسەری نابینین. ئاشکرایە ئەگەر بە دەستپێشخەریی هاوپەیمانیی سیاسیی کوردستان ئەمە ڕوو بدات، کاریگەریی ئەو هاوپەیمانییە لە سەر ڕووداوەکانی قۆناغی ڕووخانی ڕێژیم، دیاریکردنی جێگرەوەی ڕێژیمی ئێستا و پشکی کورد تێیدا، داڕشتنەوەی دەستووری داهاتوو و ...هتد زیاتر دەبێت.

سێهەم ئەرک خاوەندارێتیی کوردستان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمدایە، مەبەستم کۆنترۆڵکردنی ئەو پارێزگا و ناوچانەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێنن. کۆنترۆڵکردنێک بە هاوکاریی خەڵک و بەشدارکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بە ڕێگەنەدان بە: کوشت و کوشتار، تۆڵەستاندنەوە، تاڵانی بنکە و بنیاتی گشتی و دەوڵەتی، ڕاو ڕووت، بێ سەرەوبەرەیی و...هتد.

هاوکات لەگەڵ ئەم ئەرکانە هەر ئێستا پێویستە کار بۆ ڕەواندنەوەی هێندێک نیگەرانی بکەین. تورکە ئازەرییەکان لە باڵادەستبوونی کوردەکان و هێزی پێشمەرگە لەو پارێزگا و ناوچانە کە کورد و تورک پێکەوە دەژین، نیگەرانن. هێندێک لایەنیش بە ئەنقەست ئەو نیگەرانییە پەرە پێدەدەن. تورکیاش نەیشاردووەتەوە کە لە دۆخێکی وادا نیازی دەستتێوەردان(دەستدرێژی بۆ سەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ی هەیە. جگە لەمانە ئەو کوردانەش کە ساڵانێکە هاودەست و

داردەستی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتی نەتەوەکەی خۆیان بوون، یان لە دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕێژیمەدا خزمەتیان کردووە، بێگومان نیگەرانی چارەنووسی خۆیان لە ئەگەری رووخانی ئەو ڕێژیمەدان.

هاوپەیمانیی سیاسیی کوردستانی ئێران، دەبێت هەوڵ بدات ئەم نیگەرانییانە برەوێنێتەوە. بۆ نموونە دەبێت ئەو پەیامە بە تورکە ئازەرییەکان بگات کە ئەم هاوپەیمانییە، یان بە گشتی نەتەوەی کورد نەک زیانێک بە گیان و ماڵ و ئەمنییەتی ئەوان ناگەیەنێت، بەڵکوو بە هاوبەشی و هاوکاریی خودی ئەوان، بناغەی پێکەوەژیانی داهاتوو بە دابینبوونی مافی دوولایەنە دادەڕێژن. دەبێ بە دەنگی بەرز ڕابگەیەندرێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داهاتوو، نابێت بە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەتی وڵاتانی دراوسێ و هەر وڵاتێک ڕێز لە ماف و ئیرادەی نەتەوەی کورد لەم بەشە بگرێت، کوردیش پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵی دەبێت.

هەروەها داوا لەو بەشە لە کوردەکان کە هەتا ئێستا هاوکاری ئەم ڕێژیمە بوون- بە تایبەتی ئەوانە کە دەستیان بە خوێنی هاوزمان و هاونەتەوە و ڕۆڵەکانی خەڵکی ئێران سوور نەبووە -بکرێت پشتی ئەو ڕێژیمە چۆل بکەن و بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکەکەیان.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی کورد هەمبەر ناسیۆنالیستەکانی ناوەند و تاقمی سەر بە ڕەزا پەهلەوی، ئێمە ئەگەر ئەم ئەرکانەی ئاماژەم پێکردن بە باشی جێبەجێیان بکەین، ئەوان بە مەترسییەکی گەورە نابینم. لە پێشدا چونکە بە خۆشییەوە لە کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورد جێگە و پێگەیان نییە. دووهەم بەو هۆیەوە کە نەک هەر نەتەوەی کورد بەڵکوو نەتەوەکانی تری ئێرانیش دژی ئەو ناسیۆنالیستە ئێرانیانەن کە دەیانەوێت بۆ هەتا هەتایە نەتەوەکانی ئێران ملکەچ و فەرمانبەری ئەوان بن. سێهەم بەو هۆیەوە کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاواییش- وێڕای ئەوە کە بۆیان دەرکەوتووە ڕەزا پەهلەوی ئەو کەسە نییە کە خۆی و لایەنگرانی ئیددیعا دەکەن- دەزانن ئێرانی داهاتوو ئەگەر سیستەمێکی دیموکراتێک و قبووڵکردنی فرەچەشنی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی تێدا نەبێت، تووشی شەڕی نێوخۆیی و تەنانەت پارچەپارچەبوون دەبێت.

**گرنگ ئەوەیە ئێمە وەک هاوپەیمانیی سیاسیی کوردستانی ئێران و وەک ڕێکخراوەکانی دەرەوەی ئەو هاوپەیمانییە و وەک نەتەوەی کورد بە گشتی، لەم قۆناغەدا ئەرکەکانی خۆمان بە دروستی بناسین و بە باشی جێبەجێیان بکەین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# هەڤپەیڤین لە گەڵ بەڕێز ڕەسووڵ ئاریا

## (یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان)









لە ئەرشیڤی خۆمەوە(١٣)

ئەم وتووێژەش، ساڵی ٢٠١٠ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی بەڕێز کاک ڕەسووڵ ئاریا یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان، بۆ ئامادەکردنی نامەی ماستەری خۆم لە سەر "خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان" کراوە. ئەم بابەبەتش دەخەمە بەر سەرنجی هۆگرانی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی. سپاس بۆ بەڕیز کاک حەمەرەسووڵ کەریمی کە زەحمەتی دووبارە تایپکردنەوەی کێشا. دەتوانن لە سایتی گیارەنگیش ئەم بابەتە بخوێننەوە:

**پرسیار**: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟

**وەڵام**: کتێبی ژیان و خەبات تا ئەو جێگایەی من لە بیرمە خانمی مریەمی ئەردەهاڵی کە خۆی فارسی زمانە و کوردیشی نە دەزانی بە یارمەتی خانمی پەروین حەسەنخاڵی کە لە دەفتەری سیاسی دانیشتبوون نوسراو و بۆ نەزەر لە سەردان ناردیانە کۆڕی سەراسەری بۆ نەزەر لە سەردان. دوای ئەوەی ئەوکات کوڕ چاوی پێداخشاندوە بڕیار درا کە بۆ دەسپێک لە هیچ باشترە بریار درا کە پەسند بکرێ. من لە بیرمە کە گرفتی عەسڵی بە رای من ئەوە بوو کە مریەم خانم لە نەزریاتی سیمینی باغچەبان بۆ دابەشکردنی زمانی کوردی کەڵکی وەرگرتبوو کە بە نەزەری من (ڕەسووڵ ئاریا) غەڵەت بوو. بۆ وێنە

نووسیبووی لە کوردیسا وەک فارسی وشەی بێ بزوێن نیە! بەڵام من چەند وشەی بێ بزوێنم لە کۆبوونەوەدا باسکرد کە تەنانەت ئەندامانی کۆڕیش سەریان سوڕما. وشەکانی وەک کزن، بزن کە لە موکریاندا من دەمزانی کە بزوێن ناگرن. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە نەماندەزانی ئەو دیاردەیە لە ناو دیالێکتەکانی دیکەشدا هەیە یا نا، شتەکە پیویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەبوو کە شتەکەمان زۆر زەق نەکردەوە.

ئەو کات تازە بەرگی یەکەمی گەڵاڵە کرا بوو نە دوو بەرگ.

**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: نا ڕێنوێنی بۆ گوتنەوەی وانەکان نەبوو. بەڵام کەسانێک کە وەک مامۆستای شۆڕش وەردەگیران هەر وا بە گوترەکاری نەبوو. لەکاتی پشوودانی هاوین و بەر لەوەی مامۆستا وەرگیرابا، دەبوو بەشداری دەورەکانی تایبەتی کردبا. لەو کورشانەدا: ئەندامانی کۆڕ کە زۆربەیان پسپۆڕێ شێوازی وانەگوتنەوە، دەروونناسی، ماتەماتیک، سرووشتناسی، فیزیک، شیمی، تەبیعی و ئەدەبیات بوون، مامۆستاکانیان ڕادەهێنا کە تا رادەیەکی زۆر کەم و کوڕیەکانی کەم دەکردەوە.

**پرسیار**: ساڵی خسوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و....)؟

**وەڵام**: رێژیم لە ساری مەهاباد و ناوچەی موکریان و زۆربەی ناوچەکانی کە دەسەڵاتی بە سەریدا نەبوو، دەستووری داخستنی قوتابخانەکانی دەرکرد. لە ساری مەهاباد مامۆستاکانی هەموو دەورەکان خۆیان تەرخان کرد کە بێ وەرگرتنی مووچە حازرن دەرس بڵێن ئەو بڕیارەش لە ئەنجوومەنی (کۆڕی) فەرهەنگیانەوە دەرکرا و قوتابخانەکانیش کرانەوە. لە دێهاتەکانیش کە هیزە سیاسییەکان مەجبوور بە دامەزراندنی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن بوون. ناوچەی موکریان کە من خۆم بەشداری بووم، اوچەکانی دیکە نازانم.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون، بیرکاری و....) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: کتێبی کوردییەک کە تایبەتی راهاتن بە کوردی بوو. هەر ئەو کاتی کە تازە ڕێژیم ڕووخا بوو، ژێیمە هەر لە

ئەنجوومەنی فەرهەنگیدا لە مەهاباد خەریکی ڕێک و پێک کردنی ئەو کتێبە بووین و تەنانەت هاتە هانامان و کاتێکی باش بوو کە کەوتینە تەنگانە کەڵکی لێ وەرگیرا. لە سەرەکاندا هەروەک رابردوو لە پۆلی ٢ بۆ سەرەوە لە کتێبە فارسییەکان کەڵکمان وەردەگرت. بەڵام لە پلی ١ کوردییەک لە جێگای فارسی ١ دەخوێندرا. دەمان ویست ساڵ بە ساڵ تا کلاسی ٤ بە کاوەخۆ کوردی جێنشینی فارسی بکەین و لە ساڵی ٥ وە فارسیش بخوێندرێ.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: من بە تەواوی ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، من کە کۆڕم تەحویل دا تەقریبەن کۆڕ هاتبوە لای گەڵاڵێ و کۆنفرانسی ئاڵ و گۆڕ لەوێ پێکهات و مەسئولی بەشی ماڵی کۆڕ کاک ئەمیری قادری بوو کە بەداخەوە فەوتی کردووە. بەڵام ئەو سوێنانەی من لە بیرم بێ و بەڕیوەبەرم بۆ کۆڕ دیاری کرد بێ و بیرم یارمەتیم بکا بۆت دەنووسم. ناوچەی سنە (کاک ئەمیر پاساخانی) ناوچەی مەهاباد (حوسێن ڕەحمانی) ناوچەی سەردەشت (خواڵێخۆشبوو مەلا محەممەد، محەممەد قادری) ناوچەی بۆکان، نەغەدە، پیرانشار، دیواندەرە، ساین قەلا، سەقز و کامیاران، بانە و مەریوان و ڕەنگە زۆری تریش بێ کە بەداخەوە نەمتوانی ناوی مەسئولی کۆڕەکان لە ناو () بنووسم.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەردا؟

**وەڵام**: هەروەک لە سەرەوە باسم کرد، ئەندامانی کۆڕ هەموویان هەڵبژاردە و شیاوی ئەو کارە بوون کە یەکیان فەوق لیسانسی وانەگوتنەوە بوو، دووهەمی لیسانسی ڕیازی و دەورەی یەکساڵەی تەربیەت موعلیمی دیتبوو کە شێوازی وانە گوتنەوە، ڕەوانناسی مناڵ خوێند بوو، ٣ هەیان لیسانسی ڕیازی ٤ لیسانسی تەبیعی ٥ لیسانسی علوم اجتماعی، هەر کام لەوانە بۆ راهێنان و بەرز کردنەوەی زانستی مامۆستایانی شۆڕش وانەکانی تایبەت بە بواری خۆیان (شێوازی دەرس گوتن، ڕوانناسی مناڵ، ڕیازی، شیمی، فیزیک، تەبیعی، ئەدەبیات و ئابووری) دەرس دەگوترا و بە تایبەت لە کاتی پێویستدا لە پسپۆڕانی ناو حیزب و کوردستان و ناو شارەکان کەڵکمان وەردەگرت. بە تایبەت لە بیرمە بۆ کورشی هاوینی لە گاگەش بۆ گوتنەوەی ڕێزمانی کوردی لە حیزب یارمەتیمان وەرگرت.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەینا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات" ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: بەڵێ وابوو.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لە سەردەمی مامۆستایەتی خۆت دەدەیەوە، لە سەر شێوازی ئەو کاتی خوێندن بە کوردی بە تایبەتی لە پۆلی یەکەم دا چ تێبینی‌یەکت هەیە؟ (مەبەستم لە فێرکردنی ئەلفوبێ و ڕێنووس بە گوێری کتێبەکانی ئەو کاتە). خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کتێبی ئامادەکراو یا کتێبە ئامادەکراوەکان چ بوون؟

**وەڵام**: نە ئێستا و نە ئەوکات لە ئەلفوبێی ناو کتێبەکان ڕازی بووم ، کوردی یەکێک لە زمانە پڕ دەنگەکانی تاقانەی دنیایە کە من لە دانشگای سئێد دەرسێکم هەڵبژارد کە تایبەت بە دەنگەکان بوو، بۆ وێنە ئوستادەکەی من دەیتوانی دەنگی ئا بە ٥ شێوە دەربڕێ تەنیا من وەک کورد دەمتوانی لاسایی بکەمەوە و ٣ یا ٤ دەمەلاسکە بکەم، کە ئەوە خۆی سرنج ڕاکێشە. ئەروانە کوردەکان چۆن خەریکن کە دەنگەکان هەڵپەرتێون یا بیانسڕننەوە.

دەیانەوێ بڵێن ع ـ غ ـ ح ـ خ ... کورد پێویستی پێی نییە، نازانن کە دەنگەکان چ پلەیەکیان هەیە. کورد ٢ جۆر ل: ڵ ـ ر:ڕ هەیە بە هەمان شێوە دوو جۆر ک هەیە وەک کارت و کێرد کە کاف لە موکریاندا وەک یەک نایەنەوە یان دوو جۆر گاف هەیە وەک گێڕ و گڕ، گورگ، کێبوردی تایبەت بە کوردی نییە، لایان وایە ئەوە موشکلی فرە دەنگی زمانی کوردی‌یە. هیوام وایە کە کورد و کوردی زاناکان دەنگە نزراوەکانی ناو کوردی ببیننەوە و نە هێڵن لەوە زیاتر سەر و گوێلاکی بشکێ.

نە کتێبی ١ی کوردی کە خۆشم بۆ نووسینی کۆڵە سوچێکم بە دەست بوو بە دڵمە نە کتێبەکانی ئێستا، کتێب بۆ منداڵان و قوناخەکانی تەمەن، دەبێ شیاوی وێنەی سرووشتی ناوچەی ژیان، هەڵس و کەوتی ڕەوتی مێژوو و کولتوریسەردەم و بابەت، جوڵێنەری هەست و بزوێنی تاقگەی هێز، گەمەی دابەزینی مەبەست بێ.

درۆشانەوەی جەوهەری زانست بێ لە بنەرەتەوە یانی لە پۆلی ١ تا ئاخر هەمووی پێگەی هەڵێنجاو بێ لە سرووشت بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن، کە ئەوە ڕەچاو ناکرێ و زۆرتر فاتیحایە خوێندنە بۆ ڕووحانەتی زانست و عیلم.

**پرسیار**: ئەگەر لە سەر ڕووبەری ناوچەی تێکۆشانی کوڕی پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان، ژمارەی دەورەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و لە ئاستی کوردستانیش دا، زانیاریت هەیە بۆم بنووسە.

**وەڵام**: ئەوەم تا ئەو رادەی دەمزانی وەڵام دایەوە.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆسانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و....)

**وەڵام**: بەڵێ تەنانەت ناوی بەڕیوەبەری کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سنە لە ناو پەرانتیزدا نووسراوە یانی کاک ئەمیر پاشاخانی بوو.


نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە" ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی جانیوێری ٢٠١٩

---

## وەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی لە لایەن کۆمەڵەوە

### لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ بەڕێز ناسر حیسامی دا




**لە ئەرشیڤی خۆمەوە(١٢)**

٩ ساڵ لەمەوبەر کە خەریکی نووسینی نامەی ماستەری خۆم لە ژێر ناوی "خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بووم، پێوەندیم بە کۆمەڵێک کەسی پێوەندیدار بە خوێندنی زمانی کوردییەوە گرت. یەک لەو کەسانە بەڕێز کاک ناسر حیسامی بوو کە کاتی خۆی ئەندامی "کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە" و لە پێشەنگانی وەڕێخستنی خوێندن بە کوردی لە لایەن کۆمەڵەوە بووە. من لە توێژینەوەکەی خۆم دا جگە لەو وڵامانەی کاک ناسر بە پرسیارەکانم، لە بیرەوەرییەکانی ئەویش لەو پێوەندییە دا کە لە وێبلاگەکەی خۆی بڵاوی کردوونەوە، سوودم وەرگرتوە. بەڵام دیارە نەمدەتوانی هەموو ئەو وتوێژانەی کردبوومن و هەموو ئەو زانیارییانەی وەدەستم هێنابوون، لە توێژینەوەکەم دا بگونجێنم.

لە مێژ بوو لە دەرفەتێک دەگەڕام بۆ بڵاو کردنەوەیان بۆ ئەوەی بیانخەمە بەر سەرنجی هۆگران و خوازیارانی زانیاری لە بارەی حەرەکەتی پیرۆز و جێی شانازیی خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە ئازادەکانی پارێزراو بە هۆی پێشمەرگەوە. سپاسی کاک ناسر دەکەم کە فایلی وۆردی ئەم هەڤپەیڤینەی لای خۆی پاراستبوو و زەحمەتی دووبارە تایپکردنەوەی لە کۆڵ کردمەوە.(سەرنجراکێش ئەوەیە ئەمشەو کە ئەم بابەتەم بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەکرد، دیتم ڕێک ٩ ساڵ لەمەوبەر لەم تاریخە دا ١٤ - ١ - ٢٠١٠، کاک ناسر ئەم وڵامانەی بۆ ناردوومەوە!):

کاک قادر وریای بەڕێز! سلاوێکی گەرم. وەلامی پرسیارەکان کە بۆ ئێوەم ناردبوو، بۆ کاک ڕەشادی مستەفا سوێتانیشم ناردبوو. لە کۆتایی نووسراوەکەدا، کاک ڕەشدا چەند تێبینیی خۆی نووسیوە. ئەوە دیسان وەلام و پرسیارەکانت بە تێبینییەکانی کاک ڕەشادیشەوە بۆ دەنێرم. من نووسیبووم، کتێبەکان بە چاپی ڕەنگی لە عێراق چاپ کران. کاک ڕەشاد دەڵێ لە عێراق چاپ نەکران و لە ئاڵمان چاپ کران. ئەوەم بە تەواوی لە بیر نییە. ڕەنگە هەروابێ کە کاک ڕەشاد نووسیویەتی. تکایە لە کۆتاییدا، تێبینییەکانی کاک ڕەشاد چاو لێ بکە.

برات ناسر

----------------------------------------

**پرسیار**: فکرەی خوێندن لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە، لەنێو کۆمەڵە دا چۆن دروست بوو؟

**وەلام**: وەکوو فیکر، تێکۆشەرانی سیاسیی چەپ، هەر لە زووترەوە، بایەخیان بە چۆنیەتیی پەروەردەکردنی خوێندکاران دەدا. زۆر لە تێکۆشەرانی چەپ هەوڵیان دەدا ببنە مامۆستای خوێندنگە بە تایبەت لە ئاواییەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان. لەم بابەتەوە، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ناسراوی کۆمەڵە کە مامۆستای خوێندنگەکان بوون، لە سەردەمی شادا و دواتر لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا، بەوە بەنێو بانگ بوون کە هەوڵ دەدەن بۆ کارکردنی دڵسۆزانە لە نێو خوێندنگەکان و بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی خوێندکاران. بەلام لە سەردەمی دەسەلاتی پێشمەرگەدا، ئەو کارە کاتێک بە شێوەی سەرەکی چووە قۆناغی جێبەجێکردن کە لە شاری بۆکان و ئاوایەکانی ناوچەکە، ساڵی خوێندنی ۱۳٦۰ی هەتاوی، حکوومەت خوێندنگەکانی داخست. "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان" کە لەو سەروبەندە دا بۆ داکۆکی لە مافی ئەو موعەلیمانە پێکهاتبوو کە بە بۆنەی تێکۆشانی سیاسی "پاکسازی" کرابوون و حکوومەت لە خوێندنگەکان دەری کردبوون، بڕیاری دا خوێندنگەکانی بۆکان بکاتەوە. ئەندامانی جەمعییەت، بە شێوەی سەرەکی لایەنگری کۆمەڵە بوون، بەلام کەسانی سەربەخۆ و ناحیزبی و هەروەها لایەنگر و ئەندامی حیزبەکانی دیکەش، لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستان و چریکە فیداییەکان و هیدیکەش هەبوون کە ئەندامی "جەمعییەت" بوون. جەمعییەتەکە، پاییزی ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی خوێندنگەکانی بۆکانی کردەوە.

**پرسیار**: کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە چ ساڵێک و، چۆن دامەزرا؟

**وەلام**: پاییزی ساڵی ۱۳٦۱ی هەتاوی دامەزرا. شاری بۆکان پاییزی پێشتر، گیرابووەوە. ئەندامانی "جەمعییەت" دوای

ئەوەی لە بۆکان هاتنەدەر، تا ڕادەیەکی زۆر، بڵاو بوونەوە. ئەوانەی حیزبی بوون، هەرکەس لە گەڵ حیزبی خۆی، چوونە شوێن و ناوچەی جۆراوجۆر. بەڕێوەبەرێتیی "جەمعییەت" تا ماوەیەک لە ئاجیکەند بوو. هەندێک مەدرەسەی لە ناوچەکانی سەقز، بانە، بۆکان، مهاباد و سەردەشت کردەوە. "جەمعییەتی دیموکراتیک" بەشێکی گەورەی مەیدانی کاری خۆی کە داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان بوو لە دەست دابوو. ئەندامەکانی زۆربەیان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان کەوتبوون. پاییزی ١٣٦١ی هەتاوی، ناوەندیی کۆمەڵە بڕیاری دا "کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە" پێک بهێنرێ.

**پرسیار**: **کتێبە دەرسییەکان چۆن ئامادە کران؟ نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان لەبەر ڕووناکایی چ ئامانجێک دا، داڕێژران؟ دەستەی ئامادەکار چ کەسانێک بوون؟ ئەرکیان چ بوو؟**

**وەڵام**: پێشتر کاتێک هێشتا لە بۆکان بووین، کتێبێکی "ئەلفوبێ" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامادەکرابوو، بەڵام پێم وایە چاپ نەکرا. لە ئاجیکەند، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان لە بنکەی ناوەندیی "جەمعییەت" کۆبوونەوە و دەستەیەک بۆ نووسینی کتێبەدەرسییەکان دانرا. پێی دەگوترا "هیئت تدوین کتابهای درسی".

**ئەندامەکانی زیاتر لە بیست کەس بوون. بە چەندگرووپ دابەش بوون:**

**١- گرووپی خوێندنی کوردی:** دەبوو کار لەسەر ساغکردنەوەی ڕێنووسی کوردی بکا و کتێبی خوێندنی کوردی بنووسێ. بۆ پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمی سەرەتایی کتێبی خوێندنی کوردیی نووسی.
**٢- گرووپی گەورەساڵان:** دەبوو کتێبی دەرسی بۆ گەورەساڵانی نەخوێندەوار بنووسێ. بڕیار درا کتێبەکانی فێرکردنی گەورەساڵان بە فارسی بنووسرێن. گرووپەکە دوو کتێبی بۆ ئاستی یەکەم و دووهەمی فێرکردنی گەورەساڵان، بە فارسی نووسی.
**٣- سێ گورووپی زانستی، ماتماتیک و کۆمەڵایەتی:** دەبوو کار بکەن لە سەر نووسینی کتێبی پەیوەندیدار بە هەر بوارێک بۆ قۆناغی سەرەتایی.

ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی نووسین، ئێستا لە شارن و ناتوانم ناویان بێنم. چەند کەسمان کە لە "جەمعییەتی موعەلیمان" ئەندامی دەستەی نووسینی کتێبە دەرسییەکان بووین و دواتر لە کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵەشدا کارەکەمان درێژە پێدا، ئەوانە بووین:

ڕەحیمی تلووعیفەڕ، ڕەشادی مستەفا سوڵتانی، هاوکارێکی دیکە و من. دوو کەسی دیکەش لە دەستەی نووسینی جەمعییەت

بوون و نەهاتنە دەستەی نوسینی کۆمیسیۆن کە بریتی بوون لە کەسیک کە بە ناوی (حەمید) دەماننناسی، پێم وایە خەڵکی خوراسان و ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان بوو. هەروەها خانمی شەهلا ئیلخانیزادە.

**لە کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، ئەم کەسانە ئەندامی دەستەی نووسینی کتێبە دەرسییەکان بوون:**

محەممەدی میسری (خەڵکی مهاباد)، عەتای خوڵقی (سنە)، شەهلا دانیشفەڕ (تاران)، ڕەشادی مستەفا سوڵتانی (مەریوان)، نادری قازی ناسراو بە ئازاد (مهاباد)، ڕەحیمی تلووعیفەڕ (بۆکان)، (...) خەڵکی ناوچەی موکوریان و، هەروەها من.

عەتا و شەهلا بەشێوەی سەرەکی وانەی کتێبی فارسی بۆ گەورەساڵانیان دەنووسی، بەڵام لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا لەسەر ناوەرۆکی وانە کوردییەکانیش بەشداربوون. ڕەحیم، بە تایبەتی شارەزای شێوەی داڕشتنی وانەی پۆلی یەکەم بوو.

لە کۆبوونەوەکاندا، هێڵی گشتیی نووسینی کتێبەکان و چوارچێوەی هەر وانەیەک دیاری دەکرا و، هەرکەس گەڵاڵەی وانەیەکی ئامادە دەکرد. دوایی لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا، گەڵاڵەکە قسەی لەسەر دەکرا و دوای دەکارکردنی تێبینییەکان پەسند دەکرا. کتێبی "ئەلفوبێ" بۆ پۆلی یەکەم، زۆربەی هەرەزۆری وانەکانی، بە هەموومان لە کوبوونەوەی دەستەدا کارمان لەسەر دەکردن.

بۆ ناوەرۆکی دەرسەکان هەوڵمان ئەوە بوو ڕوخساری کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی شاری بەرچاو بخرێ، یەکسانیی ژن و پیاو لەبەرچاو بگیرێ، ئایین لە خوێندن و پەروەردە جیا بکرێتەوە، ژیانی چێنە ژێردەست و چەوساوەکان وجیاوازیی چینایەتی بناسێنرێ و، هەروەها کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو پێناسە بکرێ.

**پرسیار**: کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، کام یەک لەم دوو ئەزموونەی لە کاری خۆی دا زیاتر وەبەرچاو گرتبوو: ئەزموونی خوێندن بە کوردی لە کوردستانی عێراق یا خوێندن بە منداڵان لە نیزامی ئامووزشیی ئێران دا؟

**وەڵام**: بۆ شێوازی ڕاهێنان و داڕشتنی دەرسەکان، ئەو شێوازە ڕەچاو دەکرا کە لە سیستمی خوێندنی ئێراندا باو بوو، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان و ناوەرۆکی کتێبەکان، لە سەرچاوەی جۆراوجۆرمان دەڕوانی و لەوانەش کتێبەکانی خوێندن لە کوردستانی عێراق.

**پرسیار**: ئەم کتێبانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە چاپی کردوون، نیشان دەدەن کە کۆمیسیۆنی زیاتر خوێندەوار کردنی منداڵانی مەبەست بووە. ئەی بۆ خوێندەوارکردنی گەورەساڵان، کۆمیسیۆن چ بەرنامەیەکی هەبوو؟

**وەڵام**: بۆ خوێندەوارکردنی گەورەساڵان، دوو کتێب نووسران، بەڵام بە فارسی. لێکدانەوەکە ئەوە بوو کە بۆ گەورەساڵان زیاتر ئەوە بەکار دێ بۆ پەیوەندیگرتن لە گەڵ کۆمەڵگای ئێران، ڕۆژنامەخوێندنەوە، کار پەیدا کردن و ...هتد.

**پرسیار**: ئەو شارو ناوچانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، قوتابخانەی تێدا کردبووەنەوە، کامانە بوون؟

**وەڵام**: ژمارەیەک لە ئاواییەکانی سەردەشت، بانە، مهاباد، بۆکان و سەقز.

**پرسیار**: هیچ ئامارو ئەرقامێکتان لەبارەی ژمارەی قوتابییەکان و قوتابخانەکان هەیە (ئەوانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە بەڕێوەی دەبردن)؟

**وەڵام**: نا. بەداخەوە، من لە لام نییە. وام لە بیرە لە نێوان ٦٠ هەتا ٧٠ خوێندنگە بوون.

**پرسیار**: ئایا هیچ هەماهەنگی و هاوفکرییەک لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندەوار کردنی منداڵان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوو؟ ئەگەر نەبوو، هۆیەکەی چ بوو؟

**وەڵام**: بۆ کردنەوەی خوێندنگەکانی بۆکان، ئەو هاوئاهەنگییە هەبوو. دواتر، هەندێک گرفت هاتە پێش و، خوێندنگەیەک بەو مامۆستایانە سپێردرا کە لایەنگر و ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون. لە ئاواییەکان، نا! بە داخەوە ئەو هاوئاهەنگییە نەبوو. لە هەندێک جێگا، لەسەر ئەوە کە کۆمەڵە یان حیزبی دیموکرات خوێندنگە بکاتەوە، نێوان ناخۆشیش دەهاتە پێش. لە هەندێک ئاوایی هەرتک لا بە جیا خوێندنگەیان هەبوو. هۆی ئەو نارێکی و ناتەباییەش بە بڕوای من ئەوە بوو کە ململانێی حیزبەکان لەسەر دەسەڵات هەتا هات پەرەی گرت و، پێویستیی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکە و داهاتووی ئەو پەروەردەکردنە چووە ژێر سێبەری ململانێی دەسەڵات و، کردنەوەی خوێندنگەکانیش، بەم جۆرە بوو بە بەشێک لە ململانێی کۆمەلە و حیزبی دیموکرات.

**پرسیار**: هەزینەی چاپی کتێب و وەڕێخستنی قوتابخانەکان و خوێندن بە کوردی لە ناوچەی نفووزی کۆمەڵە، چۆن دابین دەکرا؟ یارمەتیی خەڵک لەم نیوەدا لە چ ئاستێک دا بوو؟

**وەڵام**: مامۆستاکان پێشمەرگانە کاریان دەکرد و، خەرجیان هەر نان و جلوبەرگ بوو، وەک هەر پێشمەرگەیەکی دیکە. خوێندنگەکان، زۆربەیان، پێشتریش ئاوەدان بوون و ئاوەدانکردنەوەیان خەرجێکی وای نەدەویست. سووتەمەنی و خەرجی قەڵەم و کتێب، خەڵکی ئاواییەکان و، خانەوادەی خوێندکاران خۆیان دابینیان دەکرد. کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەلە بە ڕەش و سپی و دواتر لە عێراق بە چاپێکی باش، چاپ کران. خەڵک لە زۆر جێگە، بە دڵگەرمی پێشوازییان لە کردنەوەی خوێندنگەکان دەکرد و، خەرجی دابینکردنی سووتەمەنی و قەڵەم و دەفتەری خوێندکارانیان دەگرتە ئەستۆ.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لەم هەوڵە دەدەیەوە، چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ هەر لە شێوازی فێرکردن تا نێوەرۆکی کتێبەکان و هتد؟

**وەڵام**: پێم وایە یەکێک لە کارە هەرە بەنرخەکانی دەورەی ئەمدواییەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سەلماندبووی خوێندن لە کوردستانی ئازاد دەبێ بە کوردی بێ.

شێوازی فێرکردن و ناوەرۆکی کتێبەکان، گەرچی لە چاو ڕابوردوو باشتر بوون و پەیوەندێکی زیاتریان لە گەڵ ژیانی خەڵکی کوردستان هەبوو، بەڵام بێ عەیبیش نەبوون. گرفتەکە ئەوە بوو کە بە هۆی هەلومەرجی بزووتنەوەکە و کۆمەڵگاکە، حیزبەکان نەیانتوانی لە هێزی فیکری و توانایی هەموو ڕووناکبیران وپسپۆڕانی کۆمەڵگاکە بۆ نووسینی کتێبەکان و بناغەدانانی شێوازێکی نوێی پەروەردە و فێرکردن کەڵک وەرگرن. کارەکە، وەک زۆر کاری دیکەی ئەو سەردەمە، پێشمەرگانە کرا، دوایەش چووەبەر سێبەری هەندێک شتی دیکە لە ڕوانینی حیزبەکاندا. هەڵبەت گرفتی سەرەکی ئەوە بوو کە ناوچەکان داگیر کرانەوە، بەڵام پێش ئەوەش، ململانێی دەسەڵاتی کۆمەڵە و دێموکرات و سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ، وردەوردە جێگەیان بە کاری فێرکردن و بارهێنان لە ناوچە ئازادەکان لێژ کردبوو.

١٤ - ١ - ٢٠١٠

------------------------

**سەرنجەکانی کاک رەشاد مستەفا سوڵتانی لە سەر وەلامەکانی کاک ناسر حیسامی:**

**کاک ناسری هێژا و خۆشەویست!**
**سڵاو و رۆژ باش.**

من نمتوانی هەڵە، یان کەم و کوڕێک لە وڵامەکاندا پەیدا کەم. وڵامەکان لە بار و گونجاون. بەڵام پێم وایە ئەمانە لە قەلەم داکەوتبون و وەک پێشنیار بەراوردی بکەن.

* چونکوو ئەم مەتڵەبە چاپ دەکرێت، باشترە بنوسری ئاوایی ئاجیکەند.

* ئەلفوبێ پۆلی یەکەمی سەرەتایی چاپیش کرا، بەڵام لە بۆکان بە جێ ما و لە ناو چوو. تەنانەت نوسخەیەکی نەگەیشتە دەستی کۆمەڵە. من وام لە بیرە ،ئێتر خۆتان خاوەن مەتڵەبن.

* تکایە لە وتارەکەدا، لە باتی وشەی "من" بنوسرێ ناسر حیسامی. من نیگەران دەبم رەنگە ناوەکەت لە بیر بچێت. با قسەیەکیش بۆ دز بکەین. زەحمەتی هەرە زۆری نوسینەکان لە سەر شانی تۆ کەوتبوو. ئەگەر چی من لە کتێبی کاک فوئاد ئاماژەی تەواوم پیکردووە. لەو کۆبونەوانەدا، تەوازوعی جەنابتان هەرگیز لە بیر ناکرێت.

* کتێبەکانی پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمیش سەرەتا کۆمەڵە بە رەش و سپی و دواتر بە یارمەتی لایەنگرێکی دلسۆزی کۆمەڵە لە وڵاتی ئاڵمان بە رەنگی سوور و رەش چاپ کران. تا ئێستا نەمبیستوە لە بەغداد چاپ کرابن.

سپاس بۆ روونکردنەوەکانت و ئێتر خۆشیتان

رەشاد

٩ - ٢ - ٢٠١٠*

**(*) دیارە بە سەرنجدان بە تاریخی وەلامەکانی کاک ناسر حیسامی دەبێ کاک ڕەشاد مانگی ٩ی مانگی ١ ئەو نامەیەی بۆ کاک ناسر ناردبێت نەک ٩ی مانگی ٢. (قادر وریا)**



وەلامەکانی کاک ناسر حیسامی بۆ پرسیارەکانم

کاک قادر وریای بەڕێز! ئەوە وەلامی پرسیارەکانت بۆ دەنێرمەوە. ئەگەر پرسیاری دیکەت لا دروست بوو، ئاگادارم بکە. ئەو پرسیار و وەلامانە بۆ یەکدوو هاوکاری دیکەش دەنێرم بزانم چی لی زیاد دەکەن.

برات ناسر

**١. فکرەی خوێندن لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە، لەنێو کۆمەڵە دا چۆن دروست بوو؟**

وەکوو فیکر، تێکۆشەرانی سیاسیی چەپ، هەر لە زووترەوە، بایەخیان بە چۆنیەتیی پەروەردەکردنی خوێندکاران دەدا. زۆر لە تێکۆشەرانی چەپ هەولیان دەدا ببنە مامۆستای خوێندنگە بە تایبەت لە ئاوایییەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان. لەم بابەتەوە، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ناسراوی کۆمەڵە کە مامۆستای خوێندنگەکان بوون، لە سەردەمی شادا و دواتر لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا، بەوە بەنێوبانگ بوون کە هەول دەدەن بۆ کارکردنی دلسۆزانە لە نێو خوێندنگەکان و بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی خوێندکاران. بەلام لە سەردەمی دەسەلاتی پێشمەرگەدا، ئەو کارە کاتێک بە شێوەی سەرەکی چووە قۆناغی جێبەجێکردن کە لە شاری بۆکان و ئاوایەکانی ناوچەکە، سالی خوێندنی ١٣٦٠ی هەتاوی، حکوومەت خوێندنگەکانی داخست. "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان" کە لەو سەروبەندە دا بۆ داکۆکی لە مافی ئەو موعەلیمانە پێکهاتبوو کە بە بۆنەی تێکۆسانی سیاسی "پاکسازی" کرابوون و حکوومەت لە خوێندنگەکان دەری




خانەوادەی خوێندکاران خۆیان دابینیان دەکرد. کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەلە بە ڕەش و سپی و دواتر لە عیراق بە چاپێکی باش، چاپ کران. خەلک لە زۆر جێگە، بە دلگەرمی پێشوازییان لە کردنەوەی خوێندنگەکان دەکرد و، خەرجی دابینکردنی سووتەمەنی و قەلەم و دەفتەری خوێندکارانیان دەگرتە ئەستۆ.


**١٠ . ئێستا کە ئاوڕ لەم هەولە دەدەیەوە، چۆنی هەلدەسەنگێنی؟ هەر لە شێوازی فێرکردن تا نێوەرۆکی کتێبەکان و هتد؟**

پێم وایە یەکێک لە کارە هەرە بەنرخەکانی دەورەی ئەسواییەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستانە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سەلماندبووی خوێندن لە کوردستانی ئازاد دەبێ بە کوردی بێ.

شێوازی فێرکردن و ناوەرۆکی کتێبەکان، گەرچی لە چاو رابوردوو باشتر بوون و پەیوەندیکی زیاتریان لە گەل ژیانی خەلکی کوردستان هەبوو، بەلام بێ عەیبیش نەبوون. گرفتەکە ئەوە بوو کە بە هۆی هەلومەرجی بزووتنەوەکە و کۆمەلگاکە، حیزبەکان نەیانتوانی لە هێزی فیکری و توانایی هەموو رووناکبیران وپسپۆرانی کۆمەلگاکە بۆ نووسینی کتێبەکان و بناغەدانانی شێوازێکی نوێی پەروەردە و فێرکردن کەلک وەرگرن. کارەکە، وەک زۆر کاری دیکەی ئەو سەردەمە، پێشمەرگانە کرا، دوایەش چووەبەر سێبەری هەندێک شتی دیکە لە ڕوانینی حیزبەکاندا. هەلبەت گرفتی سەرەکی ئەوە بوو کە ناوچەکان داگیر کرانەوە، بەلام پێش ئەوەش، ململانێی دەسەلاتی کۆمەلە و دیموکرات و سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ، وردەوردە جێگەیان بە کاری فێرکردن و بارهێنان لە ناوچە ئازادەکان لێژ کردبوو.


٢٠١٠/١/١٤









سەرچاوە
Serchawe





| ژ | ناوی ناوچەکان | ژمارەی قوتابخانە (سەرەتایی) | پۆل | قوتابی | مامۆستا | قوتابخانە (ڕاهنمایی) | پۆل | قوتابی | مامۆستا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوچەی ورمێ | ١١ | ٥٤٤ | ١٣٥ | ١٣ | ٥ | ٣٤٤ | ٦٥ | ٥ | |
| ٢ | 〃 شنۆ | ١٩ | 〃 | ٢١٥ | ١٩ | ٣ | 〃 | ٧٥ | ٦ | |
| ٣ | 〃 نەغەدە | ٦ | 〃 | ٧٥ | ٨ | ١ | 〃 | ٤٥ | ٣ | |
| ٤ | 〃 پیرانشار | ٢١ | 〃 | ٣٨٠ | ١٨ | ٨ | 〃 | ٦٨ | ٩ | |
| ٥ | 〃 سەردەشت | ٢٥ | 〃 | ٣٤٥ | ١٩ | ٥ | 〃 | ٥٧ | ٧ | |
| ٦ | 〃 مەهاباد | ٣٥ | 〃 | ٤٢٥ | ١٦ | ٧ | 〃 | ٧٤ | ٨ | |
| ٧ | 〃 بانە | ١٤ | 〃 | ١٥٢ | ١٩ | ٣ | 〃 | ٦٨ | ٦ | |
| ٨ | 〃 سەقز | ١٧ | 〃 | ١٢٦ | ١٤ | ٣ | 〃 | ٤٥ | ٤ | |
| ٩ | 〃 هەوشار | ٧ | 〃 | ٩٦ | ٤ | ١ | 〃 | ١٨ | ٣ | |
| ١٠ | 〃 مەریوان | ١٩ | 〃 | ٢٥٦ | ١٤ | ٤ | 〃 | ٣٤ | ٣ | |
| ١١ | 〃 کامیاران | ٧ | 〃 | ٩٥ | ٥ | ١ | 〃 | ٣٥ | ٢ | |
| ١٢ | 〃 دیواندەرە | ٥ | 〃 | ٦٨ | ٤ | ١ | 〃 | ٢٥ | ٢ | |
| ١٣ | 〃 سنە | ١٩ | 〃 | ٣٢٥ | ٢٣ | ٩ | 〃 | ١٠٩ | ١١ | |
| ١٤ | 〃 بۆکان | ٢١ | 〃 | ٢٢٠ | ١٦ | ٧ | 〃 | ٧٤ | ٨ | |
| | کۆی گشتی | ٢٢٦ | | ٢٩٠٣ | ٢٠٢ | ٦٢ | | ٨١٠ | ٦٣ | |

تێبینی:



| ریز | داوی داوچەکان | ڕادەی قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا | قوتابخانە | پۆل | قوتابی | مامۆستا | کلیبتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ەرەتایی | | | | | راهنمایی | | | | |
| ١ | داوچەی ورمێ | ١١ | ١ تا ٥ | ١٣٥ | ١٣ | ٥ | ١ تا ٣ | ٦٥ | ٥ | |
| ٢ | داوچەی شنۆ | ١٩ | ١ تا ٥ | ٢١٥ | ١٩ | ٣ | ١ تا ٣ | ٧٥ | ٦ | |
| ٣ | داوچەی نەغەدە | ٦ | ١ تا ٥ | ٧٥ | ٨ | ١ | ١ تا ٣ | ٤٥ | ٣ | |
| ٤ | داوچەی پیرانشار | ٢١ | ١ تا ٥ | ٣٨٠ | ١٨ | ٨ | ١ تا ٣ | ٦٨ | ٩ | |
| ٥ | داوچەی سەردەشت | ٢٥ | ١ تا ٥ | ٣٤٥ | ١٩ | ٥ | ١ تا ٣ | ٥٧ | ٧ | |
| ٦ | داوچەی مەهاباد | ٣٥ | ١ تا ٥ | ٤٢٥ | ١٦ | ٧ | ١ تا ٣ | ٧٤ | ٨ | |
| ٧ | داوچەی بانە | ١٤ | ١ تا ٥ | ١٥٢ | ١٩ | ٣ | ١ تا ٣ | ٦٨ | ٦ | |
| ٨ | داوچەی سەقز | ١٧ | ١ تا ٥ | ١٢٦ | ١٤ | ٣ | ١ تا ٣ | ٤٥ | ٤ | |
| ٩ | داوچەی هەوشار | ٧ | ١ تا ٥ | ٩٦ | ٤ | ١ | ١ تا ٣ | ١٨ | ٣ | |
| ١٠ | داوچەی مەریوان | ١٩ | ١ تا ٥ | ٢٥٦ | ١٤ | ٤ | ١ تا ٣ | ٣٤ | ٣ | |
| ١١ | داوچەی کامیاران | ٧ | ١ تا ٥ | ٩٥ | ٥ | ١ | ١ تا ٣ | ٣٥ | ٢ | |
| ١٢ | داوچەی دیواندەرە | ٥ | ١ تا ٥ | ٦٨ | ٤ | ١ | ١ تا ٣ | ٢٥ | ٢ | |
| ١٣ | داوچەی سنە | ١٩ | ١ تا ٥ | ٣٢٥ | ٢٢ | ٩ | ١ تا ٣ | ١٠٩ | ١١ | |
| ١٤ | داوچەی بۆکان | ٢١ | ١ تا ٥ | ٢٢٠ | ١٦ | ٧ | ١ تا ٣ | ٧٤ | ٨ | |
| | کۆی گشتی | ٢٢٦ | | ٢٩٠٣ | ٢٠٢ | ٦٢ | | ٨١٠ | ٦٣ | |

**نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٩**

## وتوویژ لە گەڵ مامۆستایانی شۆڕش خالید گەردی و شوعلە قادری



**لە بارەی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان**

**قادر وریا . لە ئەرشیفی خۆمەوە (١٤)**

سالّی ٢٠١٠ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی مامۆستایانی شۆڕش لە بارەی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان و ، دەوڵەمەندکردنی نامەی ماستەری خۆم "خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان" بە هۆی زانیارییەکانیان، پێوەندیم بە ژمارەیەک لە مامۆستایانی شۆڕشەوە گرت. ژن و مێردی خۆ تەرخانکردوو بۆ خزمەت لە قوتابخانەکانی شۆڕش، بەڕێزان خالید گەردی و شوعلە قادری، دوو لەو مامۆستایانە بوون. لێرەدا دەقی پرسیارەکانی خۆم و ولامە هاوبەشەکانی ئەو دوو مامۆستایە دەخەمە بەر سەرنجی هۆگرانی پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. سپاس بۆ بەڕیز کاک حەمەرەسووڵ کەریمی کە زەحمەتی دووبارە تایپکردنەوەی ئەم بابەتەشی کێشا. دەتوانن لە سایتی گیارەنگیش ئەم بابەتە بخوێننەوە:

### وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستایان: خالید گەردی و شوعلەقادری

**سڵاو کاک قادر وریای بەرێز و خۆشەویست!**

**ئەوە وەڵامی پرسیارەکانتمان ناردەوە. هیواداریین کە جێگای ڕەزامەندیی بەڕێزتان بن.**

**پرسیار**: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی

خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟

**وەڵام**: دوو بەرگ بوو.

**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو ، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: بەڵێ هەیبوو.



**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و ....)؟

**وەڵام**: بەڵێ هەبوو، لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکان هەبوو، وەک پیرانشار (ناوچەکانی پیران، لاجان، نەڵێن، بەری مێرگان و گەدە). دیارە لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت و هەورامان کەم و زۆر مەدرەسە و مامۆستامان هەبوو. دیارە لە زۆر جێگا بۆ دەرس گوتنەوە لە ماڵان و جارجار لە مزگەوتەکانیش کەڵک وەرگیراوە و دەرسی تێدا گوتراوەتەوە.

لەو کاتیدا تەنیا دەرسی سەرەتایی دەگوترایەوە.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی

و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون ، بیرکاری و ...) بە هۆی ( بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: کتێبەکانی فارسیی نیزامی شاهەنشاهی

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابییانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: ئەگەر ئارشیڤی کۆڕی پەروەردە مابێ ڕەنگە وەڵامی درووستر لای ئەوان بێ، بەڵام لام وابێ نزیک بە ١٠٠٠ قوتابی هەبوو.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: ئاموزشی شێوازی دەرس گوتنەوە.



**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات " ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: لەو پۆلانەدا کتێبی ئاموزش و پەروەرشی ئێرانی دەگوترانەوە، بەڵام بە کوردی شەرح دەکران.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لە سەردەمی مامۆستایەتی خۆتان دەدەنەوە، لە سەر شێوازی ئەو کاتی خوێندن بە کوردی بە تایبەتی لە پۆلی یەکەم دا، چ تێبینییەکتان هەیە؟ (مەبەستم لە فێرکردنی ئەلفوبێ و ڕێنووس بە گوێری کتێبەکانی ئەو کاتە). خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کتێبی ئامادەکراو یا کتێبە ئامادەکراوەکان چ بوون؟

**وەڵام**: ئێمە پێمان وایە کتێبی کوردی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری دەری دەکرد، بە شاهیدی مامۆستا عێراقییەکانیش کە لەگەڵ ئێمە کاریان دەکرد، لە زۆر بارەوە کتێبی خۆمان تەئید کراوە و زۆر هاسانتر منداڵ فێری دەبێ، بە تایبەتی ئەگەر بە گوێری ڕێنوێنییەکەی کار بکرێ.

**پرسیار**: ئەگەر لە سەر ڕووبەری ناوچەی تێکۆشانی کوڕی پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان، ژمارەی دەورەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و لە ئاستی کوردستانیش دا، زانیاریت هەیە بۆم بنووسە.

**وەڵام**: لە ساڵی ١٣٥٩ را هەموو ساڵێک لە هاوێنان دا کلاسی (بازاموزی) مان هەبوو. دەتوانین بە تەقریبی بڵێین نزیک بە ١٠٠ مامۆستا و ١٠٠٠ قوتابی هەبوو، بەڵام ناتوانین بڵێین کە چەند قوتابخانەمان هەبووە، دیارە ئەگەر ئارشیوی کۆڕی پەروەردەمان هەبێ ئەو باشتر.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆشانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و...)

**وەڵام**: لە هەورامان هەمان بوو، دەرسی سەرەتایی و ناوەندیشی لێ دەگوترایەوە، ئێمە بۆ خۆمان لەوێ دەرسی سەرەتایی و ناوەندیمان دەرس داوە.

**دیارە ئەگەر دەتهەوێ بە درووستی لە باسو خواستی کۆڕی پەروەردە ئاگادار بی یان دەبێ لە ئارشیوی کۆڕ یان ئەگەر وەگیر کەون زانیاری لەم بەڕێزانەی خوارەوە وەربگری:**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەماڵ خالیدی | ٤ | ڕەحیم ئەمیری | ٧ | حەمەرەسووڵ حەسەنپوور | ١١ | جەعفەر مەنگوری |
| ٢ | جەماڵ شەریفی | ٥ | هاشم ڕۆستەمی | ٨ | مستەفا موسەوی | ١٢ | عەبدوڵلا ڕەحیمی |
| ٣ | ئەحمەد کاکەمەمی | ٦ | دوکتور خەلیقی | ١٠ | سەکینە حوسێنی | ١٣ | ئەبووبەکر لاوچاک |
| ١٤ | سەیفوور بزموونە | ١٥ | مستەفا دادار | ١٦ | محەممەد ئەحمەدیان | ١٧ | محەممەد ئەحمەدی |



سەرچاوە Serchawe

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | نەسرین حەدداد | ٢٧ | مامۆستا عەزیم | ٣٥ | گەلاوێژ حەسەنزادە | ٤٤ | شوعلە قادری |
| ١٩ | عەزیز رەمەزانی | ٢٨ | گەلاوێژ قادری | ٣٦ | کەریم سۆفیزادە | ٤٥ | حەمەعەلی سۆفیزادە |
| ٢٠ | ساڵح نەڵۆسی | ٢٩ | سوهەیل حەدداد | ٣٧ | قادر محەممەدگوڵ | ٤٦ | مەجید سوڵتانپوور |
| ٢١ | قاسم قارەمانی | ٣٠ | سالم غەفووری | ٣٨ | پەیمان محەممەدگوڵ | ٤٧ | مستەفا مەعرووفی |
| ٢٢ | سولێمان نیکنام | ٣١ | کەژاڵ عەیزی | ٣٩ | سەلاح مێهرپەروەر | ٤٨ | کامران قازی |
| ٢٣ | مستەفا قەلاتی | ٣٢ | ڕەحمان سنەیی | ٤٠ | ئاڵماسی سەید نەجمە | ٤٩ | ڕووناک مێهرپەروەر |
| ٢٤ | پەروین بزموونە | ٣٣ | فەریدە قادری | ٤١ | قەسیم خان نەرزیوە | ٥٠ | محەممەد سوفیزادە |
| ٢٥ | خالید گەردی | ٣٤ | جەماڵ شەریفی | ٤٢ | سەید ئەبووبەکر تورەجی | ٥١ | باسیت عەزیزی |
| ٢٦ | مامۆستا قادر کۆمیتەی سەردەشت | | | ٤٣ | کەماڵ حوسێنی برای سەکینە حوسێنی | | |
| ٥٢ | هیوا بێتووشی کۆمیتەی سەردەشی ئەندامی کۆڕ | | | | | | |

**براگیان هەتا ئێرە جارێ هەر ئەو ناوانەمان لەبیر مابوو**

**لەگەڵ سوپاس خالید و شوعلە**

**٥- ٢ - ٢٠١٠**

**نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٩**

## وەڵامەکانی مامۆستا لاوچاک لە بارەی خوێندنی کوردی



### وڵامەکانی مامۆستا لاوچاک لە بارەی خوێندنی کوردی لە لایەن کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان

**ئاماژە:**

مامۆستا ئەبوو لاوچاک، خەڵکی ئاوایی "سەوزی"ی ناوچەی چۆمی مەجید خان، یەکێک لەو لاوانە بوو کە لە ڕێگای خۆ تەرخانکردن بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، قۆڵی خزمەت بە خەڵکی کوردستانیان هەڵماڵی. لە خوارەوە وڵامەکانی ئەو مامۆستایەی شۆڕش بە پرسیارەکانی قادر وریا لە لە بارەی خوێندنی کوردی لە لایەن کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستانەوە، دەخوێننەوە. ئامانج لەم وتوویژەش سوود وەرگرتن لە ڕوونکردنەوەکانی مامۆستایانی شۆڕش لە توێژینەوەیەکی زانستی لە ژێر ناوی "خوێندنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دا بوو کە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام درا.

**. کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟ تەنیا یەک بەرگ بوو.**



**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی " ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو ، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١) ، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: نەخێر، هەرچەند بڕیار درابوو بنووسرێ بەڵام بە دەستپێکردنی هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان و گواستنەوە لە شار بۆ شاخ ئەو فورسەتە لە دەست چوو. شیاوی باسە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کاتی خۆی لە لوبنان بە هۆی فەلەستینییەکان چاپ کرا.



**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو ( سەرەتایی، ناوەندی و ....)؟

**وەڵام**: لە ساڵی ١٣٥٩ لە ناوەندی کوردستان هێندێک قوتابخانە کرانەوە بەڵام لە ساڵی ١٣٦٠ دا سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕێگای ڕادیۆوە لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کلاسی تایبەتی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی مامۆستایان پێکهات بە تایبەتی لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت و پیرانشار ...



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون ، بیرکاری و ...) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: ئێمە پێش ئەوەی ئەو کتێبانەمان پێ بگا شتێکی ئەستاندارد و یەک جۆرمان لەبەر دەست نەبوو، بەڵکوو لە هەر ناوچەیەی بە شێوەیەک ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکرا وەک هێنانی کتێب لە باشووری کوردستان و یان کار کردن لەسەر ڕێنووسی کوردی بوو بە تایبەت ناساندنی پیتەکانی کوردی و سازکردنی وشەو ڕستە و لەو بابەتانە بوون.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: ڕەنگە ناوبردنی هەموو ئەو گوند و ناوچانەی کە قوتابخانەکانی شۆڕشیان لێکرابوونەوە ئاوا ئاسان نەبێ. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٠ ، ١٣٦٤ لە شیمال هەتا جنووبی کوردستان قوتابخانە کرانەوە. لەو قوتابخانانە دا نیزیک بە ٨٠٠ مامۆستا و ٥٠٠٠ قوتابی بەشدار بوون.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: ڕێزمانی کوردی، شێوەی وانە گوتنەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی، فەلسەفە، پەرەستاندن (تکامل)، مێژووی حیزب و جووڵانەوەی کورد و ئەخلاقی شۆڕشگێری.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی " ژیان و خەبات " ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: لە پۆلی سێهەم بۆ سەرتر وێرای ڕێنووسی زمانی کوردی کتێبەکانی (آموزش و پرورش)ی ئێرانیش بە کوردی دەگوترانەوە. ئەڵبەت بابەتەکان گوڵچین دەکران و هێندێکیان وەلادەنران.

- ئەوەی ڕاست بێ ئێستا ئەو کتێبەمان لەبەر دەست دانییە کە وردتر لە جاران کەم و کوڕییەکانی دەستنیشان کەین، بەڵام شیکردنەوە و ڕاهێنان لەسەر ڕێنووسی کوردی و ناساندنی پیتەکان، شتێکی گەلێک بە سوود بوون.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆسانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و ...)

**وەڵام**: بەڵێ. لە هەموو ئەو ناوچانە تێکۆشان هەبوو تەنانەت چەندین ساڵ لە لایەن کۆڕی پەروەردە و فێرکردنەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان ناوەندی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە ڕەوانەی شیمالی کوردستان کران.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو هیوادارم جێگای ڕەزامەندی بەرێزتان بێ.

به سوپاسەوە

لاوچاک

٣ - ٢ - ٢٠١٠

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانێوێری ٢٠١٩

# وەڵامەکانی مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە



قادر وریا لە ئارشیوی خۆمەوە(١٦).

وەڵامەکانی مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە بە پرسیارەکانی قادر وریا لە بارەی کۆڕی پەروەردە و فێر کردنی کوردستان گەلاوێژ حەسەن زادە، نزیک بە ٣٠ساڵ ڕابردوو و ئەزموونی وانەوتنەوە و تێکۆشان وەک مامۆستایەکی شۆڕشی لە قوتابخانەکانی کۆڕی پەروەردە و فێر کردنی کوردستان هەیە. جگە لە مامۆستایەتی لە گوندەکانی کوردستان، نزیک بە ٢٥ساڵیش لە قوتابخانەکانی "نیشتمان" و "ئازادی" و "ڕۆژهەڵات" کە تایبەت بوون بە خوێندنی بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، کاری مامۆستایەتیی کردوە. گەلاوێژ خانم یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی ساڵی ٢٠١٠، بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەم لە بارەی "خوێندنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کۆمەڵێک پرسیارم ڕووبەروو کردەوە. ئەمەش دەقی وڵامەکانی:

**پرسیار**: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: " ژیان و خەبات" (١)؟

**وەڵام**: کتێبی ژیان و خەبات قەرار بوو لە دوو بەرگ دا چاپ بێ. بەرگی دووهەمی نووسراش بەڵام چاپ نەکرا.

**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: کتێبی خوێندنی زمانی کوردی بۆ منداڵان ڕێنوێنی مامۆستای لەگەڵ نەبوو، بەڵام دەورەی تایبەتی بۆ مامۆستاکانی شۆڕش دانرابوو تا لە چۆنیەتی دەرس دانی ئەو کتێبەدا ڕێنوێنی بکرێن.

**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و ....)؟

**وەڵام**: قوتابخانەکانی شۆڕش تا ئەو وەختەی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان بووین تەنیا دەورەی سەرەتاییان هەبوو. دوای ئەوە دەفتەری سیاسی گوێزرایەوە بۆ ئەو دیوی سنوور، قوتابخانەکانی شۆڕش دەورەی راهنماییشیان هەبوو و بۆ ماوەیەکی کورتیش ساڵی یەکی نەزەری لە قوتابخانەی نیشتمان لە ئێندزێ تەدریس دەکرا.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون ، بیرکاری و...) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک
تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: پێش ئەو وەختە فارسی دەخوێندرا و کوردی تەنیا لە ڕووی هێندێک نامیلکەوە دەخوێندرا.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابییانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: لەو ناوچە ئازادانەی کوردستانی ئێران دا خوێندن هەبوو: سەردەشت، بانە، پیرانشار، مەهاباد، شنۆ، نەغەدە و بۆکان و هتد. جگە لە موکریان لە ناوچەی دیکەش کۆڕی پەروەردە تێکۆشانی هەبوو، بەلام کەمتر. لە هەورامان، نۆدشە و پاوە هەبوو. ڕاپۆرتی کۆنگرەی شەش، لاپەرەی ٤٢،(دەڵێ) پێش هێرشی ئەمساڵ ٢٥٠ مەدرەسە و هەشت هەزار ساگرد(هەبوو). تەنیا لە ناوچەی مەهاباد زیاتر لە ١٤٠ قوتابخانەی شۆڕش هەبوو (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگری پێنج لاپەرەی ٦٥).

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: گرینگترین بابەت کە دەگوترایەوە ئەلفووبێی کوردی بوو و کلاسی یەک گرینگییەکی زۆرتری پێدەدرا. هەروەها هەندێک بابەتی دیکەش وەک ڕەوانشناسیی منداڵ و بە گشتی پێداگۆژی یان زانستی پەروەردەش هەبوو.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات"ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش"ی

ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: بە فارسی بوو و لە ڕووی کتێبەکانی ئاموزش و پەروەرشی ئێرانەوە بوو.

**پرسیار**: مێتۆدی ئەو کات کە بە ڕەوشی باخچەبان ناسراو بوو بریتی بوو لە فێرکردنی منداڵان لە ڕێگای کەرت و دەنگ و سەرکەوتووترە. دەکرێ بڵێین کە هەم کتێبی کلاسی یەکی خوێندنی زمانی کوردی و هەم سیستمی دەرس گوتنەوەی ئەو کتێبە کە لە بەراورد لەگەڵ کلاسەکانی سەرتردا بە بەرهەمتر و سەرکەوتووتر بوو. بۆ نموونە کتێبی کلاسی دوو زۆر سەخت بوو و ئەو دەمی بۆ خۆمان دەمانگووت کە هێندێک مەتنی بۆ دانشگا دەبوو. لە چاپیشیدا کتێبەکانی کلاسەکانی سەرو کەموکوریان بە تایبەتی لە وێنەکاندا هەبوو.
ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆشانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و...)

**وەڵام**: موکریان ناوەندی سەرەکیی چالاکی و تێکۆشانی کۆڕی پەروەردە بوو. بەڵام لە ناوچەی دیکەی کوردستانیش ئەگەرچی بە پلەیەکی کەمتر بەڵام قوتابخانەی شۆڕشمان هەبوو لەو پەیوەندییەدا دەکرێ بە تایبەت ئیشارە بە ناوچەی هەورامان بکەین.

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی فێبویوێری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## مامۆستایان گۆران ئەمیری و مستەفا ئەمیری لە بارەی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستانەوە دەدوێن:

### لە ئەرشیڤی خۆمەوە(١٧)

ساڵی ٢٠١٠، بەو هۆیەوە دەمزانی کە کاک گۆران ئەمیری یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان بووە، چەند پرسیارێکم لە بارەی کاروباری ئەو کۆڕە بۆ رەوانە کرد. دیار بوو کاک گۆران، کاک مستەفای برای کە ئەویش پێشینەی مامۆستایەتیی شۆڕشی هەبوو، لە جیاتی خۆی بۆ وڵامدانەوە راسپاردبوو. لەم کورتە نامەیە دا کە ئەو کات بۆی ناردووم، ناوی کاک رەسووڵ(دەبێ مەبەستی کاک رەسووڵ ئاریا بووبێ)یشی هێنابوو. کە دیارە من پرسیاری پێوەندیدارم بۆ ئەویش ناردبوو کە بە خۆشیەوە هەر ئەو کات کۆمەڵە وڵامێکی پڕ لە زانیاریی باشی دامەوە. وڵامەکانی کاک رەسووڵ ئاریام لە رۆژانی رابردوو دا، بڵاو کردەوە. ئەمڕۆش وڵامەکانی کاک مستەفا ئەمیری دەخەمە بەر سەرنجتان کە هەڵبەت وەکالەتی کاک گۆران ئەمیرییشی هەیە.

------------

کاک قادری ڕێزدار سڵاو!

من بۆ خۆم بە ڕاست پڕ کارم. هەرچی هێنام و بردم بۆم نەدەکرا زوو وەڵامت بدەمەوە. ناچار بووم دەست بە دامێنی خاوێنی کاک مستەفا و کاک ڕەسووڵ بم، جا خۆیان و خوایان، پێموایە دوای هەڵگرتنی هەڵە و پەڵە شتێکی لێ دەست دەکەوێ.

بەریزەوە: گۆران

---------------

**پرسیار**: کتێبی ژیان و خەبات هەر بەرگێک بوو یان دوو ؟ چونکە لە سەر بەرگی ئەم کتێبەی تایبەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی گەورە ساڵان (ساڵی ١٣٦٣) چاپ بووە نووسراوە: "ژیان و خەبات" (١)؟

**وەڵام**: هەر بەرگێک بوو.

**پرسیار**: ئایا هەروا کە "ژیان و خەبات" کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا"ی هەبوو، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی (١)، (تایبەت بە منداڵان) یش کتێبی "ڕێنوێنی مامۆستا" ی هەبوو؟

**وەڵام**: نەخێر نەیبوو، خەریک بوون چاپی بکەن بەڵام بە هۆی گوازتنەوەی شۆڕش لە شار بۆ شاخ ئەم ئەرکە وەپشت گوێ خرا.

**پرسیار**: ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٥٩ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی خستبووە سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان، ئایا خوێندن لە ناوچە ئازادەکان هەبوو؟ لە کام ناوچە هەبوو؟ لە چ ئاستێک دا هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی و...)؟

**وەڵام**: ساڵی ١٣٥٩ لە ناوچەی موکریان هێندێک مەدرەسە کرانەوە، بەڵام ساڵی ١٣٦٠ حیزب ڕەسمەن بۆ هۆی ڕادیۆ کوردستان ڕایگەیاند کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەبێ ئەم کارە بکردرێت.

**پرسیار**: پێش ئەوەی کتێبەکانی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەراسەری کوردستان" بگەنە دەست مامۆستایان، خوێندنی کوردی و زانستەکانی دیکە (زانستی ئەزموون، بیرکاری و...) بە هۆی (بە یارمەتی) چ جۆرە کتێبێک تەدریس دەکران؟

**وەڵام**: لە هەر ناوچەیەک بە شێوەیەک بوو. هێندێک لە باشووری کوردستان را کتێبیان هێنابوو. یان مامۆستایان بۆ خۆیان ئەم شتەیان دەگوتەوە کە ئەزموونیان تێیدا هەبوو کە لە دەورەی مامۆستایەتی دا فێری ببوون.

**پرسیار**: تکایە ئەو ناوچانە و ئەو گوندانەی کە کۆڕی پەروەردە، قوتابخانەی لێ کردبوونەوە، وێرای ژمارەی تەقریبی قوتابیانیان، ناوبەرە؟

**وەڵام**: ئەم ناوچانە زۆر بوون، شیمال، جنووب و ناوەند، ئەوەندەی من بزانم تەنیا لە ناوەند لە شارەکانی مەهاباد، سەقز، بۆکان، بانە سەردەشت و شنۆ کۆڕی پەروەردە مەدرەسەی دانابوو، تەقریبەن ٥ تا ٦ هەزار قوتابی هەبوو.

**پرسیار**: لەو کلاسە تایبەتییانەدا کە کۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا پێکی دێنان، چ ئامووزشێک دەدرا؟

**وەڵام**: تەکامول و ئەخلاقی شۆڕشگێرانە، ڕێنووسی کوردی و فەلسەفە.

**پرسیار**: کۆڕی پەروەردە تەنیا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی و کتێبی "ژیان و خەبات" ی ئامادەو چاپ کرد. ئەدی خوێندن لە پۆلەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا چۆن بوو؟ کتێبەکان ئایا هەمان کتێبەکانی "آموزش و پرورش" ی ئێران بوون؟ شەرحی دەرس بە کوردی یان بە فارسی بوو؟

**وەڵام**: بەڵێ هەمان کتێبەکانی ئێران دەگوترانەوە. بەڵام بە کوردی ئەو سوێنانەی پێویست با سانسۆر دەکرا.

**پرسیار**: ئێستا کە ئاوڕ لە سەردەمی مامۆستایەتی خۆتان دەدەنەوە، لە سەر شێوازی ئەو کاتی خوێندن بە کوردی بە تایبەتی لە پۆلی یەکەم دا، چ تێبینییەکتان هەیە؟ (مەبەستم لە فێرکردنی ئەلفوبێ و ڕێنووس بە گوێری کتێبەکانی ئەو کاتە). خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کتێبی ئامادەکراو یا کتێبە ئامادەکراوەکان چ بوون؟

**وەڵام**: سەرەرای موشکلاتێکی زۆر بەڵام ڕێنوێنی زمانی کوردی شتێکی زۆر بە کەڵک بوو. دەکرێ بڵێین لەم ماوەیە بۆ قوتابتان هەبوو. ڕاندوومانی کاری مامۆستایان لە سەرەوە بوو، وانە گوتنەوە لەسەر پیتی کوردی کەڵکێکی زۆری هەبوو، بەداخەوە چوونکە کتێبەکانم لەبەر دەست نین ناتوانم لە سەر خاڵە لاوازەکان بدوێم، تەنیا دەڵێم ئەم کتێبانە لەبەر ئەوەی بە کوردی بوون زۆر زۆر بە قازانج و بە کەڵک بوون.

**پرسیار**: ئەگەر لە سەر ڕووبەری ناوچەی تێکۆشانی کوڕی پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان، ژمارەی دەورەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و لە ئاستی کوردستانیش دا، زانیاریت هەیە بۆم بنووسە.

**وەڵام**: کۆڕی پەروەردە لە هەموو کوردستان دا تێکۆشانی هەبوو نیزیک بە ٨٠٠ مامۆستا و ٦٠٠٠ قوتابی هەبوو، ژمارەی دەورەکان زۆر بوون، من تەنیا دەتوانم بە چەند دانە لە ناوچەی مەهاباد وەک لاچین، کولیجە و کامەم ئیشارە بکەم.

**پرسیار**: ئایا لە ناوچەکانی دیکە (جگە لە موکریان) کوڕی پەروەردە، تێکۆسانی هەبوو؟ (مەبەستم لە سەقز بۆ خوارەوەیە: سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، سنە کامیاران و هەورامان و...).

**وەڵام**: بەڵێ هەبوو، تەنانەت کۆڕ لە ناوەند را بە شێوەی تیم ماۆستای بۆ ناوچەی شیمال بۆ دەرس گوتنەوە بەڕێ دەکرد.

**برات مستەفا ئەمیری**

١٢ - ٢ - ٢٠١٠

نووسینەوە: حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی فێبویوێری ٢٠١٩

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی






# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ د. قادر وریا بۆ ئامادەکردنی لێدوان و وتووێژکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی